

# داستانی

# هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود

## لە دوو تویێی فۆلکلۆری کوردەوە

محەممەدساڵح سەعید

چاپی یەکەم

هەولێر ٢٠٠٩

# داستانی

# هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود

## لە دوو تویێی فۆلکلۆری کوردەوە

محەممەد ساڵح سەعید

چاپی یەکەم

هەولێر ٢٠٠٩

* ناوی کتێب: داستانی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود
* ئامادەکردنی : محەممەد ساڵح سەعید
* سەرپەرشتی هونەری و بەرگ: عوسمان پیرداود
تیپ چنین: نەخشین فاتح فەرەج - شادان سابیرقادر
* هەڵەگری سەر کۆمپیوتەر: دابان یاسین عبدالغفور
* بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی (٦٧)
* تیراژ : ٥٠٠ دانە
* ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٩٨٨) ساڵی (٢٠٠٩)ی پێی دراوە.
* چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر

پێشکەشە بە
ڕەوانی بێخەوشی دایک و باوکم...
بە سروشتی خاوێن و بێگەردی مرۆڤی سانای نەتەوەکەم...



Mahmud and Ayaz

**مەحموود و هەیاس**

**سوڵتان مەحموود لەلای ڕاستی وێنەکەوە (بەبەرگێکی ڕەنگسوورەوە) تەوقە لەگەڵ شێخدا دەکات.
لەنێوانیاندا مەلیک هەیاس لەپشتی سەری شێخەوە وەستاوە.**

کـەلەپوور و فـۆلکلۆری ڕەسـەن هێـمـای بلیـمـەتی و ناسنامـەی ژیاری و هوشیاریی نەتەوەن.

ئەوەی بایەخ بە: کـۆکـردنەوە و تۆمـاری سـامـانی مـیللیی کـەلەپوورو فۆلکلۆری نەتەوەییمان بدات تێکۆشەرێکی ڕێبازی زیندووکەرەوەی فەلسەفەی کوردایەتییەو دەهێنێت شانازی پێوە بکرێت..

**محەممەد ساڵح سەعید**

## فۆلکلۆرو کەلەپووری کورد و گوتەیەکی کورت

لێدوان و گفتوگۆ لەسەر بابەتی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد، هەوڵی دەستنیشان و دۆزینەوەی دەمە پیرۆزە جۆراوجۆرەکان..، ناسینەوە – جیاکردنەوە و پۆلێنکردنیان..، کۆششی زانینی یەکەم سەردەمی پەیدابوون و سەرهەڵدان..، کارکردن بۆ ئاشکرا کردنی شوێن و جێگەی یەکەمجاری هاتنە کایە..، کاریگەریی و هۆکاری دروستبوونی ساناو سروشتی ئەو ژان و لە دایکبوونەی پێیهاتوونەتەکایەوە..، دواییش تۆمارکردنیان، وەک چۆن هاتوون و بیستراوون..، بە بێ گۆڕین و دەستکاریکردنی ناخ و ناوەرۆک..،

بەبێ لێفرێدان و کورتکردنەوە..، بێئەوەی هیچیان بخرێتە سەر و درێژ بکرێنەوە..، بەڵێ..، ئەو هەموو خاڵ و سەرەداوە پڕ بایەخانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردوون و چەندانی تریش..، مەرجی سەرەکین، وەک پێویستیی ئەرکی کەسانی فۆلکلۆرستن کە بە زانین و هۆشیارییەوە جێبەجێیان بکەن.

ئەوان راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندن بە زیندوو کردنەوەی زادەی بیرو باوەڕ، دابونەریت، ژیاریی کۆن، شارستانیتی دێرین، باری کۆمەڵایەتی، ئابووری، رۆشنبیریی گشتی، کەلتووری نەتەوەییمان، سامانی رەسەن و لەبن نەهاتووی سەلمێنەری بوونی ژیاوەی میللیمانن.. ئەوانە هێمان کە کوردیان پێدەناسرێتەوە.. من لێرەدا راشکاوانە و ئاشکرا دەیڵێم کە هەتا ئێستە کەسە بەهرەمەندە دڵخوازەکانی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد، شەیدایانی ئەم بوارە زێڕینییە درەوشاوەیەی میللیمان، بە تەنها هەر خۆیان، لەم ئاکارەدا، گیانبەختییان کردووە. ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە. هیچ هاوکارییەک نەکراون.

دەتوانین بڵێین (بەرپرسانی دەسەڵاتی فەرمی و ڕامیاری بەتەواوی لێیان بێئاگان و هەتا ئێستە پلان و بەرنامەیەکی نەک زانستانە، بەڵکۆ رەمەکیشی

له لایەن دەزگـایەک، ئەنجـومـەن یان کابینەیەکـەوە بۆ ئەم سامـانە نەتەوەییـیـە گـرانبـەهایە دانەنراوە کـە ڕاسـتـەوخـۆ هاندەرو یارمـەتیـدەر بن. دەبێت ئەو ڕاستیـیـەش بڵێم کە لەگەڵ ئەوەی لە بەرنامەی ناو پەیڕەو و پرۆگـرامی پارتە ڕامیارە کوردستانییەکاندا ئاماژە بۆ بەهاو نرخی سامانی نەتەوەییمان کراوە.

بەڵام هەتا ئێستە کە ساڵی (٢٠٠٨)ە، وەک (ڕەشنووسێکی نازیندووی وشکهەڵاتووی تۆ زلێنیشتوو)، هیچ نەبێت لە پەنجاکانەوە هەتا ئێستە، بەرپرسێکی هەستیار بۆ ئەم پرۆسە و ڕێبازەی لێ پەیدا نەبووە کە بیخاتە بەرنامەی خستنەکاری جێبەجێکارەوە، دوایی وەهای لێبێت - وەک تایبەتێک بایەخی فەرمی پێبدرێت..

ئەم بوارە هەڵدەگرێت بەڕێوەبەرێتییەکی گشتیی تایبەتی بۆ دابنرێت لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان کار بکات و لە هەموو پارێزگایەک بەڕێوەبەرێتییەکی ڕاستەوخۆی پێوە بەسترابێت، بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکە پابەند بێت بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە - وەزارەتی هەرێم..

بوجەی تایبەتی ساڵانەی هەبێت، تیم و کەسانی تایبەتی و شارەزای بۆ دابنرێت، وەک پرۆژەی بەرنامەو پلانێکی (دە ساڵە) بخرێنە کار، بۆ کۆکردنەوە و تۆمارکردن (گوند و شارۆچکە و شار) دوورو نزیک بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.. بە پێی توانا و ڕێنمایی تایبەتی، بە شێوازی فەرمی و گرێبەست.. (کێومـاڵی لێ بکرێت) کە هێندە کاراو چابووکبن، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەل بۆ هەموو پارچەکانی تری کوردستان و هەندەرانیش بهاوێژن.. بەو گەرموگوڕی و هەتەرییەی مۆزەخانە، کتێبخانەی گشتی و تایبەتی و کەسە ئەزموونداره شارەزاکانی کورد و بیانیش، هەوڵەکانیان بۆ هەندەران و ناوخۆ بتەنێتەوە..

ئەمـانەو زۆری تریش ئەندێشـەو بیـری پڕوپووچ نین.. میللەتانی دنیـا و جیهانی زیندووی بەرین دەمێکە لەم پرۆژە و داخوازە بوونەتەوە.. بەڵام ئێمەی خاوەن سامانێکی فرە و بە پیت، دەتوانم بڵێم لە گشت نەتەوەکانی جیهانی

خاوەن دەسەڵاتی رامیاریی خۆیان، پترو پتر پێویستمان بە ئەنجامدانی ئەو هەوڵە پیرۆزە و پڕ بەهاو نرخزانییە هەیە.. دەبێت ئەوەش لای هەمووان ئاشکرا بێت کە میللەتانی پێشکەوتووی دنیا، هەیانە لە سەدەی هەژدەهەمەوە دەستیان پێکردووە و هەشیانە لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای بیستەمەوە ئەم ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەیان تەواو کردووە و لێبوونەتەوە، شانازی بە تۆماری مێژوویی خۆیانەوە دەکەن..

ئێمە کە تاکەکەس نەبێت، هەتا ئێستە هیچمان بۆ نەکرابێت، خۆ دەبوایە: یەکەم لایەکی تایبەتی لەوانە بکرایەتەوە، دووەمیش ساڵانە چەند کورسییەکی زانکۆیی پسپۆری لەم بوارانەدا دابنرایە، بەڵام بۆ فۆلکلۆرست و شارەزا کە سبەینێ سوودێ بگەیەنێت نەک بۆ دەستکەوتی کەسانێکی تایبەتی بەرژەوەند و ئەو کارەش لە شوێنێک ئەنجام بدرێت کە پسپۆری بەرزی ئەکادیمیستی شارەزای هەبێت بۆ ئەو پێگەیاندنە..

با (تەواو شارەزاکانی ئەم بوارە کە بە لێکۆڵینەوە و توانداری و بەرهەمیان سەلمابێت کە گەیشتوونە ئاستی فۆلکلۆرست) لەم پرۆژەیەدا بەشداری پێبکرێن، ئەمەش هەر بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بابەتی و بەرجەستە بە هەمووان بیگەیەنینە ئەنجامی ویستراو و سەرکەوتووی پێویست. گەلێک هەوڵی تاکەکەس لەم بوارەدا، خۆبەخشانە بەخت کراوە، من لێرەدا، یەکەم دوو هەوڵی (کۆنی خۆم) هەروەک ئاماژە، دەخەمە روو کە یەکەمیان (بەشێکی تایبەتی بوو بۆ یەکم جار لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری - بلێسە - دا، ئاغستۆسی ساڵی ۱۹۵۹ز، بە ناونیشانی (فۆلکلۆری کوردی) بە نازناوی (باوکی ئاراس) و کلێشەکەشی مامۆستای هونەرمەندی بە توانای ئەوسا، رێزدارو نەمر (ئەنوەر تووفی) نەخشاندبووی.. لە لاپەڕە (٤٤، ٤٥، ٤٦) بڵاوم کردەوە. دەبێت هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو نازناوەشم روون بکەمەوە، من سکرتێری نووسینی گۆڤارەکە بووم، پتر لە نووسینێکم لە هەر ژمارەیەکدا دەنووسی.. هەتا ژمارە (۱۱) مان لەو گۆڤارە دەرکرد، دوایی (ئەمنی -

ئاسـایش) ئەوسـا لە کـۆتایی مـانگی حـوزەیرانی (١٩٦٠)دا، دایخـست و دەرچوونی قەدەغە کرد..

دووهەمین کـاریشم لـەم بوارەدا، بەشـداریم بوو لەگـەڵ ئەندامـانی لیـژنەی نووسـینی کـتـێبی (سـەرنجـێک لە دەروازەی فـۆلکلۆری کـوردەوە) بوو، مـامـۆسـتـایان (ع.ع. شـەونم)ی شـاعیـر، عـومـەری عـەلی ئەمین ئـەکـتـەر و هونەرمەند، جەلال. مەحموود عەلی نووسەر و فۆلکلۆرست و محەممەد رەشید هەورامی) کـە دوابەشی کـتـێبـەکە بوو بە ناونیـشـانی (بورجـەکـانی سـاڵ – ئەستێرەوانیی و کەش و بارانبارین).. کە (١٢) لاپەڕەی ئەو کتێبە بە نرخەی گرتەخۆ، ئەو بەرهەمە یەکەم کاری خۆبەخش و هەرەوەزیی و کۆمەڵکارییە و سـەرچاوەیەکی یەکـەمـیی بەهاداره بۆ بەرنامـەڕێژیی فـۆلکلۆر و کـەلەپووری کوردی لە (١٢٨) لاپەڕەدا بوو، لەبەر داخستنی لقی نەقابەی مامۆستایان لە سلێمانی بردم بۆ سەرۆکی لقی هەولێر مامۆستا (مووسا خەلیل) نووسراوێکی لقی سلێمانی خۆشمانم بە واژۆی مامۆستا (محەممەد عەلی مەحموود)ی سەرۆکی بردبوو، ئەوانیش زۆر بە دڵسۆزی و دلێرانە چاپیان کردو مەگەر هەر خۆم بزانم ئەو کتێبە و دوا ژمارەی گۆڤاری (بڵێسە)مان چۆن بڵاو کردەوە، کە ئەوە خۆی داستانێکە..

دواکاری تاکە کەسیی ئێستەشمان (گۆڤاری کەلەپووری کورد)ە کە ئێستە وەک هەرەوەزێکی کۆمەڵکاری ئەندامـانی کـۆمـەڵەی (کـەلەپوورو فۆلـکلۆری کورد) بەتایبەتی بەڕێز سەرنووسەر (کاک محەممەد مەردان مەجید) بەوپەری پەرۆشەوە و مامۆستایان شەهلا نامیق، عادل محەممەد کەریم و سیامەند هادی و کەسانی تریش بەشداری دەرچوونی دەکەین، ژمارە بیستی بە (٢٦٠) لاپەڕە دەرچووە. منیش وەک (بەڕێوەبەری نووسین) کۆششی تاکە کەسیمان تیایدا بەخت دەکەین و هیـواخوازیشم ئەم هەوڵە تاکە کەسییەی یەی ئەو دڵسۆزانە بێتە بەر چاو و هزری فـەرمـیی حکومـەتی هەرێم و بووجەی هەمیـشـەیی و تایبەتی بۆ تەرخانبکرێت.

بێجگەلە نووسینەگانی ناو ئەو گۆڤارە کتێبی (گەوهەری دێرینە) کە هەژدە چیرۆکی میللی بوو لە (١٩٢) لاپەڕەدا ساڵی (٢٠٠١) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپی کردو چیرۆکەکانی (مامە خەمە) کە ئەنستیووتی فولکلوری کورد لە سلێمانی (٢٠٠٨) بۆی چاپکردم، کە ئەوانە گشتیان هەوڵی تاکەکەسیی خۆم بوون.

ئەوا بە ئەرک و ماندووبوونێکی بێ پشوو، ئەم بەرهەمەشم بە دوایاندا بە لاوانی هوشیارو جگەرگۆشەی نەتەوەکەم پێشکەش دەکەم. هیواخوازم ئەمانە هەمووویان لە تۆماری ئەرک و ماندوو بوونی تایبەتیی خۆمدا بەرامبەر نەتەوەکەم جێگەی خۆیان گرتبێت و من ئەم بەرهەمانە و چیرۆک و رۆمان و بابەتە زمانییەکانم ئاسوودەیی ژیان و شانازی بۆ رەخساندووم.

**محەممەد ساڵح سەعید**

# بەشی یەکەم

# چیرۆکەکانی
# هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود

**بەشی یەکەم**

پێرستی چیرۆکەکان

١- پرسینەوەی شای پەرییان
٢- جامی جیهانبین
٣- سوڵتان مەحموود و خاڵەی پیرە
٤- تاقیکردنەوەی هەیاسی خاس
٥- قۆچی سوڵتان مەحموود و بزنەکەی هەیاسی خاس
٦- هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود و کوتە گۆشتەکەی
٧- هەیاسی دوڕناس
٨- سوڵتان مەحموود و ناوچەوان
٩- ژەنگوژاری سوڵتانی
١٠- هەیاسی خاس و کچێکی زانای
١١- هەیاسی خاس و گەورە کچێکی خاس
١٢- هەیاسی خاس و هاوڕێکەی ڕێگەی
١٣- سوڵتان مەحموود و ئاشەوان
١٤- شاری سوڵتان مەحموود
١٥- سوڵتان و هەیاس و خۆشیی ژنەکەی
١٦- دەسەڵاتی سوڵتان مەحموود و بازرگان
١٧- دارتاش و ژنەکەی
١٨- داد دەستووری بەرزی یەزدانە یان سوڵتان مەحموودو ئاسکە کێوی
١٩- جۆڵاو سوڵتان مەحموود
٢٠- سوڵتان مەحموود
٢١- سوڵتان مەحموودو چرای
٢٢- هێلکەو ڕۆنەکەی هەیاسی خاس
٢٣- خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە
٢٤- پاشکۆی ژمارە یەک و دوو، سێ، چوارو پێنج.

## دووچیرۆکی فۆلکلۆریی

## «پرسینەوەی شای پەریان»

تۆمارو ئامادەکردنی: محەمەد سالّح سەعید

## «جامی جیهانبین»

تۆمارو ئامادەکردنی: محەمەد سالّح تۆفیق



## چیرۆکی یەکەم

# پرسینەوەی شای پەریان

## سوڵتان مەحموود و
## هەیاسی خاس و پرسینەوەی شای پەرییان

دەگێڕنەوە لەو زەمانە جارێکیان سوڵتان مەحموود لە هەیاسی خاس زویر و عێجز دەبێت، ئەو حانەی بە تەنێ دەڕواتە دەرێ، روو دەکاتە کانییە قولکەی ژێر دارە گەورەی نزیکی شار، لە دوورەوە لە ژێر دارەکەیدا کوڕ و کچێک چاو دەکات، لە پشتەوە دزەیان لێ دەکات و بە هێواشی دەچێتەوە کنیان، سوڵتان کچەی دەبینێت فەرۆخلیقا لە چاویدا تەپاڵە و کەنیزەی وەی نابێت، نەبخۆی نەبکەی سەیری گەردنی بلووری بکەیت. یەکتەن عەشقی کچەی لە کەللەی دەدات. لە حەیوەتان هەناسە لە خۆی دەبڕێت. سەیری دەکات نەردێنی دەکەن. لەو حەلەی کچ هاوار دەکات (ئەوە سێ جارانم بردەوە)، کوڕ دیشکەمی لێدەکات و دەڵێ «نانا تۆ ئەوەی دوو جارانت لێ بردوومەوە» ئەمنیش جارێک.. کچ بە کوڕەی دەڵێت تۆ بۆچی زراوت چووە، ئەکە هێشتا چوار جارم ماوە لێتی بەرمەوە، کێ دەڵێت ئەتو زۆرترم لێ نابەیتەوە. کوڕە نکولییەی لێ دەکات و دەڵێت هەردوو جارانت بردوویەتەوە. لەو کاتەیدا کچ دەڵێت خۆزگە ئێستا سوڵتان مەحموود لێرەی دەبوو، ئەوسا دەتزانی ئەمن سێ جارانم لێ بووردوویەوە یان نە. سوڵتان مەحموود خۆپێنەگیرا، لە نکاوێ گوتی «ئەمن ئەو هەتە لێرەم». ئەم کوڕەی راست دەکات، تۆ تەنها دوو کەڕەتانت وەبردەوە. کچ ڕەنگی بڕسکا دەنگی گۆڕدرا، لە نکاوێکی بوو بە هەژدەیهایەکی باڵدار، شەلاڵی گڕ لە دەوی دەهاتە دەر، ئەوجا دای لە شەقەی باڵ، کەوتە عاسمانی و لە چاوی و نبوو...

کوڕ ئاوڕی دایەوە، چاوی فرمێسکی تێ زا دەستی بۆ بە دەستیدا دەدا، گوتی کابرا تۆ چیت پێ کردم؟!

سوڵتان واقی وڕما، شپرزەبوو، لە دڵی خۆیدا گوتی وادیارە تەلیسمم لێ کراوە، ددانی بە خۆیدا گرت، فیکری لە هەیاسی کردەوە، گوتی ئێستە لێرە

بوویتایە ئەم مەتەڵەت بۆ هاسان دەکردم.. بەهەرجا، منی سوڵتان مەحموود کە عەرش و قورش لێم هەڵێن، چۆن دەبی شیرازەم لە دەستی خۆمدا نەبی. دەبی خۆم ئەوهەی بەدەرخەم، ئەگین لە ملی ئەم دەمڕووتەی دەدەم، کوڕیش دەستێکی کەوتە ئەملا و دەستێکی دەکەوێتە ئەولا. لەبەر دەمی سوڵتاندا دەستی بە کرۆزانەوەی کرد، لە داخی دڵی گوتی «دەک ماڵت بە قوڕێ گیرێ، ریست بە خوریییێ کردمەوە». سوڵتان بە کوڕەی گوت، ئەمن ئەو کارەت لەبۆ ساز دەکەمەوە، ئەو تەلیسمەم تێبگەیەنە..

کوڕە لاو گوتی، کاری من تازە تێپەڕی. ئەوهەی بۆ من نابێت، تۆ ئەکە بەڕاست سوڵتان مەحموود بیت، لەبۆ تۆی هاسانە، من لە قیسم چوو. پاشان هیچیشم پێ ناکرێت، هی وەکو ئەوهەی لەبۆ پاشای چێترە.. سوڵتانی پێیگوت دەبا کوڕی چاک سەربوردەی ئەوهەییم بۆ بگێڕەوە داخۆ ئەو تەلیسمەی چی بوو؟! ئەتۆ چۆنت ناسیوە ؟! کوڕ گوتی ئەوەی تازە تێپەڕی، ئیدی بۆ من مەحاڵە. ئەو داوایەی هەیتی بە من جێبەجێ ناکرێت. بەڵام بۆ تۆ زۆر هاسانە.

سوڵتان کە بە عەشقی کچپەری گرفتار بوو بوو، بە شپرزەیی گوتی: دە بڵێ بزانم چۆن بۆ من هاسانە؟؟

کوڕ دەڵێت دەبی بۆ ماوەی چل ڕۆژ، ڕۆژی بەرانێکی بۆ سەربڕیت بیکەیتە قاورمە، لە دیزەی نێی، کەس لێی نەخواو لەسەر ئەو کانیی و ئاوەی بۆی دابنێیت، ئەو کەسەی دایدەنێت ئاوڕ نەداتەوە، هەر زووی بگەڕێتەوە. حەوت هەژدیهای شاخدار دێن یەکێکیان چارشێوی هەڵداوە، ئەوهەیان پیرێژنێکی جانانەیە، بە دڵ نەبیت بەفوویەک لە ناوتدەبات. ئەو کەسەی لەو نانەی بخوات، لەگەڵ خۆیان دەیفڕێنن، بەرەو حەوت تەبەقەی ئاسمان بەرزی دەکەنەوە کەس نازانێت چی بەسەر دێت.. ئەگەر ناوچەوانت کردی، دێتە کنت، دەتحەملێنێت، نەردێنت لەگەڵی دەکات و تووشی مەزاق دەبیت، بۆ خۆتی قۆرخ دەکەیت...

ئەوسا دەبێ حەوت جاران نەردێنی لێوەبەری، ئەگەر بردتەوە ئەو

موتورفەیەی دەبێ بە هی خۆت.. سولّتان بەم خەبەرەی وەختە بوو شا مەرگ ببێت، بەکورەی گوت: ئەم شتەی وەها بێت و بۆم مەیسەر بیت، خەلاّتت دەکەم. ئەوهەی وەهایە، تازە لە کیسم چوو، ئێستە ئەو وا دەزانێت فێلّ و درۆیانم لە گەلّی کردووە، تازە خەلاّتم لە کەس ناوێت بەم جۆرە کورەی سەری خۆی هەلّگرت و کەس نەیزانی بۆ کوێ چوو.

سولّتانیش وەک ئاوری تێ بەربووبێت، خیرا گەرایەوە تەخت و بەختی خۆی. ئەمینداری خۆی و سەرکارێکی جێی باوەری بانگ کرد، گوتی ئەمن نەزرم لە سەرە، بۆ ماوەی چل رۆژان دەبی ئەم کارەم لە بۆ وەجێ بێنن.. بەبێئەوەی کەس لەو قاورمەیەی بخوات و ئەگەر داندرا جێی بێلّن و کەسیش ئاوری لێ نەدەنەوە، ئەو هەی بۆ موریدەکانی شەخسە فەقیرەیە. رۆژێک و دوو سێیان کارەکە وەک سولّتانی فەرمانی پێدابوون بە جوانی دەکرا، لە نکاوێ «گورنە تەلّە» بە چەتوونییەکەی خۆی بەوهەی زانی، زۆر پارایەوە، رۆژانە کوتکێکی بدەنێ بیبا تەوە بۆ داپیرەی. تێیانگەیان ئەگەر سولّتانی لێ وەئاگابێن لە ملی دەدات، چونکە ئەوهەی نەزرە و نابێت پرزالّێک لەو بەرانەی کەل بیێت..

گورنەتەلّە لە رۆژی شەشەمدا خۆی لێگرتن. ئەوان دیزەیان پێچایەوە و کەوتنە رێ، بە دزییەوە لە ژێلّلاوە دوور و نزیک دوایان کەوت، هەتا نزیکی دارە گەورەی بوونەوە، بەخۆشی کانییە قولّکەی پێدەزانی. پەنجەی خۆی گەست و پاشە و پاش گەرایەوە دواوە.. بۆ سبەی کە رۆژی حەوتەمی بوو، هەر زوو رۆیشتەوە پشتی دارە گەورەی، خۆی لە ناو کەلّەکە بەردەکەی پشتی قسنی شەخسە فەقیرەیدا حەشاردا.. لە کاتی خۆیدا تەدارەکی سولّتان گەیشت لە سەروو کانییە قولّکەوە داندراو خێرا پشتیان تێ کرد، وەک راویان بنێن گەرانەوە دواوە.

گورنەتەلّەی لاسار خێرا لێی دەرپەری، بە دوو قەلّەمبازدی گەییە سەر دیزەی، ویستی سەری دیزەی وەکا، هێندەی چاو trووکانێ، حەوت هەژدیهای شاخدارد گەیینە سەری. گورنەتەلّە لەخۆچوو ئاگای لە دنیایە نەما ئەو

هەژدیهایەی چارشێوی لە روو بوو، وەک پووشێک پیلی گورنەتەڵەی گرت و بردی بە ئاسماندا، ئەوانیتریش دیزە قاورمەیان رافڕاندو دایان لە شەقەی باڵ.. فڕین و فڕین و هێندە بەرز بوونەوە تا گەیینە حەوت تەبەقەی ئاسمانی. لە پاڵ لووتکەی کێوێکی نزمدا نیشتنەوە. کاتێ نیشتنەوە گورنەتەڵە بە ئاگا هاتەوە، هێندەی نەمابوو زارەترەک ببێت، چۆقەی ددانی دەهاتێ. هەژدیهای چارشێودار پیلی گورنەتەڵەی گرت، ئاسان بە دەستییەوە هات. دەرکەی ئەشکەوتیان بۆ کرایەوە، چوونە ژوورەوە، چی بێ لە ئێوە نهێنی بێ. هەر حەوت هەژدیهای شاخداری لێ بوونە حەوت پەری جوان و ناوازەی چارشێودار لە هەمکەیان بالآبەرزتر بوو، چاوانی دەبریسکانەوە، وەک سەرگەوران قسانیدەکرد.. شاپەری لە هەمکەیان نازدارتر، ئەو ناوەی رۆشنکردبوو. فەرمانی دا قاورمە بەسەر پەرییاندا دابەشکرا، بەشی گورنەتەڵە جیاکرایەوە. شاپەری گوتی: گورنەتەڵە، ئەتو نەفست لە سەرمانە. میوانی، جا گوتییە گورنە:

بچۆ ئەوی ژوورەی میوانی. تێر بخۆ، لای مە، یەک ژەم دەخورێت. دوایی بۆ خۆت ئارەزووت لە کامە پەرییە چاو ببڕەرە چاوی، بۆ خۆی پێتدەزانی، دەتباتە شوێنی خۆی، تا سبەی بەیانی، بە کەیف و خۆشی مەزاقی بکەن، دەبیتە میوانی. جا گوتی بۆ سبەی کە رۆژ بووەوە، شای پەری ناردی بە دووی گورنەتەڵەدا. شانە هەنگوین و ژاژییان لەبەردەم دانا، ناشتای کرد.

شاپەری لە گورنەتەڵەی پرسی «گورنەتەڵە ئەو شەوی چۆنت رابوارد» ؟!

گورنە گوتی: ئەوەتی هەم عەیش و نۆشی وەهام نەچەشتووە. بەڵام ئەوانە هیچیان تاڵێ لە زوڵفی تۆ ناژین.. ئیدی شاپەری کە گوێی لەم گفتەی بوو، زللەیەکی سرەوانده پەنا گوێی فێرنەو تووڕی دایەوە سەر ئەرزی و کەوتە نێو بەینی حەسەن مەیمەنی وەزیری سوڵتان مەحموود و ژنەکەی. ئەو حەلەی حەسەن مەیمەنی بەئاگای هاتەوە، دیتی ئەوا گورنەتەڵەی لە نێوان ئەو و ژنەکەیدا نووستووە، کەللەیی بوو، بەتۆپزیی و تێهەڵدانی هشیاری دەکاتەوە. پەلاماری ژنەی خۆی دا و گەلێک سەرکۆنەی کرد، لێی پێچایەوە کە ژنە وەزیرێکی

وەکی هەوی، پیــسکەیەکی وەک گــوڕنەتەڵەی بە دۆست بگرێ. ژن هاوار و فــیــزاعی کـرد کـە ئاگـای لە مـەحـمـوودی بێ زەواد نیــیــە. گـوڕنەتەڵەش بە خـەوالوێتـیی، وڕاوەی دەکرد، نەیدەزانی لەبەرچی لەو خـەوە خـۆشەی دەکـەن. پاشـان کـە بەو حـاڵەی خـۆی دیت و حەسەن مـەیمەنیش بەر پێلەقـەی دابوو، دەیگوت: هەردووکــتــان دەکــوژم، ژنەی هاواریدەکــرد و تف و نەحلەتی گـوڕنەتەڵەی سـەرپەڕە خـەڕەکی دەکـرد. بەو حـاڵەی گـوڕنەتەڵە کـارەسـاتی بۆ حەسەنی مەیمەنی گێڕایەوە، حەسەن مەیمەنی واقی وڕما، بە هەڕەشەوە گوتی: (گەر درۆیان بکەی سەرت لە ملت جیادەکەمەوە..) بەو جۆرەی هەر ئەو ڕۆژە بە جووتە، پێشوەخت ڕۆیین و لە پشت کەندەڵانی خۆیان قاییم کرد....

فیرنەگولە چۆنی گێڕابووەوە لە کات و ساتی خۆیدا ڕوویدا. کاتێک دەستە و دایەرەی ســولتــان پاشــەو پاش گــەڕانەوە، وەزیر چوو بزانێت دیزە پڕی لە قـاورمـەیە؟! هێـشـتـا دەسـتی بـۆ سـەرقـاپی دیزە نەبردبوو، حەوت هەژدیهـای شاخدار گەیینە سەریان، چارشێوەدار پیلی هەردووکیـانی گرت و بە ئاسمـاندا رایفـڕاندن، بەهەمـان شێـوە برانە بەردەمی شـاپەری، هەربەو دارەتەی خـواردنی بەسەر پەرییـاندا بەش کرد، نانی بـۆ ئەوانیش دانا. پاشی نانخـواردن شاپەری لە حــەســەن مــەیمەنی پرسی (لە ولاتی ئێــوەدا ئەوەی درۆیان بکات چی لێ دەکەن)؟!

وەزیر گوتی «زووانی دەبڕن..»

شــاپەری گــوتی: مـن زوانت نـابڕم، بەڵـکە لە زیندانت تـوند دەکــەم، توورتدەدەمەوە چاڵی نەحلەتەوە، ئیدی دەرنـایەیتەوە. وەزیر گـوتی قـوربان خۆ من درۆم نەکـردوون. شـا پەری گـوتی: کـە سـوڵتـان درۆزن بێت وەزیر خـراپتـر دەکات، ئەگینا لەگەڵ وەی نامێنێتەوە. ئەوجا فەرمانی دا، وەزیریان خستـە چاڵی نەحلەتەوە.. هەر بەو دەســتـوورەی گـوڕنەی نـاردە کن پەریـان، بۆ خـۆی پەرییــەک هەڵبـژێرێت هەتا بەیانی عـەیشـونۆشی لەگـەڵدا بـکات. بۆ سـبـەی بەیـانی گـوڕنەیان بردەوە بەردەمی شـاپەری. ئەو پاشی ناشـتـاکـردن، هەمـان پرسیـاری لە میوان کردەوە. گوڕنەتەڵە گوتی: قـوربان بە حەمرم خۆشیی ئەوهام

نەدیوە، بەڵام تالێ لە زوڵفی تۆ هەزار پەری لەوانە دەهێنێت.. دیسان شاپەری زللەیەکی لێدەداتەوە بەڕووتوقوتی و بێهۆشی دەکەوێتە نێوان وەزیری دەستەچەپی سوڵتان و ژنەکەیەوە. کاتێ بەیانی وەزیر بەخەبەر دێ دەبینێ ژنەی رادەپسکێنێت، ژن شێت دەبێت دەکەوێتە هاوار، دۆستی چی و ئەو پیسکەیەی هەر نەدیوە... ئەوجا بە هەردووکیان دەکەونە گیانی. کاتێ فیرنە بەزرموکوت لە خەوی خۆشی رادەپەڕێن لە تاوی خۆی هاوار دەکاتە وەزیرو داوا دەکا گوێی لێ بگرن سەربوردی ئەو لێقەومانەیان بۆ بگێڕێتەوە... کاتێک حاڵ و مەسەلەیان بۆ دەگێڕێتەوە، وەزیر دەڵێت: لێرە ناڕۆیت هەتا کاتی قاورمەی دێت، ئەگەر دەرکەوت درۆ دەکەیت، هەر لەو دەشتە هەنجن هەنجنت دەکەم. گوڕنە بەو جۆرەی لە کاتوساتی خۆیدا وەزیری لە کەندەڵانی قاییم کرد. وەزیر بە چاوی خۆی هەموو چشتێکی دی، قاسید پاشە و پاشی گەڕانە دواوە. وەزیر ویستی راستیی قاورمەی بۆ دەرکەوێ، فریای هیچ نەکەوت، حەوت هەژدیهای شاخدار دابەزین، چارشێودار پیلی هەردووکیانی گرت، وەک کۆللارە بردنی بە حاسماندا، کاتێکیان بە خۆیان زانی لەبەردەمی شاپەرییا دەستەونەزەر ئەوق کراون. شاپەری وەک دابی خۆ قاورمەی بەسەر پەرییاندا بەش کرد. بەشی گوڕنەو وەزیری دانا. فەرمانی دا خواردن بخۆن، فیرنە گولە دەسی بەخواردنی کرد، وەزیر شپرزەو داماو دووبەشی لە ترساندا بێئاگا دەیخوارد، پاشی خواردن بەزم و سەمایان سازکرد. ئەوجا پەیدۆستی لێ کرا، شاپەری رووی کردە وەزیر و پرسی (لە وڵاتی ئێوە یەکێ درۆی بکا چی لێ دەکەن؟

وەزیر بە ترسەوە گوتی «قوربان زمانی دەبڕن...»

ئەوجا شاپەری گوتی: گەورەم ئەمن زبانی تۆ نابڕم و ناقرتێنم، بەڵام لە چاڵی نەحلەتت قاییم دەکەم، جارێکی دی لێی دەرناچیتەوە..

وەزیر گوتی: گەورەم خۆمن درۆیانم نەکردووە، بۆچی وەهام لێ بەسەر دێنی؟! شاپەری گوتی کە سوڵتان درۆزن بێت، وەزیریش وەزیری درۆزنی بکات ئەویش لەوی خراپترە. بەم جۆرە وەزیر فڕێدەدەنە چاڵی نەحلەتەوە.

ئەمجا بە گوڕنەتەڵەی دەڵێت: ئەتۆ میوانی مەی، بڕۆ بە کەیفی خۆت پەرییەک هەڵبژێرە تا سبەی بەعەیش و نۆش لەگەڵ یەک رابوێرن. بۆ سبەی بەیانی فیرنە گولە بەهەمان دەستوور هێنرایەوە بەر دیوان. دوای ناشتا شاپەری پرسی داخۆ بە کەیفی خۆ، شەوی بەسەربردووە؟!

فیرنە گولەی سەرپەرە خەرەک گوتی: گەورەم شاپەری، ئەمن ئەو شەوی هەرچەندە لەگەڵ جوانپەریی بوومە، بەڵام بەهەموو پەرییان تالێک لە بسکی تۆ ناهێنن.. شاپەری بێویلی گورنەتەڵەی پیسکەی دیسانەوە بەراستی بیست، گوتی گورنە ئەتۆ میوانی پەرییانی و حەز لە خواردنی پەرییان دەکەیت، لەسەر زماندرێژیت بگرە با بچێژیت.. ئەوجا زللەیەکی گەیاندە پەنا گوێی. فیرنە گولە بێهۆش دەکەویت، دەکەوێتە نێوان هەیاسی خاس و ژنەی. هەیاس کاتێ بەخەبەر دێ، ئەو چلکنە بە رووتی لە بەین خۆی و ژنەی دەبینێت، خەریک دەبی شێت و هار ببێت.. دوایی کەمێ تێدەفکرێ کە لەگەڵ سولتان دوردۆنگ و ناکۆکە، پەنجەی خۆ دەگەزێت، فیکری بۆ وەی دەچێ کە ئەو کارەی هانەو دەستی سولتانی تێدا بێت، بیەوێ ئابرووی هەیاسی بەرن. ئەوجا خۆی هێور دەکاتەوە، فیرنە وەئاگا دێنێتەوە، فیرنە گەلێک شەرمەزار دەبێت و عوزورخوایی بۆ دێنێتەوە، ئەوجا هەیاس ئاقلانە لێی دەپێچێتەوە، حاڵ و مەسەلەی بۆ روون دەکاتەوە، هەیاس لە دلی خۆیدا دەڵێت: (کەواتە هەر خەتای سولتانی تێدایە) حەسەنی مەیمەنی و وەزیری دەستەچەپیش بەچاو شۆڕیی خۆیان بۆ سولتان خەتابارن..

شای پەرییان هەقی خۆیانە.. ئەوجا فیرنە گولە پۆشتە دەکاتەوە.. دوایی ژنەی وەهۆش دێنێتەوە، ژن ئەگەر گوڕنەتەڵەی لە حەرەمسەرای خۆیدا دیت، خەریک بوو هاوار بکات و بقیژێنێت.. هەیاس کوتوپڕ دەوی گرت، گوتی نەکەی بیکەیتە هەرا..

کارەکەرو کەنیزەکانمان لێ تێمەگەیەنە، پێیدەڵێ ئەتۆ لەسەر سولتان مەحموودی گەلێ جاران سەرکۆنەم دەکەیت، ئەوەتا ساخ دەبێتەوە نەهامەتی و خراپیی دەستی وی تێدایەو ئاکام دەکەوێتەوە سەر وی. ئەوجا بەژنەی دەڵێت

ئەو داوەی بۆ منیش داندراوە کە درۆی سولّتان بە من بسەلمێت و ئەمنیش بچمە ریزی وی، ئەمن بۆ کەس خۆم بە درۆزن دەرناکەم. ئەوجا روودەکاتە ژنەی، دەلّێت:- نابێت کەس بەمەی بزانی، ئەگەر سولّتان ناردی لە دووم، بلّێ چووەتە راوی حەوت شەو و حەوت ڕۆژەی، دەلّێن دڕندەیەکی ئەو کێوەی پەیدا بووە لە ناکاوێ چەندین کەسی حولداوە. ئەوها هەیاس بەشێوەی شوانێکی خۆی دەگۆڕێ، گوڕنەتەلّەی لەگەلّە خۆ دەبات و دەچنە کەلّەکە گۆرینی.. دەستوپێوەندی سولّتان بە دەستووری رۆژانی، دیزە قاورمە لەسەر کانییە قۆلّکەی بەردەم دارە گەورە دادەنێن و دەگەڕێنە دواوە. هەیاس دەیەوێت لە نهێنی قاورمەی سولّتان دلّنیا بێت، کاتێک دێنە پێشەوە فریای هیچ ناکەون هەر حەوت هەژدیها شاخدارەکە دێن، وەک باشەوالّە رایاندەفڕێنن، دەیانگەیەنن بۆ بەر بارەگای شاپەری..

شاپەری لە هەیاس دەپرسێت: هەیاسی خاس؟! لە ولاّتی تۆ یەکێک شەهادەتی درۆی بدات چی لێ دەکەن،

وەزیر دەلّێت بەپێی درۆکەی لێی دەپێچینەوە و رەوای چی بێت بەسەریدا دەسەپێت..

شاپەری دەلّێت: ئەتو گەورە وەزیری دەمڕاستی سولّتانی، ئەگەر سولّتان بە درۆیان شایەتی بدات.. دەمودەست هەیاس لە مەبەستی شاپەری تێدەگات و دەلّێ: (هەرکەسە بە گوناهی خۆی، فەرقوجیاوازیی لە دادوەریدا نییە...) ئەوجا شاپەری دەلّێت، ئەتو ئێستە میوانی منی، ئەمن دەزانم تۆ هەمیشە خەریکی ڕاستکردنەوەی ناڕاستییەکانی سولّتانی. گەر وانەبا تۆیشم دەخستە چالّی نەحلەتەوە. بەلاّم من ئەو داوەم بۆ سولّتانی شایەت بە درۆ ناوەتەوە، دەزانم ئێستە لەگەلّیدا دڕدۆنگی، دەبی لەبەردەمی تۆدا شەرمەزاری بکەم، هەتا ئەو کارەش تەواو دەکەم دەبێ تۆ میوانی من بیت، بۆ خۆشمان تا ئەوکاتەی نەردێنی دەکەین.

هەیاس بەشاپەری دەلّێت: من ئەمانە نازانم، گرەوت لەگەلّی دەکەم، ئەگەر تۆ بردتەوە بمخەرە چالّی نەحلەتەوە، خۆ ئەگەر من بردمەوە ئەوا هەموومان

قـوتار بکە و بچینەوە بە لای مـاڵ و منداڵی خـۆمـانەوە، ئەمن کـارو فـرمـانی خەڵکیشم بەسەرەوەیە... شاپەری دڵی داوە، گوتی با ئەوەی بکەوێتە پاشی هێنانی سـوڵتـان. بەم جـۆرە بە نەزیلە و باسـوخـواسـەوە شـەویان بردە سـەر. لەولاشەوە گـوڕنەتەڵەی چوو بەلای شەوچەرەی خۆشی خۆیەوە. سبـەی بەیانی پێش ئەوەی هەیاسی خاس بەخەبەربێ ناردییە دووی گوڕنەتەڵە، دەپرسێتەوە: ئەو شـەوت چۆن رابواردووە؟! گوڕنەتەڵەی سەمەرە هەمـان وەڵامی دەداتەوە کە بە خەویش شتی وەهای نەدیوە، بەڵام هەموو پەریبیانی ئەوی دنیـایەی تاڵێک لە بسکی وی ناهێنن.. شاپەری زڵلەیەکی مزری لە پەنا گوێی دا و. گوڕنەتەڵە بێهۆش کەوت، ئەو بەرووتووقووتی تووڕی هەڵدایە نێوانی سوڵتان مەحموود و هاوسەرەکەی، کە شاژنی بەرِو بەحر بوو، لەگەڵ سوڵتانی نەدەگونجا، لەگەڵ هەیـاسی خـاس مـێـشـکی سـوڵتـانیـان کـون کـردبوو، بە هیـوای وەی لە خەراپەکاریی دووری بخەنەوە. کاتێک بۆ بەیانی سـوڵتان وە خەبەردێ و ئەو حـاڵەی دەبینی، کـەللەیی دەبێت و چاوی دەچێـتـە پشـتی سـەری، وەک شـبـروشـپـرزە بە شـاتەشـات ژنی وەخـەبەرهێنا، کـەوتە بۆڵەو ناخـونەک، وەک هەڕشـتە جنێـوی ناشرینی لە دەم هەڵوەری. ژنی سـوڵتـان ئەگـەر راپەڕی و ئەو بەزمەی بە چاوی خـۆ دێت کەوتە گـریان و فـیـزاع، بە سـوڵتـانی گـوت ئەوەی دەستکیسـەی خۆتە، دەتەوێ شوورەییم وەبەی، بەئامان و زەمـان دانەدەمرکا و دەیویست هەڵێت و سـوڵتـان جـێـبـهـێـڵـی. ئەوجـا سـوڵتـان کـەوتە حـەلوەلاو پاڕانەوە، بە تۆبزی گـوڕنەتەڵەی سـەرپەڕە خـەرەکـی، وەئاگـا هێنا. گـوڕنـەتەڵە بالیـفـێکی لە خۆ هالاند و کەوتە پاڕانەوە و هەر زوو پێیگوتن با ئەو حاڵەی بگێرِێتـەوە.. پاشی ئەوەی گوڕنەتەڵە تەواو بوو، شـاژن رووی کردە سوڵتـان و گوتی: (هەرچی روویداوە خەراپی تۆی تێدایە، هەرچییـەک دەکەم و ریسم بە خـوری دەکـەیتـەوە، بەڵام ئەمـەت بەسـەرەوە ناچێت) پاشی ئەوهەی شـاژن زریکاندی و لە هۆش خۆی چوو... دوایی سوڵتان هەڕەشەی لە گوڕنەی کرد کە دەبی ئەوهەی لەگـەڵمـدا سـازبکەیتـەوە، لە شـاژنی بگەیەنین تەلیـسـمـان لێکراوە، دەچین ئەو تەلیسمەی دەشکێنین، خۆ ئەگەر ئەو تەلیسمەیان نەشکان

هەژدیها بەرودوا پاکماندەکەنەوە و دەمانخۆن. گورنەتەڵەش گوتی گەورەم ئەوهایە، کێ دەڵێت ئێستە حەسەن مەیمەنی و وەزیری دەستەچەپ نەکراون بە قاورمە..من باوەڕناکەم تازە بیانبینینەوە.. بەمجۆرە دوای خۆپۆشتە کردنەوەی فیرنە گولە، سولتان لەگەڵ شاژن خەریکبوو، بە خۆشی و پاڕانەوە هەتا بە ئاگاهاتەوە. سولتان خێرا گوتی (تەلیسمە، تەلیسمێکی خەراپیان لێکردووین، فریای خۆمان نەکەوین چەرخمان لە چەمەر دەکێشن و تاقمان بە پێوە ناهێڵن) گورنەتەڵە بەبێئەوەی رووبکاتە شاژن، بە سولتانی گوت: قوربان،پاشای گەورەمان، حەوت هەژدیهای شاخدار، گڕ لەدەویان دێتە دەرەوە، وەک هەڵۆ شالاو دەبەن و بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان دەفڕن و لە چاو وندەبن..

شاژن لەم قسانە سەری سوڕما بوو، ترسی لێ نیشت، بیری لە هەژدیهای شاخداری گڕ بەدەو کردەوە. کوت کوتی بکەن و هەڵیلووشن، روویکردە سولتان و گوتی (دەبێ ئەو سیحرەی بەتاڵکەنەوە، بڕۆ دووی هەیاسی خاس، هەر ئەو دەتوانێ فریامانکەوێ نەکەی دەستی لێ بکەیتەوە، بە حەکیمیی خۆی چارەی دەکات..)

سولتان دڵی شاژنی دایەوە، گوتی: (ئەوی ئەتۆ بە چاکی بزانیت من ئەوەی دەکەم، خۆشم دەچم هەتا ئەو تەلیسمەی بەتاڵ نەکەمەوە ناگەڕێمە دواوە..) بەو جۆرەی سولتان خۆی گۆڕی هەتاکو نەناسرێتەوە. بۆ دواجار روویکردەوە ژنەی، بە شاژنی گوت ئەو جادووەی لە ئێمەکراوە، بۆ ئەوەی لەیەکمانبکەن. سولتان گورنەتەڵەی دایە پێش خۆی، لەڕێگا گورنە خەبەری یەخسیرکردنی هەردووک وەزیری دایە و هێشتنەوە و ئەوقکردنی هەیاسی خاسی بەحوکمی شاپەری. سولتان بەدەم ڕێگاوە کەوتە خەیالاتی خۆش، دڵی خۆی بەوە دەدانەوە کە لەوانەیە شاپەری ئەوانی بۆبە گرتووە و گلداوەتەوە بیکاتە بەهانەی، بۆ چوونی سولتان بۆ کنی و نەردێنی لەگەڵدا بکات، بۆیە لە دڵی خۆیدا مرخی لە شاپەری خۆشکردبوو، ئیتر دەبێتە دۆستی خۆی و نەردێنیشی لێدەباتەوە، بەوهەش مرازی دڵی حاسڵدەبێت.. گورنەتەڵەی فێڵباز کاتێ

باسی رابواردنەکانی شەوانەی خۆی بۆ دەکرد لەگەڵ پەرییاندا، ئێجگاریی سوڵتانی شەیدا کردبوو. سوڵتان خەریکی ئەم خەیاڵاتە بوو، گورنەتەڵە هوریایکردەوە، ئەوە دەستوپێوەند گەیشتن و دیزە قاورمەی داندرا. ئەوان هەر زوو پاشەوپاش گەڕانەوە. گورنەتەڵە باڵی سوڵتانی راوەشاند، هەستان و چوونە سەر کانی، نزیکی دیزەی کەوتنەوە، حەوت هەژدیهای شاخدار گەیشتن، چارۆکەدار ئامبازدی سوڵتان و فیرنەی بوو، پیلی هەردوو گیانی گرت، سوڵتانی وەکی پووشی بەر رەشەبا بە ئاسماندا برد، سوڵتان هەر کە چاوی بە هەژدیهای کەوت لە هۆش خۆی چوو.

سوڵتان، گورنەتەڵە و دیزە قاورمە لەبەر دەوی دیوانی شاپەری داندران.. شاپەری پاڵی ئۆخەیی لێدایەوە.. گورنەتەڵە هەر زوو وەئاگا هات.. بە کەیفەوە لاقانی لێبڵاو کردەوە، کورنووشی بۆ شاپەری برد، شاپەری لێی پرسی: ئەوە دیسان هێناتیان؟! گورنە گوتی تەختوبەختی شاپەریمان بەرکەماڵ بێت، ئەمن میوانداریێتی ئێوەم پێکەوتووە، بە حومری خۆم چێشت و گۆشتی وەک ناو پەریانم نەخواردووە، تەنها لێرەکانێ گرفتم خوساوەتەوە.. ئەگینا لە ژێر سایەی حوکمی ئەوهەی بە سکێ تێرو بە دەی برسیبووم.. کاتێک سوڵتان بە ئاگاهاتەوە، سەیری بەخۆی هات، دیتی لەبەر پێی شاپەریدا کەوتووە، شێواوو پەشێو، دەوی بووبوو بەتەڵەی تەقیو، زبانی گیرابوو گۆی نەدەکرد.. پاشی تینی دایە خۆ، ویستی قسان بکات بێهوودەبوو. شاپەری فەرمانی دا گوتی ئەوهانەی تا کاتی لێپرسینەوە میوانی ئەمنن، خۆراکیان بدەنێ.. بەوجۆرەی هەرسێ وەزیر و سوڵتان و گورنەتەڵە برانە شوێنی تایبەت، خواردنی شاهانەیان بۆ داندرا.. سوڵتان هێور بووەوە، دڵی خۆشبوو، لە ئاقڵی خۆدا گوتی: (وا دیارە بەمرازی خۆ دەگەم و نەردێنی لەگەڵ شاپەرییە دەکەم..).

هەر ئەو رۆژەی بۆ پاشی نیوەڕۆیان هێنرانەوە دەکن شاپەرییە. شاپەری لەسەر تەختی دانیشتبوو، پەریان دەوریان لێدابوو. هەیاسی خاسیان هێناو لە نزیک شاپەرییەوە دایانیشاند. پەرییەکی بەلەبارێکەی جوان، گورنەتەڵەی هێناو لە جێگەی دیاریکراو رایگرت و کشایە دواوە. ئەوجا هەردک وەزیری

پەنا بەخوا و ئەرێ بەخوایان هێناو لە خوارەوە رایانگرتن. هێندەی پێنەچوو سولّتان وەک فڕفڕۆکەیەک پەلی بە دەست دوو هەژدیهای شاخدارەوە کرا بە ژووورداو لە خوارووی هەردک وەزیرەوە وەستێنرا. سولّتان دەلەرزی و خۆ پێڕانەدەگیرا. جووتپەری کە لەشێوەی دوو هەژدیهای شاخداردا بوون بەسەر لەقانێکی شاپەری ئەنجومەنیان جێهێشت و لە چاوترووکانێکا لە شێوەی دوو پەپوولەی نەخشیندا دایان لە فڕەی باڵ و دەرچوونە دەرەوە.. سولّتان لە دڵە خورپێ کەوت و کەمێک هێوور بووەوە..

شاپەری رووی لە فیرنەگولە کرد و پرسی کوڕە پێمبڵێ تۆ بۆچی ئارەزووت لە خواردنی پەریانە؟

گوڕنەتەڵە بەخێرایی گوتی: ئەی شاپەری نازدار، چی بێت لەتۆ نهێنی، خۆت دەیزانیت لەو کاتەی بابم حەمری نوێی بۆ تۆ جێهێشتووە، حەزم لە شلەی قاورمە بووە، ئەو حەمکە ماوەیە برسی و هەژار ماومەتەوە، بینیم هەموو رۆژ بەرانی دەکەنە قاورمەی، چەندی پاڕامەوە، چیچکەیەکیان بەش نەدام، ئەمنیش نەفسم جووڵا و نەوسم تێیکەوت، بەوجۆرەی خۆتان دەیزانن بوومە میوانی خانەوادەتان. بەڵام بەیەزدانی پاک قسەیەکە کردوومەو نایکەمەوە بە دوو، هەرچی پەریانی ئاسمان و زەمین هەنە، سێبەرێ لە تاڵی زوڵفی تۆ ناهێنن.. لێرە ئەوەشم دیوە لێرە ئەو دادپەروەرییەم لە تۆ دیومە تۆی شای پەریان هەتا پەریان تێرنەخۆن تۆ دەو لەو خواردنەی نادەیت.. شاپەری بەزەردەخەنەوە سەیرێکی گوڕنەتەڵەی کردەوە، ئەنجا گوتی: ئیتر هەژار نابیت، لەسەر ئەو راستینەیەی لێ پیەشیمان نەبوویەوە، دەبیتە قاپیەوانی دەرگای عەدالەت، بەو بزێوییەی خۆت، ناڕاستیی دیوان رسوادەکەیت.. شاپەری ئەوجا روویکردە هەیاسی خاس و پرسی: هەیاس تۆ کە راستگۆ و وەزیری دەستە راست و دەمڕاستی سولّتان مەحموودی کە شایەتیی درۆ دەدات و ماڵی میرایەتی بۆ بەرژەوەندی و خۆپەرستی خەرجدەکات، ئەی بۆچی بەجێی ناهێڵیت؟!، لێرە دەبییە میوانی خۆم و لەوێش لەسەر تەختوبەختی خۆت دەمێنیتەوە و ئەمنیش دەتکەمە هاوەڵی خۆم پێکەوە نەردێنی دەکەین و بە

عەیش و نۆش ژیانی زیندەگیی پێکەوە بەسەر دەبەین؟!

هەیاسی خـاس سـەری نەوازشی بۆ شـای پەریان نەوی کـرد، ئەوجـا ئاقڵمەندییەکەی خۆی بەکاربردەوە گوتی: تەختوبەختی شاهم بەرکەماڵ بێت، ئەمن گەلێک ستایشی ئەو میـوانداریيە جوانەی شاپەری دەکـەم. ئەمن چەند جـاران ئەو سـوڵتـانەم جـێـهـێـشـتـووە، دوایی لەبەر ئەو خـەڵکەی بەتکاوە گـەڕاومـەتەوە، سـوڵـتـان بەتەنێ ئەو کـاروبارەی بۆ نـاکـرێ، هەر زوو تەنگاو دەبێ، دەرەقـەت نایەو هەر زوو هانام بۆ دەهێنێـتـەوە.. ئەمنیش دیسـان گەڕاومەتەوە کنی و فریای بێدەست و هەژارانی کەوتووم..

شاپەری زەردەیەکی هێنایە سەر لێوان و لە هەیاسی پرسی (ئەی بۆ حەزیت لە میوانداریی مەی نییە؟! ئاگاردارم هەندێکت لەو خۆراکەی نەخواردووە).

هەیاس گـوتی: شاپەری مـەزن، ئەمن میـوانداريیە ئەتۆم بەدڵە، ئەوە چەند رۆژە لە کنە ئەتۆم، هیـچم خەمێ لە دڵـیدا نییە.. هەرچەندی لە ماڵ و منداڵێ خۆ بەدوورم و کاروباری وەڵات لە سەرمە پەکی کەوتووە، بەڵام هەتا ئێستەی لەم میوانداریيەت قەڵس نیم.. ئەوجا کە دەفەرمووی هەموو خواردنێکم بە دڵ نیـیـە، ئەوهەی قـاورمـەکـەی سـوڵـتـانیـیـە، لەناو هەر خـواردنێکی بێ نەمخواردییە، خۆ ئەوی لە پارەو پوولی خۆی ئەوهەی نەکردییە، لە سامانی وەڵاتی، رۆژانە پێکی هێناوە، لەبەروەی ئەمن نەمـخـواردییـە، شـاهم لە بۆ عـەیشـۆنۆشی ئێـوەش، ئەمن ئارەزووم لە خەوبینی نییـە، نەردێنی لەگـەڵە تۆ خەوە، براوە و دۆڕاوی تێدا نییە، نە ئەمنی دەبمە پەریان، نە تۆ بە ئومێدەبیت، لە حـەنـای راسـتگۆیی کـڵاوم دڕاوە... ئەوجـا شـاپەری لە هەردوو وەزیرە درۆزنەی پرسـیـیەوە کـە بۆچی درۆیان لەبۆ سـوڵـتـانی دەکەن و راسـتـەو راست لەگەڵی نایەنە کایەوە ئاخرییەکەی بە تاوانباری دەرکردن.. مایەوە سەر سوڵتان مـەحمـوودی زۆردار، جووتە هەژدیهـای شاخدار بە گـوێ هەڵـیـانکێشـا، وەک سنگ هاویشـتـیـانە بەر دەوی شاپەری، سـوڵـتـان هێندەی نەمـابوو لە ترسـان پەترۆببات.. شاپەری روویکردە سوڵتان و گوتی: (ئەتۆ کە دەستڕۆییشتووی وەڵاتی خـۆتی و بەزۆر فـەرمـانت رەوایە، بەوەداناکـەوی خـەراپەکـاریت

بەخەرباوە، چ حەوجات بەدرۆیانە بیکەیت؟! ئەمن کەیفم بە راستگۆیی دێت، ئەو کوڕە لاوە بە درۆیان بەمنی دۆڕاند ئەمن ئیدی نەردێنیم لەگەڵ نەکرد، پاشان ئەو مەرجە گرانەیم لە ئەستۆی نا، چاوم کردی، گوتم بەشکە سوڵتانی فێرە راستگۆیی بکەم و ئەوسا نەردێنی لەگەڵ بکەم، ئەتۆش لەسەری نەریتە خەراپەکەی بەخۆت بەدرۆیان دەوتکردەوە.. دوو وەزیرت بە نەفرەتی پەریان کەوتوون، ئەتۆش خەراپتر، لەمەبەدوا زبانتان لەڕاست درۆ کلۆم دەبن، زارتان لە دەوی ناگەڕێ، لە ناو ماڵومنداڵی بەخۆتان ئەفەرۆز و سەرفرازن هیچ کەمییەکتان نابی، لە دیوانیش دەبنە ئاقڵمەندی ئەوی سەردەمەی، بەڵام فەرمانتان دەکەوێتە دەستی هەیاسی خاس. خۆتان چاکی دەزانن ئەوی پەروەرێکی دانایە، ئیدی ناتوانن بەبێ وی پەنجە بە ئاوێدا بکەن.

شاپەری هەردک لەپی پێکدادان، هەستاو لە شەقەی باڵی دا، ئەنجومەنی ئۆمی تووشی سەرە گێژی بوون، بۆ سبەی بەیانی هەر کەسە لە ناو ماڵ و خێزانی خۆ وەخەبەر هاتن، هەموویان خۆزگەیان دەخواست دەسەڵات و تەختوبەختیان تێکەڵ شاپەری ببوایە...

## چیرۆکی دووەم

# جامی جیهانبین

# جامی جیهانبین

دەگێڕنەوە جارێکیان سولتان مەحموود خۆی دەگۆڕێ و جلی دەروێشی لەبەردەکا و بەرەو قەراخ شار دەکەوێتە رێ و لەوێوە دەچێتە گۆڕستانی شارو لە دوورەوە تەماشا دەکا لەبن دارێکدا کوڕێک و پەرییەک لە پاڵ گۆڕێکدا پێکەوە دانیشتوون و خەریکن یاریی بەرد دەکەن. سولتان مەحموود بە جارێ شێت و شەیدای پەری دەبێ و بە ئەسپایی خۆی دەگەیەنێتە پاڵ کێلی گۆڕەکە بەبێ ئەوەی ئەوان ئاگایان لێبێت. ماوەیەک بەم شێوەیە دەڕواو ئەوان لە گەرمەی نەردێنی خۆیاندا دەبن. پەری سێ جار لە کوڕەی دەباتەوە و کوڕە دەڵێ هەر دووجارت لێ بردوومەتەوە و لەسەر ئەمە دەبێتە مشتومڕیان. لەم کاتەدا پەری دەڵێ: خۆزگە ئێستا سولتان مەحموود لێرە دەبوو شایەتیی ئەوەی دەدا ئایا من سێ جارم لە تۆ بردووەتەوە یان نا؟ لەو ساتەدا سولتان مەحموود سەر بەرز دەکاتەوە دەڵێ ئەشەدوبیلا دووجارت لێ بردەوە نەک سێ. پەری رادەچڵەکێ و یەکسەر لە شەقەقەی باڵ دەداو لە چاو گوم دەبێ. کوڕە دەڵێ: دەک سولتان ماڵت بە قوڕ بگیرێ. چیت کرد؟!

سولتانیش دەڵێ: ئێستا لەمە گەڕێ و پێم بڵێ ئەم پەرییەت چۆن دەستکەوتووە؟ کوڕە لە وەڵامدا دەڵێ بۆ من ئاسان نەبوو دەسکەوتنی بەڵام بۆ تۆ ئاسانە.

سولتان دەڵێ: چۆن ئاسانە؟ خێرا بڵێ بزانم، کوڕە دەڵێ بۆ ماوەی چل رۆژە، رۆژی مەڕێک سەربڕە بیکە بە قاورمە و بیهێنە بۆ سەر ئەم گۆڕە داینێ، یەک دوو پەری دێن ئەم قاورمەیە دەبەن و دەڕۆن. سەری چل رۆژە ئەم پەرییەی کە بینیت دێت و دەست دەکا بە نەردێن لەگەڵتدا.

سولتان مەحموود دەگەڕێتەوە بۆ کۆشک و سەرای خۆی و خزمەتکارو دەست و پێوەند کۆدەکاتەوە تێیان دەگەیەنێ کە دەبێ بۆ ماوەی چل رۆژ رۆژی مەڕێک سەرببڕن و بیکەن بە قاورمە و بیبەن بۆ سەر فلانە گۆڕ و دەسبەجێ

خۆیان ناشبێ لێی بخۆن. ڕۆژی یەکەم قاورمەکە دەکەنە سەر سینییەک و بەرەو گـۆڕەکـە دەیبـەن و لەرێگا کـوڕە کـەچەڵەکـەیان لێ پەیدا دەبێ و زۆریان لێ دەپاڕێتەوە کە تۆزێ گۆشتی بدەنێ و ئەمانیش نایدەنێ و دەڕۆن. کوڕە کەچەڵ لە کۆڵیـان نابێتەوە و شوێنیان دەکەوێ. کاتێ ئەوان سینییە قاورمە لەسەر گـۆڕەکـە دادەنێن و پشـتـی پێ هەڵدەکـەن و دەگـەڕێنەوە کـوڕە کـەچەڵ خـێـرا پەلاماری گـۆشـتـەکـە دەدا بیـخـوا. لەو سـاتـەدا دووسێ پەری ئامـادە دەبن و سـینییـە قـاورمـە و کـوڕە کـەچەڵ هەڵدەگـرن و دەڕۆن. کـەم یا زۆر دەڕۆن کـەس نازانێ خوا خۆی نەبێ تا دەگەنە کۆشکێک لە سەر قولەی قاف. لەوێ پەری لە سەر گۆشتەکە کۆدەبنەوە و شاژنی پەرییان، کە ناوی مەلەک رەیحان دەبێ و ئەوەی کە نەردێنی لەگەڵ کوڕەکەدا، دەکرد، قاورمەکەی لێ بەشکردن و بەشی کوڕە کەچەڵە ئێستا کە تۆ بووی بە میوانی ئێمە بە ئارەزووی خۆت پەرییەک هەڵبژێرەو کەیف و سەفای لەگەڵ بکە تا بەیانی. بۆ بەرەبەیان شاژنی پەرییان ناردی بە شـوێن کـوڕە کـەچەڵدا و وتی: ها ئەمـشـەو چۆنت رابوارد؟ ئەویش وتی: خانم زۆر خۆش بوو بەلام هیـچیـان بە تاڵێ لە زوڵفی تۆ نابێ. هەر کە ئەم قـسـەیەی کـرد شاژنی پەرییـان زللەیەکی لێدا، کـاتێ کوڕە کـەچەڵ هاتەوە هۆشی خۆی تەماشای کرد لە نێوان هەسەن مەیمەنیی وەزیری سوڵتان مەحموود و ژنەکەیدایە لە سەر جێگەی خەوتنیان. هەسەن مەیمەنیی. لە خەو هەڵدەستێ و تەماشـا دەکـات کـوڕە کـەچەڵەیەک لە پاڵ ژنەکـەیدایە. لە تووڕەییـدا چاوی دەپەڕێتە تەوقی سەری و دەکەوێتە دارکاری کردنی کوڕە کەچەڵ و بە ژنەکەشی دەڵێت: دەک دارزێی کـەست نەدۆزییەوە بیکـەیتە دۆسـتی خۆت ئەمە نەبێ؟! ژنە سوێندی بۆ دەخوات کە ئاگای لە هیچ شتێک نییە و کوڕە کەچەڵەش حاڵ و مەسەلەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە. هەسەن مەیمەنیش دەڵێ: ئەگەر راست دەکەیت وەرە لە کاتی قاورمە بردنەکەی خزمەتکارەکانی سوڵتاندا هەردووکمان بەدزە شوێنیان دەکەوین و کە ئەوان رۆیشتن دەچینە سەر سینییە قاورمەکە بەم جۆرە کاتێ کە سینیە قاورمە دادەنرێ و خزمەتکارەکان دەڕڕۆن ئەمانە دەچنە سەر قـاورمـەکـەو لەو کـاتەدا سێ چوار پەری ئامـادە دەبن و بەقـاورمـەکـەوە دەیان

پێـچنەوە و دەڕۆن تا دەگـەنە کۆشـکەکەی سـەر قـولەی قـاف و لەوێ بە هەمـان دەسـتووری پێشوو خواردنەکە دابەش دەکرێ و دیسـان بەشی ئەمـانیش دەدرێ. پاشان شاژنی پەریـیـان هەسەن مەیمەنیی بـانگ دەکاتە لای خۆی و دەڵێ: هەی وەزیری سـوڵـتـان مـەحـمـوودی هەق بەهەق نەزان، ئەگـەر یەکێک لای ئێـوە درۆ بکا چی لێدەکەن؟ ئەمیش دەڵێ لەملی دەدەین. مەلەک ڕەیحان: واتە شاژنی پەرییـان دەڵێ کەوابوو من لە ملت نادەم بەڵکو دەتخەمە زیندانەوە لەبەرئەوەی سوڵـتـان مـەحـمـوود درۆیەکی وای کرد. وەزیر دەڵێ جـا خـانم ئەو درۆی کـردووە خۆ من نەمکردووە. شاژنی پەرییان دەڵێ: نەخێر وانییە، کە سوڵـتان درۆ بکا دەبێ وەزیرەکەی چۆن بێت؟ بەم جۆرە هەسەن مەیمەنی خرایە زیندانەوە و سەری نرایەوە پاشـان مـەلەک ڕەیحـان بە کـوڕە کـەچەڵـەی وت ئەمـشـەویش بڕۆ بە ئارەزووی دڵی خـۆت لەگـەڵ پەرییـەکدا کـەیف بکە. بۆ دەمەو بەیان ناردی بە شـوێنیـدا و وتی: ها بەدڵت بوو؟ ئەویش وتی: بەڵێ خـانم بەڵام هەزاری وەک ئەوان بە تاڵـێک لە زوڵفی تۆ نابن. دیسـانەوە مـەلەک ڕەیحـان زللەیەکی سرەوانده بنا گوێی و کاتێ کوڕە کەچەڵە چاوی کردەوە تەماشای کرد لە نێوان وەزیرێکی تری سوڵـتان مەحمـوود و ژنەکەیدا لەسەر جێگەی خـەوتنیـانە. ئەم وەزیرەش بە هەمان دەستوری هەسەن مەیمەنی دەکەوێتە تێهەڵدانی کوڕە کەچەڵ و سـەرزەنشـتکردنی ژنەکـەی کوڕە کەچەڵ مـەسـەلەکـەی لە نووکەوە بۆ ئـەمـیش گێڕایەوە و ئەم وەزیرەش کەڵکەڵەی چوونە لای پەرییـانی کـەوتە سەر. بۆ لای ئێـوارە ئەمـیش لەگـەڵ کـوڕە کـەچەڵدا بران بۆ کـۆشکی شـای پەرییـان لە سـەر قـولەی قـاف و دیسـان ئەم وەزیرەش لەسەر درۆکـەی سوڵـتـان مـەحمـوود خـرایە زیندانـەوە. کـوڕە کـەچەڵـیش وەک جـاران ئەو شـەوەی بەکـەیف و سـەفـا لەگـەڵ پەرییـەکدا بـردە سـەرو بۆ بەیانی زوو کـە مـەلەک ڕەیحـان ناردی بە شـوێنیـدا هەمـان قـسـەی جارانی پێ وتەوە ئەمـجارەش زللەیەکی تێ سـرەواند و وەختێ چاوی کـردەوە تەمـاشا دەکـا لە نێـوان سوڵـتـان مـەحمـوود و ژنەکەیدایە لەسەر جێگەی خەوتنیـان. درێژەی نەدەینێ سوڵـتانیش بە هەمان شێوەی پێشوو خرایە زیندانـەوە بەڵام نـانـی نەدرایە. کــوڕە کــەچەڵـیش پـاش ڕابواردن بەیانـی زوو

مەلەک ڕەیحان زللەیەکی تری لێداو ئەمجارەیان کاتێ چاوی هەڵبڕی تەماشای کـرد لە بەینی هەیاسی خـاس و ژنەکـەیدایە. هەیاسـیش وەک وەزیرەکـانی پێشووی سوڵتان لەگەڵ کوڕە کەچەڵدا چوو بۆ کۆشکی مەلەک ڕەیحان. کاتێ کە خواردن دابەش کرا شاژنی پەرییان ڕووی دەمی کردە هەیاسی خاس و وتی: هەی وەزیری سـوڵتـان مـەحـموودی هەق بەهەق نەزان ئەگەر کـەسێ درۆ بکات لای ئێوە سزای چییە؟ هەیاس وتی خانم من ئەمانە نازانم، وەرە گرەوت لەگەڵ دەکـەم ئەگـەر بردتەوە ئەوە منیش دەچمـە پاڵ ئەوان لە زینداندا، ئەگـەریش دۆڕاندت ئەوە دەبێ ئەوانیـشم بۆ بەردەی. مـەلەک ڕەیحـان وتی: ڕازیم بەڵام بابزانم گـرەوەکـەت چییـە؟ هەیاس وتی: تۆ لەوێدا بخـەوە و من سێ جـار بە ئاگات دێنمەوە و قسەت لەگەڵ دەکەم، کە ئەمەم کرد ئەوە تۆ دەدۆڕێی، بەڵام ئەگەر نەمتـوانی لە خەوەکـەت هەڵتـبسێنم و بتدوێنم ئەوە من دۆڕاندوومـە. مـەلەک ڕەیحـان وتی: جا باشـە ئەوە من رادەکێـشم و با نەشخـەوم بەڵام تۆ هەرچی بلێـیی من جـوابت نادەمـەوە و بەم جـۆرە تۆ دەدۆڕێی، ئەوجـا مـەلەک ڕەیحـان ڕاکشـا و خـۆی داپۆشی هەیاسـیش چوو چرایەکی هێناو لای خـۆیدا دایناو وتی: گـوێ ڕابگرە چراکە، ئەم حەکـایەتە بۆ تۆ دەگێڕمـەوە، ئەی چرا لە زەمـانی زوودا سێ کـەس دەبن بە هاوڕێ (دارتاشـێک و بەرگـدروویەک و مەلایەک) کەرێکیـان پێ دەبێ کەلوپەلەکانیـانی لێدەنێن و پێش ئەوەی بگەنە مەنزڵ شەویان بەسەرردادێ و لە ڕێگا لادەدەن و چونکە زەمان زەمانـی جەردەیی و ڕاو و ڕووت دەبێ تەگـبیر دەکـەن کە بە نۆرە بخـەون و هەرجارە یەکـێکیـان ئێـشکچی بێت. ئەی چرا ئەم سـیـانە لە ناو خـۆیاندا ڕێککەوتن کـە هەر یەکێکیان چوار سەعات ئێشک بگرێت و بەم جۆرە بە درێژایی دوانزە سەعاتی شـەو یەکـێکیـان هەر بەخـەبەر دەبێ. یەکـەم جـار نۆرە بەر دارتاش کـەوت و چارەکێکی نەبرد تەماشای کرد خەوە نووچکەیەتی. لە دڵی خۆیدا وتی: بەخوا ئەگەر بخەوم و جەردە بێتە سەرمان خۆشمان دەکوژن و کەلوپەلەکەشمان دەبەن، با خۆم بە شتێکەوە خەریک بکەم بەڵکو کاتەکەم لێ بڕواو خەو نەمباتەوە. هەڵسـا چوو کـۆتەرە دارێکی لەو ناوەدا دۆزییـەوە و هات کـەرەسـەی

دارتاشییەکەی لە هەگبەکەی دەرهێنا و کەوتە دارتاشی و سەروباڵ و قاچ و هەموو شتێکی لێ دروست کرد. بە کورتی پێش ئەوەی چوار سەعاتەکەی خۆی تەواو بێت پەیکەری بنیادەمێکی لێ دروست کرد. دوایی چوو بەرگدرووی هەڵساندو خۆی خەوت. ئەمیش هەر خەو دەیبردەوە و لە پڕ ڕوانی زەلامێک لەو لاوە وەستاوە. ترسی لێ نیشت و تێیخوڕی زەلام کێی؟ بەڵام هیچ ورتەیەکی لێ نەهات، ئەمیش خڕکە بەردێکی تێ گرت و گوێی لێ بوو تەقەی دێ لێی چووە پێشەوە و تەماشای کرد پەیکەرەو داتاشراوە، ئەوجا لە دڵی خۆیدا وتی خۆ ئەمە کۆتەرەدارەکەی ئێوارەیە وا داتاشراوە. سا بە خوا منیش ئێستا کەرەستەکەم دەردێنم و دەستێ جلی ژنانەی بۆ دەدوورم. بەم جۆرە لە ماوەی چوار سەعاتی ئێشکگرتنی خۆیدا دەستە جلێکی ژنانەی جوانی بۆ دروست کرد و لەبەری کرد و ئەوسا مەلای هەڵساند و خۆی چوو لێی خەوت، کاتێ مەلا سەری هەڵبڕی تەماشای کرد زەلامێک لە نزیکیەوە وەستاوە بە توندی تێی خوڕی زەلام کێی؟ هیچ وەڵامێک نەبوو ئەویش بەردێکی پێوە پێچاوە تەقەی هات. ئەمجا چوو بەلایەوە وتی: خۆ ئەمە کۆتەرەدارەکەی ئێوارەیەو دیارە دارتاش تاشیویتی و بەرگدروویش ئەم جلانەی لەبەرکردووە. سا دەبێ ئێستا منیش کڕنووش بۆ خودای گەورە ببەم و لێی بپاڕێمەوە تا ڕۆح نەکا بەبەریدا سەربەرز نەکەمەوە. ماوەیەکی زۆری پێچوو مەلا هەر سەری بەرز نەکردەوە تا لە ناکاو گوێی لە دەنگێکی ژنانەی ناسک بوو وتی مامۆستا سەر بەرز بکەرەوە خودا دوعاکەتی قوبووڵ کرد. مەلا تەماشای کرد، پەیکەر بووە بە ئافرەتێکی شۆخ و نازدار. ئەی چرا ئەوا من ئەم ئافرەتەم لە دارتاش مارە کرد چونکە ئەو یەکەم کەس بوو کە لە کۆتەرە دارەکەی تاشی.

هەرکە هەیاس ئەم قسەیەی کرد مەلەک ڕەیحان لە خەو ڕاپەڕی و وتی: ئەی وەزیری سوڵتان مەحموودی هەق بەهەق نەزان، تۆ چۆن ئەم ئافرەتە دەدەی بە دارتاش؟ ئەو تەنیا کۆتەرەیەکی ڕەق و تەقی داتاشیوە، ئەگەر مەلا کڕنووشی بۆ خودا نەبردایە و ڕۆحی نەکردایەتە بەردا چۆن دەبوو بەو ئافرەتە؟ لەبەر ئەوە تەنیا بۆ مەلا ڕەوایە مارەی بکا. هەیاس وتی: ها خانم نەمانبردەوەو

نەمهێنایتە قسە؟ مەلەک رەیحان وتی: راست دەکەی بەڵام دووجاری دیکەت ماوە و ئەمجارەیان گرەوم لێ نابەیتەوە. هەیاس دووبارە دەستی کرد بە حیکایەت گێڕانەوە و وتی: گوێ بگرە ئەی چرا، دەگێڕنەوە لە زەمانێکی زۆر کۆندا دوو برا بوون خانوویەکیان بە تەنیشتی یەکەوە بوو زۆر یەکتریان خۆشدەویست، یەکێکیان ژنی هێنابوو ئەوی تریان رەبەن بوو ئەو پارەو ماڵەی نەبوو ژنی پێ بێنی، هەردووکیشیان جوتیار بوون و هەر یەکە فەلاحەتی بۆ خۆی دەکردو، خەلەو خەرمانی بۆ خۆی بەجیا دەهێنایە ناو، کاتێ خەرمان کوتراو جێزی گەنم سوورکرا، برا سەڵتەکە لە دڵی خۆیدا وتی: بەخوا براکەم خاوەن خێزانە و ئەرک و مەسرەفی زۆرە واچاکە هۆرێ گەنم لەم جێزەی خۆم داگرم و بۆی ببەم. براکەی تریش لای خۆیەوە وتی: بەخوا برا سەڵتەکەم دەستکورتە و ژنی نەهێناوە و وا چاکە هۆرێ گەنمی لەم خەرمانەی خۆم بۆ داگرم بەڵکو یارمەتییەک بێ بۆی.. بەکورتی هەریەکەیان بارە گەنمی خۆی بارکردو بردی بۆ ئەوی تر لەرێگا گەیشتن بە یەک و مەبەستەکەیان لە یەکتر ئاشکرا کردو هەریەکەیان دڵی ئەوی دیکەی نەشکاندو بارە گەنمیان گۆڕییەوە. ئەی چرا وارێککەوت رۆژێ لە رۆژان برای خاوەن ژن باریگ گەنمی داگرت بۆ ئاش و چوو بە براکەی تری وت: من دەچم بۆ ئاش و ئەمشەو لە ماڵ نابم تۆ برۆ بۆ ماڵی ئێمەو ئاگات لێیان بێت. برای سەڵتیش دەڵێ: بەسەر چاو برا ئەمە ئەرکی سەرشانە، بۆ سبەینێ برا سەڵتەکە دەچێ لە گۆماوێک کە نزیکی رێگەکەیە خۆی دەشوا. لەو کاتەدا برای ئاش چوو بەخۆی و کەرو بارەکەیەوە دێت بەسەرداو لە دڵی خۆیدا دەڵێ ئەم برایەی من بێ ژنەو ئەمشەو لە ماڵی ئێمەدا بووە و شەیتانیش هەموو کارێکی ناڕەوا بە بنیادەم دەکا. بەم جۆرە دڵی لە برا کرمێ دەبێ و هەر لەوێدا دەمیان تێدەگیرێ و دەست دەدەنە یەقەی یەکترو هەردووکیان خەنجەر لە یەک هەڵدەکێشن و یەکتر سەردەبڕن.. گوێدرێژەکەش کە بارەکەی پێوەیە رێگا شارەزا دەبێ و بارە ئاردەکە دەباتە ماڵەوە. ژنە هەر چاوەڕێ دەکا نە مێردەکەی دیارە و نە هێوەرەکەی ناچار ملی رێگا دەگرێ و دەڕوانێ لای گۆماوێک لاشەی مێردەکەی و هێوەرەکەی بەسەر

براوی کەوتوون. ژنە زۆر دەگری و خۆی دەکوژێ بەدیاریانەوە، لەو کاتەدا چەند پەرییەک لە شێوەی پەلەوەردا بەسەر دارێکەوە دەبن و زۆریان بەزەیی پێدا دێتەوە، دێنە زمان و دەڵێن: ئەو مردووانە ئەگەر بێت و ریقنەی ئێمە بدرێ لە ملیان برینیان سارێژ دەبێ و چاک دەبنەوە. ژنە خێرا پەلاماری ریقنەکەیانی دەداو بە ملی مێردو شووبراکەی دەسوێ، هەردووکیان چاک دەبنەوە. بەڵام ژنە لە پەلەپەلیدا سەری مێردەکەی دەنێ بە لاشەی هێوەرەکەیەوە و سەری ئەمیشیان دەنێ بەلاشەی مێردەکەیەوەو هەردووکیان بە مشێوەیە زیندوو دەبنەوە. باشە تۆ بڵێی ئەمانە کامیان مێردی ژنەکە و کامیان بە هێوەرەکەی دەژمێردرێ؟ ئەی چرا ئەوا من ئەو کەسەیان سەری هێوەرەکەو لاشەی مێردەکەیە کردم بەمێردی ژنە.

لێرەدا مەلەک رەیحان دیسانەوە رادەپەڕێ و دەڵێ: ئەی وەزیری سوڵتان مەحموودی هەق بەهەق نەزان، ئەم کارەی تۆ نارەوایە و ئێوەی ئادەمیزاد هەموو شتێک بەم جۆرە سەرەو ژێر دەکەن. بنیادەم بەسەرو ڕوخساردا دەناسرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەو کەسەیان کە سەری هی مێردەکەیە و لاشەی هی هێوەرەکەیە بە مێردی ژنە ڕەوایە نەک پێچەوانەکەی. لێرەدا دیسانەوە هەیاس دەڵێ: ها خانم نەمبردەوە؟!

مەلەک رەیحان پەنجەی خۆی دەگەزێ و دەڵێ: راست دەکەیت بەڵام جارێکی تریشت ماوە. ئەمجارەیان هەرچی بڵێی بە ئاگا نایەمەوە و ناکەومە گفتوگۆ: ئەوجا مەلەک رەیحان دەخەوێتەوە و هەیاسیش دەست دەکا بە حەکایەت گێڕانەوە دەڵێ: ئەی چرا گوێ بگرە با ئەم حەکایەتەت بۆ بگێڕمەوە: لە زەمانێکی زۆر کۆندا پیاوێک دەبێ سێ کوڕی دەبێ، برایەکیشی دەبێ یەک کچی دەبێ. کوڕەکان گەورە بوون و کاتی ژنهێنانیان هات، هەروەها کچەکەی مامیشیان پێگەیشت و کاتی ئەوەی بوو شوو بکات؟ ئەم کوڕانە هەرسێکیان بە تەمای ئەم کچەی مامیان بوون، مامەکەش نایەوێ دڵیان بشکێنێ و لەبەر ئەوە بانگیان دەکاتە لای خۆی و دەڵێ: کوڕەکانم ئێوە سیانن و تەنیا کچێکم هەیە؟. من کارێکتان بۆ دادەنێم هەر کامێکتان زوو جێبەجێتان کرد کچە

دەدەم بەوەتان. کوڕەکان دەڵێن: قسەکەت لەسەر سەرمانە مامە، چ فەرمانێکت هەیە ئێمە لە ئۆغرتداین و پێی رازین. مامیشیان دەڵێ: کەوابوو من یەکی دوو هەزار لیرەتان دەدەمێ بچن بۆ ولاتێک کەسابەتی پێوە بکەن، کامتان زووتر کردتان بە سێ هەزار لیرە کچەکە دەدەمە ئەوەتان. کوڕەکانیش سەریان بۆ مامیان دانەواند و دەستیان ماچ کرد و وتیان رازین. بەم جۆرە مام سەرو دوو هەزار لیرەی دا بە برازاکانی و لێیاندا رۆیشتن. زۆریان کەم رۆیشتن کەس نازانێ خوا خۆی نەبێ تا گەیشتنە شارێک و لە خانێکدا پێکەوە ژوورێکیان بەکرێ گرت. رۆژێکیان برای گەورە لە بازاڕدا کابرایەکی بینی کۆترێکی بەدەستەوە بوو دەیفرۆشت. ئەمیش چوو مامەڵەی کردو کابرای خاوەنی وتی: بە هەزار لیرە. برای گەورە سەری سوڕما وتی: چۆن کۆترێک کە ئەو پەڕەکەی دوو یان سێ لیرە بێ بە هەزار لیرەی دەدەی؟ کابراکەش لە وەڵامدا وتی: کاکە ئەمە کۆتری نامە بەرەو لەگەڵ کۆتری دیکەدا جیاوازە. کوڕەکە زۆر دڵی چوو بە کۆترەکەدا ناچار بە هەزار لیرەکە کڕی و خستیە قەفەزێکەوە و هێنای بۆ ژووری خانەکە و لەوێ بەخێوی دەکرد. برای ناوەنجیش رۆژێکیان لە بازاڕدا تەماشای کابرایەک دەکات شتێکی بەدەستەوەیەو هاوار دەکا: دەرمان. کوڕە پێی وت: ئەم دەرمانە چییە؟ کابرا لە وەڵامدا وتی: ئەمە دەرمانی حەیاتی پێ دەوترێ بیدەی بە لووتی هەر مردوویەکدا بە مەرجێ نەخرابێتە گۆڕەوە زیندووی دەکاتەوە. وتی مسقاڵی بە چەندە؟ کابرا وتی بە هەزار لیرە. کوڕە هەڵسا مسقاڵێکی لێ کڕی و کردیە شووشەیەکەوە و هێنایەوە بۆ ژوورەکە. برای بچووکیش رۆژێکیان لە بازاڕدا چاوی بە کابرایەک کەوت ئاوێنەیەکی بە دەستەوە بوو بۆ فرۆشتن، کوڕە چوو مامەڵەی کردو کابرای خاوەنی وتی بە هەزار لیرەی دەدەم و ئەمە ئاوێنەیەکی ئاسایی نییە و جامی جیهانبینی پێ دەوترێ و دنیای لێوە دیارە، برا بچووک زۆر حەزی لێکردو هەزار لیرەکەی دایەو کڕی.

جارێکیان هەرسێ براکە لە ژووری خانەکەدا پێکەوە دەکەونە دەمەتەقێکردن لەسەر ئەو شتانەی کڕیویانە. برا گەورە دەڵێ ئەمەی من کۆتری نامە بەرە، نامەی بەبن باڵەوە ببەستەوە و بۆ هەر کوێت دەوێ دەیگەیەنێ. برای

ناوەنجیش دەڵێ: ئەمە دەرمانی حەیاتە بیدەی بەلووتی هەر مردوویەکدا لە پێش ناشتندا یەکسەر زیندوو دەبێتەوە. برای بچووکیش دەڵێ: ئەم ئاوێنەیەی من جامی جیهان بینی پێ دەووترێ و کە تەماشات کرد هەر شوێنێکت بوێ پیشانت دەدا. لە دواییدا براکان وتیان کەواتە با بەم جامی جیهانبینە تەماشایەکی ماڵی مامان بکەین بزانین کچەی ئامۆزامان چی دەکا. وەختێ تەماشای ئاوێنەکەیان کرد روانییان وا کچەکەی مامیان مردووە و لاشەکەی لەسەر تاتە شۆرەو خەریکن دەیشۆرن. ئەمانیش دەم و دەس نامەکەیان نووسی و باسی شێوەی بەکارهێنانی دەرمانەکەیان کردو پێچایان لە دەرمانەکەوە و بەبن باڵی کۆترەکەیانەوە بەست و بەرەو ماڵی مامیان نارد. ئەوجا جامی جیهانبینیان بردە سەربان و کەوتنە تەماشاکردنی ماڵێ مامیان، روانییان زۆری پێنەچوو کۆترەکە گەیشت و نامەکەی بن باڵیان لێکردەوە و خوێندیانەوە و دەرمانەکەیان دا بەلووتی کچەکەدا یەکسەر پژمی و زیندوو بووەوە.

ئەی چرا وا من کچەکەم دا بە برا گەورەکە چونکە کۆترە نامەبەرەکەیان نەبوایە کچەکەیان دەناشت و کارلەکار دەترازا. لێرەدا مەلەک رەیحان ئەمجارەش خۆی پێرانەگیراو لە خەو راچەنی و وتی: ئەی وەزیری سولتان مەحموودی هەق بەهەق نەزان، چۆن ئەمە بەرەوا دەزانی؟ ئەم کچە دەبێ بدرێتە برا بچووک چونکە جامی جیهانبینەکەی ئەو نەبوایە چۆنیان دەزانی کچەکەی مامیان مردووە؟

هەیاس لێرەدا وتی خانم ئەمجارەش خەبەرم نەکردیتەوە و نەمهێنایتە قسە؟ کەواتە من بردمەوە و دەبێ تۆیش بەڵێنەکەی خۆت ببەیتە سەر. مەلەک رەیحان قریوەیەکی بۆ کردو هەیاس لە هۆش خۆی چوو، کاتێ بەئاگا هاتەوە تەماشای کرد سولتان مەحموود و هەسەن مەیمەنی و وەزیرەکەی تر لەگەڵیدان، لە وڵاتێکی دوور لە مەملەکەتەکەی خۆیان، پاشان هەموو بە رووت و رەجاڵیی رێگەیان گرتە بەر بۆ وڵاتی خۆیان. منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ.

## لێدوان لەم دوو چیرۆکە

لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی لەیەکچوون و جیاوازیی لە نێوان دەقی فۆلکلۆریدا و پوختەی وێکچوون و جیاوازیی لە نێوان ئەو دوو چیرۆکە فۆلکلۆرییەدا.

لەیەکچوون و جیاوازیی لە نێوان دوو چیرۆکی دەقی فۆلکلۆریی کوردیدا

## «جامی جیهانبین»

## و

## «پرسینەوەی شای پەرییان»

پێش ئەوەی ناوەرۆکی هەردوو چیرۆکەکە بخەینە روو، دوایش لێکچوون و بەراورد لە نێوانیاندا روون بکەینەوە، پێویستە لە گوێزانەوە یان کۆچپێکردنی دەق بدوێین. هەروەها چمک و جەمسەری جیایی و لەیەکچوونی ناو ئەو دەقانە روون بکەینەوە، مەرجیش نییە ئەوە تەنها لە نێوان دوو دەقدا رووبدات، لەوانەیە چەند دەقێک بگرێتەوە.

ئەوەش لەیەک جۆر و رەگەزدا روونادات، بەڵکو گشت جۆرو بابەتە فۆلکلۆرییەکان دەگرێتەوە،دەتوانین نموونەی زۆری لەسەر بهێنینەوە، ئیتر ئەوە، لە چیرۆک، حەکایەت، داستان و ئەفسانەدا بێت یان لەبەیت، هۆنراوە لە پەند، نەستەق، ئیدیەم و هەر جۆرێکی تری (دەقی) بابەتی فۆلکلۆرییەکاندا بن.

لێرەدا دەبێت سەرنجیش بۆ ئەوە رابکێشم کە لەوانەیە بارودۆخ، رووداو، کردەی ناوەکی و دەرەکی و کارتێکەریی هەڵوێستە ژیانییەکان، ئاوات و ئامانج، ئەندێشە و بیرکردنەوە، باری ئابووری و کۆمەڵایەتی، کەمو کووڕی و پێویستییەکانی تاک و کۆمەڵ و...هتد پاڵەپەستۆی هەر هۆکارێکی تر لە شوێنێکەوە بۆ دەڤەرێکی تری هەر ئەو وڵات و گەلە، ئەو گۆڕانکاریی و جیاوازییانە رووبدەن. کەم بێت یان زۆر. ئەو دەقە فۆلکلۆرییانە نابێت

دەستکاری بکرێن، هەموویان دەبێت وەک خۆیان بهێڵرێنەوە، لە تۆمارکردنی، دەنگ بەکاسێت و نووسینەوەشدا. کارێکی پەسەندو پێویستە. لێکۆڵینەوەی بابەتیی لە هۆکارو کارتێکەرییەکانی دروستبوونی لە یەکچوون و جیاوازییەکانیاندا بکرێت و کەلێنی توێژینەوەی فۆلکلۆرییان پێ پڕ بکرێتەوە.

بوونی لە یەکچوون و نزیکیی لەنێوان دەقێک و دەقێکی تردا، لە هەر شوێنێکبن، لەگەڵ ئەوەی بۆچوونی وەها هەیە کە لەوانەیە مرۆڤی دەڤەرێک لە شوێنێکی تری ئەو میللەتە، لە هەمان بارودۆخ و کاریگەریی هۆکارە ژیانییەکاندا، هەر بەو بیرکردنەوە، بارە دەروونی، کۆمەلایەتی و ئابوورییانەدا تێپەڕ ببێت، پاڵی بە ناخ و هەستەوەرەکانەوە نابێت، دەربڕینەکانیان نزیکبن یان، لەیەک بچن و هاو واتاییان بەرامبەر بەیەک هەبێت، بەبێئەوەی هیچیان ئاگایان لە یەکتری بێت، بۆ نموونە با لەم دوو پەندە بکۆلینەوە:

«بە هەزار سووژن، گاسنێکی تیا نابێت..».

بە گەلێک شێوە دەتوانین مەبەست و واتای ئەم دارشتەیە لێکبدەینەوە، سووژن دەتوانێت خەرارێک – سووتلییەک و گەلێک کالای تر وەک ئامێرێک، سووژن ئاژن بکات، بەلام ناتوانێت وەک گاسن، کە ئامێرێکی کشتوکاڵییە، لەسەر چەند یاسایەکی تایبەتی دابینی هێزو پاڵەپەستۆ دروست کراوە، مرۆڤ و گا یان ئێستر لە ئەنجامدا لە شێفبڕین و زەویکێلاندا بەشداری دەکەن و زەوی پێدەکێلرێت، بۆ ئەوەی سووژنیش بتوانێت زەوی پێ بکێلرێت لەگەڵ ئەوە با بیر لەم دارشتەیەی تریش بکەینەوە کە بە جۆرێکی تر گوتراوە، هەرچەندە جیاوازییان تێدایە و پەیڤەکانیان جۆری ترن، بەلام واتایان و بیرۆکەیان هەر ئەو جۆرە مەبەستە دەگرێتەوە کە دەڵێت:

«شیشێکی ئاسنی، سەد ساڵ بیپەستنی، نابێتە گاسنی..».

دیارە هەردووکیان واتای ئەوە دەگەیەنن کە توانا، شارەزایی و تیابەستەیی یەکێکی لێهاتوو، ئامێرێکی تایبەت و جۆرە شارەزاییەک بەرامبەر بە لێنەهاتوویی، لاوازی و بێدەسەلاتی دەوەستێتەوە، هەرگیز دووەم یەکەمی تیا نابێت و ناتوانێت هاوتایی بکات. سووژن و شیش، لەملاو لەولا ئاسن یان پۆلا. لە یەکەمدا هەزار سووژن پێکەوە و لە دووەمدا سەد ساڵ شیشێک

بخەینە ژێر پەستانەوە، ژمارەن بۆ دانە و ماوە و کات، بەڵام لە چۆنایەتی و تەواناییـــیـــان ناگـــۆڕن، خـــۆیان ناتوانن و ئێـــمــەش هەر ناتوانین گـــەورە و ئەستوورتریان بکەین و ببنە گاسن. ئەم دوو پەندە بەرجەستەی مەبەست و یەک چەشن و وا تاداری بە یەکیەوە بەستوونەتەوە، کە دیارە بەبێ ئاگالێبوون یان لەسەر ڕێککەوتن هەر یەک لە شوێن و کاتی خۆیدا، لە ئەنجامی کارتێکەری و هۆکاری ژیانیدا، وەک دەربڕەو دارشتەی نموونەیی دروستبوون و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گوێزراونەتەوە و. دەگوێزرێنەوە.

هەروەها گوتنی پەند بەپێی شوێن، کات و دەمەی جیاواز، بەلایەنی شێوە جۆربەجۆرەکان لە کوردستانی گەورەدا چ بەپێی دیالێکتی ناوچەیی زارەکان و چ بەپێی واتاو مـەبەست بەدەربڕینی جـیـا بۆ هەمـان کـاریگەریی گـوتراوەو ئامـانجی خـۆیان پێکاوە. ئەوەتە هەر بۆ هەمـان دارشـتـەو پەیڤی هەردوو پەندەکەی پێشەوە بەشێوازێکی تری واتاکە کورد گوتوویە:

«کۆڵەکە لە تەروو هەڵناکەوێت..».

ئەم پەندەی دوایی لە واتادا بۆ مەبەستی ویستراوی پێشوو گوتراوە.

بەڵام لە وتەو پەیڤی دارشتەکانی پێشوو زۆر دوورو جیاوازە چونکە ئەوان لە شـیش و ئاسن دەدوێن بەڵام ئەمـیـان لە ڕووەکـێکی پەلک سەوزو ناسک دەدوێت و کەچی بەهۆیەوە هەر ئەو واتا پەند ئامێزە دەگەیەنێت.

## هۆکاری کۆچکردن یان کۆچپێکردن و گوێزرانەوەی دەقی فۆلکلۆری

گـەلێک هۆ بۆ کـۆچ و گـوێزانەوەی دەقی فـۆلکلۆری هەیە. ئەم کـۆچ و ڕەوە لەوانەیە لەناو (دەڤەرێک خـۆیدا یان لە دەڤەرو وڵاتێکەوە و جێگەیەکی تری دەرەوە بێت) واتە ناوەکی بێت یان دەرەکی.

گـوێزانەوە یان کـۆچکردن کـارێکی بێ مـەبەسـتی لە خـۆوەیە، ئەنجـامی گێڕانەوە و گوتنەوەی زاریی کەسی شارەزا، بیرکەرەوە، خاوەن توانا، بیرتیژو بلیمەتەکانەوە بێت، کە بۆ کەسانێکی دەگێڕنەوە، ئەوانیش لە شوێنانی ترو هەڵوێستی ژیانیدا، وەک خۆی یان بەزیاد و کەمەوە دەیلێنەوە و دەقەکە بەو جۆرە کۆچ دەکات. لەم گوێزانەیەدا بۆی هەیە گۆڕران، کەمکردن و لێ زیادکردن

له دەقەکاندا، کەم یان زۆر رووبدات.

جاری وەهاش هەیە یەکەم گوتە بێژی بلیمەت خۆی لە جووڵەو رۆشتنیدا لە شوێنێکەوە بۆ جێگەیەکی تر، لە بۆنەو هەڵوێستەکاندا وەک شارەزایەک دەیانلێت و راڤەیان دەکات،... ئەم جۆرە سانا و ئاسایی رۆیشتووە، بەبێئەوەی کەس بەمەبەستەوە بۆ گوێزانەوە و کۆچپێکردن ئەنجامیان دابێت. لە کۆنی دێرینەوە. هەر بەو جۆرە هاتووە. لە دواییدا حەکایەتخوانەکان لە گێرانەوەکانیاندا بوون بەهۆیەک بۆ گوێزانەوەی بە مەبەست لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، چونکە ئەوانە لە سەردەمانێکدا حەکایەتخوانییان کردبوو بەشێوەیەک لە پیشەو کار. بۆ ئەو مەبەستە لە دیوەخانێکەوە بۆ دیوەخانێک و لە شوێنگۆڕێکەوە بۆ جێگەیەکی تر دەڕۆیشتن.

## هۆکارەکانی کۆچ یان گوێزانەوە

کۆچ و گوێزانەوەی دەقی فۆلکلۆری گشت بەش و لق و جۆرەکانی فۆلکلۆری دەگرێتەوە، کورت، مامناوەندی یان درێژبن.

دیارە کورتبڕو کەم مەوداکانیان زووترو ئاسانتر لە کەس و شوێنێکەوە بۆ هیتر دەگوێزرێنەوە و دەگوترێنەوە. هەر چەند جار هەیە حەکایەت بە دەقی خۆشخوان هەر بەو شێوەیە ئاسانن و وەردەگیرێت، کۆچ دەکات و دەگێردرێتەوە.

## هۆکارە سەرەکییەکانیش لەم بڕگانەدا کۆدەبنەوە:

١- گەرمیان و کوێستان:

جاران رەوەند و خێڵەکییەکان لە وشکە ساڵەکاندا سەرەتای بەهار و لە ساڵە سەختەکانی شەختە و سەهۆڵبەنداندا، بەپێی ئەزموونداریی خۆیان، لە گەرمیان و گەرمەسێرەوە کۆچ و رەویان دەسپێدەکرد و بەشێنەیی و شوێن لەدوای شوێن، بەرەو کوێستان دەڕۆیشتن. بەو پێیە لە ساڵە تووشەکاندا بۆ دوای (سێشەشە و سێچوار) خۆیان دوادەخست. (ژمێرگەر) لە لێزان و بلیمەتەکان بۆ ئەو کارو مەبەستانە رێنمایی دەکردن، ئەوەتە لەو بارودۆخانەدا

کورد گوتوویە:

تا نەڕوات سێشەش سێچوار لە بەهار تۆ جێمەهێڵە زستانە هەوار

لە کۆچ و ڕەودا، گەلێک جار تووشی کارەساتی ناخۆش، لێقەومان، گیروگرفت و دژواری هاتوون. جاری وەها بووە ئاژەڵ، ڕەشە وڵاخ و وڵاخە بەرزەیان مردار بوونەتەوە و بەجارێک سەروماڵیان تیاچووە. لەو ڕەوی کاروانەی ساڵانەیەدا هەمەجۆر شتی خۆش و ناخۆشیان هاتوەتە ڕێ. ژن وەکو پیاو، کچ وەکو کوڕ بەرگەی ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەیان گرتووە، ئازایانە بەرگرییان لە خۆیان کردووە، هەزارەها بەسەرهاتی جۆراوجۆریان بەسەرهاتووە. ئەم مەنەلۆگە کورتە نموونەیەکە لە هەزاران هەزار:

(١) دەگێڕنەوە کیژە لاوێ: لە ڕەوگەیەکی کاروانەی بەرەو کوێستان، خۆی تەنها دەبێت باری گاکەی لاسەنگ دەبێتەوە. لەوکاتەدا کوڕە لاوێک دەگاتە سەری و پێی دەڵێت:

**کەنیشکە کوردەی**
**ماڵ لە نوێ هەوار**
**ماچێکمان پێ بدە**
**گاکەت بۆ بکەم بار**

(٢) کچ لەو هەڵوێستە ناسکە ناخۆشەدا، ئازایانە وەڵامێک دەداتەوە و دەڵێت:

**نەخۆت بمێنی**
**نەخاوەنی بار**
**چەفتەی حەوت برا**
**من چۆن ئەکەم لار**

دیارە لەم کۆچ و ڕەوەدا بەسەر چەندین شارۆچکەو گوند و دەڤەردا تێپەڕیون گوێیان لە نموونەی دەقی فۆلکلۆریی ئەو ناوچانە بووە و هی خۆشیان بۆ ئەوانە گێڕاوەتەوە، بە ئاڵوگۆڕکراون و هەریەک بەشێوەو شێوەزار خۆی، دوای گواستنەوەیان، هۆنیویانەتەوە یان گووتوویانەتەوە.

**سەرنج:**

١- لە جـێگەی تردا گـوتراوە (نۆ هەوار) ئەمـیش هەر بە واتـای (هەواری نوێ) هاتووە نەک ژمارە (نۆ).

٢- کاروان:

جارانی پێشوو ماشێن و گالیسکە نەبوون، وەک ئەمڕۆ لۆری ئەنتەرناشی گەورە، شەمەندەفەری بارو فڕۆکە دروست نەکرابوون و نەزانرابوون. کەلوپەل، پێـداویسـتی و بەرهەمی کـشـتوکـاڵی دەهێنران و دەبران، یان بەکـرێگرتەیی خـاوەن وڵاخـەکـانی وەک (کـەر، ئێـسـتـر و بارگـیـر) کـە بە (کـاروانـچی و قەتارچی) ناسرابوون، باری قورسیان لە وڵاخەکانیان دەنا و بۆ شوێنی نزیک و دووریش بە چەند (فرسەخێک) دەڕۆیشتن، شارەو شار ڕێگەی دووریان تەی دەکـرد کـە جـار هەبووە بەڕۆیشتن و هاتنەوەیان مـانگی خایاندووە، گـوند بە گـوند، هەوار بەهەوار، خـانە و خـان مـاونەتەوە و زانیـاریی خـۆیان داوە بە دانیشتووانی ئەو دەڤەرانە و خۆشیان چییان زانیوە بە گێڕانەوەی زاریی پێیان ڕاگەیاندوون، ئەم ڕێگەو هۆکارەش بوونە دەروازەیەکی تری گوێزرانەوەی دەقی فۆلکلۆری.

٣- ئاڵوویر و بازرگانی:

کڕین و فرۆشتن و ئاڵشت، بەهۆی ئەو کە سانەوە کە لەبوواری ئابووری و دەرامـەتدا کـار دەکەن و هەمـیـشـە لە هێنان و بردنی شـمـەکـدان، کـارێکی راسـتـەوخـۆیە بۆ گـوێزانەوەی دەقی فـۆلکلۆری لەلایەن (کـۆڵگێڕ، چەرچی، جامباز، دەلاڵ، سەرکار، بازرگانەکان)ەوە کە شوێن بە شوێن بۆ پەیداکردنی سـامـان هەڵپـە دەکەن و بۆ هەمـوو شـوێنێک دەڕۆن و تێکەڵ بە هەمـوو جۆرە کـەسـێک دەبن. ئەوانیش بە گـوێزەرەوە و کـۆچپـێکەری دەقی فـۆلکلۆری دادەنرێن، چونکە لە هاتوچۆیاندا گەلێک زانیاری دەبیستن و فێر دەبن، کاتی ڕۆیشتنیان و سووڕانەوەیان کەسانی تریان لێوە فێر دەبن. دیارە بازرگانەکان بۆ شوێنی دوورتریش دەچن.

٤- پیاوانی ئایینی و سروودە ئایینییەکان:

پێش هەمـوو شـتـێک سـروود و گـاتە ئایینیـیـە کـوردییـەکـانی وەک

(زەردەشتیی، ئێزیدیی، کاکەیی، هەقە و علی ئەڵڵایی و هتد...) خۆیان دەقی فۆلکلۆری و کەلەپووریی بەهادارن، دۆزینەوە و تۆماریان بە تەواوەتی ئەرکی هەموانە بۆ ساخکردنەوە و توێژینەوە لەو پاشماوە دێرینە پیرۆزانەی نەتەوەییمان (زووت، کاهین، دێوانە، بابا، خودان، مووغ و شارەزایان)ی ئەو ئایینانەی جاران (بە دەگمەن ئەگەر مابن)، پاش ئەوان (بۆ لێدوان) ئەوانەی سەر بە (جوو، دیان) کە وەک ئایین هاتوون و پێش ئیسلامەتی هێنراونەتە ناو کوردو کوردستانەوە، بەپێی ئایین و کاریگەری دەسەڵاتیان، کوردان چوونەتە سەر ئەو ئایین و ئایینزایانەی کوردستانەوە، دواییش هێنانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز لە سەردەمانێکەوە بۆ کوردستان: (مەلا، فەقێ، سوختە، دەروێش، خەلیفە، دێوانە، هتد....) کە بۆ مەلایەتی، فەقێیەتی گوند بە گوند گەڕاون و قسەیان ڕەوا بووە، خۆشیان کە ئارەزوویان کردبێت، توانایی و بیر تیژیی خۆیانیان تیادا بەخت کردبێت، ئەوانیش بوونەتە کەسی گوێزەرەوە، بە کۆچپێکەر دانراون.

بە دەیان دەقی فۆلکلۆریی (کورت و درێژ) کە وەک دەقی ئایینیی و شێوازی ئایینیی دۆزراونەتەوە و بوونەتە وێردی سەر زمانی ئەوان لە بۆنە ئایینییەکاندا بۆ ئایینپەروەرانی دەڵێنەوە، ئەوانیش وەک خۆی، یان هەندێک جار بە ناتەواوی دەیڵێنەوە ئەم جۆرە لە دێر و مزگەوت و حوجرەوە سەری هەڵداوە.

٥- پەیوەندیی کۆمەڵایەتی:

خێڵگەریی، ژن و ژنخوازیی، هانا بۆ بردن، فریاکەوتن لە تیرە و هۆزێکەوە بۆ شوێنانی تری دوور یان نزیک، کۆبوونەوە خۆش و ناخۆشەکان، ئاڵوگۆڕی وتووێژ، هەرەوەز و بێگار و هۆکارە وابەستەکانی ژیانی خۆشی و ناخۆشی، شایی و پرسە و شین و بوارەکانی کۆمەڵایەتی هەموویان دەبنە هۆی گوێزانەوەی دەقە فۆلکلۆرییەکانی، بە تایبەتی کورتبڕەکانی وەک پەند، مەتەڵ، نەستەق، هۆنراوە و گۆرانیی.. لە بۆنەکاندا کە بۆ ماوەی کەم بۆ مەبەستێک و بە هۆی پەیوەندییەکان و ئامادەییان بە کۆمەڵ، وتووێژ و لە سەر دوان، دەبێتە هۆی بیستنی کورتە دەقە فۆلکلۆرییەکان و دواییش گوێزانەوەیان بۆ گوند و دەڤەری تر. بێگومان کاری گوێزانەوە لە ماوەیەکی کورتدا جێگیر نابێت، جاری وەها

هەیە لەوانەیە ماوەی دوور و درێژی ویستبێت.

جا ئەو گوێزراوانە گۆرانیشی تێدا روودەدات، بەڵام واتا و مەبەستە ئایدیاییەکەیان لە خانەی بیرۆکە ناپچڕێ و دوور یان نزیک هەر هەمان مەبەست دەپێکێت، بۆ نموونە:

**نە ماڵت سەر شیو بێت**

**نە بووکت کچەتیو بێت**

**نە زاوات هەتیو بێت**

**کەچی لە شوێنی تردا گوتراوە:**

**«کچەتیوە بە چراخ مەکە،**

**سەرچۆمی بە باخ مەکە....»**

دەبا سەیری ئەم چوار دارشتە فۆلکلۆرییە رختانە بکەین کە لە واتاو مەبەستدا زۆر لە یەک دەچن و بیرۆکەی فەلسەفەی کۆمەلایەتی ئابووری وەک ئاوێتەیەکی ئەنجامدەر بیری بەلۆژیکی کوردانە خەملاندووە دانایی وردی تیادا بێژراوە، نموونەیەکی تر کە دەڵێت:

**کوێرە کانی بە باخ مەکە**

**کچەتیوە بە چراخ مەکە**

بە هەمان بیر و بیرکردنەوە لە بێژێکی تردا گوتراوە:

**«نە خزمی دۆمی،**

**نە موڵکی چۆمی...»**

لە یەکەمدا ماڵت سەر (شیو) نەبێت، لە دووەمدا باخت سەر (چۆم) نەبێت، لە سێیەمدا موڵکت سەر (چۆم) نەبێت، چونکە پاش ماوەیەک کەندر دەبن و ژیانی تیادا نابرێتە سەر، وردە وردە دەکەوێتە سەرئاو.

لە هەر سێکیاندا سڵ لە بووک، زاوا و کەسی ناکەس دەکاتەوە کە بواری پەروەردەیی و کۆمەلایەتی دەگرنەوە، ئەم سێ پەیڤە فۆلکلۆرییە هی سێ شوێنی جیان و کاریگەریی یەک دیاردەن و هەمان بیرو هۆکار دەپێکن.

ئەم سێ دارشتنە زمانییە گەر لە رووی رێزمانیشەوە پارزین بکەین،

شێوازی (داخوازی و فەرمانی) بۆ نەکردن و هەڵنەبژاردنی ڕەوشێک دەسەپێنن کە نەکرێت و داوای نەکردنی دەخوازرێت. هەمووشیان دەچنە خانەی لە یەکچوونەوە.

٦- هەندێک جار لە یەکچوون لە ڕواڵەتدا دوورن لە یەکەوە بەڵام لە واتادا هەر هەمان بۆچوون دەگەیەنن، تۆ گومان لەوە دەکەیت کە ئەمە گوێزانەوەیە، بیرت بۆ ئەوە دەچێت کە ئەوە کارتێکراو بێت، مرۆڤ ئەنجامی کارتێکەری ڕووداوێکی هاوچەشنیی مرۆڤ لە دوو شوێنی جیاوازدا، بۆ نموونە:

**«ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە...»**

یان:

**«ئاگرە سوورە لە من دوور بێت»**

لەولاوە گوتراوە:

**«دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە با نەیبا» واتە (با، با نەیبات...)**

یان: بیرۆکەیەکی تر کە بۆنی رامیاریی لێدێت

**«فەلاح ئەرزی خۆیەتی، ئاغا باوکە ڕۆیەتی...»**

کەچی بۆ هەمان مەبەست هاتووە:

**«فەلاح ئەرزی کێڵاوە، ئاغا جەرگی بڕراوە...»**

یان:

**«فەلاح زەوی کێڵاوە، ئاغا باوی نەماوە»**

پوختەی لە یەکچوون و جیاوازیی لە نێوان هەردوو چیرۆکەکەدا:

دوای ئەو پێشەکییە پێویستەی وەک ڕوونکردنەوە یان پێناس لە سەر بابەتەکە پێشکەش کراوە، بڵاوکردنەوەی دوو چیرۆک و بەراوردێکی بابەتییانە لە نێوانیاندا، ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە دەتوانین بڵێین نموونەی زۆر و فرە لە هەموو بەشە جیاوازەکانی فۆلکلۆر و کەلەپووردا هەیە:

ئەم دەرئەنجامەش ئاکامی کاری لە خۆوە، خۆڕسک و بە بێ بیرلێکردنەوەی مەبەستدارە، بەڵام بە دوای ڕووداو، ئەزموون و هۆی کارتێکەرییەکان، بێگومان بە تایبەتی لە بابەتی جیاکراو و دیاریکراودا ڕەنگە بتوانرێت

توێژینەوەی تایبەتییان لە سەر بکرێت.

هەر بۆ نموونە ئەم چەند دێڕە شیعرییە لەسەر شێخی نەمر مەلیک مەحموود دەهێنینەوە:

**تەیارە ڕەشە**
**بانەو بانەکا**
**داوای مەلیکی**
**کوردستان ئەکا**

یان کە گوتراوە:

**تەیارە چەرموو**
**بانەڵبا نەکا**
**داوای مەلیکی**
**کوردستانەکا**

هەر لە هەمــان هەست و ســۆزەوە، ئەوەتە بە جــۆرێکی تریش، دەربڕینی ئەندێشـەیی تێکەڵ بە کاریگەریی ڕووداوی سەخت و تاڵی بەرجەستە بووە، کەسە هۆشیارەکانی هەژاندووە، نەناسراوێک بەم جۆرە بۆچوونی ناخی خۆی ئاشکرا کردووە:

**تەیارە رەشە**
**دوو بۆمبی پێیە**
**لەشکری مەلیک**
**لە چەپەڕێیە...**

کەواتە بۆ ڕووداوێک، بابەتێک لەوانەیە لە ناوچە جیاوازەکاندا، دووربن یان نزیک، چەندین بیرۆکەی جیا دەربڕابن، بەبێ ئەوەی ئاگاشیان لە یەک بووبێت ئەم چوارینانە ئەندێشەی میللی و وێڵبوونە بە دوای هیواخوازیی فەرمانڕەوایی مەلیک مەحمووددا کە بەندە بە کاروباری نەتەوەی کوردەوە لە سەرێکی ترەوە ترسی مرۆڤی ئەو سەردەمەیە کە ئینگلیز و دەوڵەتی بە زۆر دروستکراوی عێراق وەک واشە لە هێرشەکاندا ناوچەکانی دەسەڵاتی شێخی

نەمریان بۆردومان دەکرد. ئەمە لە بیستەکاندا، بێگومان لە زۆر لەوە پێشتریش جۆرەها پەند، ئیدیۆم، کورتە ڕاز، دێڕە شیعر، حەکایەت و هتد لەم جۆرانە دووبارە بوونەتەوە کە پێویستییان بە توێژینەوە هەیە:

**سەرنج**

١- بانەوبەناکا: واتە (بانەوبان ئەکا) هەروەها (کوردستان ئەکا)

٢- چەرموو: سپی

٣- بانەڵبان: بانەوبان، بانەڵبانەکا: بانەوبان دەکات.

ئێستەش بە دوای ئەوانەدا وەک بەراوورد لە هەردوو چیرۆکە میللییە فۆلکلۆرییەکان دەدوێین:

* کەسێتییەکان

١- لە هەردوو چیرۆکەکەدا «سوڵتان مەحموود» لێپرسراوو سەرگەورەیە و فەرمانەکانی بە دەستەو دەسەڵاتی نارەوای سەپاوە.

٢- هەیاسی خاس لە هەردوو حیکایەتەکەدا دەمڕاست، وەزیری دەستە ڕاست، ژیر و ئاقڵمەند، ڕاوێژکار و جێگە بڕوای سوڵتان مەحموودە. گەلێک جار هەڵەو سەرکێشیی سوڵتان ڕاست دەکاتەوە.

هەیاس جێگە بڕوای خەڵکە، کەسێکی ئاسایی و بێگرێ و لۆچکە، بەشێوەی سروشتیی و دانایی، (حەکیمانە) گرفتەکان چارە دەکات، مشەخۆر نییە ودادپەروەرە.

٣- وەزیرەکانی تر، وەک کەسی لاوەکی دەردەکەون، کەسێتیی سەرکەوتووی هەیاس (نەک لەم دوو چیرۆکەدا، بگرە لە گشت چیرۆکەکانی تریشدا، زاڵ و سەرکەوتووتر، ڕاستتر و هۆشیارتر، لە بڕیارەکانیدا دەردەکەوێت و دەسەڵێت ئەوان سەرنەوین و رووپایی بۆ سوڵتان دەکەن.

٤- لە حەکایەت، داستان و ئەفسانە کوردییەکاندا گەلێک جار کەسێتیی (بزێو، نەستەق، هەرزە، لاپرەسەنگ، بێبار، مێشۆ، زیت، فسفسپاڵەوان، زرنگ، گەمژە و...هتد) دێنە کایەی ڕووداوەکانەوە کە کەلێنی تایبەت و شیاوی خۆیان دەگرن و پڕ دەکەنەوە، لەم دوو چیرۆکەشدا دوو بزێو و زیتی

تەبیات چەقاوەسوو، لە یەکێکیاندا (گورنەتەڵە) و لەویتردا (کورە کەچەڵە) دەورێکی چەتوون و چەقاوەسووانە دەبینن، دوو کەسی جیاوازن، بەڵام لە ڕەوشت و کرداردا یەک کەسن، گۆشتخۆر، خۆشیخواز و بێبار، هەردوو دیاردەی وێکچوون و جیاوازییان تێدایە. دەیانەوێت لە هەردوو لا بخۆن، دیارە کە ئەوان وابن، هەردوو بەرەکەش بۆ مەبەستی خۆیان بەکاریان دەهێنن.

٥- شا پەری و سوڵتان مەحموود:

شاپەری لە هەردوو چیرۆکەکەدا وەک پەرییەکی جوانخاس و بێگەرد دەردەکەوێت بە هەر جۆر و شێوەیەک بیەوێت خۆی دەگۆڕێت. کەسێکی ئەفسانەییە. لە بڕیار و کرداریدا زاڵ، توند و تۆڵ و نەگۆڕە، خۆی دۆست و خەنیمی هەڵدەبژێرێت، ئاسایی و ئاسان نییە، بە مەرج و حوکمڕەوایە، لە دەسەڵاتی خۆیدا جێگیر و دادپەروەرە. لەگەڵ خوار دەستەکانی خۆیدا بە داد و بێ جیاوازییە، ڕاستی پەروەرە.

لێرەدا بە پێچەوانەی سوڵتان مەحموودەوەیە، ئەو هەر جارەی جۆرێکە، کەسێکی بێ مەجازە. سوڵتان لە هەردوو چیرۆکەکەدا یەک ناوی هەیە. بەڵام ئەو پەرییە لە (پرسینەوە) دا بە (شای پەرییان) ناسراوە بەڵام لە جامی جیهانبینیدا بە (مەلەک ڕەیحان) هاتووە.

ڕوویەکی جێگیری تری شاپەری ئەوەیە ئارەزووی تایبەتی خۆی هەیە کە (نەردێنە) و لە بەخت و بەختەوەری دەدوێت و دەسەلمێنێت، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە ئەوەیە کە بە ڕەنج و کۆششی خۆی دەیەوێت بیگاتێ و بە دەستی بهێنێت، ئەوەتە لەگەڵ هەموودا دەیەوێت بە نەردێن بیباتەوە نەک وەکو دەسندە خۆرێک چاوەڕوانی بەزەیی یان یارمەتیدان بێت، بە پێچەوانەی سوڵتان مەحموود کە وەک مشەخۆرێک هاتووەتە مەیدانەوە و هەوڵی ئەوەیەتی بەهۆی دەستوپێوەندەوە کاری بۆ بکرێت. دەیەویست و داخوازکارە تایبەتەکانی خۆشی بەکەسانی تر جێبەجێ بکات. لێرەدا دەسەڵاتی ژن لە فەرمانڕەوایی پیاو بەدادو سەرکەوتووترە.

٦- پەرییەکانی ناو ئەم چیرۆکانە:

لە چیرۆکی جامی جیهانبینیدا پەری هەر پەریی جوان و قەشەنگن و هەستی

ناخی ئادەمییان بۆ دەبزوێت و کە تیرکەری بارە سێکسییەکەی هی وەکو کوڕە کەچەڵەشن کارەکان بە ڕەوشتی پەرییانەی ئاسانە سووک و جوان جێبەجێ دەکەنەوە بە بێ ئەوەی کەسێک سڵیان لێ بکاتەوە و بە هاتنیان بەناخۆشی بسڵەمێنەوە، کەچی لە حەکایەتی (پرسینەوەی شای پەرییان) دا (بە شێوازی داستانی تەلیسم و ئەفسوونئامێز، بە شێوەی هەژدیهای گڕ بەزارو ترسناک دێنە پێشەوە، هەشیانە هەژدیهای شاخدار) و کاتێک دێنەوە بەردەمی (شای پەرییان) تەلیسم دەشکێت و دەبنەوە بە پەری متورفەی شووشەیی، سروشتی پەرییان تێدەگەڕێتەوە و کە دوو دیاردەی ئەندێشەیی دژ بە یەک دەردەخەن، لێرەدا هەڕەشە و گوڕەشەی دید و ئایدیا ئایینییەکانیان تیادا دەردەکەوێت کە دوای تۆقاندن هیوا خوازیی ژیانی ئەفەڕۆزی نەمری بێن لە بەهەشتی هەتا هەتاییدا خۆ لە باوەشی پەرییان ببینینەوە... بە تەمای ژیانێکی بێ خەوشی خنکاو لە ڕابواردندا بێن.

٧- ئەم تەلیسمە داستانییە وەک ئەفسوونی فوو پیاکراو لە کەسێتیی (گوڕنەتەڵە) لە یەکەمدا و (کوڕە کەچەڵ) لە چیرۆکی دووەمدا بە چەن جۆرێک دەردەکەوێت، بۆ نموونە سەرکەوتن بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان، بەشداریی خواردن لەگەڵ پەرییان، بەزڵلەیەکی شای پەرییان کەوتنە خوارەوە بۆ ژووری خەوتنی سوڵتان و وەزیرەکان، خەولێکەوتن لە نێوان خۆیان و خێزانە (ژنە) کانیاندا بە مەبەستی کردنەوەی گرێ کوێرەی تەلیسم و ئەفسوونێکی تری حەکایەتەکە.

هەردوو چیرۆکەکە مەبەستی سەلماندنی ڕەوشتی ڕاستی و بێخەوشی بە سەر مرۆڤدا بە پێویست دادەنێن و ڕسواکردنی کەسێتیی درۆزنە و ساختەکار، ئەگەر لە پلە و پایەی سەردار، شالیار و پاشایانیشدا بن.

٨- زمانی یەکەم چیرۆک لە زاری خەڵکەکەوە نزیکە و دەربڕی میللی زاڵە بە سەریدا.

بەڵام چیرۆکی دووەم زمانئاسایە، وەک ئەوەی بۆ خستنە کاری سەردەم گونجاوتر بێت.

٩- یەکەم چیرۆک سەرانسەر یەکەیەکی یەکگرتووی یەک چیرۆکییە لەگەڵ

بوونی هەموو ڕووداوەکانیدا، کەچی چیرۆکی دووەم لە کۆتایی ڕووداوە سەیر و سەمەرەکاندا، بۆ سەلماندنی ڕاستییەکان سێ کورتیلە چیرۆکی وەک پاشکۆ پێوە بەندە کە هۆشیاریی بلیمەتیی هەیاسی خاسی پێ دەردەکەوێت، بەڵام لە چیرۆکی یەکەمدا ئاساییتر و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەوە وەک بەڵگە نەویستێک ڕوون دەبێتەوە.

١٠- جووتە ناوی شای پەرییان لە (شاپەری) بۆ (مەلەک ڕێحان) زۆر لە یەکەوە دوورن، کەچی ڕەوشت و هەڵسوکەوت هەر هەمان کەسێتییە.

١١- ناونیشانی یەکەم (پرسینەوەی شای پەرییان) و دووەم (جامی جیهانبین) هەر دوورن لە یەکەوە، یەکەم زۆر گونجاوە بۆ ڕووداوەکان و دووەم ناو پتر دەربڕی یەکێک لە پاشکۆی چیرۆکەکانە.

١٢- شوێنی ڕووداوی سەر زەوی یەکەم (کانییە قۆڵکە و کەڵەکە بەرد) تەواو لەگەڵ سروشتی خۆمانەدا دەگونجێت، بەڵام دووەم (گۆڕستان)ە. شوینی گەیشتن، یەکەمیان حەوت تەبەقەی عاسمان و ئەشکەوت. کەچی دووەمیان (قولەی قاف)ە کە دوورە لە سروشتی کوردەوارییەوە.

١٣- یەکەم حەوت پەری دێن بەڵام لە شێوەی هەژدیهای گڕ بەدەم، دووەم ڕاستەوخۆ پەرین بەڵام تەنها سێ پەرین.

١٤- چیرۆکی یەکەم قاورمە لە ناو (دیزە) دایە کە پتر لەگەڵ کۆنی کوردەواریدا دەگونجێت دووەم لە سەر سینییەکە و بۆ بردن و گوێزانەوەکەشی کەمتر دەگونجێت، لەگەڵ نەریتی کوردەواریدا ناگونجێت.

**تێبینی**

بەشی دووەمی چیرۆکی (مەلەک رەیحان) کە هەیاس چیرۆک بۆ چرا دەگێڕێتەوە لە شوێنی تردا وەک چیرۆکێکی سەربەخۆ لە فۆلکلۆری کوردیدا بە جیا هاتووە و پەیوەندی بە چیرۆکەکەوە نییە کە لەوێدا بۆ سەلماندنی باوەڕی هەیاس بەرامبەر بە شای پەرییان هاتووە. ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتییە لەنێوان چیرۆکەکاندا و بیرو باوەڕی کاریگەریی گوێزانەوە بەرجەستە دەکات.

## چیرۆکی سێیەم

# سوڵتان مەحموود و خاڵەی پیرەی

# سوڵتان مەحموود و خاڵەی پیرەی

ڕۆژێک سولتان مەحموود لەگەڵ هەیاسی خاسدا بە ڕێگەیەکدا دەڕۆیشتن، سوارەی وەزیر و شالیار و ڕاوێژکاران بە دوایاندا کردبوویانە گاڵە.... گەیینە پیرێکی بە تەمەنی کۆماوە کە لە سەرە ڕێگادا ڕاوەستابوو........... سوڵتان مەحموود لە لای وەستا، سڵاولیکرد و کەوتە پرس و ڕا و دواندنی...... دوایی سەیرێکی هەیاسی کرد، هەیاس پرسی «خاڵە پیرە بە دووان چۆنی؟»

پیرە لە وەڵامدا گوتی: بە سێیان باشم.....

دوایی وەزیری سوڵتان پرسی: خاڵە پیرە لەگەڵ خزمانی چۆنی؟

خاڵە پیرە لە وەڵامدا گوتی: «تاقو واز...»

ئەمجارە هەیاسی خاس لێی پرسییەوە:

خاڵی خۆم، ئەی لەگەڵ دووران چۆنی؟

پیرە بە زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:

پاشام، لە نزیکان چاک و سازم...

وەزیری سوڵتان ڕووی کردەوە پیرە و پرسی: «خاڵە پیرە ئەگەر....»

پیرە یەکسەر وەڵامی دایەوە و پێکەنی و گوتی:

«مەگەر....!!!!»

وەزیری دەستە ڕاستی سوڵتان سوار بووەوە، خاڵە پیرەیان بەجێ هێشت...

سوڵتان ئەوکات کەمێک دوور کەوتنەوە هەڵوێستەی کرد، ڕووی کردە وەزیر و دەستوپێوەند و لێی پرسین:

بزانم ئەو گفتوگۆیەی هەیاس لەگەڵ پیرەی کردنی، ئێوە چی لێ تێگەیین و پیرە چی گوت؟

هەموو ڕوویان کردەوە یەک، دۆش دامان و نەیانزانی، وەڵامێکی ئەوتۆیان پێ نەبوو... گوتیان نازانین... لەو کاتەیدا هەموو ڕوویان کردەوە هەیاسی

خاس، هەیاس نوتقی لە خۆ بڕی، ڕوویکردە سوڵتان و زەردەی بۆ کرد.

سوڵتان بە تووڕەییەوە پێی گوتن، ئێوە ئاقڵمەندو شارەزای شار و مەملەکەتن، چۆن دەبێت نەیزانن، بە وەڵڵا نەیزانن لە ملی هەمووتان دەدەم... هەر دەبێت بیزانن... سوڵتان بۆ حەوانەوە لایدا... وەزیر و دەستوپێوەند تکایان لێ کرد پێنج شەش سەعاتێک ماوەیان بداتێ بۆ ئەوەی بەرژەوەندێکی لێ بکەین، بەشکو بە هەموو بیزانین... هەیاس تکای لە سوڵتان کرد ماوەیان بدات، سوڵتان تکای قەبووڵ کردن..... ئیتر هەموویان لە ناو خۆیاندا گوتیان تەگبیر ئەوەیە هەڕۆینە کن مامە پیرەیی و ڕاوێژی پێبکەین، چونکە هەر ئەو دەتوانێت ڕزگارمانبکات، بەمجۆرە گەڕانەوە بە دووی خاڵە پیرەدا، دیسانەوە پێیان گوت: خاڵەی بەڕێز ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ هەیاسی دەمڕاستی سوڵتان مەحموود کردت، چی دەگەیاند، بەشکو پێمانی بڵێیت، چونکە ئێمە نایزانین، سوڵتان بە تەگبیری هەیاس فەرمانی بە سەردا داوین، مامە پیرە پێکەنی، گوتی: گوایە هەر ئاوها بە هاسان پێو بڵێم؟!

بەخودا پارەیەکی چاکم نەدەنێ پێو ناڵێم..

ئەوانیش گوتیان: بەویژدانی خۆت چەندی دەڵێیت دەتدەینێ...

پیرەی دانا بە هەوەسی خۆی پارەیەکی باشی لێ ستاندن، ئەوانیش لە نێوان خۆیاندا بە سەر یەکدیدا دابەشیان کرد.

مام پیر ئەوسا پێی گوتن:

وەزیری دەمڕاستی سوڵتان کە پێی گوتم (بە دووانی چۆنی؟!) و ئەمنیش گوتم (بە سێیانی چاکم) مەبەستی لاقانم بوو، کە گوتم بە سێیانی چاکم واتە گۆچانێکم بە دەستەوەیە، دەبمە سێ لاقان و گەلێکی چێترم... ئەوەشی کە پرسی (لەگەڵ خزمان چۆنی؟!) مەبەستی پێ ددانەکانم بوو، ئەمنیش گوتم (تاق و واز) ماون، واتە دەرکەیان تێ بووە و نێوانیان وازی بوونە و بە یاڵ... ئەگەر گوتی (لەگەڵ دوورانی چۆنی؟!) مەبەستی حوکمی چاوانم بوو، ئەمنیش گوتم (لە نزیکانی چاکم).... ئەگەر گوتیشی «ئەگەر؟!» منیش ئەوە بوو گوتم «مەگەر» مەبەستی ئەمە بوو ئەم ئەنجومەنە ئەگەر لەم مەبەستانە تێنەگەیشتن و

نەیانزانی گۆڕیان چییە؟ ئەمنیش وەڵامی وەزیر و سولّتانم دایەوە، «مەگەر» واتە مەگەر نەیەنەوە لای خۆم، بە دەردی خۆیان گرفتاریان دەکەم و واتە چارەیان دەکەم..

بەمجۆرە لە مەبەستی وتوویژ گەیشتن، دوایی چوونەوە خزمەتی سولّتان و هەیاس، گوتیان پاشامان سلامەت، ئێمە لەگەڵ یەکدی ڕاوێژمان کرد و لە مەتەڵەکانی گەیشتین، ئێستە ئامادەی وەڵامدانەوەین.....

سولّتان بە دەنگی بەرز دایە قاقای پێکەنین، پێی گوتن، ئێ دوایی؟! ڕووی کردە هەیاس و گوتی: وەزیر سەیر کە، وان هەتا نەچوونە لای خاڵە پیرەی و تەرکی خۆی لێ نەداون، ئەوە هەر نەوزانیوە، من خۆم مەبەستم بوو دەرامەتێکی حەڵاڵ بۆ ئەو پیرەی پەیدا بکەم، ئەوە ئێوە بە زانیارییەکەی خۆی پێتان بەخشی... ڕەقیببیش لەوێوە هەڵیدایە گوتی:

**چوونە لای خاڵە پیرە**
**لێی قایمکردن گیرە**
**پەیدایان کرد بە لیرە**
**هاتنە لای مامە پیرە**

## چیرۆکی چوارەم

# تاقیکردنەوەی زیرەکیی هەیاس



## تاقیکردنەوەی زیرەکیی هەیاس

دەگێڕنەوە لە سەردەمی یەکەم ناسین و سەرەتای پەیوەندی و تاقیکردنەوەکانی سوڵتان مەحموود لەگەڵ هەیاسی خاسدا، کات لە نیوەی بەهاردا دەبێت، سوڵتان دەچێتە ڕاوی حەوت شەو و حەوت ڕۆژەی، هەیاسیش لەگەڵ خۆی دەبات... دەڕۆن هەتا دەگەنە ناوچەیەکی شاخاوی دڵڕفێن.... دوایی لە پڕێکدا سوڵتان مەحموود ڕوو دەکاتە هەیاس و لێی دەپرسێت:

«هەیاس، ئێستە لەم کاتەدا چی خۆشە؟!»

هەیاس کەمێک بیر دەکاتەوە و دەڵێت:

«قوربان هەڵووژە!!!»

ئیتر دەڵێت سوڵتان مەحموود قوڕو قەپی لێدەکات، بێدەنگ بە لای ئەو باسەدا ناچێتەوە...

ڕۆژ و هەفتە و مانگ دێت و دەڕوات..

ساڵ تێوەر دەگەڕێتەوە، هەر لەو کاتەی پاردا ئارەزووی ڕاوی حەوت شەو و حەوت ڕۆژەی دەکاتەوە... بە هەمان شێوە تەدارەکی ڕاو بۆ سوڵتان ڕێکدەخرێتەوە... هەیاسی خاسیش لەگەڵ خۆیدا دەباتەوە...

وەک دەگێڕنەوە یەک دوو ڕۆژێک دەڕۆن و دەستە و دایەرەی سوڵتان گشت سەرقاڵی ڕاوکردنن، تولە و تانجی بەردراوەتە ئەو ناوە خەریکی دیاردی و هەڵساندنی کەرویشکن...

بە دەم ڕێوە سوارەی سوڵتان خەریکی قڕە و قاڵ و هەرا و هوریا دەبن، لەو کاتەدا دەگەنە هەمان شوێنەکەی پارساڵ، لە پڕێکدا سوڵتان ڕوودەکاتە هەیاس و لێی دەپرسێت:

«هەیاس، بە چییەوە؟!....»

هەیاسی خاس خێرا پرسیارەکەی پاری سوڵتانی بیر دەکەوێتەوە و دەڵێت «قوربان بە خوێوە...!!»

سوڵتانیش سوپاسی بیر تیژی و زرنگیی هەیاس دەکات و دەڵێت:

«ئافەرین لەم تاقیکردنەوەیەشدا هەر سەرکەوتوو بوویت!!»

---

**مامۆستا عومەر عەلی ئەمین ئەم کورتیلە چیرۆکەی بۆ گێڕاوەتەوە**



## چیرۆکی پێنجەم

# قۆچی سوڵتان مەحموود
# و
# بزنەکەی هەیاسی خاس

# قـۆچی سوڵتـان مەحمووود و
# بزنەکـەی هەیاسی خاس

سـولّـتـان مـەحـمـوود، بەرانێکی ناوبردەی زەلامـی هەبوو، نێـویان لێنا بوو (قۆچی سولّتان مەحموودی)

ئەو بەرانەی هەر تیـسکەی زەنگولّەیەکی زێڕی وێ خسـتـبـوو، ئەو قـۆچی سـولّـتـان مـەحـمـوودەی بەرەڵا دەبوو، بە بازاڕیدا دەسـووڕایەوە، بەسـەر دووکـانانەوە دەگـەڕا، هەچ خـواردنێکی لە سـەر بووایە، دەسـتی دەکـرد بە خـواردنی، کـابرای خـاوەن دووکـان نەدەوێرا دەری بکات، تا بۆ خـۆی نەڕۆیشتبایە کەس بۆی نەبوو دووری بخاتەوە.

بێینە سەرەوکاری سولّتان مەحموود و هەیاسی خاس، تەماشایان کردبوو، کابرایەک دانیشتبوو، سێ کۆمەڵەی گڵ لەبەردەمی بوو، هەیاسی خاس پرسی: خاڵە پیرە، ئەو کۆمەڵە گڵە چن بەدیاریانەوە چیچکەت کردووە؟!

خاڵە پیرە گوتی: ئەو کۆمەڵە گڵانە ئاقڵن، دەیانفرۆشم..

سولّتان مەحموود گوتی: خاڵە پیرە، جا کۆمەڵە گڵ خۆی چییەو ئاقڵی لە کوێ بووە؟!

هەیاس گوتی بە سولّتان مەحموود ئەمن لێی دەکرم.. سولّتان گوتی کوڕە پارەی خۆت بۆچ خەسار دەکەیت؟ کۆمەڵە گڵ ئاقڵێنی لە کوێ بوو؟!..

هەیاس ئاخـری گـوتی: ئەمـن هەر لێی دەکـرم، خـاڵە پیـرە ئەوە نرخـیـان چییە؟..

بەم جـۆرە لە قـیـمـەتیـدا و، ڕێککەوتن، پارەکـەی دایە. هەیاس لە خـاڵەی هاتە پێشەوە گوتی:

ئەو کۆمەڵە گڵە چییە؟!..

خاڵەی پێی گوت: یەکیان ئەو هەیە «زاڵم ببێ بە پرد پێی لێ مەنێ..»

دووهەم ئەوەیە «نیازێکی بە نەوعێکیت هەبێ، لە کنە ژنی خۆتی مەڵێ..»
«سێیەمیشیان ئەوەیە: خزمی خۆت لە پێناو بێگانەی مەنێ..»

ڕۆژێک بێت لێت دەقەومێت، هەرکەسی خۆت فریات دەکەوێت.. ڕۆژێکی کارەساتێکت بەسەرهات دۆستی بێگانە فریات ناکەوی، لێت دوور دەکەوێتەوە. جا دەڵێت ڕۆژێکی لە ڕۆژان هەیاسی مەخسەدی بوو ئاقڵی ئەم کۆمەڵە گلانەی بە تاقی وەکات.. ڕۆژێکی قۆچی سوڵتان مەحموودی بەبەر دەرکی هەیاسیدا هات، لەو حەلەیدا ژنەکەی لە ماڵ نەبوو.. خێرایەکی بەرانەکەی گرت و هێنایە ژووری، لە ژووریدا، دووسێ ژوور لە هەورازی ماڵیدا، بەتەنها قۆچی سوڵتانی بەردا.. کونی ئەو هەموو زەنگوڵە زێڕەی بەلۆکە ئاخنی تا دەنگیان نەیەت... رایکرد بۆ بازاڕی، خواردن و خۆراک، سەوزە و وێنجەی بۆ هانی. لە ژوور بەتێری بۆی لە ژوورێدا دانا.. بەسێ چوار جێ ئاوی پاکژی بۆ دانا و دەرگای خڕ لەسەر داخست.. ئیتر گورج رایکردەوە بۆ بازاڕی، لاکە بەرانێکی گەورەی لە سووتلییەکی ناو هێنایەوە بۆ ماڵێ.. لە ماڵێ داینا.. ژنەکەی لەو حانەیدا هاتەوە بۆ ماڵ.. پرسی «هەیاس، ئەم لاکە گۆشتە چییە؟!..»

هەیاس پێیگوت: ئافرەت، ئەوە دەنگێ مەکە لای کەس، قۆچی سوڵتانی لێرەوە هات، گرتم و کوشتمەوە، بە خۆمان و بە دوست و برادەران دەیخۆین و دەنگێ مەکە... جا دەڵێ ڕۆژانە نەبووە، لە دۆست و برادەر و دەستەی سوڵتانی لەوە پێش نەیەنە سەر خوانی هەیاس و نەلەوەڕێن و خواردن و خۆراک نەخۆن. ئەو لاکە گۆشتەیان هەموو ئەنجنی و نایانە سەر ئاوری، کولاندیان و حازریان کرد بۆ خواردن.. دۆست و برادەرەکەشی بانگ کرد، بە دوو سێ ژەمان ئەو گۆشتە زۆرەیان لەگەڵ دۆست و برادەران خوارد..

لەو لاشەوە زانرا قۆچی سوڵتان مەحموودی ون بووە، نۆکەرو دەستوپێوەندی سوڵتان مەحموود بە بازاڕ و کۆلانادا دەگەڕان، سۆراخێکی ئەو قۆچەی بکەن نزیک بە ماڵێ هەیاسی بوون، هەیاسی بەهانەی بە ژنەکەی گرت، لنگە پێلاوێکی پێدادا و دوو سێ جنێوانی پێدا، ژنی ناچیزە دەرپەڕییە دەرێ و

هاواری کرد. ئەی نۆکەر و دەستو پێوەندی سوڵتان مەحموودی، بزانن، قۆچی سوڵتان مەحموودی هەیاسی کوشتوویەتەوە و لە منیش دەدات و جنێوانم پێدەدات.. نۆکەر و دەست و پێوەندی رایانکرد بۆ کن سوڵتان مەحموودی، گوتیان «بەرگی نەوەت موبارەک بێت، هەیاسی خاس ئەگەر خۆشەویستەکەی تۆبە و هیچ ئیشێک بەبێ تەگبیر و مەسڵەحەتی وی نەبێت نایکەیت، ئەوە ئەو قۆچی تۆی کوشتووەتەوە خواردوویەتی. سوڵتان مەحموود نۆکەر و دەست و پێوەندی ناردەوە گوتی هەڕۆن بە زوویی هەیاسم بۆ بێنن. مادام ئەو ناپاکییەی لەگەڵ ئەمن کردبێت، بۆم بێنن لە ملی دەدەم.. بەم جۆرە چوون بە دوویدا و هەیاسیان برد بۆ کن سوڵتان مەحموودی.. سوڵتان بە هەیاسی گوت: گوایە تۆ خۆشەویست و وەزیری دەستەڕاستی منی، کەچی ئەوەت لەگەڵ کردبم، قۆچیمت بەدزییەوە سەربڕیوە و خواردووتە.. سوڵتان گوتی: بیبەن بۆ بن سێدارە، هەر لە ملی دەدەم.. ئەو زەلامانەش ئەکە هەموو رۆژێ لەسەر خوانی وی دەلەوەڕن، خێرا خێرا بە سوڵتانیان دەگوت.. لە چی راوەستاوی هەیاس ناپاکی بەرامبەر کردووی، لەسەری بدەو لێی رزگار بە.. ئەوڕۆ ئەو ئیشە خەرابەی دەربارە کردوویت، سبەینێ خایانەتییەکی خەراپترت دەرهەق دەکات.. لێی رامەوەستەو لەسەری بدە.. ئەوجا کە خزم و قەوم و خوێشی هەیاسی پێیان زانی ئەگەر هەیاسیان بردووە لە ملی بدەن، ئەوانەی هەیاسی بە حومری خۆی چاکە و پیاوەتییەکی لەگەڵ ئەوان خزمان نەکردووە.. ئیدی هەموو هاتن بۆ کن بارەگای سوڵتان مەحموودی، دەستیان کرد بە هەراو بەزم.. هەموان یەک بە یەک دەچوونە بن سێدارە، دەیانگوت ئێمە لەجیاتی هەیاسی لە مل دەی و سەری خۆمان ناوێت.. بەم جۆرە هەیاس تێگەیی کە هەرگیز «خوێن بە ئاو نابێت و دوژمنیش بە دۆست نابێت» مایەوە سەر زاڵم کە گوتوویە: زاڵم ببێت بە پرد پێی لێ مەنێ.. لاقت هەڵەنگوێ وەک ماری پێتەوە دەدات.. بۆ هەیاسی دەرکەوت کە لەگەڵ ئەو هەموو چاکەیەی لەگەڵ سوڵتان مەحموودی کردبوویە، بۆ قۆچییەک وەفای نەبوو ئەمنی هێنایە بن پەتی سێدارەی، دۆستی نانیشم تاقی کردنەوە، ئەگەر هەموو رۆژێ لەسەر

سفرەی ئەمن دەلەوەڕان چەندی سپلەو بێ بەقا بوون: چۆنی لێکدا لێکدا دەیانگوت خێرا لە ملی بدە.. ئەو ڕۆژە ئەوەی پێکردی، سبەینێ خەراپترت لێ دەکات.. ئەوەش خزم و خوێش و کەسوکارم کە هیچ چاکییەکم بۆ نەبوون، ئاوا بەهاوارمەوە هاتوون و لەسەرم بە جوابن.. بەم جۆرە هەیاسی دوڕناس بەیەک تاقی کردنەوە هەرسێ نەزیلەکەی بەتاقیکردنەوە بە ئەنجام گەیاند. هەیاس بە سوڵتان دەڵێت: سوڵتان مەحموودی، ئەوە ئەقڵی ئەو سێ کۆمەڵە گلانەی لە خاڵە پیرەم کڕین، ئەوە بەیەک چشت هەرسێکم تاقی کردنەوە: «ئەوی ژن و تۆی زاڵم و دۆستی نانی..» ئەتووشم تاقی کردییەوە ئەگەر زاڵم و لێنەبووردوو بێ وەفایت. ئەگەر لەسەر یەک بەرانی ئەمنت هێناوەتە گیروگاز و دەتەوێت لە ملم بدەیت ئەمن بەرانی ئەتۆم سەر نەبڕیوە، قۆچیت ئەوەتا لەژوورێدا دامبەستووە. خواردن، خۆراک و ئاوی زۆرم بۆ داناوە، ها ئەوە کلیل و با نۆکەری تۆ بچن ئەو دەرگایە هەڵبگرن و قۆچییەکەی بێننەوە.

دەستو پێوەند ئەگەر ژووریان هەڵگرت، دییان هەمەجۆر خواردن و ئاو و خۆراک لەبەردەم قۆچی سوڵتانی داندرا بوو، لە جاران بەدەماختر بوو.. پێشی خۆبانیان دا و هێنایانەوە بۆ بارەگای سوڵتان مەحموودی.. ئەگەر هێنایانەوە هەیاس گوتی: سوڵتان مەحموود، ئیتر حسابی ئەمن و تۆ دەرچوو، جارێکی دیکە چاوت بە من ناکەوێتەوە.. جا سوڵتان هەستا و رایکرد، هەردک ئەملاو ئەولای ماچ کرد، گوتی هەیاس ئەمن کردم ئەتۆ نەیکەی.. هەیاس خۆی لەدەستان ڕاپسکاندو ڕۆیشت.. ئاشێک لەبەر شارییەوە هەبوو، هەیاس چوو لەوێ بوو بە ئاشەوان.. دەڵێت پاش ماوەیەک سوڵتان مەحموود شەڕوشۆڕو هەراو بەزمی کەوتە سەری بە خراپی تووش بوو.. لەدوای هەیاس هەر ئیشوکارو فەرمانێکی دەیکرد و دەیدا، هەر لە زەرەدو شکستدا بوو... وای لێ هات گوتی ئیتر دەست لە پاشایەتی هەڵدەگرم، عیلاجم نەماوە.. ڕۆیشت، چووە کن مەمەندی کە وەزیرێکی کۆنی ئەزموونداری ئاقڵمەند بوو.. سوڵتان بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە کە چۆن لەگەڵ هەیاس بەسەری هاتووە و لێی تۆراوە، لەوەتا هەیاس لەکن من نەماوە، هەرچی دەیکەم هەر لە زەرەد و

شکستیدام، تەگبیرێکێم بۆ بکە، هەیاسی چۆن ببینمەوە؟!

مەمەندی پێی گوت: شاری خەزنێ، چەند مالّی تێدان، هەر مالّەی گیسکێکی بۆ بکڕە و بینێرەوە، بە قەپان بۆی بکێشە، چەند هۆقەیەکی بوو، بە مالّەکان بلّێ، بە دە پازدە رۆژی تر گیسکەکان و لێ وەردەگرمەوە، ئەوە دەفتەریم گرتووە قەپانم کردوون، هەچ رۆژێکی ئەم گیسکەم لێ وەرگرتنەوە، نابێت نەزیاد بکات و نەکەم بکات... پاش ماوەیەکی ئەگەر گیسکەکەت وەرگرتنەوە، هەر گیسکێکی ئەو مالّەی ئەگەر کەمی نەکردووە، ئەوە هەیاس لەوێ دەژی و دەیدۆزیبیەوە.. سولّتان مەحموود گیسکێکی بۆ هەموو مالّەکی نارد، ئەمجا گوتی هیچ مالّێک ماوە گیسکی بۆ نەچووبن.. دەستو پێوەند گوتیان لەو شارەیدا کەسێ نەماوە گیسکی بۆ نەچووبێت.. دوایی گوتیان: قوربان ئاشێک لەبەری شارییەوە هەیە، تەنها بۆ ئەو کابرای ئاشەوانەمان نەبردووە.. سولّتان گوتی خێرا بۆ ویشی ببەن... ئەوجا کە وەعدەی تێپەڕی، وەمالّان، کەوتن، گیسکەکانیان بە کێشانە وەرگرتەوە، گیسکی هیچ مالّان بە قورسی خۆی نەهاتبوونەوە یان کەمی کردبوو، یان زیادی کردبوو. مالّی وەها هەبوو خواردنی زیادی دابوونێ، گیسکەکەی زیادی کردبوو، هی وەهاش هەبوو، خواردنی کەم دابوونێ، گیسکەکەی کەمی کردبوو.. ئەمجا پێی گوتن کەس ماوە گیسکی نەهێنابێتەوە؟!.. گوتیان «بەلّێ، گیسکی ئاشەوانی..» ئەکا هاتنێ بەقەپانی کێشایان، دەرکەوت عەینی وەک خۆی هاتووەتەوە، نە زیادی کردبوو نە کەم... وەزیر و نایەبان گوتیان ئەوە هەیاسە، با بچین بەدوویدا و بنێرە و بیهێنین دلّی بدەوە...

جا سولّتان مەحموود چەند وەزیر و نایبی ناردن بۆ ئاش و بۆکن هەیاس.. پێی بلّێن دەغیل سەد دەغیل، ئەمن کردم ئەو نەیکات لەگەلّ خۆ بەسواری و زۆر بە حورمەتەوە بیهێننەوە... وەزیر و نایب گەیشتنە کن هەیاس... لەگەلّ هەیاسی کەوتنە کفتوگۆو پۆزشدانەوە.. پێیانگوت سولّتان مەحموود ئێمەی بەتکاکار ناردووین و دەلّێت ئەمن کردم ئەو نەیکات، دەلّێت دەبێت بێتەوە... هەیاس گوتی هەڕۆن بەسولّتانی بلّێن دەبێت هەر لەوێدا هەتا ئێرەی دەرکی

ئاشی مـافـوور وە سـەر ئەرزان رابخـات، خـۆی بە پێـخـواسی و گـەزێک جـاو بهاوێتە ملی خۆی، ئەوجا دەگمەن ئاشت دەبمەوە و لەگەڵی دێمەوە.. ئەمەیان بۆ سوڵتان مەحموود گێڕایەوە... ئەویش گوتی: حەلاجم ناکرێ، بەبێ تەگبیرو مەسڵەحەتی هەیاس هیچم بۆ ناکرێ چی گوتووە دەبێت وابکەم. ئیتر وەک ئەوەی هەیاس داوای کردبوو، سوڵتان جێبەجێی کرد.. رۆیی بۆ ئاشی، بۆ کن هەیاس، لەگـەڵ هەیاس دەسـتـومـۆس بوون و ئاشت بوونەوە.. هاتنەوە بۆ بارەگـای سـوڵتـان مـەحـمـوود.. ئەوجـا بەرێگەوە لە هەیاسـیـان پرسی ئەو داناییەت چۆن بوو کە ئەو گیسکە ئەو ماوەیە نە زیادی کردو نە کەم، چۆنن چۆنت بەخێو کردبوو،

ئەویش پێکەنی، پێی کـوتن: بەرۆژ ئەو گـیـسـکەم تێـر لەوەڕ دەکـرد، بە شەویش دوو بەچکە گورگانی بچووکم دەهاویشتنە سەری لەو ژوورەی، سواری ئەو گـیسکەی دەبوون. تێکیـان وەردەدا، ئەوی بە رۆژ دەیخوارد بەشـەوێ لێی دەردەهاتەوە و گـۆشتی پێ نەدەگرت. بەم جۆرە بە خۆشی و شادی هاتنەوە بۆ بارەگـای.. لەگـەڵ وەزیر و نایب و کـاربەدەسـتـان بە سـەرۆکـایەتی و دانایی هەیاسی کەوتنەوە کۆبوونەوە و تەگبیر و راوێژکاری.. جا هەر ئیشوکارێکی هەیاس مـەسـڵـەحـەتی لێ دەکـرد و رێوشـوێنی بـۆ دەکـێـشـان، هەمـووی بە سـەرکەوتوویی و قـانزاج مەیسەر و تەواو دەبوون.. ئەوجا وەکو قـابینەیەکی دارو لەلای کاری بە یاسایەکی تازەی دامەزراندەوە... سوڵتان مەحموودیش رۆژ بەرۆژ، مـانگ بە مـانگ کـاری سـازتر دەبوونەوە، ئەوجا دەستووری جاران خۆی گرتەوە...[١]

---

(١) ڕاوێژکاریش دەڵێت «لە (رشتەی مرواری)دا ئەم دوو چیرۆکە نووسراون، بەڵام بە شێوەیەکی تر تۆمارکراون و نە ئەم دوو چیرۆکە بە دەقە فۆلکلۆریەکەیان نووسراونەتەوە. (ڕاوێژکار)



## چیرۆکی شەشەم

# هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود و
# کوتە گۆشتەی

## هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود و
## کوتە گۆشتەی

هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموودی ڕۆژێک بۆ هەواڵپرسی دەگەڕان.. سێ چوار تووتەڵە سەگیان بینی یاری و گەمانیان دەکرد یەکترییان ڕاودەنا لەناو ئەو خۆڵەیدا یەکترییان دەگەوزاند و بەزمێکی خۆشیان خستبووە ئەو ناوەی... سوڵتان بەم دیمەنە گەلێک دڵی خۆش بوو.. بە هەیاسی گوت: تۆ سەیری ئەم خۆشییەی ئەو بێزمانانەی تیایدا دەژین. نە خەمیان هەیە و نە ژەنگوژار...

هەیاس گوتی: بەوەی سەیریان مەکە، تەماح نەکەوتووەتە بەینیان.. دەنا نێوانیان وەها نییە..

سوڵتان گوتی: هەیاس، ئەمن نازانم تۆ چۆن بیردەکەیتەوە؟ ئەم تووتکانە لەو بەزمەی زیاترچی دەزانن ؟!

هەیاس وەڵامی داوە، گوتی: «قوربان ڕاوەستە و ببینە...» هەیاس ناردی کوتە گۆشتێکیان هێنا پەتێکی تێ خست، تووڕی دایە بەردەمی سەگەکان، سەگ بۆنی گۆشتی کردو بینی، هەموو تێی ورووکان، لەدەمی یەکتریانی ڕادەفڕاند، بوو بە مڕە و حەپە و پەلاماردان لەسەر کوتە گۆشت یەکترییان کەلە پارچە کردو سەرو چاوی یەکتریان بەچنگ و بە قەپاڵ هێنایە خوارەوە، ئازاکەیان لەوانی تری فڕاند. هەیاس پەتی بۆ شل کرد کەمێک کوتە گۆشتی دوور خستەوە لەو کاتەی دوو لە تووتەڵە سەگەکان هێشتا دەستبەرداری یەکتری نەبووبوون، لە پەلامارو حەپەو مڕە نەکەوتبوون.. دوایی بەهەردووکیان چوونە گیانی سەگە ئازاکەو پەلاماریان دایەوە سەگەکە کەمێکی لە کوتە گۆشت پچڕیبوو هەیاس پەتی ڕاکێشاوە کوتە گۆشتی لەبەردەم لابردن، بەڵام هێشتا تووتکە سەگ لە شەڕ و پەلامار نەکەوتبوون...

هەیاس ڕووی کردە سوڵتان مەحموود گوتی:

«قوربان، خۆ دیتت تەماح چی پێکردن؟!»

سولتان بەناچاری ملی بۆ هەیاس لەقاندو ئەوهەی وەبییر هاتەوە کە لە ئاقلدا لە حەویجەی هەیاسی نایەت.. هەیاس دوایی گوتیە سولتانی:

«ئەمن ئیستە پیکیان دینمەوە». دوایی هەریەک کوتە گۆشتیکی گەورەی بۆ توورِدان.

هەریەکەیان کوتە گۆشتی خۆی بردە پەنایەک و لە هی خۆی ورووکا. ئاگایان لە یەکدی نەما..

لەو ناوەی قارِەو مرِەی نەما. هەیاس ئەمجا رِووی کردەوە سولتان:

قوربان خۆ بەگالتە باپیران نەیان گوتووە «تەبەقی پرِ ئاشتییێ مالە..» و «تەماحیش سەری نەخۆی سەرت دەخوات»

## چیرۆکی حەوتەم

# هەیاسی دوڕناس . .

## هەیاسی دوڕناس . .

جارێکیان سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس بە بازاڕیدا دەگەڕان، پاش ماوەیەک سووڕانەوە گەیینە بەر دووکانی جوویەک، کابرای جوو لەسەر دەزگایەک کاری دەکرد . .

گەوهەرێکی شەوچراخ داندرا بوو، شەوقی حەوت چرای گڕداری هەبوو . . سوڵتان گوتییە هەیاس «بە خودا ئەو گەوهەرە هەر بۆ بارەگای دەوڵەتی خۆمان چاکە. جوو گەوهەری دا بەدەست سوڵتان مەحموودی: قوربان ئەم گەوهەرە گەوهەرە بۆ بەختی تەختی خۆمان چاکە، چاو ئەندازە چاوئەندازی دەبێت. . هەیاس چووە پێشەوە، کابرای جوو گوتی: ئەم گەوهەرە ناوێزەیە، بەتایبەتی بۆم هاتووە، هەر بۆ بەختی سوڵتانی گەورەمان شاییستەیە، نرخیشی بەهایە . .»

پاش ئەوەی سوڵتان بەپەرۆشەوە سەیری کرد، رووی کردە هەیاسی خاس کە وەزیری دەستە راست و یەکە راوێژکاری خۆی بوو، گوتی: (ئەمن حەزم لێکرد، هەیاس، ئەمە شەوچراخێکی نایابە بزانە تۆش بەدڵتە؟! هەر لەوێدا رووی کردە وەزیری دارایی: جوو داوای چەندی لێدەکات بییدەنێ . . )

هەیاس لەم کاتەدا گەوهەرەکەی لەدەستی سوڵتان وەرگرتبوو، بەدەست کێشانەی دەکرد، بەچاو سەیری چریسکانەوەکەی دەکرد، سەروژێری دەکرد، دایە بەر رووناکی و بردییە ناوەوە بۆ بەر تاریکی، یەکسەر رووی کردە سوڵتان «قوربان ئەم گەوهەرە کرمۆڵە، مەیکڕە؟! ئەوە کرم لێیداوە!!»

کابرای جوو لەوەدوا کە گوێی لە هەیاسی خاس بوو مامەڵەکەی لێ تێکدان بەوە زیانێکی زۆری پێدەگات، شێتگیر بوو، بە تووڕەیییەوە رووی کردە هەیاسی خاس، گوتی: «قوربان جەنباتان لەکوێ لە گەوهەرو دوڕ دەزانن، ئەمە کاری منە من بەچاکم نەزانییبا چۆن دەمگوتە سوڵتانی گەورەمان تاوەکو بۆ ئەو بێت ئەم گەوهەرە شەو چراخە نایاب و ناوێزەیە چریکانەوەشی بەدەمارە. . . .»

هەیاس هیچ خۆی تێکنەدا بە سوڵتان مەحموودی گوتی: «قوربان بڕیار بفەرموون جوو ئەم گەوهەرە بشکێنێت و لەتی بکات کرمۆڵ دەرنەچوو چەندی

دەوێت ئەمن لە دارایی تایبەتی خۆم دەیدەمێ و لەتە گەوهەرەکانیش بۆخۆی. ئەگەر کرمۆڵیش بوو ئەوا با گەوهەرەکە لەکیس خۆی بچێت. کابرای جوو کە ئەمەی لە هەیاس بیست ترسی سوڵتان و زیانی خۆیشی لێ نیشت، خێرا رووی کردەوە سوڵتان و گوتی «گەورەم مادەم بەدڵی جەنابی هەیاس نییە با واز بهێنین گەوهەرێکی نایابترتان پێشکەش دەکەم و خۆم دەیهێنمە بارەگا» سوڵتان دڵی لە جوو خراپ کرد ویستی زیرەکیی هەیاسیش تاقی بکاتەوە بە بەردێک دوو نیشان بشکێنێت، لەپڕ گوتی: «ئەوا من فەرمانم دا قسە قسەی هەیاس بێت چەکوشی بینە گەوهەرەکە لەبەرچاوم بشکێنە: جوو بەترسەوە خێرا دەستی دایە چەکوش و گوتی «قوربان خەسارە، بۆچی بیشکێنم؟!» سوڵتان بە گەرمییەکەوە گوتی «جوو، بیشکێنە» جوو لە ترساندا بەدەستی لەرزۆک چەکوشی لە گەوهەر دەدا هەتا دوو پارچە بوو، کرمۆکەیەکی لێهاتە دەرەوە. جوو دڵی راپسکا هێندەی نەمابوو ببوورێتەوە و لە هۆش خۆی بچێت. سوڵتان لە جوو تووڕە بوو. هەیاس زەردەخەنە گرتی، دەستی بە سمێڵی داهێنا بسکە گرتی، رووی کردە سوڵتان گوتی قوربان سزای مەدە زیانی گەوهەرەکە زۆرە، ئەوەی بەسە بیکە بەخاتری من و بیبەخشە. سوڵتان تێڕاما چاوی لەنێوان دوو ئیبلیسی وەکو هەیاس و کابرای جوودا دەهاتو دەچوو لە دڵی خۆیدا گوتی دەڵێن مار گەوهەر دەناسێت لەوە دەچێت هەیاسی وەڵەدی مار بێت، بەڵام من بەبێ هەیاس کارم مەیسەر نابێت ئەگینا ئێستا ملی هەردووکیانم دەکرد بە پەتا. لەگەڵ ئەوەی بۆ من زۆر سوودمەندە، بەڵام بە قەستی سەری تینووم.

هەیاس دووبارەی کردەوە «قوربان بیکە بەخاتری من داوا دەکەم بیبەخشیت!!» سوڵتان لەدڵی خۆیدا گوتی هەیاس «لە ناڵیش دەدەیت و لە بزماریش» ئەمجا بەدەنگی زوڵاڵ رووی کردەوە جوو «ئەوا کردمیت بە خاتری هەیاسی وەزیری دەستەڕاست و راوێژکارم، ئەگینا.. باف وابوو سەرت لەملت بکەمەوە» هەیاس خێرا ئەوەی قۆستەوە: ئێمە هەموو سەرمان لە رێی سوڵتانی دایە. ئەم رووداوە لە شاردا بوو بە قاو و بڵاو بووەوە. و لەو رۆژەوە هەیاسی خاس بە «هەیاسی دوڕناس» ناسراوە. لەناو هەمووواندا بەزیرەکی ناوی دەرکردبوو، دەیانگوت هەیاس ئەڵێی دانی مارە.

منیش هاتمەوە لەتێ لە گەوهەرە کرمۆڵەکەشیان نەدامێ.

## چیرۆکی هەشتەم

# سوڵتان مەحموود و ناوچەوان

## سوڵتان مەحموود و ناوچەوان

جارێکیان سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس لەسەر نێوچەوان و رزق و رۆزیی لێیان دەبێتە دەمقاڵ، سوڵتان دەڵێت رسقی ئەم خەڵکە لە دەستی ئێمەدایە، هەیاسی خاس پێیدەڵێت. قوربان بە ناوچەوانە رێکەوتە، ئەوەی بۆینەیەت هەر بۆی نایەت.

پاش چەند رۆژێ: سوڵتان بە هەیاسی دەڵێت ئەمشەو دەچینە قەراغ شار، بزانین چی حاسڵ دەکەین. دنیا تاریک دادێت، سەرو زەرک دەخەنە بەر پشتێن لە بەرگی دوو دەروێشدا روو دەکەنەترووسکاییەک کە لە دوورەوە دیارە. دەرۆن تا دەگەنە ئاشە کۆنێک، دەچنە ئاشەکە، سەلام لە ئاشەوان دەکەن، دەڵێن ئێمە رێبوارین و دەمانەوێ ماوەیەک بحەوێینەوە و دوایی دەرۆین. ئاشەوان خێرهاتنیان دەکاتی ئەمان دادەنیشن و، پاش تۆزیک دەبینن ئاشەوان لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێت، پاش تۆزێ: دەبینن ئاشەوان چەند توورەکەیەک ئاردی داناوە، لە بریتی ئەوەی گەنم و جۆ بهاڕێت، توورەکە لە دوای توورەکە ئاردەکان دەهاڕێتەوە سوڵتان مەحموود لەم کارە سەری سوڕ دەمێنێت. هۆی ئەم کارە لە ئاشەوان دەپرسێت. ئەویش لە بریتی ئەوەی وەڵامی بداتەوە، بەدەم گۆرانییەوە دەڵێت:

**بەرداشت بیراز نەکەی**
**منقرێ پەیدا ناکەی**
**منقرێ پەیدا ناکەی**
**هەر بهارەو بهارە**
**باراشهاڕ لووتی خوارە**
**چەنێ نانت گەنمیینە**
**خوڵقی ئاشت جۆیینە**

**مزە ئاش زبرو تاڵە**
**تۆش بۆ خۆت هەر بناڵە**
**دیزە و گۆزەت بەتاڵە**
**رسق و ڕۆزیت مەحاڵە**

هەیاس بەزەردەخەنەوە سەیری سولّتان مەحموود دەکات، سولّتان لە مەبەستی هەیاس تێدەگات، هۆی ئەم کارە لە ئاشەوان دەپرسێت: ئەم سۆزەت لەچییە؟! دەرویش پێیدەڵێت: من رسقم سوارە، ناوچەوانی خۆمە، بە ناوچەوان هیچی وەهام دەست ناکەوێت. بەرداشەکان پێویستییان بە بیراز کردن هەیە، یەکێکیشیان تەلزمێکی لێبووەتەوە ناچار دووجار باراشی دەهاڕمەوە. دەسەڵاتی چاکردنیم نییە. ئەوسا دەیدەمەوە بە خاوەنەکەی. لەبەر کەمیی باراشهاڕ، مزە ئاشیشم کەمە. پاش کەمێک حەوانەوە سولّتان مەحموود و هەیاس بەرەو بارەگای سولّتان گەڕانەوە. سولّتان مەحموود لە بێدەنگیی هەیاس گەیشت. بڕیاری دا باری دەرامەتی کابرای ئاشەوان بگۆڕێت. دوای بیرکردنەوە بۆ رۆژی دوایی کۆجەڵەیەک ئاردی هێناو لەگەڵ لیرە و خشڵی تێکەڵی کرد، کردییە توربەیەکەوە، دوایی هەندێک ئاردی تری کرد بەسەردا، ئەمجا گوتی: «ئاشەوان خەنی دەکەم و نووسینی نێوچەوانی دەسڕمەوە..» دەمڕاستێکی بەمتمانەی خۆی بە دزییەوە بانگ کرد و رایسپارد بە بێدەنگی بیبات بۆ ئاشەکەو لە ریزی باراشدا دایبنێت. کابرا راسپاردەی سولّتانی وەک خۆی بەجێهێنا. ئاشەوان ئیزنی دا گوتی: «کاکە بڕۆ سبەی ئێوارە وەرە بیبەرەوە..» ئەمیش بەبێدەنگی هاتەوە بۆ لای سولّتان، پێیگوت «قوربان چوار پێنج گوێنی و توورەکە ئارد و چەند دانەیەکیش گەنم لەولاوە دانرابوون ئاشەوان هیچ قسەی لەگەڵ نەکردم، هەر ورتە ورتی دەهات. لەسەر فەرمایشتی خۆت، لەریزی توورەکە ئاردەکاندا دامناو ئەویش ئاگاداری کردم سبەینێ ئێوارە بچمەوە کابرایەکی تریش توورەکەیەک جۆی هێنا، ئەویشی خستە ریزێکی ترەوە، من بەبێ قسە گەڕامەوە. سولّتان گوتی: «باشە سبەی

عەسرانێک بچۆ ئاردەکە بهێنەرەوە»

کابرای جێمتمانەی سولّتان بۆ سبەی چوو ئاردەکەی بهێنێتەوە، سەیری کرد، توربەکەیان گۆڕدراوە، بە ئاشەوانی گوت کە ئەوە توورەکەی ئەو نییە. ئاشەوان گوتی: «کاکە توورەکە هەر توورەکەیە، ئەمە لەوەی خۆشت گەورەترە ئاردیشی زۆر تێدایە، دە بڕۆ بیبەرەوە خوا حافیزت بێت» ئەویش پاشە و پاش گەڕایەوە بۆ لای سولّتان و رووداوی تێگەیاند. پاش چەند شەوێک سولّتان مەحموود وەک نەریتێک کە هەیاس بۆی دانابوو، شەو چوونەوە دەرەوە.. سولّتان بەرەو ئاشە کۆن رێگەی گرتە بەر و هەیاسیش بەدوایەوە. سولّتان هەر لە دوورەوە گوێی بۆ ورە وری ئاشەوان راگرت، بەسەر دیزە و گۆزەی بەتاڵ و رزق و رۆزیی مەحالّیدا دەچووەوە، دیتی هەر لە پێست و پەڕو باڵە وێرانەکەی خۆیدایە و هیچی لێ نەگۆڕدراوە... ماندوو نەبوونییان لە ئاشەوان کردو بە دیاریەوە هەڵتروشکان. ئاشەوان رووی تێکردن، گوتی «دەروێشەکان، لە ملّو مووشی چی دەگەڕێن.. بەخودا وابزانم ئێوەش لەمن رەجاڵترن؟! ئەمڕۆ مزە ئاشی زیادەشم نییە هەندێکتان بەش بدەم». سولّتان گوتی: باشە برای ئاشەوان من چەند رۆژێک لەمەوبەر بەبراکەمدا توربەیەک ئاردی زبرم بۆ ناردیت بۆمان بهاڕیتەوە، کەچی توربەکەمانت گۆڕیبوو، ئاخر ئیش چۆن وا دەبێ؟!. دەروێش گوتی: «توربە توورەکە هەر یەکن. ئاردیشم زۆرتر بۆ ناردوونەوە..» هەیاس هەڵیدایە گوتی: هەر هەقنە بوو بیگۆڕیت» ئاشەوان گوتی چی بێت لە ئێوە نهێنی بێت، پیرەمێردێکی رووتەم لێ پەیدا بوو، لەو توورەکەیەی بۆ ئێوەم ناردەوە جۆی پێبوو، ئیستەرەمی کرد کە هەر بەزوویی جۆیەکەی بۆ بهاڕم» دەستی بەگریان کردو هاواری کرد کە منداڵەکانی برسین و بەشی گونکە هەویرێک ئارد لە ماڵیدا نییە ئاردی زبریش بێت، ئەوە هەر پێی قاییلە.. راستییەکەی زۆرزۆرم بەزەیی پیایدا هاتەوە. ئاردەکەی ئێوەم دایەو بۆ سبەینێ توورەکەکەی ئێوەم پڕ لەو ئاردە جوانە کرد کە بۆم ناردنەوە بەخودا هەزار دۆعای بۆ ئێوە کردووە.. باوکم ئەوە سێ چوار توورەکەی تری تیایە، کامەیتان دەوێ لە برێتی بیبەنەوە... سولّتان زمانی خۆی گەست، زۆر

پەرێشـان بوو بەشپـرزەیی گـوتی: ئاشـەوان تۆ چۆن شـتی وەها دەکـەیت؟! جـا بەشکو ئەو توربەیە خـەزێنەیەک بووبێت؟! ئاشـەوان گـوتی: جـا بە مـن چی؟ سوڵتان گوتی: جا بەشکو خێرێک و یارمەتییەک بووبێت بۆ تۆ نێردرابێت؟!

ئاشەوان گوتی: عەمرم بە حەفتا گەیی کەس لە خۆڕایی منقرێکی نە بەخێر نەبە چاکە بۆ نەناردووم ئێستەش بە تەمای کەس نیم.. سوڵتان گوتی «جا بەشکم سوڵتان مەحموود بۆی ناردبیت» ئاشەوان گوتی: سوڵتان مەحموود ئەوەی لێناوەشێتەوە، ئەگەر ئەویش بمداتێ، کە خودا قەراری لەسەری نەبێ، ئەوا هەر نامدرێتێ. سوڵتان مەحموود بەو قسە قەڵس بوو، رووی گرژ کردو ئاشەوان دوایی رووی کردەوە سوڵتان مەحموود و گوتی: قوربان وادیارە تۆ زۆر بەڵەد نیت، ئەی تۆ ئەتبیستووە باپیران گوتوویانە «گەر نەدات مەعبوود چی بکات مەحموود..؟!» سوڵتان مەحموود، هەر کە ئەمەی بیست، رەنگێکی هێناو برد، دڵی داخورپا، بە رووشکاوی و بێدەنگ لای ئاشەوانی بەجێهێشت و لە دڵی خۆیدا گوتی: «رۆژێکم نەدی قسەی هەیاس بەڕاست دەرنەچێت.. دیارە لە دەستی مندا نییە خودا بیکاتە کاسە سەری بلیمەتییەکەی خۆی ئەگێن سەد جارم بە فەتارەت دابوو..»



## چیرۆکی نۆیەم

# زەنگوزاری سوڵتان

- هەیاس لەبیرت نەماوە لەبن بەردی سەخری سەنگ؟!..
- سوڵتان ئەی تۆ بیرت ماوە لە حەمامێ بە زڕو زەنگ؟!..
- سوڵتان گوتی: ئەوەی قاوە نەبا من دەنگ نەسا تۆ دەنگ...

## ژەنگـوژاری سوڵـتـان

هەیاس لەبیرت نەماوە.
لەبن بەردی سەخری سەنگ؟!..
سوڵتان ئەی تۆ بیرت ماوە،
لە حەمامێ بە زڕو زەنگ؟گ!..
سوڵتان گوتی ئەوەی قاوە
نەبامن دەنگ نەساتۆ دەنگ..

هەیاسی خاس وەها زۆر بە ناوبانگ و ناسراو بووە کە بلیمەت و زیرەک بووە، لەهەموو ئەنجومەن و کۆڕو دانشتنێکیدا، کاتی راوێژ و تەگبیر سەلماوە کە کەسێکی ئاقڵمەند بووە، کاتێک بە ئامادە بوونی سوڵتان مەحموود تەگبیرو را کراوە قسەو گۆتنی هەیاس هەمیشە لە قسانی سوڵتان مەحموود راستر دەرچووە و موعتەبەرتر بووە. بۆ هەمووان سەلماوە کابرایەکی ئاقڵمەندە.. سوڵتان لە دڵی خۆدا ئەمەی گەلەک پێ گران دەبێت، ژەنگوژاری دەکەوێتە بیریەوە، کەڵکەڵە دەکەوێتە مێشکی بڕیاردەدات کە دەبێت پەنگێکی پێبدات و چاو بەرەو ژێری بکات.. ئەگینا بەو رەنگەی بڕوات لە کۆڕو کۆمەڵدا سوڵتان ئیعتیباری نامێنێت، سووک دەبێت و لەوانەیە ناوی نەمێنێت. بۆ رۆژێک تەگبیری چوونە ڕاوێکی رەخسان لەگەڵ هەیاسدا، بۆ شوێنێکی دوور دوور رۆیشتن بۆ راوی حەوت شەو و حەوت رۆژەی..

هەر رۆیین هەر رۆیین تا گەیینە شوێنێک کە سوڵتان بۆ خۆی لەوە پێش دیاری کردبوو.. لەوێ فەرمانی دا باروبارگە بخەن و دەستوپێوەند بۆ حەوانەوە بمێننەوە، ئەمجا رووی کردە هەیاس و گوتی «هەیاس خەبەرم وەرگرتووە ئەو تیلە شاخە دەڵێن بەرانە کێوی چاکی پێوەیە، بام بە جووتە سوارە، شەقاوێ هەڵنێین و سووکە راوێکی لێبکەین یەکجاری کە دێینەوە، دەحەوێینەوە..

هەیاس ئەم کارەی بەدڵ نەبوو، گوتی «سوڵتان» ئێمە ماندوو تینوو برسی ئەم پەلەیەمان لەچییە؟!..

سوڵتان گوتی: خەمت نەبێ لە بارگەمدا هەندێک توێشووی تایبەتی هەیە... ئیتر بە جووتە سوارە تێیان تەقاند بەو نیوەڕۆژە بە ئێجگاری شەکەت بوون. گەرمایان بوو، تینووترو برسیتر بوون.. ماوەیەک ڕۆیشتن تا گەیینە تیلە شاخ و شاخە بەردە تاوێرەکان.. دابەزین ئەسپیان بە درەختێکی بەرزەوە بەستەوە. بنەیان دامەزراند، بەتەمایێ هاتنی بەرانە کێوی و مەڕەکێوی.. هەیاس گوتییە سوڵتان بەڕاستی برسیمە.. سوڵتان نەیهێشت هەیاسی قسانی تەواو بکات هەگبەیەکی بچووکی کردەوە، چوار بابۆڵەی گەورەی دەرهێنا هەربەشەی بەجیا لە دەستەسرێکی ئاوریشمینەوە پێچرابوون، سوورەکەیانی دایە دەست هەیاس و زەردەکەشیانی بۆ خۆی.. دەستیانکرد بە خواردن.. هەیاس نیوەی پارووەکەی زیاتر خواردبوو ئەوسا هاواری کردە سوڵتان «ئەرێ ئەم تلوخوێیە چییە؟؟.. لە سوێریدا ناخورێ. ئەوە داو و دەرمانێکی عەجایەبیشی تێکراوە؟! گەلێک خۆشیشە بەشکو کەمێ ئاویش دەربهێنی، بە خودای ئەوجا تەواو تینوومە..» سوڵتانی مەکرباز گوتی: هەیاس ئەوە گۆشتی بزنە کێویی نیرەیە سابرێنە سابرێن خۆت دەزانی گۆشتەکەی خاوە، سوێر خوێ نەبێت و بەداو و دەرمانی تایبەتیش خۆش نەکرێت ئەم لەزەتەی نابێت و بۆ سوورەوەکردنی وەک قاورمە هەڵناگیرێت.. با خواردنەکە تەواو بکەین مشووری ئاویشت بۆ دەخۆم» دوایی پارووی دووەمیشی بەزۆر دایە و گوتی: قوربان، خۆت دەزانیت ڕێگەی دوورمان لەبەرە، تێروپڕ نەبین دوایی پەکمان دەکەوێت و بەرگەی ئەم دوورە دەستە ناگرین.. ئەمجا سوڵتان بە زۆر و بە خواهیشت پارووەکەی تری تلوخێی دەرخواردی هەیاس دا.. کاتێ سەرو دوو پارووەیان تەواو کرد کەمێک سووڕانەوە، هەیاس بە شپرزەیی داوای ئاوی لە سوڵتانی کرد.. سوڵتان سواری ئەسپەکەی بوو بوو بە هەیاسی گوت: ئەمنیش وەکو تۆم خواردووە، ئەوە تۆ کەی هێندە کەم چیکلدانە بوویت، وەرە سوار بە دەچینە هۆ ئەو بەرەو ژوورەی، کن هۆ ئەو تاوێرە گەورەی، لەوێ ڕوانگەیەکی

باشی لێیە، دەحەوێینەوە، ئاویش دەخۆینەوە و دەڕوانینە ڕەوگەیش..، ئەمن دەزانم لەوێیە نێچیری خۆمان دەپێکین.. ئەمجا هەیاس بە ناچاری سوار بووەوە، بەڵام لە تینوواندا هێندەی نەمابوو بخنکێت.. هاواری لێ هەستابوو، گەییە سوڵتان، پێشی خۆی دا و هەندەک دڵی دایەوە. ڕۆیشت تاگەیشتنە ئەو تاوێرانەی ڕوو لە خوّر بوون، دابەزین لەبنەدا دانیشتن، هەیاس هاواری کرد «سوڵتان فریام نەکەویت خنکاوم، قومێک ئاوم بدەیێ..» هەیاس دەستی بەزگییەوە گرتبوو، قوڕگی نووسابوو، دەستی کرد بە کۆخەیەکی پیس، دەنگی دڵی دەهاتێ، چاوانی ئاویان پێدا دەهاتنە خوارەوە لە سوڵتان دەپاڕایەوە فریا ییکەوێت.. دەیگوت «سکم پێچی پێدا دێت و وەختە بتەقم..»

سوڵتان پێی پێدەکەنێ.. «خۆم دەمزانی بەرگەی تلوخوێیەکی ناگریت.. هێشتا ماوتە» ئەم هاتو کاتێک سوڵتان لەم بیرانەدا بوو، هەیاس بە کۆخەکۆخ پەلاماری قاچی سوڵتانی دا فریای بکەوێت و ئاوی بداتێ، کاتێک سوڵتان بە پێکەنینەوە پێیگوت: ئەتۆ هەر ئەمەیت و هێندە بەرگەی دەگریت، لە ناو خەڵکیشدا بەدەوهەراشی و دنیات خواردووە، هەر هێندەت ماوە تەختو بەختم لە دەست بستێنیت.. جارێ ماوتە، بابزانین ئازایەتیت تا کوێ بڕ دەکات.. هەیاس زۆر زیاتر شپرزە بوو بوو، زکی دەیەشاو بەزەبر دەکۆخی.. کەوتە سەر زەوی بە چوار چنگۆڵە زەوی ڕەقەنی هەڵدەکۆڵی. هەیاس لە دڵی خۆیدا گوتی: «ئەمن دەزانم، ئەمە پیلانی داخ لەدڵی سوڵتانە بۆ لەناوبردنم.. واچاکە ئەگەر بتوانم نەمرم و دوایی بەدەستی خۆم هەقی خۆم بستێنم..»

سوڵتان ئەمجارە بە قسەی شیرینی لێی هاتە پێشەوە، گوتی «هەیاس بە خودای من تۆم خۆشدەون، چوار ڕۆژە لە ماڵی براوم، بۆم قەلانکە ئاویشت دەدەمێ و خەلاتیشتدەکەم.. هەیاس تەواو شپرزە بوو بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی «نەمرم هەقی خۆ بستێنم.. پاش هاتو هاوارێکی زۆر چاری نەما بە سوڵتانی گوت: من ئەوەتە لە سەر چوارچنگۆڵەم، دەسەڵاتی جووڵەم نییە، خێراکە ڕزگارم کە... سوڵتانی شێتگیرو هەڵەشە لە پشتەوە ئامبازدی کۆڵی هەیاس بوو. چەندی کرد لە عۆدەی نەهات، وەک فسفس پاڵەوان شل و ساردە لاو

کەوتە لاوە و هیچی پێنەکرا.. بەڵام بەهەیاسی گوت: ئەمەت بەسبێ، ئیتر بۆ من سەر نەوی بوویت..»

هەیاس دڵ بەئازارەوە زکی دەیەشا، لێوو زمانی خۆی دەکرۆشت، لە دڵی خۆیدا گەشاوە و گوتی چا نەبوو نەیتوانی ئەم پەنگەم پێبدا.. لەو کاتەیدا سوڵتانی بەڕووڕەشی مەتارەیەک ئاوی هێنا و کردی بەدەمی هەیاسدا، هەیاس بەشپرزەیی قومی گەورەی لە ئاو دەدا و دوایی سوڵتان ئاوی کرد بە دەموچاوی هەیاسدا.. هەیاس وەک لە هۆشخۆ چووبێت وەها بوو بڕستی لێ بڕابوو. جووڵەی لێوە نەدەهات. ئاخرییەکەی سوڵتان سەری هەیاسی کردە سەر رانی خۆی. دیسان ئاوی بە دەویدا دەکردەوە، دەستی بەسەروملیدا دەهێنا.. هەیاسی بەو حاڵەی ماوەیەکی چاک بە بێحاڵی لەسەر ئەو بەردەی سەری لەسەر رانی سوڵتان مایەوە تا وە هۆش خۆ هاتەوە.. ماوەیەکیش پاڵی وەبەردەکانەوە دا. لە داخاندا خەنجەرت لێدابا خوێنی لێ نەدەهات بێدەنگ پاڵی لێ دابووەوە. بیری لەم پیلانە گلاوەی سوڵتانی دەکردەوە.. کاتێ هاتەوە هۆشی خۆی، لە دڵیدا گوتی: «سوڵتان ئەوهەت بە سەرەوە ناچێ»

دوایی سوڵتان لەگەڵیدا دەستی کردە مێچکە میچکە و گوتی: «ئەمن سوحبەتی ئاوهات لەگەڵ دەکەم؟!»

هەیاس بێدەنگیی لێکردبوو هیچ قسانی نەدەکرد، بەڵام هێور هێور بە خۆیدا دەهاتەوە کە هەر ماوەیەک پێش ئێستەی بە قرخە قرخ هاواری کردە سوڵتان و گوتیێ «من هەیاسە خاسەکەی خۆتم، ئەوە کاری کردە نییە.. لە خۆتم مەکە..» ئەوە بوو لە وەڵامیدا سوڵتانی بێ سفەت پێیگوت «بەوهەش هەر هەیاسەکەی خۆمی، پتر و خۆشی دەوێیت» دەستی بەسەریدا دەهێنا و دەیگوتێ: «چارت نییە، هەر دەبێ ئەم هەرامەیەم بدەیێ، دەستت بەو بەردەی سەخری سەنگەوەبی تێراوت بکەم..»

هەیاس بە شەرمەزاری بە خۆی گوتەوە «چا نەبوو تێی ڕۆ ینەنام؟! داخۆ دەبوو ئێجگاری سەری لووتی خۆم ڕەش بکردبایەو جارێکی دی ئەم وەڵاتەییم نەدیبا.. چا نەبوو نەیتوانی سەر نەویم بکات»

سولتان لەم حانەیدا دەستی کردە ملی هەیاس و گوتی: «من دەمزانی بۆ هیچ شتێ دڵی منت پێناشکێ ئەمە بەدرۆیان تاقیکردنەوەیەکی سەخت بوو بۆ ئەمنیش و بۆ ئەتۆش. ئەوەتە ئەمن لە ئەمینی تۆ دڵنیا بووم کە هەر تۆ خەمی ئەمنت لەبەرە..» هەیاس لە دڵی خۆدا دەیگوت «کەواتە بەمە دەتەوێت چاو بەرەو ژێرم بکەیت، رۆژان رۆژی لەدوایە..» پاش ئەمەی هەیاس هاتەوە سەر خۆی، سولتان بەپشیپشی هاتەوە بەلایەوە، هەیاس نەیهێشت سولتان دەم بکاتەوە، گوتی: سولتان دڵسۆزیم بۆ تۆ تا ئەوپەڕی بەختکردنی تێدایە، لای من بۆ تۆ هیچ شتێ گران نییە..» سولتان زۆر سوپاسی هەیاسی کردو گوتی، من ئەوەم دەزانی، بەڵام گوتم با بەم کارەش تاقی بکەمەوە..» پاش ماوەیەک منە کردن، بەرەو هەوار گەڕانەوە، دوو رۆژە راویان لەو ناوەدا بەسەر بردو گەڕانەوە بۆ شوێن و تەختی خۆیان.. دوو مانگێک تێپەڕی هەیاس لە پیلانێ دەگەڕا هەقی خۆی لە سولتانی بکاتەوە چەند بیرو لێکدانەوەی دادەناو لێی پەشیوان دەبوو، دەیگۆڕی تا ئەوکاتەی زانی کە دوای سێ رۆژی دی حەمامی شار بۆ سولتان قۆرخ دەکرێت.. هەیاسی بە مشوور، کەوڵی بەرانە کێوییەکی گەلێک گەورەی پەیدا کرد، زەنگوڵە وردەی زۆری هێنا، لە هەر چوار دەوری قایم کرد، کردییە بەری خۆی و بە جوانی تاقی کردەوە پێچایە سووتلییەک و داینا.. رۆژێک پێش رۆژی خۆشوشتنی سولتان هات، دیدەنی کابرای حەمامچی کرد، خۆی پێناسان و گوتی: «سووەی سولتان بە تەنێ حەمامی بۆ قۆرخ کراوە خۆت دەزانی هەرچی نەهێنی دەوڵەت و سولتانی هەیە لە کن منە، بیستوومە تەگبیرێکی خەراپ لە دژی سولتان هەیە، ئەم نەهێنییە لە خۆت زیاتر کەسێک تر پێ بزانێت و دەم بکەیتەوە ملت بەداردا دەکەم، پاشا خۆشی بەم کارە نازانێ، گەر بزانێ وەعزی لێ تێکدەچێت و حەمامی ناکات، بەڵام ئێمە خۆمان چاودێری دەکەین و من خۆم سولتان دەپارێزم. خۆشت دەیزانیت سولتان ماوەیەک لە حەمام دەحەوێتەوە تا ئارەقەی دەکات، ئەوجا بانگی پشتشۆر و ناتران دەکات، با بە ئیسراحەتی خۆی دروستبێت، بێزاری مەکەن، من خۆم یەک سەحاتان پێش هاتنی وی لە ژوورەوە ساز دەبم کون و کەلەبەری

دەگەڕێم تاوەکو دڵم لە ئیسراحەتیدا بێت، سوڵتانیش سەلامەت دەبێت، با بە خۆشی و ئاسوودەیی خۆی حەماملەمیش بکات، کە رۆیشتە دەرەوە، ئەوجا منیش خۆم دوای کەمێک دێمە دەرەوە.. ئەوەت لە بیر نەچێت، نە دەستوپێوەندی سوڵتان و نە خزمەتچی و بەردەستی خۆت نابێت بە من بزانن.. ئەمەی گوت و کیسەیەک پارەی لەبەردەمی کابرای حەمامچیدا دانا و گوتی: «دوایی سەری خۆت تیا دەچێت..؟!..» کابرای حەمامچی گوتی: قوربان، گەورەم، کێ هەیە لەم شارەدا هەیاسی خاسی وەزیری دەستەڕاست نەناسێت و دڵسۆزیتان بۆ سوڵتان بەسەر زمانی هەموو کەسێکەوەیە، دادپەروەریی ئەم وەلاتە بەزیرەکی و بلیمەتی ئێوەوەیە.. من پێویستیم بە پارە نییە، ئەوەم بەسە جەنابی ئێوە متمانەتان بە یەکێکی وەک من کردبێت و هەر ئەوە بۆ من چشتێکی گەورەیە، سەرم پێی بەرز دەبێتەوە، چ کارێکم پێ بسپێریت سەرم لەرێتە.. هەیاس بەڕوویەکی خۆشەوە پێیگوت: دەزانم راست دەکەیت، بەڵام پارەکەش هەڵبگرە، ئەوە خەڵاتی دڵسۆزیتە، لەژێر سێبەری سوڵتان و ئێمەدا پاداشتی چاکتریشت دەدرێتەوە... سەر لەبەیانی ئەو رۆژەی حەمام بۆ سوڵتان قۆرخ کراوە، هەیاس بە جۆرێک خۆی گۆڕی کە کەس نەیناسێتەوە، تەنها حەمامچی نەبێت کە پەرلەی تایبەتییان لە نێواندایە هەر زوو پێشوەخت چووە ئەو ژوورەی لەسەر جەهەننەمی لای ژووری خۆشتنەوەیە، کاتێ سوڵتان چووە ژووری تایبەتی کە بۆی ئامادە کرابوو، ماوەیەک لەسەر پشت راکشا. دوایی خۆی هەڵگێڕایەوە سەر دەم و لەو کاتەیدا کاتێکی زانی ئاژەڵێکی کوڵکن بە مرە مرو زرِوزۆنگ و مرخە مرخ سواری کۆڵی بوو؟، هێندە بە حوجحەت خۆی بە پشتیدا کێشا برستی لێ بری و هەردوو باسکی لە قورگی گیر کرد.. سوڵتان لەم کارەساتە لەپڕە زراوی چوو، بەڵام ئاژەڵ هەر دەیکوتایەوە و قسەشی نەدەکرد.. قۆڵی شلکرد. سوڵتان کەوتە هاوار «بۆ خاتری خودا، تۆ دێوی درنجی ئادەمیت وازم لێ بێنە بۆچی دەمکوژیت؟! من سوڵتانم، پارەو سامان و موڵک و گەوهەری دنیات دەدەمێ وازم لێ بێنە.. هەیاس ماوەیەکی باش بەسەر پشتی سوڵتانەوە مایەوە بە تەواوی بە پیاکێشان و سوونەوە

شپرزەی کرد. باڵەکانی شل کردن، سوڵتانی فسی دایەوە. هەیاس بەدەنگێکی ناسازو گڕی ناخۆش گوتی: «من عاشقی گەوهەر و زێڕ نیم.. دراو و پارەم ناوێت، ئەجندان داوای کوشتنی سوڵتانیان لێ کردووم یان لەگەڵی جووت ببم..» سوڵتان کەللەیی بوو، دەستی بە هەڕەشان کرد. هەیاس دەستی لە بینی گیرکرد «کەواتە دەبێت بتخنکێنم» سوڵتان بەهیچ جۆر نەیتوانی لەژێر هەیاسدا ببزوێت، کەوتە قرخەقرخ... هەیاس بە دەنگە گڕە ناخۆشەکە مرقاندی «هەر ئەم جارەت پێدەڵێم نەیەڵێت لاقەت بکەم دەبێت بتکوژم، ئەجندان وەهایان بەسەر داداوم.. دەبێت سابوونی دەستی سوڵتان بەکاربێنم سوڵتان ملی شۆڕکرد، هەیاس تێی تەقانێ و کەفوکوڵی دڵێ خۆی پێ تەخت کرد.. سوڵتان نیوە بووراوە لێی کەووت، هەیاس بە کەوڵی بەرگن و زڕوزۆنگەوە ژووری بەجێهێشت، لەژووری پێشوو خۆی گۆڕی و بە دەرگای سەرتوون و جەهەننەمی حەمامدا دەرپەڕی و بە نەهێنی بۆی دەرچوو.. سوڵتان ئەوە دنیای بە چاوی خۆی دیت.. پاشان ناترو سەرشۆڕ هاتن خۆشتنێکی ناخۆش تەواو بوو، وەک نیمچە بووراوە، پۆشتەیان کردەوە، دوایی بەوحاڵەی گەڕایەوە کۆشک و سەرا.. لەدڵی خۆیدا گوتی: هەندێک شوێن و جێگە ساحێبی خۆی هەن، ئەوەتا بۆ خۆم دیتم، شوێنیش هەیە ئەڵێن دەچێتە بەرگی پشیلە، کوندە پەپووشتی ترەوە. بەڵام واچاکە هەر بێدەنگیی لێ بکەم ئەگینا ئابڕووم دەچێت.

خۆ گوتووشیانە حەمام جندۆکەی هەن.. دوو هەفتەیەک پتر بەسەر ئەم کارە ڕەهاتەی پەنگی هەیاسی کە بەسەر سوڵتانی هێنا تەواو تێپەڕی، پاشان ئەنجومەن و کۆڕی وەزیرو راوێژکاران و ئاقڵمەندان گیرا، سوڵتان دانیشت و هەیاسی خاس لەلای راستی سوڵتانەوە دانیشت وەک وەزیری دەستە ڕاست وتوویژ و لێکۆڵینەوەی دەستپێکرد، سوڵتان خێسەیەکی بەلای هەیاسدا کرد..، لەبیری خۆیدا گوتی «هەی سەرشۆڕ، ئیتر بڕواناکەم بوێریت دەو بکەیتەوە؟! داخم سەد داخ بۆ ئەو ڕۆژەی..» قسان دەستی پێکرد، هەیاس ماوەیەک بێدەنگ بوو، وەک دڵی سوڵتانی خۆش بکات، لەپڕ لە گەرمەی پفهەڵدانی

وتووێژدا، سولّتان دەمی تەتەڵەی کرد قسەیەکی هەڵە و نابەجێی کرد، لەم کاتدا وەک هەیاس خۆی بۆ نابێتەوە، هەڵیدایە، بەرپەرچی سولّتانی دایەوە و بەتەواوی هەڵەکەی دەرخست.. بەبێئەوەی سەیری لای سولّتان بکات. لەجاران خراپتری راستەکەی دەربڕی.. سولّتان بە پیشموغارەوە سەری لێ هێنایە پێشەوە، وەک هەڕەشە بە هەیاسی گوت: «هەیاس لەبیرت نەماوە لەبن بەردی سەخری سەنگ ؟!..»

هەیاس زەردەخەنەیەکی پڕ مانا گرتی، سەری نایە پەنا گوێی سولّتان و گوتی:

سولّتان ئەی تۆ بیرت ماوە لە حەمامێ بەزڕو زەنگ ؟!..»

سولّتان ئەوجا تێگەیی کە حەکایەتی ئەجندە درۆ بووە، ئاژەڵی بەرگنداری زەنگوڵە بەزەنگوڵەش هەر هەیاس بووە هەقی خۆی لێ کردووەتەوە، بەناچاری لە هەیاس چووە پێشەوە، وەک زۆری لێبکەن، سولّتان گوتی: ئەوەی قاوە، نەبا من دەنگ نەسا تۆ دەنگ..

ئیتر سولّتان قوڕی دا بەدەوی خۆیدا و چووەوە قاوغەکەی خۆی.

## چیرۆکی دەیەم

# هەیاسی خاس و کچێکی زانای

## هەیاسی خاس و کچێکی زانای

هەیاسی خاس چووە ماڵێکی، ئەو ماڵە کچێکی زۆر ئاقڵ و جوانی لێبوو، هەیاس لە کچەکەی پرسی گوتی: «باوکت لە کوێیە؟!..»

کچە گوتی «باوکم چووە دۆستان بکات بە دوژمن..»

هەیاس گوتی: «ئەی داکت لە کوێیە؟!.»

گوتی: «دایکم چووە یەکێ بکات بەدوو..»

ئەمجا گوتی: «ئەی بۆ خۆت چ دەکەیت؟!..»

کچەکەش گوتی «بۆ خۆشم دوویان دەکەم بەیەک» هەیاس هەر لەجێدا لە مانای هەرسێ قسەکەی کچەکە حاڵی بوو کە ئەو کچە زۆر زرنگ و ژیرە.. چونکە کە بابی چووە دۆستان بکاتن بە دوژمن، مانای وایە چووە داوای قەرزی خۆی بکاتەوە، کابرای قەرزدار لەباتی ئەوەی پارەکەی بداتەوە بەگژیدا دەچێت و سەرباقی ماڵی خۆی لێی دەبێتە دوژمن..

دووهەمیشیان ئەوەیە داکی مامان بووە، چووەتە کن ژنێکی کە بە ژانەوە بووە، ئەوجا کە منداڵەکەی بوو، خۆی یەکەو دەبێتە دوو، واتە دووگیانییە کە جیا دەبنەوە.. سێیەمیش کە کچە دوو دەکات بە یەک.. مەبەستی ئەوە بووە کە دوو کراسی دانابوو، یەکی لە یەکی دەدا چونکە بە کراسێکی ئەوی تری پینە دەکرد، کراسێکی ساغی لێ دروست دەکردنەوە. بەم جۆرە هەیاس تێگەیشت کە ئەم کچە زیرەک و زاناو دەستڕەنگینە.. هەیاس بە کچەکەی گوت «مێردیم پێبکەو دەتخوازم، بەو مەرجەی داواکارییەکم لێت هەیە بۆم جێبەجێ بکەیت..» کچە گوتی داواکارییەکەت چییە، پێم بڵێ..

هەیاس پێیگوت دەمەوێت جاجمێکم بۆ دروست بکەیت لە خوری نەبڕدراوە نەبە جاوبڕو نەبە برنگێ نەبڕدرابێتەوە.. کچە هێندە زانا بوو بەرانێکی هێنا بەشانەی دەستی کرد بە حونەری شانەکردنی خوری بەرانی، لەم دیو بۆ ئەو دیو

شانەڕنی دەکرد و بەشی جاجمێکی لێکردەوە شانەکە هەرجارەی هەندێکی لێدەکردەوە و لەگەڵ خۆی دەیهانی، بەم جۆرە جاجمێکی یەک کەسیی لە ریسی بەرگنی خوری نەبڕدراوەی بۆ تەواو کرد. گوتیشی دەمەوێت لەو بەرانەی نەیکوژییەوە و دوو کەبابیشم لە گۆشتی ئەو بەرانەی بۆ دروست بکەیت. ئەوجا کچە هێنای پێستی گونێ بەرانەی قەڵاشتەوە گونانی دەرهێنان، ئەوجا مووورووی شینی هاڕراوی هێنا کردی بە دەماری گونەکانی بەرانەکەوە، بەران مردار نەبووەوە دوایی چاکیش بووەوە، جووتە گونەکەشی بۆ کردە دوو کەباب، بۆی داناو خواردی. بەم جۆرە هەردک داواکارییەکەی جێبەجێ کرد، چونکە ئەو کچە هێندە زاناو بلیمەت بوو، ئیتر هەیاس کچەی خواست و ئەویش مێردی پێکردو بوونە هاوسەری یەکتری، بەخۆشی و بە زانایی لەگەڵ ئەم کچەیدا ژیانی بردە سەر.. هەیاسی خاسیش بە مرازی خۆی گەیشت، چونکە دەمێک بوو بە دووی کچێکی ئاقڵمەندی وەهایدا دەگەڕا.

## چیرۆكی یازده

# هەیاسی خاس و گەورەكچێكی خاس



# هەیاسی خاس و گەورەکچێکی خاس

شەوێکی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود و حەسەن مەمەند بە شاری خەزنەیدا، دەگەڕان بەرگی شەوییان لەبەر کردبوو، بۆ ئەوەی کەس نەیانناسێتەوە.. گوتیان بزانین داخۆ شەوێ چ دەبینین، ڕۆیشتن تا گەیینە بەردەمی کۆشکێکی سێ نهۆمی بەرز، دییان لەبەر دەوی پەنجەرەی ژوورێکیدا ژنێکی زۆر جوان و نایاب بە تاقیتەنێ بە دیار چرایەکی گڕدارەوە دانیشتووە و شەوقی لە چراکەی بڕیوە. سوڵتان مەحموود گوتی با یەکمان بچین بزانین ئەو ژنەی بە تەنها لەو خانووە گەورەیەدا چ کارەیە و چی دەکات..

هەیاس پێیگوت «سوڵتان مەحموود دەتۆ هەڕۆ بزانین چی لێ تێدەگەیت.. سوڵتان مەحموود لە دەرکێی دا، ژنە لە سێ قاتی هاتە خوارێ و گوتی: ئەوە کێیە؟! ئەمیش گوتی «خۆمانین» دەرگای لێکردەوە.. هەیاس و حەسەن مەمەندی خۆیان حەشاردا هەتاکو ژنەی چاویان نەکات و نەیانبینێت..

سوڵتان مەحموود لەگەڵ ژنەی سەرکەوتە سەرێ و ژنە دەرگاکەی داخستەوە. ئەوجا ژنەکە چوو سینییەکی بۆ هێنا، شووتییەک و سێوێک و چەقۆیەکی بۆ لەسەر دانا پێی بخوات، کوتە گۆشتێکی کاڵ و خاوی هاویشتە نێو پارچە خامێکی سپی درواو و دەرکەی بە پەتێک بەست و لەسەر سینییەکە بۆی دانا.. ژنەکە پێیگوت: فەرموو بخۆ. سوڵتان مەحموود شووتییەکەی لەت کرد، سێوەکەی قاش کرد و خواردنی.. سینییەکەی وەلانا، ژنەکە کلکە بێڵێکی لەکن خۆی دانابوو، ژنە دەستی دایە کلکە بێڵ، دەستی بە لێڕاکێشانی کرد کەوتە گیانی، بە قاڵدرماندا هەڵیدایە خوارەوە، سێ چوار سەرمەوقولاتی پێدا، لەدەرێی نا و دەرگاکەی بەدوایدا داخست، بۆ خۆشی چووەوە سەرێ و دانیشتەوە.. سوڵتان مەحموود کە چووەوە کن حەسەن مەمەندی و هەیاسی خاس، لێیان پرسی، سوڵتان لێی حاڵی بوویت داخۆ ئەو ژنەی بۆچی بە تەنێ لەو ماڵە گەورەیەی لێی دانیشتووە؟!

سولّتان گوتی «ئەمن هیچی لێ حالّیی نەبووم» ، ئیتر ئەو بێدەنگ بوو.. هیچ نەیگوت کە لێدانی خواردووە. هەیاسی گوت حەسەن مەمەند ئەتو هەرۆ لێ حالّی ببە. حەسەن مەمەندیش دوای ئەوەی ئەمان خۆیان حەشاردا چوو لە دەرگای دا، ژنەی هاتە خوارەوە، دەرگەی لێکردەوە و حەسەن بەدوویدا سەرکەوت، ژنەی.. دەرگاکەی داخستەوە، حەسەن و ژنەکە چوونەوە سەرێ. لە قاتی سێ و لێی دانیشتن، ژنەکە بەو دەستوورە چوو سێوەکەو شووتی و کوتە گۆشتی کالّی ناو تەوورەکە خامی سپی بۆ هێنا و گوتی فەرموو بخۆ.. حەسەن مەمەندیش ناشیبیانە بەدەردی سولتانی، دەستی برد چەقۆی هەلّگرت، شووتی لەت کرد، پارچەیەکی لێ خواردو سێوەکەشی لەت کرد و ئەویشی خوارد، ژنە لەمیش راپەڕی، دەستی لێدایە کلکە بێلّ و بیرازێکی چاکی کردو بەسەر قالّدرمەیدا هەلّیدایە خوارەوە، رایفڕاندە دەرەوە، دەرکەی لێ داخستەوە.. ژنە بۆ خۆی چووەوە سەرەوە، لە شوێنی خۆی دانیشتەوە.

حەسەن مەمەندی چووە کن سولّتان مەحموود و هەیاسی خاس.. لێیان پرسی: ئەتۆ هیچی لێ حالّی بوویت؟!.. ئەو ژنە بە تەنێ لەوێ دانیشتووە چ کارەیە؟!.. ئەمیش باسی لێدانی خۆی نەکرد، تەنها گوتی (هیچی لێ حالّی نەبووم) هەردووکیان بە هەیاسی خاسیان گوت: ئەوجا ئەتۆ هەرۆ نۆرەی تۆیە تاکو لێی حالّی ببیت. دیسان هەردووکیان خۆیان حەشارداو هەیاس چوو لە دەرگاکەی دا.. ژنە بەهەمان شێوە لە قاتی سێوە هاتە خوارێ و دەرگای لێکردەوە، گوتی فەرموو با بچین دانیشین.. ژنە، دەرگاکەی داخستەوە چوونە قاتی سێیەم و دانیشتنەوە.. ئەوجا هەمان دەستوور ژنە سینی بۆ ئەمیش هێنا. شووتی و سێو و کوتە گۆشتی لەناو تەوورەکە و چەقۆیەکی لەسەر دانابوو، لەبەردەمی هەیاسیدا دانا، گوتی: فەرموو خواردنێ بخۆ.

ئەوجا ئەگەر بۆی دانا، هەیاس دەستی برد سێوەکەی بەبۆنەوە کرد، لە باخەلّیی نا و لەتی نەکرد.. دوایی دەستی بۆ هیچ نەبرد.. ژنە گوتی ئەو شووتییەی بۆ لەت ناکەیت و بیخۆیت؟!.. ئەی سێوەکەت بۆ لەت نەکرد و نەتخوارد؟!.. ئەی زارکی ئەو تەوورەکەیەت بۆ نەکردەوە بزانیت چی تێدایە !..

هەیاس لەپێشدا دەوی نەکردەوە، ئەوجا هەیاس پێیگوت: «ئەو سێوە ئەتووی، من چۆن لەتی دەکەم، هەر بە بۆنییەوە دەکەم و لە باخەڵی دەنێم.. ئەو شووتییەش هەر ئەتووی، تۆ کچیت و ئەمن نایشکێنم، چونکە نامەوێت شەقڵێت بشکێنم. ئەو توورەکەیەش هەر ئەتووی، تۆ کچیت، کچێنیت ماوە، کوتە گۆشتەکەت وایە کە تۆ گۆشتی کاڵی، من زارکی ئەو توورەکەیەی ناکەمەوە تاکو شەقڵی تۆ نەشکێنم.. لێرەدا زانایی ژنەکە و هەیاس وەدەرکەوت کە بۆ یەکتریی ئەسبابن. هەردووکیان لەیەک گەیشتن و لێک حاڵیی بوون، ژنە ئەوجا رووی لە هەیاس کرد: پێی گوت: تاوێ دیکە دوو سەگباب هاتنێ، لەو مەتەڵەی حاڵی نەبوون، چاوت لەو کلکە بێڵەیە، تاون لە هەردووکیان دا، دەستم بەلێدان و پێدادانێ کردن بەو کلکە بێڵکەی و لە قاڵدرمانێ هەڵمداونەتە خوارێ. پاشی دەرگایەم واڵاکردن، توورم هەڵدانە دەرەوە، دەرگام لێ داخستن. ئەمجا گوتی: ئەتو پیاوێکی زۆر ئاقڵی، مەتەڵانی من حاڵی بوویت، لەرئەوە پێشم بڵێ ئەتو ناوت چییەو چ کەسی..؟!

هەیاس پێی گوت: ئەمن هەیاسی خاسم، کچەش پێی گوت: بەڕاستی تۆ بە شەرت هەیاسی خاسیت، من زۆر ناوبانگی ئەتۆم بیستووە.. نێوی خۆتت خەسار نەکردووە کابرایەکی چاک و زانایت و هەموو شتێک دەناسی.. ئەمجا گوتی، راستە من شووم نەکردووە، کچم، ئەو هەموو خانوو بەرە و کۆشک و تەلارە هەمووی هی منن، مێردیت پێدەکەم.. ئەمنیش وا مەزانە بێکەسم، ساحێب باب و براو عەشیرەتم، باب و برایانی لە خۆمت پێدەڵێم بنێرە بمخوازە بەو جۆرەی قەوڵ و بە شەرت بوون و دەسەمۆسیان کرد، دوایی هاتە خوارەوە هەیاس رۆییبیە دەرەوە و ژنەش دەرگاکەی داخستەوە.. هەیاس رۆیشتەوە بۆ کن حەسەن مەمەند و بەجووتە لەگەڵ سوڵتان مەحموود لێیان پرسی:

ئایا هیچ لەو ژنە حاڵی بوویت؟!..

هەیاس هیچی پێ نەگوتن، گوتی منیش هیچم لێ حاڵی نەبوو. هەرسێکیان دوایی رۆیینەوە بۆ ئارامگەی خۆیان.. ئەوجا بەیانی کە رۆژ

بووەوە، هەیاسی خـــاس ناردییـــە کن باب و برای ئەو ژنەی و خـــوازبێنی لێکردن..

ئەوانیش گوتیان مادام ئەوە هەیاسی خاسە، ئێمە شانازی پێیەوە دەکەین، ئەوا دامانێ.. ئەو ژنەی لەسەر خانووبەرە و رێوجێی خۆی مارەبڕی و بوو بە ژنی..

جا دەڵێ مانگا بەدزی کەڵ دەگرێ و بە ئاشکرا دەزێ..؟!

دوایی سوڵتان مەحموود و حەسەن مەمەند و حالەم هەمووی پێیانزایی کە ئەو ژنەی خواستووە.. سوڵتان مەحموود لێیەوەی بە غەرەز کەوت و لە دڵی خۆیدا گوتی ئەو تۆڵەیەی دەبێت لێ وەکەم دوایی ماوەیەکی لە گواستنەوەی ژنەی، سوڵتان بەداخی هەیاسەوە دەتلایەوە. لەبەر ئەوە سوڵتان مەحموود بە هەیاسی گوت: هەیاس نامەیەکم هەیە ئەو راسپاردەیەی بەتوو نەبێت بەکەس دڵم ئاوی ناخـــواتەوە، دەبێت بۆمی ببـــەیت و ئەو کـــارە نەهێنیـــیـــەم بۆ بگەیەنیت..!! هەیاس بەسوڵتان مەحموودی گوت: ئەمن تازە زاوام، تازە ژنم هێناوە، لەو هەموو دەمڕاست و دەستوپێوەندەی کە هەتە یەکێکی دی بنێرە..

سوڵتان دیسان گوتی: «هەیاس ئەو راسپاردەیە گەلێک گرنگە بە خودای ئەتو نەبیت من دڵم ئاوی ناخواتەوە، هەر دەبێت تۆ بچیت.» ئەو سەفەرەش چەند رۆژێکی پێـــدەچوو. هەیاس ناچار کـــاغـــەزەکـــەی لێ وەرگـــرت و بۆ سەفەرەکەی رۆیشت.. شەو بەسەردا هات، سوڵتان مەحموود نیوە شەوێ هەســـتـــاو رۆیشت بەلای ژنی هەیاســـەوە لەدەرگـــای دا، ژنی هەیاسی هاتە خوارەوە، گوتی: ئەوە کێیە؟!.. سوڵتان گوتی: ئەمن سوڵتان مەحموودم، دەرگای بکەرەوە، خۆمانین، هاتووم بۆ دیدەنی ئەتۆ.. ژنە زۆر بەحورمەتەوە دەرگای لێ کردەوە، فەرمووی لێکرد، سەرکەوتنە سەرەوە... ژنی هەیاس لە سوڵتانی پرسی: قوربان بێقەیدی بێت، بەو شەوەی ئیش و کارت چییە و بۆچی هاتوویت؟!..

سوڵتان مەحموود گوتی نامەیەکی راسپاردەم نووسیوە، داومە بە هەیاسی خاس، هاتووم بزانم داخۆ کاغەزەکەی بردووە و رۆییوە بۆ کارەکەی؟!... ئەوجا

هەڵسا، هەموو هۆدەکان گەڕا، سەیری کردن. ئاخری ژنی هەیاس لێی پرسی: بۆچی بەژوورەکاندا دەگەڕێیت..؟! سولّتان گوتی: بۆ ئەوە دەگەڕێم ئەو کارەی پێم سپاردووە زۆرم بەلاوە گرنگە نەکو نەڕۆیشتبێت و خۆی حەشاردابێت.. ئەوجا ژنە پێیگوت: هەر دوێنێ هەیاس رۆیی و پێی گوتم کە سێ رۆژانی پێدەچێت.. ئەی هەیاس جێگە متمانەی تۆ نییە؟! چۆن وا بێباوەڕیت بەرامبەری؟ سولّتان دانیشت، پێی گوت مەقسەدێکشم بە تۆ هەیە. ئەمن زۆر عاشقی ئەتۆ بوومە و بەڵکو لەگەڵم رێکبکەویت.. خۆشت دەزانیت چۆن خەنیت دەکەم.. ژنی هەیاسی پێیگوت: سولّتان کاری وەها چۆن دەبێت، هەیاس بۆ تۆ کوڕە و ئەمنیش بۆ تۆ بووکم، چۆن دەبی؟! هەرگیز کاری وەها نەکراوە و نابێت...

سولّتان مەحموود گوتی: عوزرو بەهانەی ئەتووم قەبووڵ نییە و دەبێت لەگەڵم رێکبکەویت.. ئەوجا ژنی هەیاسی پێی گوت: سولّتان تۆ لە مێژە هاتوویت، با خواردنێکت بۆ حازر بکەم، چ دەڵێیت حازرم.. ژنە هەڵسا سێ هێلکەی هێنا، بۆی کوڵاند، یەکێکی سوور کرد یەکێکی سەوز و سێیەمیشی سپی، بۆی دانا، گوتی نانی درەنگ وەختێیە، فەرموو شتێک بخۆ.. میوانی درەنگوەخت گلەیی لەسەرخۆیەتی...

سولّتان نانی خوارد، ئەوجا ژنی هەیاسی لێی پرسی، قوربان ئەو هێلکانە سوور و سەوز و سپی، هەریەک تامی چییان دا؟!..

سولّتان گوتی: هەرسێکیان هەر تامی هێلکێیان دەداو هیچ فەرقی نەبوو.. ژنی هەیاسی پێی گوت: سولّتان ئەتوو سێ چوار ژنت هەن، رەش بێ و سپی بێ سوور و سەوز بێت ژن هەر تامێکی هەیە.. ئێستەش سەد گوناه و یەک تۆبە پێ لەکەلی شەیتانی بێنە خوارەوە، واز بێنە، ئەتو بۆ ئێمە، بۆ من و بۆ هەیاسی بابی، چۆن باوک نمەک حەرامی لەگەڵ کوڕو بووکان دەکات؟!

ژنە کە ئەو ئەقڵەی لەکن سولّتان مەحموودی بەکار هێنا، دەستبەجێ سولّتان دڵی گۆڕرا، گوتی: «بەڕاستی ئەمن بەخەڵەتدا چووم. سەد گوناه و یەک تۆبە..» سولّتان مەحموودی دەستەسری خۆی دەرهێنا نایە سەر

ناوچاوانی ژنی هەیاسی و گوتی: «ئەوا ئەتۆم بە کچی خۆم قەبووڵ کردی، خودایە سەد گوناحەو یەک تۆبە» هەستاو گەڕایەوە ماڵی خۆی، بە بێئەوەی بتوانێت ناپاکیی بکات و بەدڵپاکی چووەوە لە کاری خۆی پەشیوان بوو.

دوایی هەیاسی لە سەفەر هاتەوە چووەوە ماڵێ هەر لەدەرکەی دەرەوە تەماشای پێشی دەرکەی کرد سەیری نیشانەکەی خۆی کرد، بینی جێ پێڵاوی سوڵتان مەحموودی لێ بوو بینی. هەیاس دڵی گۆڕرا گوتی نەخێر ئەوە سوڵتان هاتووەو لەگەڵ ژنەکەم ڕێککەوتووە. گەڕایەوە و نەچووە سەرێ، چووەوە بۆماڵی ژنەکەی دی خۆی دوو هەفتە بە خەفەتەوە خۆی گرت و نەچووەوە ئەو ماڵە. ژنەی ئاقڵمەندیشی هەستی پێکردو چوو بۆ لای باب و براو خزم و قەومانی خڕی کردنەوە پێیگوتن دەبێت بچن بۆ کن سوڵتان مەحموودی پێی بڵێن: سوڵتان مەحموود، هەیاسی خاس باخێکی ئیجار کردووە، چەند ڕۆژ و چەند مودەتێکە وازی لێ هانیوە سەردانی ئەو باخەی ناکات خەریکە وشک دەبێت. ئەو باخە بەبێ خزمەت و ئاو خەسارە بانگی بکەو پێی بڵێ: یان بچێت بەلایەوە خزمەتی بکات و ئاوی بدات، خەسارە و با لەکیس نەچێت ئەگەر نا لەکێی ئیجارە کردووە وە سەری خاوەن و ساحێبی بکاتەوە. دوایی کەس و کار ڕۆیینەوە بۆ ماڵی خۆیان ئەوجا دەڵێت کەس و کار بەجوانی ڕاسپاردەی کچەی خۆیانیان گەیاندە سوڵتان. سوڵتان بانگی هەیاسی کرد گوتی هەیاس ئەتۆ دەڵێن باخێکت ئیجارە کردووە چەند ڕۆژێکە خۆت تێنگەیاندووە ئەو باخە خەریکی وشکبوونە یان بچۆ بەلایەوە خزمەتی بکە و ئاوی بدە لێی بپرسەرەوە ئەگەر پێت بەخێو نەکرێ ئەوا بەسەر ساحێبی بکەوە، لەهەر کەسێکت ئیجار کردووە: نەکەس و کارو نەسوڵتان مەحموود لە نهێنی ڕاسپاردەی ئەو ژنەی نەگەیشتن، هەر بەباخی حاڵی بوون هەیاس کە ئەوەی لە سوڵتان بیست یەکسەر تێگەیشت کە ئەمە قسەی ژنەکەیەتی. هەیاسیش گوتی جەنابی سوڵتان مەحموود هەر جێیەکی شێر پێیداچوو ڕێوی ناوێری پێیدا بچێت. ئیتر بەم واتەیەی هەیاس سوڵتان، بۆی دەرکەوت کە هەیاس لەوە گەییوە ئەو شەوە سوڵتان چووەتە سەر ژنەکەی و لەبەر ئەوە دڵی تۆراوە

نەچۆوەتەوە کن ئەو ژنەی، خۆی بە ڕێوی داناوە و سولّتانیش بە شێر. ئەو داشەی داناوە و بەئەقلّ لە سولّتانی گەیاند و سەر دلّی داخ کرد. ئەوجا سولّتان مەحموودی بە هەیاسی گوت: «دەزانم بۆ نەچوویەوە کن ئەو ژنەی دلّت لە من خراپکردووە، ڕاستە ئەمن چوومەتە کن ئەو ژنەو بە غایەی خراپەوە چووم بەلاّم ئەو ژنە ئەقلّێکی وەهای لێ بەکار هێناوم غەیانەتیم لە دلّ چووە دەرێ ئەمن بە هەموو سوێندێکی گەورە بەغیانەتی دەستم لە دەستی نەکەوتووە، دەستەسرڕیم هاویشتۆوەتە سەر ناوچەوانی بە کچی خۆمم قەبوولّ کردووە...» هیچ دلّت لێی خراپ مەکە بچۆوە کن ژنی خۆت، ژنی خۆت هێندە زانا و دانایە لە ئاوی حەیاتی پاکترە. ئەو ژنەی ئەمنی سولّتانیشی هێنایەوە سەر هۆش و گۆشی خۆم. هەیاسیش بەم جۆرە دلّی لێی پاک بووە و چوەوە کن ژنی خۆی. هەردووکیان چی ڕوویدابوو بۆ یەکدییان گێڕایەوە. بە خۆشییەوە پێکهاتنەوە، بە دلّ پێک شاد بوونەوە.

## چیرۆکی دوازده

# ڕێگەی هەیاسی خاس و هاوڕێکەی ڕێگەی

## رێگـەی هـەیاسی خاس و هاوڕێکـەی ڕێگـەی

جارێکیان هەیاسی خاس لەگەڵ کابرایەکی بوونە هاوڕێ بەڕێگایەکدا لەگەڵ یەکدا ڕۆیشتن گەیینە پەڵە گەنمێکی کە چاک گەیببوو، وەختی دروێنەی بوو، پەڵە گەنم گەیببوو ملی دابوو لەبەرگرانی گوڵە گەنمی کامڵی پرشیلەی دان ملی شۆڕ و لار بوو. کابرا گوتی بەخودا ئەو پەڵە گەنمە پەڵەی چاکە خاوەنی پێی خەنی دەبێ. هەیاس گـوتی بەڵی پەڵە گـەنمی چاکـە بەشـەرتێکی شـیندرووی نەکردبێت. کابرا لە دڵی خۆیدا گوتی؟! تۆ سەیری ئەم کابرایە چەند شێتە پەڵە گـەنمی شین، جـوان گـەییـوە بە حـەوایدا چووە هاتووەتە بەرهەم، وەخـتی دروێنەوەیەتی کـەچی ئەو دەڵێت ئەگەر شیندرووی نەکردبێت. ئەوجا ڕۆیشتن گـەیینە هەورازێکی هەیاسی خـاس گـوتی: «برادەر با پلیکانەیەکی بۆ ئەو هەورازەی دروست بکەین زوو لێوەی سەر کەوین» دیسان کابرا لەدڵی خۆیدا گوتی تۆ سـەیری ئەم کابرایە چەندی ڕێشگاوە، ئەم وەستاو دارو بارە لەکوێن پەیژە و پلیکانەی بۆ وەها هەورازی دروست بکەین. جـا توخـوا پلیکانەی بۆ ئەو حاسمانەی دروست دەکرێن؟! ئەوجا ڕۆیشتن تا گەیینە ئەو ئاوەدانییە کە مـاڵی کـابرای لێیـە. کـابرا گـەییـە ئاقاری مـاڵێ خـۆی، لە هەیاسی پرسی «خانەخـوێت هەن ئەگەر بچیتە ماڵی؟!» هەیاس گـوتی: «ئەتۆ نا مـزگـەوت» کابرا ملی ڕێی گرت و ئیدی هەیاس ناچار چوو بۆ مزگەوت. کابرا چووە ماڵە خـۆی، ئەو قـسە و گـفـتوگـۆیەی لەڕێگـەی کردبوویان بۆ کـچە ژیرەکـەی خـۆی گێڕایەوە، کچەکەی پێی گوت: «بۆچی، بابە، کابرا چی دەگوت» ئەویش گوتی گەیشـتینە پەڵە گەنمی گەییو کە حـازری دروێنە بوو گـوتی: (کـابرای خاوەنی پێی خـەنی دەبێت) کـەچی دەیگوت ئەگـەر شـیندرووی نەکـردبێت چاکـە. کـچـەکـەی پێی گـوت کـابرا چی لێـهـات؟!.. بابی گـوتی: «چووە مـزگـەوتێ» کـچـەکە گـوتی: «دە هانێ گـوناهە خـواردنێکت دەدەمێ بۆی ببە. کـچە دوازدە هێلکە و سی نانی پێچایەوە و بۆ هەیاسی نارد. باوکەش ئەم خۆراکەی بۆ بردە

مزگەوتێ، بۆی دانا. بابی کچەکەی نەوسن بوو لەڕێگەی نانێک و هێلکەیەکی لێ دەرهێناو خواردی: ئەگەر بۆی دانا فەرمووی کرد هەیاس گوتی بۆچی رەمەزان لای ئێوە بیست ونۆ رۆژە؟!.. گوایێ ساڵیش یازدە مانگە؟!.. هەیاس نانەکەی نەخوارد، گوتی ئەم نانە ناخۆم، بیبەوە بۆ ماڵێ. من نایخۆم. باوکەکە گەڕایەوە بۆ ماڵێ بۆ کن کچەی پێی گوت نانەکەی نەخواردو گوتی بیبەرەوە: کچەکەی گوتی بۆ نەیخوارد؟! باوک گوتی «ئەو دەپرسێت بۆچی لای ئێوە رەمەزان بیست و نۆ رۆژە و ساڵیش یازدە مانگ؟!» کچەکەی گوتی بابە توخودا لە ڕێگە هیچت لێ خوارد؟ بەڵێ نانێک و هێلکەیەکم خوارد. کچەکەش گوتی دیارە ئەو کابرایە لە مەبەستی من گەیشتووە دە بڕۆ بیهێنەوە ماڵێ. باوک هەستا چوو بۆ مزگەوتێ. هەیاسی لەگەل خۆی هێنایەوە. کە هاتەوە دانیشت. دوای بەخێر هاتن کەوتنە گفتوگۆ. هەیاس و کچە لە مەبەستی یەکتر تێگەیشتن. هەیاس زانی ئەو کچە زانا و ئاقڵمەندە چونکە دوازدە هێلکەکە مەبەستی ساڵ بوو کە دوازدە مانگە و سی نانەکەش مەبەستی مانگی رەمەزانە: واتە ئەگەر ببنە هاوسەر، ساڵ دوازدە مانگەی بە خۆشی ژیان بەسەر دەبەین. دوایی هەیاس خۆی پێ ناساندن و گوتی «ئەو کچەم بۆ نادەنێ» باوکی کچەکە پێی گوت مادام تۆ هەیاسی خاسی من فەخری پێوەدەکەم پێشکەشت بێت. ئەمجا رووی لە کچەکەی کردو وتی (رۆڵە مێردی پێدەکەی بە هەیاسی خاسی؟!) کچەکەش وتی: «ئەمن فەخر بەهەیاسی خاسەوە دەکەم. هەیاس پیاوێکی دانا و ناسراوە، لە هەموو شوێنێک باس هەر باسی دانایی وییە» ئەوجا کچەکەی دایە و لێی مارە کرد. هەیاسیش بە دووڕی خۆی دوڕدانی قەڵاشتەوە، هەناران و مەنارانی بەویخۆدا تەقاندەوە. ئەمنیش بە خۆشییێ ئیوەی خۆشاوی ئەو خۆشییەم خواردەوە.

هەمووش لەوەی دەدوان کە چەند خۆشە دوو کەسی دانا ئەوها پێکبێن و بگەنە یەکتری[1].

---

(١) ڕاوێژکاری بەڕێز دەڵێت: (ئەمە لە حەقایەتی (وافق شن طبق) وەرگیراوە. بەشێوەیەکی تر کوردییەکەی (کاکەولا و شیرین)ە.

لەیەک چوون لە بەرهەم و دەقی فۆلکلۆری و مللیدا بەبێ بیرلێکردنەوە روویداوە و کارێکی ئاساییە. بابەتی وەرگرتن شتێکی ترە.

## چیرۆکی سیازده

# سوڵتان مەحموود و ئاشەوان

# سوڵتان مەحموود و ئاشەوان

سولّتان مەحموود و هەیاسی خاس بۆ هەمیشە ناگوزێرییان دەکەوتە نێوانەوە. سولّتان حوکمی قەرەقۆشی دەکرد. هەیاس حەکیم و ئاقڵمەندانە قسە و رەفتاری دەکرد.

جا دەڵێ جارێکی سولّتان گەلێک بە پیسی و بە رەقی رووبەرووی هەیاس بووەوە، هەیاس کە هەڵساو رۆیشت، لە دلّی خۆیدا گوتی: «شەرتبێ ئەو جارەی ئیشێک بگرمە دەست حوکمی من لە حوکمی سولّتانی ناهەموارو ناپەسەندی رەواتر بێت.»

ئیدی کە هەیاس رۆیشت هەرچەند گەڕا ئەو ئیشەی بەو جۆرەی دەست نەکەوت کە خۆی مەبەستی بوو. ناچار بۆ ئەوەی ئاسوودە بێت و خۆی لە سەر ئەو ئیشەی سولّتانی دوور بخاتەوە، بیری کردەوە خۆی لە سولّتان بشارێتەوە. پاشی گەڕانێکی زۆر بە بیریدا هات بەرەو وەڵاتێکی دی بڕوات، بەڵام دوایی پەشیوان بووەوە نەکو بڵێن هەیاس پشتی کردە کەسوکاری خۆی و هەڵات، دوایی گوتی با لێرە بم تاوەکو هەلێکم بۆ دەرەخسێ، لە بەرئەوە خۆی کردە یاریدەدەری ئاشەوانێک و ئاشەوانیی دەکرد، بەو جۆرە خۆی لە سولّتان مەحموودی ون کرد و هەیاس لە هەمووان بزر بوو... سولّتانیش لەولاوە لێی پەشیوان بووەوە، گوتی: بە بێ هەیاس کارمان ناتەواوە، هەر دەبێت بیدۆزینەوە، سولّتان وەزیرێکی تری هەبوو هەرچەندە وەکی هەیاس بە حیکمەت و ئاقڵمەند نەبوو، بەڵام گەلێک جار پشتی پێ دەبەسترا و دۆزینەوەی هەیاسیشی گەلێک لا مەبەست بوو، لەبەر ئەوەی سولّتان بۆ راوێژ ناردی بە دوویدا بۆ ئەوەی چارەیەک دابنێ و هەیاسی پێ بدۆزێتەوە.

وەزیر گوتی: قوربان من فێڵێکت پێدەڵێم بەو جۆرەی هەیاست بۆ دەدۆزمەوە.

سولّتان گوتی ئادەی بزانم.

وەزیر گوتی قوربان جاری دی کە هەیاس بێزارکرا ئەوەبوو لە ئاشێکی دۆزرایەوە یان لە کنە جۆتیاری، ئەو جارەی فەرمانی پاشایی بدە ئاشەوانەکان خڕ بکەینەوە لە دەو و دوویان تێدەگەین، ئەکە بە گومانی نەمان دۆزییەوە ئەو جا پرسیارێکی وەهایان لێ دەکەین کە ماوەی هەفتەیەکیان بدەینێ و خەلاتێکی چاکی بۆ ئەوەی دادەنێین وەلامی دروستی پێ دەبێت و کیهەیان پێ بزانێ ئەوا هەیاس لە کن وییە و بەو جۆرەی دەیدۆزینەوە... ئەوجا لەگەڵ ئەو پێک شاد دەبینەوە، سولتانی گەورەشمان دڵی بە هاتنەوەی ئەو پیاوەی پیاوانەیە ئاسوودە دەبێتەوە.. جا گەورەم هەر بۆ ئەوەی ئێمە هەیاسی بدۆزینەوە ئەمجارەش پێمانەوە بنووسێتەوە ئەو خەلاتەی کە خۆتان پێی قاییلن دەیدەینێ و ئەوجا بە ناوی ڕاوێژەوە لەگەڵ ئەو دەستوپێوەندەی با بۆ خۆی لە خزمەتی سولتانی خۆماندا بێت...

سولتان مەحموود مەسەلەکەی چوو بە ئەقڵیدا یەکسەر فەرمانی دا بە زوویی جاڕبدەن و ئاشبێری لێ نەکرێت تەتەر بۆ لای هەمووان بنێرن بە زۆرەملێیی لە ڕۆژی دانراودا بۆ شوێنی دیاریکراو لە بارەگای سولتان دابنرێن.

ئیتر هەر زوو دنیا لەم هەواڵە پڕ کرا و هەموو تێگەیەنران و بوو بە قاو. هەیاسیش لەو لاوە کە بیستی هەر زوو لە مەرام و تەگبیری وەزیری دەستە چەپ و سولتانی حاڵی بوو، بە مەجبوور بوونەوە و پەشیوانیی سولتان دڵی خۆش بوو چونکە دەیزانی ئەو سولتانە کەللە شەقەی بە بێ ئەم تەواو دەستە پاچە دەبێت.

دوایی هەیاس پیرە ئاشەوانی ڕاسپارد کە چوو هیچ نەدرکێنێت و پێشی ڕاگەیاند کە ئەم وا دەکات خەلاتەکەی سولتان بەر وی بکەوێت ئەوەشی تێگەیاند گەر وەها نەکات دەبێتە هۆی قەستە سەری...

ئاشەوان زبانی خۆی گەست و لە دڵی خۆدا گوتی: ئەم ماستە موویەکی تێدایە من هەر زوو زانیم ئەم کابرایە حەکیمە حەکیم. لە هەموو هەڵسوکەوتێکیدا دیارە وەجاخزادەیەکی ڕەسەنە..

ئەوجا ئاشەوانەکە زانی تەماعێکی چاکی تێدایە پەیمانی تەواوی دا بەم

کابرایەی کە بێتو لە سەری بدەن لەو دانیشتنەی دەو نەکاتەوە و هەرچیشی بکرێت و بگوترێت بۆ وی بگێڕێتەوە.

هەیاس ئافەرینی کابرای ئاشەوانی کرد و پێی گوت بۆخۆی چاکە ئەم نهێنییەی بپارێزێت پەیمانیشی دایە کە خەلاتەکە هەر بۆ خۆی دەبێت. هەر بەو شەوە نەوەستا و گوتی بۆ خۆشم خەلاتی تایبەتیت دەکەم، هەر ئەو کات چەند لیرەیەکیشی پێدا بۆ منداڵەکانی خەرجی بکات.

ئاشەوان بێدەنگ بوو، گەلێک ستایشی هەیاسی کرد، ئەوجا لە دڵی خۆدا گوتی خودا ناردوویە دەیسا با خۆم لە قەرەی لێ نەدەم، بەخودا ئاوها بڕوات بە خۆم و منداڵانم خەنی دەبین. وەک ئەم کابرا حەکیمەی پێی گوتووم لای خێزانی دەمشڕم هیچ ناڵێم و قووڕ و قەپی لێ دەکەم دەبا شارە شەنگە سوورەی لە خۆم نەوروووژێنم..

جا حەکایەتخوان گێڕایەوە گوتی لە کات و ساتی ناوبراودا ئاشەوان هێنرانە جێگە و شوێنی مەبەستی سوڵتانی لێ ئاگادار کرا، سوڵتان بەوەی دڵی خۆش بوو گوتی ئەوەی چاک بوو بە ئومێدی دۆزینەوەی هەیاسی دوڕناس، خۆ ئەگەر ئەمەی بێ سوود بوو دەبێ ڕوو لە جووتێری بکەین.

ئەوجا سوڵتان وەزیری دەستەچەپی ئاگادار کرد خۆی بچێتە کنیان و بیاندوێنێ و بزانێ هیچیان لێ هەڵدەکرێنێ. دوایی وەزیری تەمێ کرد کە پاشی پرس و هێنان و بردنیان سفرەی پادشاییان بۆ ڕاخەن و خۆشترین خواردنی شاهانەیان دەرخوارد بدەن. ئیتر وەزیر وەڵامی سوڵتانی دایەوە کە فەرمانی بە جێیە و فەرموودەی چی بێت بە زیادەوە وەهای بکەن.

دوایی سوڵتان گوتیە وەزیری کە لەو کاتەی نانیان بۆ داندرا بە خۆی یەکسەری بگەڕێتەوە کنە خۆی.

وەزیر بە پەلە ڕۆیشت و فەرمانی سوڵتانی جێبەجێ کرد و پاشی نزیکەی دوو سەحاتانی هاتەوە خزمەتی. سوڵتان گوتیە وەزیری ها پرس و ڕات وەرگرتن؟! هیچت لێ دەستکەوتن. چییان لێ تێگەیشتی؟! گومانت لە هیچ کام هەیە؟!

وەزیر گـوتی کـە بەو پرس و فـێڵ و ڕاو و ڕێوییـەی بە خۆی نەیتـوانیـوە چ گومانێـک لەوانەی بکات. سولّتـان گوتی هەژمارت کردوون کەسـیان لێ بزر نییە؟!

وەزیر گـوتی: قـوربان هەر حـەوت ئاشـەوانەکـەم هێناون. ئیـتـر سـوڵتـان فەرمانی بە وەزیری دا پرسیاری تایبەتییان لێ بکات و مۆڵەتی هەفتەیەکیان بداتێ کــە هەر کــەس زانی خــەڵاتی گــەورەی دەکــەین و دەخــرێتــە ڕیزی دەستوپێوەندی شاهییەوە. وەزیر بە شپرزەیی ڕووی کردە سوڵتانی و گوتی جا گەورەم خـودا هەر پایەدار و بێ بەڵاتان دەکات دەبێـت ئەو پرسـەی چی بێت؟! سولّـتان سەرێکی لە وەزیر بادا، پاشی گوتی:

بپرسە بڵێ «کێ شەشی داوە لە سێ؟!» بەڵام ئەوەیان بەبێ زیاد و کەم لێ بپرسە. هەرکام وەڵامی داوە بۆم بهێنە، گەر وەڵام نەبوو ماوەی هەفتەیەکیان بدەرێ.

وەزیر شپرزە بوو، کەمێ بیری لەم پرسیارەی کردەوە، بە خۆی هەڕی لەبڕی نەکـردەوە، سـاتێک لەبەردەم سـوڵتـانیـدا بێـدەنگ وەسـتـا. سـوڵتـانیش لەو کاتەیدا بیری لە زانایی و دانایی هەیاسی دەکردەوە و دەیگوت «خەتای خۆمە، وەزیری وەها دەبەنگ دەهێـڵـمەوە و بلیـمـەتی وەک هەیاسـیش تڕۆ و عـێـجز دەکەم..»

دوایی بە وەزیری گـوت «وەزیر بۆ دۆش دامـاوی؟!» بڕۆ ئەو پرسـەی بکە، ئەگەر هەیاسیـان تێدا بێت یەکسـەر بەخۆی وەڵامی دەداتەوە و بیـهێنە، ئەگەر ئەویان تێدا نەبێت ئاشـەوانەکـانیش وەک تۆ لەو مـەتەڵەی تێناگـەن، جـوان تێـیـان بگەیەنە بۆ هەفـتـەی دادێ خـۆمـان جـوابیـان دەکـەین و با بزانین. بەو جۆرەی وەزیر خێرا ڕاپەڕی بچێت فەرمانی سوڵتان جێبەجێ بکات. کە بینی ئاشـەوان هەر حـەوتیـان لەو خـواردنە شـاهانەیە خـۆیان مـرکـردووە و پاڵیـان لێـداوەتەوە. جـا دەڵێ وەزیر لێی پرسین کێ لەوان (شـەشی داوە لە سێ؟!) پاشی چاوەڕوانییـەکی چاکی کـەسـێک وەڵامی پێ نەبوو، قـوتیـان قـوڕمـیش کـرابوو. ئیـتـر وەزیریش لە سـەر فـەرمـانی سـوڵتـان هەفـتـەیەکی مـۆڵەت بۆ

وەڵامـیـان داناوە و دوایی دەنێـرینە دووتان بە تەمـای خـەڵاتی سـوڵتـانی گەورەمان هەر کەس وەڵامی راستی پێ بوو ئەوکاتەی پرسیمانەوە. جا دەڵێ وەزیری دەستە چەپ هەرچەندە لە حاڵی خۆیدا دڵگران بوو چونکە خەجاڵەتی بەردەمی سوڵتانی بوو، بەڵام لە تاوان بەڕووی خۆش ئاشەوانی بەڕێ کردن و لەسەر فەرمان هەر یەکەی دوو لیرەی زێڕی بە خەڵات پێدان. ئاشەوانیش بە پێچەوانەی وەزیرەوە خەڵاتی خۆیان لە تەنکەی باخەڵی قایم کردو بە تێرو پڕیش بارەگایان جێهێشت. هەمووشیان خەویان بە هەڵهێنانی ئەو مەتەڵەی سوڵتانەوە لێدەدا بەو جۆرەی هەر کەسە بەرەو ئاشی خۆی چوو گردەوکۆشەی ئەوەی لێیدا بوون بە پرس و را بزانن (شەشی بدەی لە سێ) مەبەستی چییە تێبگەن بەشکو خەڵاتی سوڵتانی بقۆزنەوە. کابرای لەمەڕ هەیاسی هاتەوە هەرچی روویدابوو گێڕایەوە هەیاس پێکەنی گوتی: «ئاشەوان تۆ بەختت ئەستێرەیە بە حەواوە خەڵاتیش هەر هی خۆتە. ئاشەوان بەخۆشییەوە لەبەر دەویدا هاتە سەر چۆک و پرسی: «دەیسا فەرموو تێمی بگەیەنە؟» هەیاسیش وەڵامی دا و گوتی ئەوە بە پەلە نابێت هێشتا حەوت شەوی ماوە. ئاشەوان گوتی قوربان «جا خۆ هەتا ئەو ساتە دیق دەکەم» هەیاس بە پێکەنینەوە (کوڕە کابرا ددان بەخۆتدا بگرە حەڵوای بەر سیلەی دەخۆی). ئیتر ئاشەوان چاری نەما «قوربان لەبەردەمی حیکمەتی تۆدا ملم کەچەو دەتوانم چی بڵێم».
هەیاسی خاس بەزەیی بە ئاشەواندا دەهاتەوە کە دیار بوو چەند شپرزەیە پێیگوت برۆ ئاسوودە بە براوە تەنها هەر خۆتی. بەڵام هەر ئاگات لەخۆت بێت کەسێک لێرە بە بوونی من نەزانێت ئەگینا ریسەکەمان دەبێتەوە بە خوری و ئەگینا تۆش دەیدۆڕێنیت. ئیتر بەم جۆرە نەمن دەنگ نەتۆ دەنگ هەتا ئەوشەوەی کە بۆ بەیانی وادەی ناردنە دووی دیوانی سوڵتانییە. بەڵام ئاشەوان حەیشی لێ تاڵ بوو، نەیدەزانی چی بکات نەشی دەوێرا دەو بکاتەوە، دوایی هەیاس ئاشەوانی بانگ کردو لای خۆیەوە داینا گوتی ئەی بابەکەم سبەی سوڵتان یا بەخۆی دێتە ئێرە یا بەدوومان دەنێرێ ئەتۆ دەبێت ئامادە بیت بە جوانی وەڵامی بدەیتەوە. ئاشەوان گوتی جا ئەمن وەڵامی چی بدەمەوە. بۆ

کەس هەیە وەڵامی ئەوهەی بزانێ؟! دیسان دەرسم دادەو ئەمنیش لە حۆجەی دێم. هەیاس ئافەرینی کرد و گوتی: ئاشەوان جا ئەو دەمەی کە بەتۆی گوت بۆچی شەشت نەداوە لە سێ؟! ئەتۆ بڵێ قوربان ئەمن نۆیەم داوە لە سێ دەری نەهێناوە، ئەگەر گوتی بۆچی؟ ئەتۆ دەڵێیت ئازووخەم کەمە، بەخۆم لێرە و ماڵم لە گوندی، منداڵیشم وردە و زۆریشن. ئاشەوان گوتی ئا بەو جۆرەی ئەمن هیچی لێ تێنەگەییم قورێم بەسەریدا دەکرێت. دەیسا گەورەم ئەتۆ بەچاکی لە منی بگەیەنە هەیاس وریای کردەوە و کە گوتی (شەشت لە سێ بدایە) واتە سێ مانگەی هاوین هێندە ئیشی زۆرت بکردایە بتوانیت پاشەکەوتی سێ مانگەی زستانیشت بخستایە لەو سەرماو سۆڵەیەدا تووشی ئەو زەیقەتە نەدەبووی. ئاشەوان بە شپرزەیی گوتییە هەیاس «قوربان کە بارانیشی زۆر نەبێ چا با من دانیشم بەخۆڕایی هیچ مزە ئاشم دەست نەکەوێت ئیتر چی بکەم و خۆ بەزۆریش نییە. هەیاس گوتی ئەوەی تەواوە دوایی وەڵامی بدەوە بڵێ «قوربان جەنابی سوڵتان ئەمن نۆم داوە لە سێ دەری نەهێناوە» ئیتر ئاشەوان بەپەلە گوتی بەقوربانت بم حەکیم، ئەی ئەوە چییە؟! ئەویش پێی گوتەوە: «واتە من بە نۆ مانگیش نەمتوانیوە پاشەکەوتی بۆ سی مانگەی زستان بکەم هەتاکو بتوانم بەو سەرماو تۆفەی کار نەکەم و بمەوێ بمێنمەوە» ئاشەوان گوتی جەنابی حەکیم بەخودای ئەوەش راستەو من دەرامەتی وەهام هەرگیز دەست نەکەوتووە. بەم جۆرە هەیاس هەموو شتێکی لە ئاشەوان گەیاند و ئیتر ترسی لێی نەما. جا دەڵێ بۆ سبەی تەتەری سوڵتان هات بەدووی ئاشەواندا و چوونەوە بۆ دیوانی سوڵتان. بەڵام ئەم جارەی وەزیر و گزیر و دەمڕاست بانگ کرابوون سوڵتان جەزای لەسەر وەزیران دانابوو ئەگەر هەر وەزیرێک بڕی پێنج سەد لیرە بدەن بەو ئاشەوانەی وەڵامی راست بزانێت کاتێک کە سوڵتان بەخۆی هات و یەکەیەکە ئاشەوانیان دواند دواییان کابرای لەمەڕ هەیاس بوو زۆر بەجوانی وەڵامی داوەو دڵی هەمووان بەوەی خۆش بوو، لە پێش هەموویانەوە سوڵتان خۆی و وەزیری دەستە چەپی خەڵاتی سوڵتان بەو جۆرەی خەڵاتی سوڵتان و پارەی وەزیرانیش کۆکرانەوە خرانە سەر دەفرێکی

لەبەردەمی سولّتاندا دانران لەسەر فەرمانی سولّتان کابرای ئاشەوان بانگ کرایە بەردەمی سولّتان وەزیری دەستەچەپ لە ئاشەوانی پرسی ئەم مەتەلّەت چۆن زانی؟! ئەوا شەشت لە سێ دا و زانیت. ئەی ئەوهەیت لە کوێ هانی کە «نۆیشت لە سێ داوە» دەبێت پێمان بلّێیت کێ ئەوهەی فێر کردوویت چونکە تۆ جاری یەکەم نەتزانی ئەوە لێک بدەیتەوە. ئاشەوان سەری دنیای لێ هاتەوە یەک، ترس دایگرت و لە دلّی خۆیدا گوتی (بەخودای تووشی گونڕەشی خۆم بووم) ئیتر تینی دایە خۆی گوتی قوربان، ئەو حالّەی کاسپی و دەرامەتی کەمی خۆم و بژێوی خراپی ژیان فێری هەموو شتێکی کردووین، ئەمن بەخۆم ئەو مەتەلّەیەم پێزانیوە. وەزیر بەر هەڕەشەی دا و گوتییە ئاشەوان «دەیسا خەلات وەرناگریت، بەر سزای سولّتانی گەورەمان دەکەویت». ئاشەوان پاڕایەوە و گوتی «قوربان حەوت مندالّی سەرو پێچکەم هەن، مەرەخەسم کەن قەیدی چییە بەخۆم خەلاتیم ناوێت». سولّتان کە هەتا ئەو کاتەی بێدەنگ خۆی راگرتبوو، بە وەزیری گوت: وەزیر با هەمووان بڕۆن، سەر و دوو لیرەی بدەن بەو ئاشەوانانەی تر و بە سەلامەتی بیانگەیەنن بۆ هەواری خۆیان و بە تەنێ ئەمیان بهێنن بۆ بارەگای خۆم، ئاشەوان حەیشی پێ تالّ بوو کە تەنێ بوو. نەیدەزانی چۆن خۆی بپەڕێنێتەوە. خەمی کابرای حەکیم لێی دابوو، لەبەردەمی ویدا روو زەردی وی دەبم دەیزانم ئەوی لەهەموو کەس بۆی چێتر بووە. پاشی ئاشەوان بەتەنێ هەر خۆی مایەوە و بەبێ لێپێچانەوەی بردیانە بەر دیوانی سولّتان و کاتێکی زانی ناردیان بە دوویدا، ئیدی بەتەنی خۆی لەبەردەم سولّتاندا دییەوە، سولّتان ڕێزی لێناو بەزۆر نزیک بەخۆی داینیشاند ئاشەوان حەپەسا بوو تووشی دلّەڕاوکێیەکی گرانی بوو بوو مێشکی زرنگەی دەهات. وەزیری سولّتانیش سەرسام بوو هەتا سولّتان گوتییە ئاشەوانی کابرا ئەتۆ دەبێت بزانی هەستێرەی بەختت بەرزەو بەحەواوەیە. مەگەر بەخۆت لەخۆتی تێکبدەیت، ئاشەوان لەدلّی خۆیدا گوتی ئەوهەی قسەی حەکیمی لەکن ئەخۆمییە ئەوجا سولّتان ئاگاداری کرد و گوتی «ئێستا تۆ لەگەلّ سولّتانی ئەم دنیایە بەتەنێ دانیشتووی کەسێکی تریش ئاگای لێمان نییە. وەک من

بەڕاستگۆیی نەهێنییەکت لای دەدرکێنم، ئەمن بەخۆم وەزیری دەستەڕاستی خۆمم زویر کردووە و لێم تۆراوە. خۆی حەشاراداوە ئەویش ونە بەبێ وی کاروبارم بەچاکی ناڕوات پەکم کەوتووە و ئەو جوابدانەوەیەی مەتەڵەکەش لەوی پتر کەسێکی تر نایزانێت، کە ئەگەر ئەو لای تۆ میوان بێت ئەمن بەخۆم دێم دڵی دەدەمەوە. ئەمن دەیزانم ئەویش دڵی من ناشکێنێت وەها دەکەم بەرامبەر ئەتۆش زویر نەبێت، بەو جۆرە ئەتۆش دەبیتە یەکێک لە باوەڕ پێکراوەکانی دیوان، بەڵام گەر پێم نەڵێیت لەناو دەبرێیت. هێندەش بزانە هەوڵی دۆزینەوەی هەیاس لەلای خۆمەوە گەورەیی ئەو پیاوە لەکن منە دەردەخاتی. ئاشەوان لەدڵی خۆیدا گوتی ئەم سوڵتانە ڕاست دەکات، ئەمن هەستی بە پەرۆشی وی دەکەم، کەمن سوڵتانم لەپشتی بێتن دەبێت ئەو حەکیمەش لەو حاڵە شڕەی لەکن من تێیدایە قوتاری بکەم و گوناحە لەسەر تەختی پاشایی بە خۆی داینەنیشێنێ، چونکە بەدادیی هەر لەخۆی دێت. کەوایە ئیتر بۆچی بەمنەوە گیر ببێت. جا ئیدی ئەم بیرکردنەوانە پاڵی بە ئاشەوانەوە نا و گوتییە سوڵتان «قوربان جا کە من ڕاستی مەسەلەت پێ بڵێم چی دەکەیت؟..» سوڵتان لە وەڵامیدا گوتی: «ئاشەوان، بۆخۆم و وەزیری دەستە چەپی دەبێن بەمیوانی ماڵت، لەوێ هەیاسی وەزیری دەستەڕاستم ئاشت دەکەمەوە، بەحورمەت و هاوسەنگینی هاوشانی خۆمی دەخەم لەبەر چاوی ئەو حالەمەی ستایش و سوپاسی خۆمی پی ڕادەگەیەنم و قەرەبووی بۆ دەکەمەوە».
ئاشەوان گوتییە سوڵتان «بەخودای ئەم سۆراخە بەپەرۆشەی ئێوەی مەزن، دڵی ئەمنی گۆڕی ئەو حەکیمەی لەکن ئەمنە وا لە گوندی و ئەم ماوەیەش ئەمنی لە گرفتی ڕزگار کردووە. بۆ یەکەم جار کە هاتە لامان تۆفانی بەفر و باران. سەهۆڵ بەندان بوو، ئەمنی لە جۆگەی بەستوو ئاشەکەیدا بینی سەهۆڵی وقاڕقاڕەم لێ دەردەدا بۆ ئەوەی ئاو بێتە ناوی و بۆ خوارەوەی بڕواو ئیشی بە ئاشی بکەم. ئاخری دەرەقەتی نەهاتم و هێندەی نەمابوو لە سەرما و برسێتیدا ڕەق ببمەوە. هەر بەخۆی قوتاری کردم. ئەمنی کە ماوم خۆ بە قەرزداری ئەو سەردارەی دەزانم. ئەم قسانەی ئاشەوان وای کرد سوڵتان جێ بەخۆی نەگرێت،

شپرزه بوو بانگی کرد فەرمانیدا وەزیری دەستەچەپ بانگ کرا. خەڵات و بارو بارگە. بۆ ئاشەوانی پێچرایەوە، مەیتەر چوار ئەسپی شاهانەی زینکراوی هەر زوو لە مەیدانی حازرو ئامادە کرد. سوار، سوار بوون تەپڵی شادی لێدرا و بارو بارخانەی سوڵتانی رووەو ماڵی ئاشەوانی بەڕێکەوت. لەو کاتەیدا وەزیری دەستە چەپی بەلایەکی چاو سەیری کابرای ئاشەوانی کرد، لە دڵی خۆیدا دەیگوت «ئەگەر دای مەعبوود، چی دەڵێ مەحموود»

منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ.

## چیرۆکی چوارده

# شاری سوڵتان مەحموود

# شاری سوڵتان مەحموود

سوڵتان مەحموود بەرگی غەزەبی پۆشیبوو، بەتووڕەیی گوتی دەبێ ئەمشەو بەشاری غەزنەدا بگەڕێم. هەیاسی خاسی ئاگادار کرد کە حەسەن مەمەندی لەگەڵ خۆی ببات و قسەیان لەسەر شاری غەزنە بووە.

هەیاسی خاس لەو دیاردەیە دوابوو کە لەو شارەدا هەموو شەوێک زەلامێک دەکوژرێت. جا نۆبە گەیشتە حەسەن مەمی کە باوکی هەیاسی بوو.

ئەو ڕۆژە نۆبە گەیشتە سەر حەسەن مەمەندی کە ئامادە بێت. حەسەن مەمەندی لەسەر وەعدی خۆی بەرگی پۆشی، ماینی زین و لغاو کرد ڕەشمەی لێ قاییم کرد. لغاوی خستە سەر قەڵپووزی زین، پێیەکی لە ئاوزەنگیدا بوو، وەعدەی ڕۆژئاوا کاتی دەستنوێژی شێوان، ڕەشسوارێک لەکنی حازر بوو، گوتی حەسەن مەمەندی حازری؟! ئەویش گوتی (بەڵێ حازرم..) هەرکە ڕەشسوار ڕۆیی، حەسەن مەمەندیش بەدوایدا تێی تەقاند.. بەڕێگاوە هیچیان قسەیان لەگەڵ یەکتر نەکرد هەتا بەرودوا گەیشتنە بەر ئەشکەوتێک. لەبەرچاوی میوان باوەشێک داری هەڵگرت و ڕۆیشتە خوارەوە بۆ ناو ئەشکەوتی. دوایی ڕەشسوار لەناو ئەشکەوتێکدا دوژمنی خۆی کە حەوت دێو بوو شکاند ئەوانە دوژمنی هەموان بوون و ڕێگریان بوون شکان و نەمان.. ئەمجا ڕەشپۆش بەمیوانی گوت: «ئەرێ میوان من دڵم تۆقی کرد تۆ بۆ هیچ قسەیەک لەگەڵ من ناکەیت؟!» میوان لەوەڵامدا گوتی «من نازانم تۆ کێیت و چ کارەیت، ئاخر قسەی چیت لەگەڵ بکەم..» دوای ئەم گفتوگۆیە، ڕەشپۆش زۆر بەکاوەخۆ لەبەر چاوی حەسەن مەمەندی کلیلەی سنگی بۆ بەرۆکی خۆی ترازاند و جووتە سێوی سینەی بۆ دەرخست. بەم جۆرە لەگەڵ حەسەن مەمەندی لە زەمانێکی ڕابوردوودا بوونە هاوسەری یەکتری. هەتا هاتینە ئەم زەمانەی ئەوەبوو لە شەوێکیدا سوڵتان و دەستو پێوەند چوونە گوێ ئاوێک بەرامبەر بە یەک لێی دانیشتن. دوای ماوەیەک گوتن و قسەکردن بێئەوەی ئەمان ئاگایان

لێ بێت سوڵتان مەحموود دەستە و دائیرەکەی دەگەنە ناو ئەشکەوتەکە کاتێک سەیر دەکەن ئەوا ژنێک و پیاوێک لەگوێ جۆگەیەک لەمبەر و ئەوبەری ئاوەکە دانیشتوون گوێیان لێ بوو پیاوەکە بەژنەکەی دەگوت تۆ وەرە ئەم بەر، ژنەکەش بە پیاوەکەی دەگوت تۆ وەرە ئەوبەری.

پیاوەکە بەقسەی ژنەکەی نەدەکرد و نەدەچووە ئەوبەر، پیاوەکە گوتی: بچۆ سەری مێردەکەت ببڕە و بیهێنە بیخەرە ناو ئەم ئاوەوە، پێ دەخەمە سەری، من دێمە کنت. ژن گوتی: «ئاخر نابێت ئەوە بێ ئینسافییە» دوایی ژنەکە هێندەی حەز لە پیاوەکە بوو، بەناچاری گوتی «ئاخر چەقۆم پێ نییە سەری ببڕم» پیاوەکە چەقۆی بۆ هەڵدایە ئەو بەر ئاوەکە بەوجۆرە ئافرەتەکە چوو مێردەکەی خۆی سەربڕی و سەرەکەی بۆ پیاوەکە هێناو خستییە ناو جۆگەکەوە. لەو لاشەوە سوڵتان مەحموود و حەسەن مەمەندی کە خۆیان گرتووە ئاگایان لەم کەین و بەینەیە، ئەوانیش بەڕوونی هەموو شتێکیان بۆ دەرکەوت بەتایبەتی لەو کاتەی ژنەکە هاتەوە و سەری مێردەکەی تووڕدایە ناو ئاوەکە: دوایی پیاوەکە بەسەر سوڕمانێکەوە بە ژنەکەی گوت: (ژنی چاک. مادام تۆ سفەتت بۆ ئەو پیاوەی شووت پێکردووە هەرئەوە بێت، دەستت تێ بچێت و بیکوژیت دەبێت. من چۆن قەناعەتت پێبکەم مارەت بکەم؟! ژنە کە ئەمەی بیست و پاڕانەوەی زۆریشی هێچ دادێکی نەدا، ئیتر لە داخاندا دای بەسەری خۆیدا و بەنائومێدیی گەڕایەوە مێردەکەشی، لەکیس خۆی دا. حەز لێکردووەکەشی دۆڕاند.

سوڵتان و حەسەن مەمەند بەکوێدا هاتبوون لەوێوە ڕۆیشتنەوە. سوڵتان دوایی بەحەسەن مەمەندی گوت هەر ئێستا بچۆ دەرگای ماڵی ئەو ئافرەتە مۆر بکە بۆ ئەوەی بەیانی حەقی خۆی بدەینێ. ئافرەتی قوماریاز بۆ سبەی هەستا سەیری دەرگا و بانی کرد بینی وا دەرگاکەیان مۆر کراوە لەدڵی خۆیدا گوتی من پەنگم بەخۆم داوە. نایەڵم بدۆزرێمەوە. هەستا ئەویش نۆزدە دەرگای بەهەمان ڕەنگ مۆر کرد و لەوسەریشەوە بیست دەرگەی تری بە شانی ئەم لادا مۆر کردەوە. بەمجۆرە ئیتر ماڵەکەیان لێ تیکدەچێت. سوڵتان ناردی ژنیان بۆ

نەدۆزرایەوە. سولّتان کەوت بە خەمی ئەم ژنەوە. بۆ سبەی بەیانی سولّتان مەحموود بە هەیاسی خاسی گوت: «ئەوا من دەچم بۆ راوی حەوت شەو و حەوت رۆژەی، دەبێت مێینە لەشاری غەزنە ببڕیت وهەمووی قڕبکەیت» هەیاسی خاس کە پیاوێکی ئاقلّ بوو، سەرێکی بۆ سولّتان لەقاند. سولّتان داواکەی دووبارە کردەوە و رۆیشت. هەیاسی خاس دوای ئەو رۆژە چووە سەربانی مالّی سولّتان و دای لە تەقەی دەهۆلّ و زوڕنا. بەخەلّکیدا بلاّوی کردەوە، گوتی: «هەرچی دەنکە جۆیەکی مالّی پاشای خواردووە بێت بۆ شایی و زەماوەند. بەو جۆرە ژنانی شار کەوتنە رازاندنەوەی خۆیان قاقلّە جنۆکەکانیش کەوتنە سوراو سپیاوی خۆیان کرد بە خۆ بادان بەرەو مالّی پاشا رۆیشتن بۆ شایی و زەماوەندی مالّی پاشا. حەوت شەو و حەوت رۆژ دایان لە تەقەی دەهۆلّ و زوڕنا شایلۆغانێک بوو چەندین هەژار لەبن دەست و پێدا پان دەبوونەوە. سولّتان مەحموود دوایی حەوت شەو و حەوت رۆژەی راوی کە هاتەوە بە بەردەمی شایی و زەماوەندی ژنانی شارەکەیدا بەجارێک چاوی تاریک بوو بەشپرزەیی بۆ ئەوەی چاوی لە خۆشی و شادیی زەماوەندی ژنانی شار نەبێت، سەری خستە سەر قەلّپووزی زینەکەو مەیتەر رەشمەی ولاّغی سولّتانی راکێشا بۆ ژوورەوە بۆ بەر دیوان، هێندە رقی هەستابوو بەرگی غەزەبی پۆشیبوو هەر زوو ناردی جەللاد هات و لەبەردەستی وەستا گوتی: «هەیاسی خاسم بۆ بێنن هەر ئێستە لەسەری دەدەم، ئەمن چیم گوتووە ئەی هەیاس چی کردووە؟! ئەوجا کە هەیاس هات بەوەی زانی هەیاس هات و گوتی: «قوربان، جارێ لەسەرم مەدە بنێرن باوکم بێت با جارێ چاوو پێی بکەوێت» سولّتان گوتی قەیناکە با بێت. کە هێنایان بینرا باوکی هەیاس هێندە تەمەن درێژ بوو، خستبوویانە قەفەزێکەوە هێنایان بۆ دیوەخانی سولّتان و دایان نا باوکی هەیاس لەو حالّەشیدا سەلامی لە سولّتان مەحموود و مەجلیسەکەی کرد لێرەدا کە تێگەیی سولّتان لە چی نیگەرانە ئەوجا حەسەن مەمەندی بە سولّتانی گوت: قوربان ژنیش هەیەو ژنۆچکەش هەیە، دەبا بزانیت هەیاسی خاس لەو ژنە رەش سوارەیە کە کاتی خۆی لەبەردەمی

ئەشکەوتی دوژمنی ئەتۆی بەزاند، نەک ئەوەی مێردی خۆی سەربڕی. سوڵتان مەحموود کە ئەمەی بیست بیری کردەوە لە دڵی خۆیدا گوتی: «کەواتە ئەمە شایی و زەماوەندی ئەو سەرکەوتنەیە» بەو جۆرە لە بڕیاری خۆی پەشیمان بووەوە. هەیاسی خاسی بە خشی و دووبارە لە جێی شین کردیانەوە بە شادی و شایی.

## چیرۆکی پازده

# سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس و جووتیارو خۆشیی ژنێی

# سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس و جووتیارو خۆشیی ژنێی

سولّتان مەحموود و هەیاسی خاس ئەچن بۆ ناو شاران و بە ولاّتاندا بگەڕێن. بەنهێنی کە ئەچن چاویان بە جووتیارێک ئەکەوێ لەسەری جووتەکەیان بەلای راستا کە ئەیەوێ گاکانی هۆ بداتەوە و بێتەوە سەر هێڵەکەی تری خۆی، گاکان رائەوەستێنێ و دەستئەکات بە هەڵپەڕکێ. ئەوانیش ئەچن بۆ لای؟! پێش ئەوەی بگەنە لای، سولّتان مەحموود لە هەیاس دەپرسێ ئایا تۆ دەزانی بۆچی هەڵدەپەڕێت؟!

هەیاس دەڵێت «لەوانەیە خواردنی خۆشی پێ بێت» سولّتان مەحموودیش دەڵێت «دەبێت جووتی زۆر کردبێت و لە خۆشی ئەوە هەڵبپەڕێت». دوایی دەگەنە لای، لێی دەپرسن باشە هۆی چییە تۆ کە دەگەیتە سەری ئەم هێڵە دەستدەکەیت بە هەڵپەڕکێیەکی زۆر خۆش و جوان؟! وا دیارە زۆرت جووت کردووە؟؟!

جووتیار دەڵێت: نەخێر من لەماڵەوە دڵم خۆشە.. بەم جۆرە ئەوانیش ناونیشانی دێ، ماڵ ناوی خۆی و ژنەکەی لێ دەپرسن و ئەکەونە رێ هەتا دەگەنە ماڵی کابراکە. لە دێکە لەوێ دەچنە ماڵی ژنەکەی سەیر دەکەن ئەم کابرایە جوانترین ژنی هەیە، ژنێکی هەیە کەس نییەتی. وەک لە قسەو گفتوگۆدا دەرکەوت عەقڵدارترین ژنی ئەو دەورو دووکانەیە. ئەمانیش ئەڵێن بەخودا راست دەکات بۆیە لە خۆشییاندا هەڵدەپەڕێت، بەڵام دەبا ئێمە تووشی چورتمێکی بکەین بزانین چی دەبێت؟!!

بەم جۆرە گەڕانەوە سەر تەخت و شوێنی خۆیان دوایی خۆی و ژنەکەیان بانگکردە بارەگای سولّتان مەحموود ژنەکەیان پێ تەڵاقدا. ئەمجا بە فەرمانی سولّتان سێ ژنی جۆر بە جۆریان لێ مارە کرد و چەند هەزار لیرەیەکیشیان دایە. کە گەڕایەوە کەرێک و سێ ژنەکەی لەگەڵ خۆی هێنایەوە. بەرێگایەکی

شاخاوی سەختدا سەرکەوتن هەتا چوونە سەرەوە، کابرای جووتیار لەداخی دڵی خۆی پاڵێکی نا بە کەرەکەیەوە بۆ دۆڵە قووڵکەو کەرەکەی کوشت. دوایی ژنەکانی بەریز دانا، پرسی ئێوە ئەفعالتان چییە؟! دەمەوێت بەبێ شەرم و شۆ راستم پێ بڵێن. ئەوەڵ ژنیان وتی (من رەوشتی نا پەسەندم ئەوەیە کە مەنعم بۆ نییە، تۆبیت یان یەکێکی تر)، دووهەمیان گوتی: «بەدەست خۆم نییە، هەرچی شتێک لە ماڵی خۆشمدا بێت ئەشی دزم و ئەشی فرۆشم» ئەمجا سێهەمیان گوتی: «من لە هەر محەللەیەک، گەڕەکێک و شوێنێکدا دانیشم، ئەبێ خەریکی دەمەوەری و چەنەبازی و خراپە و باسی خەڵک کردن و رەفتاری ئەم و ئەو بم» جا دەڵێ لە جێی کەرەکەوە دەستێکی بەویشەوە نا و خستییە خوارەوە، بۆ خوارەوەی شاخەکەوە، ئەویش مرد.

دوایی دووانەکەی تری هێنایەوە، خانوویەکی بۆ دروست کردن. ئەو هۆدەیەی کە هی ژنە خراپەکارەکە بوو دوو دەرگای تیادا هێشتەوە و گوتی: «کە من لە هەر دەرگایەکیانەوە هاتمە ژوورەوە، کابرا با لە دەرگاکەی ترەوە بڕواتە دەرەوە با من نەیبینم. بۆ ژنی دووەمیش کە دز بوو، هۆدەیەکی بۆ دانا لە ناویدا شایەن، هۆقە نیو هۆقە و ئیزرەم و ئەلیرەمی بۆ داناو پێی گوت «من قاییل نیم بە کەم کەم بدزیت و بفرۆشیت. برۆ بە هۆقەو بە مەن بدزە و بفرۆشە. بەم جۆرە وازی لێ هێنان هەتا بەینێک، دوایی لێی پرسینەوە، گوتی: «تۆ کوانێ دزیت؟ ئەی تۆ کوانێ دۆستت؟!» هەردووکیان وەڵامیان دایەوە گوتیان «سوێندمان خواردووە بە خودای خۆمان کە ناپاکیی لەگەڵ تۆ نەکەین و خەیانەت لە ماڵیشت نەکەین». بەو جۆرە کابرای جووتیار بە دڵنیایی لەگەڵ هەردوو ژنەکەیدا کە بەو جۆرە تۆبەیان کرد و خۆیان پاک کردەوە، مایەوە و ژیانێکی خۆشی لەگەڵیاندا دەبردە سەر. بێینەوە لای سوڵتان مەحموود دوای ماوەیەکی زۆر کابرای جووتیاری بیرکەوتەوە، بە دەستوپێوەندی گوت بارگە بپێچنەوە بەرەو هەواری جووتیار بۆ ئەوەی بزانێت... کاروبارو ژیانی لە چیدایە، کاتێک گەیشتن چی ببینن، کە سەیریان کرد جووتیار جاران لە یەک سەری هێڵی جووتەکەیدا هەڵدەپەڕی ئێستە لە

هەردوو سەر هەڵدەپەڕێت، کە چی و لە جاران خۆشترو ئاسوودەترە. کە لێیان پرسی هۆی ئەمەیان چییە؟! گوتی: «من ئێستە لە ماڵی خۆمدا لە خۆمدا لە دوو سەرەوە بە دوو ژنی چاک دڵم خۆشە..» ئەمجا هەیاسی خاس کە یەکەم جار لە کردەوەی سوڵتان ناڕازی بوو، گوتی: پاشام تۆ گوناهت بەرامبەر جووتیار و یەکەم ژنی ئەو کرد، جووتیاریش دوو خراپە کاری کرد بەرامبەر گیانەوەرو بە بنیادەم نازانم تۆ کەی راستیت لە چەوتی بۆ جیادە کرێتەوە؟! گوناهی بەملی خۆتە..» سوڵتان مۆڕەیەکی لە هەیاس کرد، دوایی رووی کردە دەفتەردار و خەلاتی کابرای جووتیاری کردەوە. دوای ماوەیەک کە هەیاس چاوەدێری جووتێری دەکرد، پێیزانی کابرای جووتێری ژیرو زیرەک بە پارەی ئەو خەلاتەی، ژنەی خۆشی ئاشت کردووەتەوە و هێناویەتەوە سەر کاسە و کەوچکی خۆی و کەسێک ئەو ژنانەی تەبا پێکەوە وەک پوورەی هەنگ کاردەکەن و بەری سێ ژنان منداڵانی خستووەتەوە. ماڵی جووتیار سێ ماڵی لێ کەوتەوە.

ئەوجا هەیاسی خاس گوێی سوڵتانی ئاو داوە و پێی گوت: قوربان سوڵتان ئاگات لەو جووتیارە دانا و دڵگەرمەی هەیە؟! بەگاڵتە نەوتراوە بە ریش نییە بە ئیشە، ئەم کابرایە لە رەخساندنی کاروباردا بەهرەمەندە ئەوەتە دوای ماڵوێرانی توانی سێ ماڵ رێکبخاتەوە.

دوایی هەیاس سوڵتانی ناچار کرد کە ساڵانەیەکی چاک بۆ وەی جووتیارەی ببڕێتەوە..

منیش هاتمەوە منقرێکیشیان بەش نەدام..

**سەرنج**

حیکمەتێکی سەیری کومەلآیەتی و بیرو بوچوون لە ئاکامی ئەم چیروکەدا سەلمێت، ئەویش ئەوەیەکە دیاردە وەرگیراوەکانی مروڤ کە لەپاش ماوەیەک دەبێتە نەریت و خووی روژانە، رەچەلّەک و ناخیینین و بەکارتێکەریی جوانتر، شیاوترو پەروەردەییتر، وەک دەردێک دە پەرێت، بوی هەیە چاک ببێتەوە و لەبیریش بچێتەوە.

بو نموونە، کەرەکە لە بەکار هێنانی مێشک و ژیربدا واتە (عەقلّ) کە نە بوخوی نە بو کەسێکی تر لە بواری مروڤایەتیدا هیچ ئەنجامێکی کارسازیی لە بیرکردنەوەیدا سوودی لێ وەرناگیرێت. سوزانییەک کە لەشفروش بێت یان حەشەریی، کە تێرکراو پێداویستییەکانی ئالّوش و دارایی بو دابین کرا، خوی واز لەو داوێنپیسییە دەهێنێت و لەو سەر نەویبوون و قەلانە بێزار دەبێت و دوور دەکەوێتەوە.

دەستپێسێکیش لە ویستی خاوەندارێتی و هەبوون (مولّکدارێتی - تملک) بەهوکاری چەکەرەی نەبوون یان نەداری و هەژاری یان گرێی دەروونی ئەو هوکارانە، ویستەمەنی و کزی و نەبوویی دەرامەت و دارایی بو پڕ بکرێتەوە و نە هێلّرێت، ئەمیش زور بە رەوایی دەتوانرێت هاوکاری بکرێت و ئاسایی ببێتەوە، وەک جووتە ژنی (دزو سوزانی) کابرای جووتیار. بەلّام سروشتی خوڕسک و بوماوەی ڕەچەلّەکی بەرەو بنەچە وەرگیراو و خوونە بێت، ئەوە هەلّچوونی سوزدارییە بوژوو پەشێوە، ناخی تووڕەو گرینوک و توراوی شەڕەنگێزییە کە لە کوردەواریدا بە شیرە شیرکەر، پرت و بولّ، نائاسوودەو قیناوی یان دەمەوەڕو شاتەشات، یان لە خوی بەردەبێت یان لە دەوروبەرو هاوژینییەکانی، هەر چەندە ئەمە نێرومێ دەگرێتەوە، بەلآم بەیاساو نەریتی پیاو سالاری و باوک و مێرد سالاریی لە کومەلّی ئێمەدا لای پیاوان زالّتر و سەپاوترە، مێیینەشی لێ دەرناچێت.

لەم چیروکە فولکلورییە کوردییەدا ئەم جورەیان لە سوزانییە بەئالّوشە خۆفروشەکە و ژنە دەستپیسە دزەکەش بە خراپتر دادەنێت، چونکە بە هەلّچوون و توندو تیژییەکەی ژیانی ئاسوودە لە خوی و دەوروبەرەکەی تێکدەدات. دیارە لای پیاوی جەربەزەی هەلّچو بە شەق و دارو فەلاقەو کوشتن و برین کوتایی دێت..

ئەوانە بوون پوختەی ئەنجامی سەرنجەکان لە کروکی حیکمەتی فەلسەفەی ناوەروکی ئەو چیروکە.

## چیرۆکی شازده

# دەسەڵاتی سوڵتان مەحموود و بازرگان

## دەسەڵاتی سوڵتان مەحموود و بازرگان

دەگێڕنەوە لەسەردەمی پێشوودا، کە وەڵاتی ئەفغانستان نوێنەرێکی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی کە پێی دەگوترا (سەرکار) و سوڵتان لە هەموو شارەکانی قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایەتیی خۆیدا کەسێکی جێتمانەی خۆی دادەنا، سەرانە و باج و خەراجێکی بۆ کۆ بکاتەوە.. ڕۆژێک بازرگانێک لە شێوەی چەرچیدا چوار بارە ئێستری پڕکرد لە دەفری چینی و فەخفوری و بەرەو شاری قەندەهار ڕووەو ئەفغانستان ڕۆیشت. لەسنوور تووشی بوو بە تووشی باجگرێکی سوڵتانەوە هاتە سەر ڕێگەی چەرچییەکە. بەقایم گالۆکێکی کێشا بە تایەکی بارێک لە بارەکانی و گوتی: «کوڕە کابرا بارەکەت چییە؟!..»

کابرای چەرچی راچەنی، زرنگەی کاشی و فەخفوریی شکاو وەڕسی کرد و پێی ناخۆش بوو، گوتی: کوتەکێکی تر بدەی لەو تاکەی تری دەبێت بە هیچ..»

باجگرقینی هەستا، گوتی ئەوە گاڵتە بە فەرمانی سوڵتان دەکەیت. من نوێنەری بارەگام.. بەو جۆرە کەوتە تێکوپێک شکاندنی هەر چوار بارەکە. ئێستر قوشقی بوون و کەوتنە یەرغەو چوار ناڵە. بازرگان لە پەرێشانیدا نەیدەزانی چی بکات. بەدوای ئێسترەکانیدا بە دڵشکاوی بەملاو ئەو لادا رایدەکرد هەتا هەموویانی کۆکردەوە، بەزویری و پەژارەیەکی زۆرەوە دوای پرس و راوێژ، بۆ شکات چووە شار، گەڕا هەتا گەیشتە بەر کۆشکی (سەرکار)ی سوڵتان.. گەلێک چاوەڕوانی کرد. دوایی پاسەوان بەرەو رووی هاتن. سەرگەورەکەیان گوتی: ها، کابرا بزانم دیاریی چیت بۆ سەرکاری سوڵتان هێناوە؟!

بازرگان گوتی: کاشی و فەخفوری. سەرگەورە ڕۆیشتە ژوورەوە خەبەر بە سەرکار بدات.. بازرگان دڵخۆش بوو، بە مەزندەی خۆی ئێستە سەرکار شکاتی دەبیستێت و هەقی بۆ دەستێنێت و بۆشی دەبژێرێت..

کابرای بازرگان لەو کاتەدا گوێی لە دەنگی ساز و نەی و زرەی پیاڵەی مەی بوو، بەزم و هەڵڵای ژوورەوە مەزەی جووڵاند، لە دڵی خۆیدا گوتی بە خودای چاکە، لێرەش نانی تەواو دەخۆم.. لە قەرەبووی ماڵەکەشم، پارەیەکی مۆڵ وەردەگرم. بازرگان لەم خەیاڵپڵاوەدا بوو گەورە پاسەوان هاتەوە، گوتی: سەرکار فەرمانی دا ئەو دیارییانەت لێ وەربگرێت، دەیبەینە خان. تۆ بڕۆ دوو سبەی وەرەوە سەرکار دەتبینێت.. بازرگان سەری سوڕما، گوتی: (قوربان دیاری و دیانەتی چی، من هاتووم شکات لە باجگر دەکەم). چونکە هەموو کاشی و فەخفورییەکانی شکاندووم داوای هەقی خۆم دەکەم گەورە پاسەوان سەرێکی راوەشاندو گوتی: «کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە؟!..» دوایی بەبێ وەڵام مایەوە لە بەردەمی بازرگاندا وەستاو ئەمجا.. گوتی: «ئێستە من چی بکەم، سەرکار چوار بار کاشی و فەخفوری لە من داوا دەکات. من پاساوم بۆ نادرێتەوە، من دەبێ تۆ لە جیاتی دیارییەکان بگرم. هەرکات سەرکار کاتی هەبوو بیری کردەوە، تۆی بۆ دەبەم و بەوە من رزگار دەبم...» بازرگان دەستی بە گریان و هاواری کرد، دەپاڕایەوە، دەیگوت: ماڵم تیا چوو، با ئێسترەکانیشم لە کیس نەچن، بەوە سەرو ماڵم تیا دەچن. بەم جۆرە بازرگان بەهەزار پاڕانەوە و دەست ماچکردن خۆی رزگار کرد، پەیمانی دا کە هیچی ناوێت و دەڕواتەوە بە لای ماڵ و منداڵی خۆیەوە. گەورە پاسەوانی سەرکاری سوڵتان بە هەزار منەت ئەوسا وازی لێ هێنا. کاتێک بازرگانی دڵ بە قین دوورکەوتەوە، بیری کردەوە و بە خۆی گوت «باشە من هەروا بە ئاسانی واز لە هەقی خۆم بهێنم؟!..» باجگر لەولاوە، سەرکار بەو جۆرە و گەورە پاسەوانیش لەوان خراپتر هەتا جەزای خۆی لێ نەستەندم بەرەڵڵای نەکردم بڕیاری دا دەشتودەر تەی بکات هەتا دەگاتە شاری خەزنە و لەوێ لای سوڵتان مەحموود شکات لە هەموویان بکات. لە دەمەدەمی ئێوارەیەکدا گەیشتە قەراغ شاری خەزنە. لە دوورەوە قەڵەباڵغی خەڵکی بینی، وردە وردە چووە پێشەوە بینی وا سوڵتان مەحموود قسە بۆ دانیشتووان دەکات و بە شان و باهووی حوکمەکەی خۆیدا هەڵدەدات. بازرگان کاتێک گەیشت، سوڵتان بەهاشەو

هووشەوە دەیگوت: ئێوەی رەعییەتی من بەچاوی خۆتان دەبینن بە دادپەروەریی من ولاَت چەند ئاسوودەیە و بە چرای گەرچەک زۆردار و پیاو خراپ نابینن. لە ژێر سایەی مندا گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە. ئەمجا سولَتان گوتی ئەوەی درۆ و دەلەسەش رێکبخات، رسوای دنیاو قیامەتی دەکەم. بازرگان ئەم قسەکردنەی سولَتانی بە هەل زانی. بەخێرایی دڕی بە خەلَکەکە دەدا و لە سولَتان دەهاتە پێشەوە، کاتێک گەیشتە نزیکی سولَتان، لە داخی دلَی خۆی رووی گرژ کردبوو، بە قینەوە سەیری سولَتانی دەکرد و مۆڕەی لێ دەکرد. سولَتانیش دوای ئەوەی وتارەکەی تەواو کرد فەرمانی دا کابرای بازرگانیان هێنایە بەردەمی و پێی گوت: «ئایا تۆ نازانیت من لەم سەرزەمینەدا سایەی خودام، پێم بلَێ بۆچی مۆڕەم لێ دەکەیت. سولَتان گالَی دا دارکارییەکی چاکی بازرگانیان کرد و لە دوور فڕێیان دا. بازرگان بە لەشی شکاو و کیسەی دڕاو و بەتالَەوە رۆیی هەتا. گەیشتە بەردەمی مزگەوتێک، بێئاگا لە شەکەتیدا لێی کەوت و شەوی بەسەردا هات. لەو لاشەوە شەو سولَتان لە خەونیدا گوێی لە نالَەو هاوارێک بوو کە دەیگوت خودایە (مەحموودی زەوالَی ئێستە نوستووە و دەرگای داخراوە، بەلاَم تۆ (مەحموودی بێزەوالَی، بەخەبەرو ئاگاداری، دەرگات دانەخراوە، تۆلَەم بۆ بستێنەوە). سولَتان بە سەرسامی دەستی بە گریان کرد، راپەڕی، پاسەوانی بانگ کرد پێی گوتن برۆن بگەڕێن بزانن کێیە بە دەست ستەمکارانەوە دەنالَێنێ بۆمی بهێنن. پاسەوانەکان چوونە دەرەوە، گەڕان، کەسێکیان نەدی، هاتنەوە گوتیان هیچمان نەدیوە. سولَتان گەڕایەوە بۆ خەلَوەتگەی خۆی، هەر ئەوەندەی چاوی چووە خەو دووبارە نالَەو هاواری هەمان کەسی بیستەوە، هەستایەوە، داوای لە پاسەوانەکان کردەوە کە بچنەوە بگەڕێن و بیدۆزنەوە و بۆی بهێنن. بە هەمان شێوە هاتنەوە و کەسیان نەدی. بۆ جاری سێیەم شەو درەنگ لێی خەوتەوە هەمان نالَەو فوغان هەراسانی کردەوە، لە خەو راپەڕی، خۆی گۆڕی و دەستی دایەوە شمشێرەکەی و لە مالَ دەرپەڕی، وەک یەکێ پێی بلَێ تۆ بۆ هەیاس لەگەلَ خۆت نابەیت. پێش رۆیشتن ناردی بەدووی هەیاسدا، قاسید هاتەوە پێی گوت هەیاس لە مالَ نییە

و نازانن له کوێیه ئەوجا رووی رێگەی گۆڕی و رووی کرده بەر ئەو مزگەوتەی کـــابرای بـازرگـــان بـه پـەژارەیەکی زۆر و ئـازارەوە هاواری دەکـــرد و گلەیی و گـازەندەی زۆری لە حـاڵی خـۆی هەبوو، لێی کـەوتبـوو دەیناڵاند بەو جـۆرەی سوڵتان کە گەیشتە بەردەمی مزگەوتەکە بینی وا هەیاسی خاس دەستی ئەو پیاوەی گرتووەو دەیەوێت لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە ماڵە خۆی تیماری بکات و لەو دەردەسـەرییـە رزگـاری بکات و بگاتە فـریای. سـوڵتـان لەم کـارە سـەری سـوڕمـا. لە هەیاسی پرسی مـەسـەلە چیـیـە؟! هەیاس لە وەڵامـدا گـوتی: (سـوڵتـان، لە خـۆتەوە دەست پێبکە بۆ سـەرکـارو پاسـەوان و باجگرت بزانن چیتان بەم خەڵکی خودایە کردووە). سوڵتان مەحموود لێوی خۆی گەست، بازرگـانی ناسـیـیـەوە، پەیمانی بە هەیاسی دا کـە سبـەی هەقی لە زاڵمـان بۆ بکاتەوەو قـەرەبووی زیانەکـانی بۆ ببـژێرێت. بەو جـۆرە هەیاس روخسـەتی وەرگرت کـە سبەی لـە ماڵی خۆیەوە دەیـهێنێـتە بارەگای سـوڵتان. بۆ سبـەی هەیاسی دوڕناس بە داناییـەکـەی خـۆی بازرگـانی پێش خـۆی داو لەبەردەمی دیواندا ناڕاستی و فـێڵ و تەڵەکـەی پیـاوانی سـوڵتـانی گـەیانده هەمـووان و داواشی لە سـوڵتـان کـرد کـە هەڵوێسـتی خـۆی بۆ وەزیر و گـزیر و سـەرکـاڵ دەربخـات و بەدرۆی بەرتیلخـۆرەکـان کـەس نەخـەڵەتێ و لە خـۆڕایی ئازاری دەسـتوپێـوەند نەدرێت. مـاف بدرێتـەوە بە خـاوەنی. بەو جـۆرە هەیاس دەسـتی خۆی وەشاندەوە، بازرگانیش بە دڵخۆشی. پاش ئەوەی قەرەبووی بۆ کرایەوە، خۆی رزگار کرد و ئەو دەورو دووکانە هەڵوەشاوەی بەجێهێشت.

## چیرۆکی حەڤدە

# دارتـاش و ژنـەی

## دارتـاش و ژنـەی

ڕۆژێکی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس بە بازاڕی خەزنەیدا دەڕۆیشتنە خواریێ.. هەیاس ئەگە تەماشای کرد، سوڵـتان مەحموود سەرنجی کابرایەکی دارتاشی دەدا لە سەر دووکانێ دارتاشی دەکرد، ئەگەر سوڵتان سەیری کرد، ئەم کابرایە لەسەر نینۆکی کەڵەپەنجەی داری دەتاشی و خۆیشی و نەئەنگێواو خۆی زامدار ناکات. سوڵتان بە هەیاسی گوت: هەیاسی، حیکمەتی ئەمە چییە ئەم کابرایە بە بلیمەتی ئەو دارەی لە سەر نینۆکی دەتاشێ و تەتەڵەی ناکات؟!.. حەجەبا، ئەمە هێندە وەستای چاکە؟!..

هەیاس گوتی: سوڵـتان، ئەوە لە ماڵێ دڵی خۆشە، ژنی جوانی هەیە و لە شەڕو شۆڕان بە دوورن. سوڵتان گوتی: وانییە، جا با ژنی جوانیشی بێ، ئەمە هەر بە خۆی وەستای چاکە..

هەیاس بە سـوڵتانی گـوت: قـوربان با بەتاقیـوەکەین.. سـوڵتـان گـوتی جا هەیاس چۆنی وەتاقیوەکەین.؟! هەیاس گـوتی شتێک پارە بدە بە پیرەژنێکی و بینێـرە بۆ کن ژنە دارتاشی.. پیـرەژنیـان دۆزییـەوە، پارەیان دایە، ناردیان و پێیانگوت: بچۆ بە ژنە دارتاشی بڵێ «سوڵتان مەحموود بۆ تۆ شێت و هار بووە، ناردوومی دەڵی حاشای لەو کابرا بۆزەی بکە و مێردی بە سوڵتانی بکەو دەتهێنێ..»

ژنی گوتی: خودا دەکات سوڵتان ئەمن مارە دەکات، دەیکەمە هەراو بەزم و شـێـواوی، خـۆمی پێ بە تەڵاقـدانی دەدەم.. جـا دەڵێ ئەگـەر ڕۆژانی لەویەوە پێش دارتاشی ئەگـەر دەگـەییـیە بەر دەرکـەی، ژنەی بە پیـرەوە دەچوو، زاری بەپێکەنینەوە، دەسـتـیـان لە نێـو دەسـتی یەکـدی دەناو بەیەکـەوە دادەنیـشتن، بەکەیف و خۆشی ڕایاندەبوارد.. هەردکان یەکدرییـان زۆر خۆشدەویست، جا دەڵێ ئەگـەر پیـرێژنی چووە کن ژنەی دارتاشەی و دووزمـانـی کـردو پێـیگوت: ئەمن سـوڵـتـان مـەحـمـوودی ناردوومی بۆ کن تـۆ، دەڵێ زۆر حـەزی لەو ژنێ

دارتاشی دەکـەم، دەبێ کـارێکی وابکات لە مـاڵـیـدا بیکاتە شـەڕو شین و دڵـیـەشە لەگەڵ دارتاشی، کاری لێ بشێوێنی و خۆی بە تەڵاقدان بدات، ئەمن دەیخـوازم.. ژنە دارتاشی بە پیـرەژنی گـوت: ئەگـەر خـودا دەکـات سـوڵـتـان مەحموود بەو مرازەم حاسڵ دەکات، خۆمی پێ بە تەڵاقدان دەدەم و دەیکەمە هەراو شێواوی.. پیرێژن رۆیشتەوە بۆ کن سوڵتان مەحموود، بۆی گێڕایەوە.. بێینەوە سەرەوکاری کابرای دارتاشی، رۆییبیەوە بۆ ماڵی خۆی، کابرا رەق رەق لە دەرکێی دا ژنەی هەر نەهات دەرکێی لێوەکات. ئەوجا بە دەنگ هاواری لێ کرد.. ئەرێ ژنەکە دەرگام لێوەکە.. ژن بەلایەکی ناقاییلی و بە نێو چاوانێکی گـرژ هات بەتووڕە بوون پێی گـوت: ئەوە چیـیـە ئەو هەرایە؟! ئەمن دەسـتم گـیـرابوو، ئەو نەڕە نەڕە چیـیـە؟! کـابرای وەک حـادەتی خۆی هەرچەند قسـەی خۆشی بۆ دەکرد، ژن رووی تێ نەدەکرد.. ئەو شەوەی جێی لێی جوێ کردەوە و بۆخۆشی لە دوور جێی راخست و هەر نەچووە کنی.. ئیدی کابرا زۆر خەفەتبار بوو، لە خـەفـەت و داخی خۆی ئەوشەوە هەر خـەوی لێ نەکـەوت.. کـابرای لە دڵی خـۆیدا گـوتی (خـودایە ئێـمـە ئەم هەمـوو مـاوەیە پێکەوە بە خـۆشی و خـۆشـەویسـتی ژیانمان بردۆتە سـەرێ ئەم ژنە دەبێ بۆچی ئەو شـەوی وای پێهاتووە؟!) حەجەبا دەبێ تێکچووبێ وا رووی لەمن وەرگێڕاوە؟ جا ئەوجا بە خەمباری شەوی رۆژ کردەوە و بە پەشۆکاوی چووە سەر دووکانێ.. هەیاس بە سـوڵتـانی گـوت: قـوربان جـا ئەوڕۆ سـەر دووکـانێ دارتـاشی بزانین دارتـاشی ببـینین، ئاقـڵی من تەجـرەبە بکە، داخـۆ ئەوڕۆ دارتـاشی چۆن دار دەتـاشی.. ئەگـەر دیقـەتیـان لە کـابرای گـرت، دیتـیـان وەک رۆژانی لـەسەر نینۆکێ خـۆی داردەتاشی، ئەگـەر سەیریان کرد خوێنی بە قولوقاچیدا هاتووەتە خوارەوە، لە چەن جێ خۆی زامدار کردووە.. هەیاس گوتی: سوڵتان سەیرکە ئەو هەی هەر دارتاشی رۆژانە، ئەگـەر لەسـەر کـەڵەپەنجـەی خـۆی دارتـاشی دەکـرد و خـۆی نەدەئەنگاوت، ئەوە رۆژان لە خۆشی و خۆشەویستیـیە ژنەکێی بووە لە ماڵیدا واسیـتەهەو بوو، ئێـسـتە ئەگەر پیرێژن عـەقـڵێی ژنەی تێکداوە و بۆ سوڵـتـان تـەفـــرە خـــواردووە، ئەگـــەر ئەم کـــابرایە چووەتەوە مـــاڵێ وەک رۆژان ئەو

خۆشەویستییەی نەماوە، رووی لە کابرای وەرگێڕاوە و کردوویەتە هەراو زەنا.. ئەوا لە خەفەت و مەراقـان ئاوهای بەسەر خۆی هێناوە... هەیاسی کوتیە سولتانی ئەتۆ خۆت تووشی گوناهی نەکەی. ئەوجا سولتان مەحموود بیری لەو تەجرەبەی کردوە، ژنەی هاندا لەگەڵ مێردی خۆی رێک بکەویتەوە گوتی ئەمن مارەی ناکەم با بەتەمای شتی وەهای نەبێت.. دوا پەشیوانییەکی زۆر، جا ئەوجا لەگەڵ مێردی خۆی رێککەوتەوە، عوزر خوایی بۆ هێنایەوە گوتی: ئەمن تێکچوبووم وەک ئەجندان لێیدابم یان تەلیسمم لێ کرابێ، ئاگام لە خۆم نەمابوو. ئیدی وەک جاری جاران خۆشی و چاکتریش خۆشەویستی کەوتەوە نێوانیان.. پیرەژنیش سەلماندی «شەیتانی بەدەنی ئادەمیش هەر بنیادەمە..»[1]

**منیش هاتمەوە، هیچیان نەدامێ.**

(١) ڕاوێژکاری هەڵسەنگاندنی ئەم کتێبە دەڵێت: «لە حەقایەتێکی تردا هاتووە کە یەک لە والییەکانی بەغداد لەگەڵ راوێژکارێکی چووەتە لای دارتاشەکەو پیرە ژنیان هانداوە کە بە بیانووی تینووبوونی چوەتە لای ژنەکەو فریوی داوە، بۆ ئەوەی کە بیگەڕێنێتەوە دۆخی جارانی.

پیرەژنەکەیان راسپاردووە کە جارێکی تر بچێتەوە لای ژنی دارتاشەکەو بەشێوەیەکی پێچەوانەی پێشوو قسەبکات. لە ئاکامدا ژنەکەی دارتاش دێتەوە سەرەخۆی و وەکو پێشوو خۆشەویستی نێوانیان دەست پێدەکاتەوە».

## چیرۆکی هەژدە

# داد دەستووری بەرزی یەزدانە، یان سوڵتان مەحموود و ئاسکە کێوی

## داد دەستووری بەرزی یەزدانە، یان سوڵتان مەحموود و ئاسکە کێوی

ئەگێڕنەوە (سولّتان مەحموودی غەزنەوی) رۆژێک لەگەڵ تیپێک لە سەربازەکانی ئەچێ بۆ ڕاو ماوەیەکی زۆر لەشار دوور ئەکەونەوە، لە بیابانێکا ئاسکێک بەدی ئەکەن سولّتان بەسەربازەکانی ئەڵێ: ئەمە ڕاوی خۆمە، ئێوە لێرە ڕاوەستن من بەتەنها شوێنی ئەکەوم. بەغار ئەنیشێتە سەر ئاسکەکە گەلێک تیری تێ ئەگرێ هیچی بەرناکەوێ هەتا ئاسکەکە لەچاو ون ئەبێ. سولّتان لەو بیابانەدا سەرگەردان ئەمێنێتەوە و ڕێگای لێ برز ئەبێ لەبەرئەوەی هەوا زۆر گەرم ئەبی لە تینوانا زبانی وشک و چاوی تاریک ئەبێ. دوای چەند سەعاتێک لە دوور ڕەشماڵێک ئەبینێ کەوا لەناو مێرگێکدا هەڵدراوە بەغار وڵاخەکەی ئاژووت هەتا گەیشتە بەر ڕەشماڵەکە بینی پیرەژنێک لەبەر ڕەشماڵەکەدا وەستاوە. وتی: داپیرە میوان رائەگرن؟ داپیرە لەوەراما وتی:

رەواقی دیدەم ئاشیانەی تویە دابەزن فەرموو ماڵ ماڵی تویە. دەستوبرد جڵەوی وڵاخەکەی گرت بەدەستیەوە و خۆیشی بردە ڕەشماڵەکەوە دۆشەکی بۆ ڕاخست. کەمولەیەک دوی ساردی بۆ هێنا خواردیەوە و مەسینەی هێنا دەست و دەموچاوی شۆشت وتی ئەی میوان رەنگە برسیت بێ؟ تەشپیەک شیر برنجی خستە سەر سینیەک و نانی بەدەورا دانا و هێنایە بەردەمی سولّتان چونکە زۆری برسی بوو زۆری لا خۆش بوو تێری لێ خوارد. دوای کەمێ کە ئاوڕی دایەوە هەمان ئەو ئاسکەی ناسیەوە کە لە ڕاوا ڕەتاندبووی لەبەر دەرگای دەوارەکە چوکی دادابوو. ڕووی کردە داپیرە وتی: تۆ چۆن ئەم ئاسکە وەحشیەت ماڵی کردووە؟ داپیرە وتی کەسێک بێوەی بێ ئەتوانێ هەموو گیانداریکی رەوێڵ ماڵی بکا. ئەو شیر برنجەی ئێستە خواردت لە شیری ئەم ئاسکە دروست کرابوو ئەم ئاسکە خانەزایە بەڕۆژ بێ شوان ئەڕوا بۆ دەشت بۆ لەوەڕ ئێوارە ئەگەڕێتەوە بەلاّم ئەمڕۆ زوو هاتووەتەوە نەختێک ماندوو نەخۆشە

وا گومان ئەبەم زورداریکی بێ بەزەیی ڕەتاندوویەتی لەوە زویر و دڵگرانم.

سولّتان لەبەر ئەوەی ماندوو بوو لیّی نوست، دەمی ئیّوارە خەبەری بووەوە تەماشای کرد کچێکی جوان و نازەنین بەخرنگ و هۆڕی بازن خەریکە مانگا ئەدوشێ کە سەرنجی دا شیری مانگاکە مەنجەڵێکی گەورەی پڕ کرد لەدڵی خویدا وتی مانگایەک ئەوەندە شیری دا وادیارە ئەم دەشتەکییانە زور دەوڵەمەندن و خەرج و باجێکی ئەوەندە نادەن بە میری واچاکە لە ئێستە بەدواوە خەرجییان لەسەر زیاد بکەم.

ئەو شەوە سولّتان لەوێ نوست بەیانی کە هەستا داپیرە بە کچەکەی وت: مانگاکە بدوشە شیربرنجێک بو میوان دروست بکە کچەکە مەنجەڵی بردە بەر گوانی مانگاکە هەرچەندی تەڕایی لّی پەیدا نەبوو. بانگی کردە دایکی وتی: پادشا دڵی لەژێردەستانی خۆی پیس کردووە ئەیەوێ خەرج و باجیان لەسەر زیاد بکا. سۆڵتان وتی: ئەی داپیرە تۆ بە چی ئەزانی کە پادشا دڵی لەژێردەستانی پیس کردووە؟ داپیرە وتی: تاقیم کردووەتەوە هەرکاتێ ئەم مانگایە شیری زۆر بدا نیشانەی ئەوەیە کە پادشا لەگەڵ ژێردەستانی نیازی چاکەی هەیە. کە شیری وشک ببێ نیشانەی ئەوەیە کە بێدادی لەگەڵ ژێردەستانیدا ئەکا. ئەمڕۆ ئاسکەکەم نەخۆشە و شیری مانگاکەش وشک بووە ئەمە لەڕووی بێدادی پادشاوەیە.

ئەوەندەی پێنەچوو جووتێ کوندەبەبوو بەسەر ئەستوونی دەوارەکەوە نیشتنەوە دەستیان کرد بە (هووهوو) سولّتان وتی خۆزگە زبانی باڵدارانم بزانیایە ئاخۆ ئەم کوندەبەبوانە ئەڵێن چی؟ داپیرە وتی: یەکەم خوازبێنی کچی دووەم ئەکا بۆ کوڕەکەی ئەویش پەڵپ ئەگرێ ئەڵێ ئەبێ مارەیی لەسەر دووسەد کەلاوە ببڕدرێ. سولّتان پێکەنی وتی دوو سەد کەلاوە لەم وڵاتەدا کوا هەیە؟ داپیرە وتی هەتا (سولّتان مەحموود) سەرداری وڵات بێ هەزار کەلاوە بە فلسێک، چونکە خاوەن کۆشکەکان کز و نابووت ئەکا، لەئەنجامدا ئەبن بە کەلاوە. سولّتان وتی داپیرە تۆ زۆر زانای، پێم بڵێ لەبەرچی کوندەپەپو دانەوێڵە ناخوا؟ وتی لەبەرئەوەی ئادەم لەسەر گەنم خواردن لە بەهەشت

دەرکرا. سولّتان وتی پێم بلّێ لەبەرچی کوندەپەپو لە کەلاوە ئەمێنێتەوە بەڕۆژ ناچێتە ناو ئاوەدانی؟ داپیرە وتی: لەبەرئەوەی چاوی بەکردەوەی ستەم و زۆرداری ئادەمیزاد نەکەوێ، و گوێی لە قسەی ناشیرینیان نەبێ. سولّتان وتی: پێم بلّێ کە بەسەر خانووەوە ئەنیشێتەوە (هووهوو) ئەکا ئەلّێ چی؟ داپیرە وتی: ئەلّێ ئەی ئادەمیزاد ئەوانەی پێش خۆتان بۆ کوێ چوون؟ بیهێننەوە بەرچاو بۆ کامەرانی و ئاسایشی خۆتان هەژار مەخەنە داو. دەستی یارمەتی و چاکەتان درێژبکەن بۆ پیاوی لێقەوماو. عەدل و ڕاستی بهێننە ناو. ئەوەندەی نەخایان سەربازەکانی سولّتان گەیشتن ئەمجا داپیرە تێگەیشت کە ئەمە (سولّتان مەحموود)ە زۆر ترسا بەلاّم سولّتان ترسی ڕەواندەوە فەرمووی پەندێکی چاکم لە تو وەرگرت. داپیرەی خەلاّت کرد ئیتر لەوەدوا بڕیاری دا زۆرداری لەکەس نەدەکرد عەدل و راستی کرد بە پیشە.

---

لە کەشتی نوحەکەی ماموستا نەجمەدین مەلا وەرگیراوە

ڕاوێژکاری پێداچوونەوەی ئەم کتێبە دەلّێت: «ئەمەی دوو کوندەبەبوویەکە لە حەقایەتی نەوشیروان و بەهمەنی وەزیریدا هاتووە: کە ئەوەی داوای خوازبێنی لێکراوە دەلّێ نەوشیروان خۆشبێ دووسەد کەلاوە چییە؟!»

**ئەم چیروکەو چەند سەرنجێک**

لە پیرۆزی یادی (نەجمەدین مەلا)ی مامۆستای وانە بێژو سوارچاکی ڕامالّی دەردی نەخوێندەواری لە سەردەمی پەنجاکان و شەستەکاندا، بە شێوازێکی نەرمی هێمن، وەک دێوانەیەکی حەکیم کە دڕی بە تاریکستان و شەوی دەیجووری نەزانین دەدا، لە(کەشتی)یەکەی نووحەوە ئەم دەقە چیرۆکەمان تۆمار کرد، بۆئەوەی داستانەکەمانی پێ دەولّەمەند بکەین و چەند بتوانین گشتگیربێت بۆ چیرۆکەکانی سولّتان مەحموود و هەیاسی خاس.

من خۆم لە شەستەکاندا ئەم چیرۆکەم لە (رەعنا سووری نانکەر) لە (مەلّکەندی) بیستووە کە چەند جیاوازییەکم لە نێوان ئەم دوو گێڕانەوەیەدا دۆزیوەتەوە بە پێویستی دەزانم لێی بدوێم:

١- زمانی گێڕانەوەکەی رەعنا سوور زۆر سادەو ساکار بوو، دەربڕێکی سووک و ئاسانی ژنێکی نەخوێندەواری سەرە، بەڵام دەربڕینەکانی مامۆستا نەجمەدین مەلای نەمر وەک زمانی خوێندەوارێکی زانای ئەو سەردەمە کاریگەریی ئاستی زانایی ئەو گێڕەرەوەیەی پێوە دیارە.

٢- لە گێڕانەوەکەی مامۆستا نەجمەدیندا هیچ ئاماژەیەکی بۆ هەیاسی خاس تێدا نییە، بەڵام لای رەعنا سوور هەیاس بەدوای سولّتان مەحمووددەوە دەبێت. کاتێک سولّتان ئاسک ڕاودەنێت لە تونکە تونکەیەکدا ئاسک دەکاتە دوودەرە، بەلای راستدا تێدەتەقێنێت، سولّتان مەحموود بە دەرەی لای چەپدا تاوی غاری ئەسپەکەی دەدات، کاتێک هەیاس بەلای راستدا روودەکاتە دەرەی دووەم دەبینێت ئاسکی ماندوو شەکەتی رەتێنراو لەبەردەمی نشێوی ئەو کۆسپەدا هەڵدەدێرێت و دەستەڕاستی ئازاری پێدەگات، هەیاس لە ئەسپ دادەبەزێت دەیخاتە پاشکۆی ئەسپەکەی سەیر دەکات ئاسک دەبێتەوە بە کچە پەرییەکی نازدار، نە بخۆ نە بکەی، هەر سەیری گەردنی زەردو چاوی گەشی بکەی، متورفەیەک، برای خۆی حەیرانی دەبێت. کچ باوەش بەکەمەری هەیاسدا دەکات و پێی دەڵێت غاردە. هەیاس قاچ لە ئەسپ توند دەکات و رەشمەی بۆ شا دەکات بەچاوترووکانێک دەیگەیەنێتەوە بنەی هەوار. داپیرە بە

پیـریانەوە دێت و کـارەسـات تێـدەگـات. هەزار ڕەحـمـەت بۆ دایک و باوکی هەیاس دەنێرێت. کچپەری کاتێک بەشەلەشەل دەگاتە بەردەمی داپیرە دیسـان دەبێـتەوە بە ئاسکە خاڵ و میـل جوانەکە و بەو شەکـەتی و زامەوە بە چۆکدا دێت. داپیرە جامێک دۆی سارد بۆ هەیاس دێنێت. هەیاس چۆڕبڕی دەکات و هەناسەیەک بۆ کچپەری هەڵدەکێشێیت. داپیرە تێدەگات و ڕوودەکاتە هەیاس و دەڵێت: پیـاوی چاک، کـوشـتنی ڕۆحـیـانـەت هەر ڕۆحـیـانەتە، ئەوانەش هەر وەک من و تۆن، هەموو ئادەمییەکیش لەمە ناگات.

جـا دەڵـێ هەیاس سـواری ئەسپ بوو، قـامـچی دا لەئەسپ و بەرەو ڕێی تونکەی سوڵـتان ڕۆی، هەر ڕۆیی تا گەییـیە کن سوڵـتان و دی وا لە حاڵێکی پەرێشانیدا. سوڵتان گوتی وەرە هەیاس من دەزانم هەر تۆ لە نەهامەتییەکانمدا فـریام دەکـەویت. هەیاسـیش بەرەو هەواری داپیـرە دەیبـات. دوای حـەوانەوە سوڵـتان بوغـزو ژەنگی دڵ و دەروونی دەیخاتەوە سەر خەیاڵی خراپ و لەگەڵ خۆی بیباتەوە. ئاسک دەبێتەوە بەکچپەرییەکی باڵدارو لە بەر چاوی سوڵـتان مەحموود باڵ دەگرێت و بە وژەی باڵی سوڵتان مەحموود دەکەوێتە سەر زەوی و دەبوورێتەوە. دوایی کە چاو دەکاتەوە خۆی لەکەلاوەیەکدا دەبینێتەوە دەبینێت جـووتێ بایەقـوش پیێ پێـدەکـەنن. ئەوجـا داپیـرەیەکی بە تەمـەن و ڕەجـاڵ لە کۆلیـتێکی لاڕووخاودا نیشـتەجێیە، ئاوی دەداتێ و لە زمانی بایەقوشەکانەوە ئامۆژگاری دەکات.

٣- ئەم دوو گێڕانەوەیەش کە لە بنچینەدا یەک چیـرۆکن، لەزەبرو زەنگ و خراپەکارییەکانی سوڵتان مەحموود دەدوێن، بەرامبەر بەو میللەتانەی دوای کـوشتن و بڕین خـراونەتە ژێر ڕکـێـفی دەسـەڵاتی بەزەبرو زەنگیـەوە، وەک هێـمـایەک بۆ چاوچوویی و پێکەوەنانی سـامـانی ناڕەوا بە خـەرج و باجی زۆرەملی، لەئەنجامی دەستدرێژی و داگیرکارییە داسەپاوەکەیەوە گیانەوەر، لە خراپیەکانی دەدوێن وەبەدەسەڵات و فەرمانڕەواییەکەی بێزارو دڵتەنگن.

٤- ئەم چیـرۆکەش کۆتایی بە پەندی ئامـۆژگار دێت و سوڵـتان مەحـموود تیایدا دەکەوێتەوە بەردەم دادگایی ویژدانی و دادپەروەرانەی مرۆیەتی و بەهۆی

ئەم چیــرۆکـانـەوە رووی شـەرمــەزاری زۆرداران هەر رووڕەشی و پەترۆبوونە. ناوەرۆکی ئەم چیــرۆکـانە و ئاشکراکــردنی دەســتــدرێژی و چەوسـانەوەکـانی سەپاوی زۆرداران و گێڕانەوەی، لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوە، بۆنەو دانشتنەکانی وەک شـەوارەی نـاو مـاڵان، جورێک بووە لە بەرپەرچ، بەرگری و رسـواکـردنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئەو داگیرکەرە مشەخورانە.

ئەم جـۆرە چیـروکـانە ناخ، ویژدان و هەڵوێسـتی هەڵچـووی چەوسـاوەکـانن بەرامـبـەر ملهـوڕە دڵڕەق و پورخـزەکـان. بیـروکـەی بەرپەرچ و رەتکردنـەوەیە بە شـیـوازی میـللییـانـەی سەردەمـە کـون و دێرینەکـان. هەڵوێسـتـە جـوان و بیـرە داڕێژراوە پڕ مەبەستەکان، کرۆکی ئایدیا و فەلسەفەی کومەڵی کوردەواریی ئەو سـەردەمـانەن وەک دیکومێنتی پڕ ئامـاژە لەدەفـتـەری پڕ سـەروەریی سـامـانی نەتەوایەتییاندا مێژووی زیندووی میللەتێکی هەمیشە ڕاپەڕیو بۆ نەوەی نوێی هوشیارمان ماونەتەوە.

٥- من ئەوەم ئامـاژە پێدا کـە شێـوازی زمـانی گێـڕانەوەی چیرۆکـەکە لای مـامـۆسـتـا نەجـمـەدین مـەلای کـەشـتـیی نوح پێـشـکەوتووترو زانیـارانەترە لە دەربڕینە ساکارە میللییەکەی رەعنا سووری نەخوێندەوار، لێرەدا بە پەیڤی (ناو نیـشـانی) هەردوو چیرۆکە فـۆلکلۆرییـەکە دیسـانەوە ئەوە دەسـەلمێـتـەوە ئەوەتە مامۆستا نەجمەدین دەڵێت:

«داد دەستووری بەرزی یەزدانە»

بەڵام رەعنا سوور گوتوویە:-

«سوڵتان مەحموودو ئاسکە کێوی»

زمـانی داڕشـتـەی یەکـەم داڕێژراوێکی سـفـتی واتادارەو لە دەق و پەندێکی پێـشـینان دەرهێنراوە، بەڵام ناونیـشـانی دووەم گـوتراوێکی سـاکـاری زارییـە، لێرەشەوە بۆ ئەوە دەچمەوە کە زمان و داڕشـتـەی گێڕانەوەی هەردوو چیـرۆکەکە دیاردەی جیاوازو لەیەک نەچووی هەردوو ناونیشانەکە دەردەخەن.

٦- لە چیرۆکی مـامۆسـتـا نەجمەدیندا کە پیـرێژن نادادی سوڵـتـان دەردەخات و دوایی دەزانـێت کـە ئەمـە سـوڵـتـان خـۆبەتی، زۆر دەترسـێت، سـوڵـتـان

دەیبەخشێت و لەسەر ئەوەی دەرسی داداوە خەڵاتی دەکات. بەڵام لە چیرۆکەکەی ڕەعنا سووردا هەیاسی خاس فریای داپیرە دەکەوێت.

٧- لەم چیرۆکەشدا، وەک گشت ئەو چیروکانەی- کەلاوەو کوندەبەبو (کوندە پەپوو) -لە ڕووداوەکانیاندا دێن و بەرجەستەدەبن، ئەوە هێمای بوونی زۆرداری داگیرکەرو ملهووڕە و نیشانەی چەوساوەیی مرۆڤی ئەو دەڤەرەیە. هەر بۆ نموونە کورد گوتوویە «بایەقوش - بە واتای کوندەپەپوو» بەسەر هیچ ماڵێکدا نەخوێنێت. ئەگەر خوێندی ئەوە نەهامەتی، کاولکاریی و برسێتی لەو دەڤەرو وەڵاتەدا بڵاو دەبێتەوە. نموونەی ئەم باڵندە نەنگە نەویستە لای کۆنی کوردەواری لە وێنای میللیی فۆلکلۆریماندا بەرامبەر بە زۆرداران و داگیرکەرانێکی زۆر دووبارە کراوەتەوە، وەک جۆرێک لە بەرهەڵستی و بەرگری بەرووی بێرەزایاندا دراوەتەوە.

## چیرۆكی نۆزدەیەم

# جـۆلا و سوڵتـان مەحموود

## جۆلا و سولتان مەحموود

هەبوو نەبوو کەس لە خودا گەورەتر نەبوو، لە مەملەکەتی سولتان مەحموودا سولتان ئەمر دەکات و بە جارچی دەلێ جار بدەن با کەس شەوان چرای نەگرێنێت.

هەموو شەوێک حەسەنی مەیمەن بەناو شاردا دەگەڕێت تا بزانێت کێ چرای دەسووتێ بۆ ئەوەی سزای بدرێت. زۆر دەگەڕێت کەس چرای ناسووتێنێت، تا لە نیوەشەودا دەبینێ لە کونێکدا ڕووناکییەک دیارە. ئەویش لێی دەچێتە پێشەوە دەبینێت جۆلایەکە، خەریکی جۆلایی کردنە. ئەویش پێیدەلێت بۆچی چرات دەسووتێ و بۆ سەرپێچیی فەرمانی سولتان دەکەیت؟! جۆلاکە دەلێت کاکە من ڕۆژی (٦) شایی پەیدا دەکەم، دووانی دەدەم بە ئاودا، دووانی دەدەم بە قەرزدار و دووانی خۆم و خێزانم دەیخۆین. پاشا هیچ لە مە ناگات. حەسەنی مەیمەن کە ئەمە دەبیستێ دەڕوات، دەچێتەوە بەسەرهاتەکە بۆ سولتان دەگێڕێتەوە، ئەویش لێی تێناگات و نازانێ مەبەستی لە چییە هەر بۆیە سولتان دەنێرێت بەدوای پیاو ماقووڵ و قسەزانەکانی شاردا، لێیان دەپرسێت وەلامەکەیان بۆ لێکنادرێتەوە و نازانن مانای چییە، جا سولتان دەلێت دەبێت ئەو پیاوەم بۆ پەیدا بکەن بزانم مەبەستی چییە..؟..

پاسەوانانی سولتان پاش گەڕانێکی زۆر ئینجا جۆلاکە دەدۆزنەوە دەیبەن بۆلای سولتان. سولتان پێی دەلێت: مەبەستت لەو بەیتە چییە؟ کابراش دەلێت گەورەم مەبەستم ئەوەیە:

دوو شایی کە دەیدەم بە ئاودا بۆ کچە، کە یەکێکی تر دەیبات و سوودی بۆ من نییە..

دوو شاییەکەی تر بۆ کوڕە، کە ئەویش وەکو قەرز وایە.

دوو شاییەکەی تر خۆم و خێزانم دەیخۆین.

سولتان دەلێت: ڕاستدەکەیت، ئافەرینی جۆلاکە دەکات و خەلاتی دەکات.

**تێبینی:**

١- لە (مەلیحە عبداللە گوروون) م وەرگرتووە.

٢- تۆماری سۆران ئەحمەد کوردە، ژمارە (٨) ی کەلەپووری کورد.

٣- ڕاستیەکەی (حەسەن مەیمەن) دەبێت (حەسەن مەیمەنی) بێت. بەڵام لەم چیرۆکەدا وەها گێڕراوەتەوەو ئێمەش دەستکاریمان نەکردووە. ئەم هەڵەیەی بەکارهینانی ناوی (حەسەن مەیمەنی، حەسەن مەمنی، حەسەنی مەیمەن) لە گێڕانەوە جیاوازەکاندا یان بەپێی شوێنی جیا لەلایەن حەقایەت خوانەوە رویداوە. ڕاوێژکاری سەیرکردنی ئەم کتێبەش ئەو تێبینی یەی ئاماژە بۆ ئەم لایەنە کردوە.

**سەرنج**

١) ئەمیش یەکێکە لە چیرۆکەکانی سوڵتان مەحموود کە هەیاسی تیادا نییە. سوڵتان لێرەشدا لە دەق تێناگات و نابەڵەدە، دەبێت کەسی تاوانبارکراو خۆی بهێنرێت و مەبەستی گوتنەکەی خۆی (دەقەکە) ی بۆ لێکبداتەوە.

٢) پەیڤی (شایی) جۆرێکە لە دراوی سەردەمی کۆن.

٣) ئەم چیرۆکەش پەند ئامێزە بەڵام بە دید و بۆچوونی (پیاوسالاریی) دارێژراوە چونکە جیاوازیی لە نێوان مێینە و نێرینەدا دەکات و وای دەردەخات کە نێر لە مێ چاکترە. ئەوەتا کابرا دەڵێت ئەوەی بۆ کچەکەمی خەرجدەکەم بە ئاویدا دەدەم و دەڕوات، کەچی بۆ کوڕەکەی پێخۆشە و دەڵێت ئەوە قەرزە و دەمداتەوە. پشت بە کچەکەی نابەستێت و کوڕەکەی بە پشت و پەنای خۆی دادەنێت.

٤) لەم چیرۆکە کورتەشدا ئەوە تێدەگەین کە سوڵتان، پاشایان و سەرداران لەو کاتەی فەرمان دەردەکەن، داواکارییان هەیە بە بیر و ڕای خۆیان کاردەکەن و خواستەکانیان دەسەپێنن، ئەگینا لە بارێکی ئاسایش و بێ گرفتیدا دەبێت بۆچی سەربەستیی دانیشتووان تێکبدرێت و بە زۆری دەگەنەک بەسەریاندا بسەپێنرێت لە شەوی دەیجوور و نووتەکدا لەناو ماڵەکانی خۆیاندا، بۆ ئارەزووی سوڵتان ڕووناکیی لێیان زەوت و قەدەغە بێت؟! بەڵام لە کۆشکی پاشادا بەزم و ڕەزمی سەما و گۆرانیی حۆری و غولمان و کەنیزەک هەتا بەرەبەیان ڕۆژی پێبکەنەوە، خاڵەی جۆلاش لەوێوە شەونخوونیی نان پەیداکردن بێت بۆ منداڵەکانی. نادروستبێت و لێی قەدەغە بکرێت.

---

(١) ڕاوێژکاری ئەم کتێبە بۆ لێکدانەوەی هۆکاری ئەم دیاردەیە دەڵێت: (چونکە کە باوک پیر بوو کوڕ بە خێوی دەکات، نەک کچ).

## چیرۆکی بیست

# سوڵتان مەحموود

# سوڵتان مەحموود

زۆر کەس ناوی (سوڵتان مەحموود)ی بیستووە، ئینجا بە چاک بێت یان بە خراپ، لێرەدا باسی یەکێک لە کارەکانی سوڵتان مەحموود دەکەین، هەروەک دەڵێن جارێک سوڵتان مەحموود نیوەی شەو بە خێزانەکەی دەڵێت: زۆر حەز دەکەم کە بزانم حاڵ و وەزعی دزی و دزەکان چۆنە و چۆن نییە، خێزانەکەشی دەڵێت کوڕە دانیشە چیت داوە لەم کارە بۆچی بۆخۆت لە لێفەی گەرم و باوەشی نەرمدا ناخەویت.

سوڵتان دەڵێت: بەخوا هەر دەبێ بزانم، هەر ئەو شەوە پۆشاکی دزی دەپۆشێت و بەبێ پاسەوان و بێ تفاق و بە تەنها لە ماڵ دەردەچێت و خۆی دەگەیەنێتە هەندێ کەلاوە کۆن و لەپڕ گوێی لێبوو فیکەیەک لێدرا و فیکەیەکی تریش بەدوایدا و ئەمیش فیکەیەکی لێدا و بەرەو ڕوویان ڕۆیشت، لێیان نزیک بووەوە و وتیان ها کاکە ئەوە خەریکی چیت؟

سوڵتان وتی: ئەی ئێوە خەریکی چین.. دووبارە وتیانەوە نەجووڵێیت پێت دەڵێین خەریکی چیت و کێی؟

سوڵتان وەکو دز خۆی پیشاندا و وتی من خەریکی دزیم، دزەکان وتیان مادام وایە وەرە پێشەوە و مەترسە، سوڵتان چووە ناویان و سەیری کردن تەنها کونی چاویان دیار بوو سوڵتانیش هەر وەکو ئەوان چاوی بە دەرەوە بوو. دزەکان لە سوڵتانیان پرسی چەند ساڵە دزی ئەکەی؟ سوڵتان وتی: زۆر نابێت. وتیان لێزانی و شارەزاییت هەیە لە دزیدا، وتی: ئەی ئێوە، وتیان باشین. سوڵتان چوە ناویانەوە و هەرسێکیان ناو و ناونیشانی یەکترییان بۆ یەک ڕوون کردەوە و ڕۆیشتن، لە نیوەی ڕێگادا ڕاوەستان، سوڵتان پێی وتن ئێوە بۆ کوێ دەچن بۆ دزی، وتیان بۆ ماڵی سوڵتان، سوڵتان وتی: بەخوا منیش هەر خۆم بۆ ئەوێ دانابوو، چونکە هیچ کەسێک نییە لەم شارەدا بەقەد سوڵتان مەحموود دەوڵەمەند بێت، یەکێ لە دزەکان بە سوڵتانی وت: تۆ هیچ

دەزانی دەربارەی دزی و چۆنێتی دزیکردن، سوڵتان وتی: نازانم مەبەستتان چییە، دزەکە وتی: سەگ بوەڕێت من دەزانم چی دەڵێت، دزی دووەم وتی من پەلەپیتکە لە دیوار بدەم دەزانم لەودیوەوە چی هەیە، سوڵتانیش هیچی بە دەستەوە نەمابوو وتی منیش ملتان بە پەتی سێدارەوە بێت دەتوانم نەجاتتان بدەم، وتیان کەوابێ تۆ لە هەردووکمان زیرەکتر و شارەزاتری، ئەمەیان وت و ڕۆیشتن و گەیشتنە نزیک ماڵی سوڵتان و سەگێک لە سەربانێکەوە پێیان وەڕی، یەکسەر دزی یەکەم وتی بوەستن، وتیان چییە؟ ڕووی کردە برادەرەکەی و وتی: بەخوا قەت وا تووش نەبووین، وتی: بۆ؟! وتی: ئەو سەگە دەڵێت سوڵتان مەحموودتان لەگەڵە، سوڵتانیش بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت، وتی: بەخوا سەگێکی کەرە.. سوڵتان مەحموود هیچ ناکات ئێستا دێ بۆ دزی و لەگەڵ دزدا بەم شەوە سارد و سەرمایە خەو لەخۆی حەرام دەکات. ئەوی تریش وتی: کوڕە بابە سوڵتان پڕ بە خانووەکەی من و تۆ پارە و زێڕی هەیە دزی چی، یەکەم وتی: بەخوا ئەوە و بەڵام بڕوام پێمەکەن، هەردوو دزەکە دوودڵ بوون بەڵام سوڵتان زۆری پاکانە کرد و وتی: کوڕە هەر ئەمشەو لەگەڵ ئێوە هاتووم ئەترسم بگەڕێنەوە، خۆ ئەگەر بگەڕێنەوە من نان و ئاو نابێ بەیانی منداڵەکانم بیخۆن، وەڵڵا ئێوە بێن و نەیەن من هەر دەچم. دزەکان بەزەییان پیا هاتەوە و بڕوایان کرد کە ئەوە سوڵتان مەحموود نییە و کابرایەکی ڕووتەیە، بۆیە پەلەیان کرد و چوونە پاڵ دیواری ماڵی سوڵتان و دزی دووەم هاتە پێشەوە تا بزانێ کامە ژووری خەزنەکەیە، یەک یەک هەموو شوێن و دیوارەکانیئاشکرا نەبێتنان چیە؟ ڕووی کردە برادەرەکەی و ووتی:پێیان وەڕی، تۆ لە هەردووکمان زیرەکتر وشارەزاتری، ئەمە دابووە بەر پەلەپیتکە تا ژووری خەزنەی دۆزییەوە، بەڵام وای دۆزییەوە کە سوڵتان خۆیشی وا بەباشی نەیدەزانی هەر ئەو شەوە دەست بەکار بوون و خێرا دیواریان بڕی، بەڵام فریا نەکەوتن یەک قڕان بەرن، مەلا بانگی دا و دزەکان وتیان ئەمشەویش فت. سوڵتان وتی: بۆچی، وتیان: کاکە ئێستا دووکان و بازاڕ و چایخانەکان هەمووی دەکرێنەوە و دەستگیر دەبین، دەی خێراکە با بڕۆین تا نەگیراوین. هەرسێکیان لێیان دا و ڕۆیشتن بێئەوەی

هیچ شتێکیان بردبێ، لێک جیا بوونەوە و هەرکەس بۆ ماڵی خۆی، سوڵتان خۆی گەیاندە سەربانی ماڵی خۆیان و خۆی داگرت کە بزانێ کێ دزی لێ دەکات و کێ دەستی پاکە چونکە دیواری خەزنەکە کە بڕابوو لەسەر ڕێگای مزگەوت بوو، زۆری پێنەچوو مامۆستا مەلا هات و سەیری کرد ئەم هەموو زێڕ و گەوهەرە لەناو ئەم خەزنەیەدا دیارە، هەر سووک پڕ کەواکەی کرد لە زێڕ و بردییەوە، وەزیر و قازیش بە هەمان شێوە یەکی کۆڵێکیان بردەوە دیسان پێشئەوەی بچن بۆ نوێژکردن، چوون بۆ ماڵی سوڵتان و خەبەریان برد بۆ سوڵتان کە گوایە خەزنەکەی بڕاوە و زۆریشی لێ براوە و ئێستاش هەر بەر بەرەڵلایە، نازانن سوڵتان خۆی ئاگاداری هەموو شتێ بووە، سوڵتانیش هیچ خۆی تێک نەدا و وتی: چۆن خەزنە بڕاوە و پاسەوانان ئاگادار نەبوون، هەر بەو بەیانییە زووە خێرا ناردی بەدوای ئەو دوو دزەی کە شەو لەگەڵیدا بوون و مەلا و قازی و وەزیریش هەر لەلای خۆی بوون. کاتێک دوو دزەکەیان گرت و هێنایان، دزی یەکەم ڕووی کردە دزی دووەم و وتی: ئاخر من شەو وتم ئەوە سوڵتانە لەگەڵمان کەچی تۆ وتت ئەو نییە دە بڕۆ بۆ ژێر تەعزیب و پەتی سێدارە.

کاتێک دزەکان و وەزیر و قازی و مەلا و کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵک و دانیشتوانی شار کۆبوونەوە و سوڵتان ڕووی کردە قازی و مەلا و وەزیر و وتی: چی لەم دزانە بکرێت باشە؟

وەزیر وتی: قوربان یەکسەر ئیعدام بکرێن.

قازی وتی: بیان سووتێنن.

مەلا وتی: فەوت و فەنایان بکەن.

سوڵتان ئەمری کرد خێرا پەتی سێدارەیان بۆ هەڵبخەن و لە سێدارەیان بدەن دزەکان لەترسا وەختەبوو ڕۆحیان دەربچێ. پەتیان هەڵخست و بردنیانە سەر کورسی ئیعدام و ملیان کرا بە پەتەکەدا و سەیرێکی سوڵتانیان کرد، سوڵتان زەردەخەنە گرتی و سمێڵی جووڵاندو وتی: ئازادیان بکەن و هەر بەخێرایی لەسەر کورسییەکە دایانبگرن و بیکەن بە (سێ) پەت.

وەزیر و قـازی و مەلاش ترسـیـان لێ نیـشت، پاش چەند سـاتێک سولـّتـان دەستی خسـتـە سەر شان و ملی مەلا و قـازی و وەزیر و وتی: ئەم سیـانەم بۆ ئیـعـدام بکەن و بچن هەرچی لە مالّیـشـیـاندایە بۆم بهێنن و ئەم دوانەش واتا (دوو دزەکە) یەکەمیان دەبێت بە وەزیر و دووەمیشیان بە قازی و هەرچیشیان دەوێ بیاندەنێ.

---

١) ئەم چیرۆکە لە بەڕێز (خانم عوسمان قادر) وەرگیراوە، کە تەمەنی (٩٠) سالّە و خەلّکی دێی (قەرەچەتانە) لە ٥/١١/١٩٩٣ دا.

٢) زۆر سوپاسی کاک (لوقمان عوسمان حەمەعەلی) دەکەم کە نووسینەوەی ئەم چیرۆکەی ئەنجامدا.

٣) ژمارە (٤) ی گۆڤاری کەلەپووری کورد - ئامادە و دارشتنەوەی (سەردار مەردان مەجید).

**سەرنج**

١- لەسەر ئەو بنەمایەی کە کۆکردنەوە و جیاکردنەوە و پۆلێنی بەشە جیاوازەکان ئەرکێکی گەورەی نەتەوەییە، بەجێهێنانی کارێکی پیرۆزە، هاوشانی ئەوەش یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی هاوجۆریی یەک بابەتیی و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە یەک تیرە و مەبەستەوە هەر پێویستییەکی شێواز پسپۆڕی جێبەجێ دەکات، ئا لەو ئایدیایەوە من ویستوومە هەوڵێکی درێژخایەن بدەم بۆ بەدەستهێنانی گشت ئەو چیرۆکانەی کە لەسەر هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود گوترابن و (تۆماریش کرابن یان نەکرابن و بڵاو کرابنەوە یان بڵاو نەکرابنەوە) لە یەک قەبارەی تایبەتیدا بڵاویان بکەینەوە وە ئەوەتا لێرەدا (١٨) چیرۆکی تۆمارەکانی خۆم و پێنج چیرۆکی کۆکردنەوە و تۆمارکراوی کەسانی تریشم لەگەڵدا یەکخستوون، هەوڵمداوە ناوی گێڕەرەوە و تۆمارکەرەکەشیان ئاشکرا بکەم بۆ ئەوەی چەند بتوانین کارەکە چاکتر و پوختتر ئەنجام بدەین. ئەم چیرۆکەی سوڵتان مەحموود نموونەیەکە لەوانە.

٢- ئەم چیرۆکە هەیاسی خاسی تیادا بەشدار نییە بۆ ئەوەی فریای سوڵتان بکەوێت نارەوایی نەکات. حوکمی ئەو سەردەمە دزە گەورەکان سەردارانی فەرمانڕەوای دەسەڵاتەکەی کە گوێ لە مستە و کەسە دەربارەکانی خۆی بوون لەگەڵ دوو دزی ڕەمەک. دز هەر دزە، سوڵتان کاتێک (مەلا، چاک و پاک و دادپەروەر لە جێگەیان دابنێت و خەریکی چاکسازی و پاکسازی بێت، دزی بچووک لە بریتی لێپێچانەوە و لێپرسینەوە بەپێی ڕادەی تاوانەکەی خۆیان، خەڵاتیان دەکات و لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی بەرزیان دەکاتەوە. دز لەناو دەبات و دز دەخاتە جێگەیان. ئەوەیە نادادی و چەواشەکاریی ملهوڕی داسەپاو و گەلنەویست.

ئایا لەو هەڵوێستەدا، سوڵتانی جەربەزە، لەناو ئەو هەموو کۆمەڵگایەدا دوو کەسی ئاسایی و پاک، توانادار و شایستەی دەست نەکەوت بیانخاتە پاڵ هەیاسی خاس بۆ ئەوەی باری خوار و خێچ و ناتەواوی دەسەڵاتدارێتییەکەی پێ ڕاست بکاتەوە و چارەسەری خاکەساری و دەردەداریی گەلەکەی خۆی پێ بکات؟!... دەبێت بپرسین بۆ چ مەبەستێک دز دەخاتەوە شوێنی دز؟!

## چیرۆکی بیست و یەک

# سوڵتان مەحموود و چرای

# سوڵتان مەحموود و چرای

سوڵتان مەحموود و حەسەن مەیمەنی و هەیاسی خاس دادەنیشن لە کۆشکی میرا لە دیوەخان فەرمان دەردەکەن بەگشت شاری (غەزنەدا) ئەڵێن ئەمشەو کەس چرا دانەگیرسێنێ و هەر لە ئێوارەوە بنوون، چونکە هاتوچۆ قەدەغەیە بە فەرمانی سوڵتان مەحموود. (سوڵتان مەحموود و حەسەن مەیمەنی)ش شەو هەڵدەستن بە خۆگۆڕاوی بەشاردا دەگەڕێن بۆ پشکنین، بۆ ئەوەی بزانن فەرمانی سوڵتان مەحموود بەجێهێنراوە.

بە جووتە شار تەی دەکەن هیچ نابینن تەنها کشوماتی نەبێت، کەچی وا سەیر دەکەن لە قەراغ شار لە ماڵێکدا چرایەک داگیرساوە، ئەچنە پێشەوە لە خانووەکە تەماشا دەکەن وا دەرگاکەی لەسەر پشتە و کابرایەک لەسەر حەسیرێک دانیشتووە و پشتییەک لەژێر باڵیدایە و شانی لەسەر داداوە، لەملاشەوە پیاوێک دانیشتووە و (نەی) لێئەدا.

سوڵتان مەحموود و حەسەن مەیمەنیش لە دەرگا ئەدەن و سڵاو دەکەن و ئەچنە ژوورەوە.

کابرای خاوەنماڵ دەڵێ: فەرموون... دەروێشینە، بەخێربێن.

دوای خۆشهاتن...

کابرا دەڵێ: ئێوە دەروێشن؟

ئەمانیش لە وەڵامدا ئەڵێن بەڵێ ئێمە دەروێشین و میوانی تۆین. کابرا دەڵێ: یاخوا بەخێربێن، دوایی ئەکەونە قسە و قسە بەدوای قسە تا پرسیار لە پیاوی خاوەن ماڵ دەکەن: مامە چییە وا بە تەنهایت و ئەم (نەی) ژەنەت داناوە و بە ماتی گوێت بۆ شل کردووە؟

کابرا لە وەڵامدا دەڵێ: وەڵڵاهی دەروێشینە، من هەموو ڕۆژێک کۆڵێک پووش ئەهێنم و ئەیفرۆشم بە کۆپاندرووەکان بە (٣-٤) قرانێکن جا لەو

پارەیە نان و گۆشت و پێداویستی ماڵ ئەکرم، هەموو شەوێک قران و نیوێک ئەدەم بەم پیاوە تا ئەم (نەی) یەم بۆ لێ بدات تا ئەنووم.

سوڵتان مەحموود ئەڵێ: ئیشی چاکە.. جا کێ وەکو تۆ خۆش ڕادەبوێرێ..!

بۆ ڕۆژی دوایی سوڵتان مەحموود فەرمان دەردەکا بە قۆڵچی و ئەڵێ:

هەرچ کەسێ کوڵە پووشی پێبوو لە شاخەوە هانیبووی لێی بسێنن و بیسووتێنن.

لەملاشەوە کابرای هەژار بە کوڵێ پووشەوە لۆژەلۆژ دێت و لە پڕێکا دوو زەلام هاواری لێ دەکەن و بانگی دەکەن:

– کابرا.. پووشەکەت داگرە، ئەویش بەسەزمانە دایئەگرێت، خێرا گڕی تێ بەرئەدەن و پووشەکە ئەسووتێنن..!

* کابرا هاوار دەکات. بۆ خاتری خودا..بۆ وا دەکەن؟

دوو زەلامەکە لە وەڵامدا ئەڵێن: فەرمانی سوڵتان مەحموودە..!

کابرا بە نائومێدی بەرەو ماڵ دەبێتەوە و لەبەر خۆیەوە دەڵێ:

– چیبکەم خودایە، چۆن رزقی ئیمڕۆم پەیدا بکەم.. ئەی پارەی کابرای (نەی) چۆن پەیدا بکەم؟

وەڵڵا کابرا لەم بگرە و بەردەیەدا دەبێت، لەپڕێکا لە کەلاوەکەی ئەودیو ماڵەکەیەوە گوێی لە غەڵبە غەڵبێک ئەبێت، کابرا گورج دێتە دەرەوە و ڕوو ئەکاتە کەلاوەکە.. دەبینێ وا سێ چوار زەلام قومار دەکەن، ئەم قۆڵی لێ هەڵدەکات و هاوار دەکات:

کوڕە ئێوە بە (فەرمانی سوڵتان مەحموود) قومار قەدەغەیە ئێوە چۆن قومار دەکەن.

– زەلامەکان هەر بە بیستنی ناوی (سوڵتان مەحموود) ئەتۆقن و لەترسا هەڵدێن (٥٠) قرانێکیان لێ بەجێ دەمێنێ.

ئەمیش پارەکە هەڵدەگرێ و ئەچێتە ماڵەوە، ئینجا بەرەو بازاڕ ئەچێ و خواردن و خواردنەوەیەکی باش دەکڕێ و بە کابرای (نەی) ژەن ئەڵێ ئەمشەو

«دومبگ» لێدەرێکیش لەگەڵ خۆت بهێنە.

* لەملاشەوە سوڵتان مەحموود بە حەسەن مەیمەنی دەڵێ:

با بچین بزانین کابرای هەژار چۆنە، چونکە ئیمڕۆ کۆڵە پووشەکەی سووتاوە. وردە وردە هەر بەخۆ گۆڕراوی وەکو شەوی پێشوو ئەچن بۆلای ماڵی کابرای هەژار، کەچی وا سەیر دەکەن و گوێیان لە «تەپڵ» و نەی لێدانێکی سەیرە.. ئەوە چییە لەوە دەچێ ئەمشەو هەژارەکە ئاهەنگی ساز دابێ؟

دەچنە بەردەم ماڵی کابرای هەژار و لە دەرگا ئەدەن و دەچنە ژوورەوە، کابرای هەژار ئەڵێ: یاخوا بەخێربێن، وەڵڵاهی (پێی ئێوە بەخێر بوو)، ئەوانیش ئەچن و دادەنیشن، ئەکەونە قسە و لە کابرا دەپرسن.. خاڵە.. وادیارە ئیمڕۆ واریداتتان زۆر بووە.

کابرای هەژار لە وەڵامدا ئەڵێ: کوڕە ماڵی سوڵتان مەحموود بەقوڕ گیرێ بە ئەمری ئەو پووشەکەیان گرتم و سووتاندیان.

منیش بە خەمباریی هاتمەوە ئێرە کەچی ئیرادەی خودا وابوو.. لەو کەلاوەیە گوێم لە سێ چوار زەلام بوو قوماریان دەکرد.

منیش کردم بە هاوار: زەلامینە.. ئێوە نازانن بە ئەمری سوڵتان مەحموود قومار قەدەغەیە؟ هەر ناوی سوڵتان مەحموودم هانی.. ترسان و هەڵهاتن.. (٥٠) قرانێکیان لێجێما منیش خواردن و خواردنەوە و پارەی (نەی) و ئەم دمبگەم لێ مەیسەر کرد.

ئەوانیش ئەڵێن چاکت کرد.

بۆ سبەینێ سوڵتان مەحموود فەرمان دەردەکا بە قۆڵچییەکان دەڵێ: قومارچییەکانم بۆ بدۆزەرەوە، پاش گەڕانی هەموو شار ئەیاندۆزنەوە، سوڵتان مەحموود پێیان دەڵێ: ئەم شەویش بچن لەو کەلاوەیەی دوێنێ شەو قومار بکەن کەییش ئەو پیاوە هات بیگرن و بیهێنن، بزانم چۆن بەناوی منەوە درۆی کردووە و وتوویەتی قومار قەدەغەیە.

بۆ شەوی دوایی کابرا قومارچییەکان دەچنەوە و قومار دەکەن..

دیسانەوە کابرای هەژار خۆی لێیان قایم دەکات و لەپڕێکا هاوار دەکات:
کوڕە قومار قەدەغەیە بە فەرمانی سوڵتان مەحموود..؟
کەچی ئەم جارەیان پیاوەکان ئەیگرن و قۆڵبەستی دەکەن و ئەیبەن بۆ خزمەت سوڵتان مەحموود.

– سوڵتان مەحموود بە کابرای هەژار دەڵێ:
کابرا تۆ بۆ پارەی ئەمانت خواردووە؟
کابرای هەژار دەڵێ: قوربان بە فەرمانی سوڵتان مەحموود کۆڵە پووشەکەی منیان سووتاند کە تاکە ڕزقم بوو، منیش بە فەرمانی سوڵتان مەحموود قومارچی ڕاودەنێم تاکو بژیم.
سوڵتان زۆر دڵگران دەبێ قومارچییەکان ئەگرێت و سزایان ئەدات، پارەیەکی زۆریش ئەدات بە کابرای هەژار و پێی دەڵێ تۆ بڕۆ هەر بەزمی خۆت بکە و خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە.

---

لە وەستا عەلی حەسەنی فاتمە غەزاییم وەرگرتووە لەدایکبووی ١٩٠٣ و لە ساڵی ١٩٩١ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردوە.

کۆکردنەوەی ئاوات حەسەن ئەمین، ژمارە (١٠)ی گۆڤاری کەلەپووری کورد.

**سەرنج**

ئەمەش چیرۆکێکی تری تۆمار کراوە لەلایەن کەسانی ترەوە. لە سەرەتادا هەروەک ئاماژەیەک ناوی هەیاس هاتووە، لە ڕووداوەکاندا بەشداری نییە.

بیرۆکەی ئەم چیرۆکە ئەوە دەردەخات هەوڵدان بۆ بەختەوەری و دابینی شادمانیی ژیان بە هەوڵی سادە و ساکاریش بێت لای هەژاران و ڕەنجکێشەکان دێتە دی. زۆردار و کاربەدەستی خراپەکار ئەوەشیان پێ بەزیاد دەزانن و دەیانەوێت لێیان تێکبدەن.

ئەم چیرۆکە فۆلکلۆرییە ئەوە دەسەلمێنێتەوە کە دەسەڵاتی جەربەزەیی و سامانی زۆر و زەبەندە، مەرج نییە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی بۆ خاوەنەکەی بەدی بهێنێت، ژیانی کەسە ئاساییە سروشت جوانەکان بەو ساکارییە بێ خەوشەی خۆیانەوە، شێنەیی و هێمنی، سروشێکی دروست و ناخێکی کراوەی بێ گرێ بۆ کەسەکە دەرەخسێنێت، لە مرۆڤە هەژاوە پەشێوە دەستدارەکە جیای دەکاتەوە.

ئەم چیرۆکە خراپی و ناڕەسەنیی نۆکەری دەربار ڕسوا دەکات و دەری دەخات ئەوانە وەک ئامێری شوومی شەڕخوازی و دەستدرێژیکەر، بە فەرمانی ئاغاکانیان، بەبێ بیر لێکردنەوە و سڵەمینەوە لە کاری سەپاودا بەشداریی تاوان و دەستدرێژییەکانیان دەبن، چونکە خۆیان هەرزانفرۆش کردووە.

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە لە جۆری شێوازی دەستدرێژیکەرانەی ئەم چەشنە چیرۆکانەدا هەرگیز دەوری هەیاسی خاس بە خراپی نەبینراوە. ئەوەش دیاردەی سەرەکی جیاوازیی کەسێتیی ئەوە، بەراورد بە سوڵتان مەحموود یان وەزیرەکانی تری سوڵتان.

## چیرۆکی بیست و دوو

# هێلکەو ڕۆنەکەی هەیاسی خاس

# هێلکەو ڕۆنەکەی هەیاسی خاس

پیــرێکی ئیــفــتــادە لەو زەمــانەیدا بەلارەلارەوە، بەخــۆی و تەقــەتەقی گــۆچانەکــەیەوە هاتە کنم، لەبەری هەســتــام، دامنیــشــاندو لێی پاڕامــەوە نەزیلەیەکم بۆ بگێڕێتەوە، ئەویش دووسێ جار گۆچانەکەی بەزەویدا داو گوتی:

کوڕم، با جارێ پێت بلێم باپیرە گەورەکانمان لەخۆڕا نەیانفەرمووە:

[پاشا مرد

کفنی نەبوو

هەڵیانگرت

جێگەی نەبوو

دایاننا

ڕێگەی نەبوو

قەبریان بۆ هەڵکەند

پاچ و بێڵ نەبوو..]

منیش بە سەرسوڕمانەوە گوتم:

گەورەم، جا ئەوە چی دەگەیەنێت؟!

لە وەڵامــدا گــوتی کــوڕم ئەوە زۆرداره زۆردار، واتە لە هیــچ کــات و هیــچ سەردەمێکدا گۆڕی ئەم خاک و گڵە ڕۆحیانەتی پیسی ناگرێتە خۆی.. ئەی ئەوە بەخۆی نەزیلەیە..

دوای ئەوە لێی چوومە پێشەوە، گوتم ئێ باشە خاڵی خاڵان، ئەمن لەوەی گەیشتم و ئێمە هەر بەدوای ئامۆژگاری و ڕاوێژی ئێوەو باپیرانەوەین و ئەو جا لەبۆی گێڕامەوە گوتی:

کوڕم لەو زەمانە کۆنینەی باپیرانەوە دەگێڕنەوە سەردارێکی سەرکاکلەی ئەم کوردەوارییە هەبووە گەلێک بەزەیی بە خواردەستانی خۆیدا هاتووەتەوە بەپێی

بەرژەوەندیی قـەومـوقـیلەی کـاری ڕاپەڕاندووە ئەوانیش سـەریان لەڕێگەیدا داناوە.

قـەزا وای دەهێنێت وەڵات تووشی وشکەسـاڵـیــیـەکی سـەخت دەبێت. بەروبوومی کشـتکارییـان دێتە کزی. گزرە و پووشی پاوەنی کوێسـتانەکانیش کەم دەبێتەوە ئاژەڵیان لە ڕولاوازو قاتوقڕی دادەکەوێت. سەردار بیـردەکاتەوە دوو سـاڵ لەسـەر یەک ئەو خـەرج و باجـەی سـاڵانە بەسـەریاندا سـەپاوە بۆ سولتانی بەناڕەوا نەنێرێت و لەجێی ئەوە هەژارو بێدەرەتانی لای خۆی پێ لە مردن رزگار بکات.

دوو ساڵ تێدەپەڕێت زستانێکی سەخت و بەستەڵەک و نەهامەتی روویان تێ دەکات. لەو لاشەوە نۆکەری دووزمان و خراپەکار لای سولتان مەحموودی بێـڕەزا دووزمـانی لێ دەکـەن و بۆی تێـدەچێنن گـوایە ئەو سەردارەی هێندەی بەدەست و سـامـاندارەو خـەرج و باجی بۆخـۆی دەبات و دەخـوات و نایداتە خەزێنەی سولتانی گەورەمان. سولتـان مەحموود لە دڵی خۆیدا بەو زستانە سـاردە پیـلانی لەناوبردنی بۆ رێکدەخـات، هەیاس لەگـەڵ خـۆی دەبات بۆ شارۆچکەیەکی نزیکی ئەو کوێستانەی دەنێرێتە دووی سەردار، سەردار دەهێنن و ئەنجـومـەنێکی رێکدەخـات. دوایی دەیخـاتە ژێر گـیـرو گـازەوە کـە بۆچی سـەرپێچی لە فـەرمـانی وی دەکـات و ئەوە سێ سـاڵە خـەرج و باج و دیاری و دیانەتی بۆ نەناردووە؟!

سـەرداریش لە بەردەمی هەمـوواندا داکۆکی بەوە لەخۆ دەکـات کـە ئەوە لە جێی سولتـان مـەحموود یارمەتی و باربوویی هەژارو لێقەومـاو و بێدەرامەتی رەعـیـەتەکـەی ئەوی داوە و لـەمـاڵ و سـامـانی خـۆیشی لە نەهامـەتی رزگـاری کردوون.

سـولتـان بەرامبـەر بەو بەهانەیەی بێـدەنگ بوو، لەو لاوە ئەنجـومـەن تکای بەخشـینیـان بۆ سەردار کردو باس لەوە کرا کە ئەوەتە ئەم سەرمـاو تۆفـەش بۆ ڕەشە خـەڵکە بێدەرەتانەکە ژیان سەختـەو پێویسـتـییـان بەهاوکـاری و باربوو هەیە.

سوڵتان بۆ ماوەیەک خۆی بێدەنگ کرد. لە دڵی خۆیدا گوتی «راوەستە، خۆم دەزانم چۆن ئەم کەللەڕەقە لەناو دەبەم کە ئەوە سێ ساڵە ئاشکرا سەرپێچی فەرمانی من دەکات، دوایی سوڵتان هاتە زمان گوتی ئەوا من لەسەرت نا دەم، بەڵام مەرجێکت بۆ دادەنێم ئەگەر لەو مەرجەی دەرچوویت سبەی فەرمانی بەخشینت بۆ دەردەکەم.

سەردار و ئەنجومەن هەموو دڵیان خۆش بوو کوڕنووشی ستاییشیان لە بۆ سوڵتانی ناهەمواری برد. بۆ ئێوارە خۆشی خۆشی سوڵتان فەرمانی بەخشینەکەی ئەفەرۆز کرد و گوتی ئەو شەو هەتا بەیانی لە دەشتی ئەو مەیدانەی بیبەستنەوەو بۆ چێشتەنگاو کۆت و زنجیری لەدەست و قاچی بکەنەوە و بەرەڵای دەکەم.

دانیشتووان گشتیان بە خەفەتبارییەوە بێدەنگەیان لێکردو گوتیان ئەو بەستەزمانەی بەم تۆف و سەرمایەی ناگاتە نیوە شەوی هەر زوو ڕەق دەبێتەوە. سوڵتان مەحموود زانی هەیاسی خاس دە یەوێت دەم بکاتەوە، بەڵام ئەو نەیهێشت و گوتی:

هەیاس سبەی پاش نیوەڕۆ تەدارەکێکم بۆ ڕێکبخە پێکەوە بزانم چیم بۆ دەکەیت؟!

بەم جۆرە بڵاوەی لێکرا. هەرکەسە بۆ ناو پێخەفی گەرمو نەرمی خۆیان چوونەوە. پاسەوانی تایبەتی سوڵتان لەو لای سەرداری دەست و پێ بەستراوەوە ڕەشماڵی خۆیان لێ هەڵداو قاییم و گەرمو گوڕ لەسەر خۆیان قەپات کرد.

لەولاشەوە هەیاسی خاس بە خەفەتی سەردارەوە، شەوگار کردی و هەیاس کردی، مەگەر جارو بارێک خەوەنوچکەیەک ئەگێن هەتا بەیانی لە پەژارەیدا خەو نەچووە چاوی.

بۆ سبەینێ بەیانی سوڵتان لە ژووری خۆی لە میوانخانەی هاتە دەرەوە بەتەمای ئەوەی فەرمان بدات بچن تەرمی سەرداری بەەن بینێژن، چاوی بە هەیاسی کەوت لەبەری هەستاو سەری لەوە سوڕما کە هەیاس بەهیچ جۆر

لەسەرداری نادوێت. دوایی نۆکەری پیاوی بەمتمانەی خۆی بانگ کرد و گوتی ها خەبەری سەرداری نالەبار چییە؟!

سەرکار دەمی تێکەڵ وپێکەڵ بوو بەترسەوە گوتی قوربان لەش ولاری وشک هەڵاتووە دەست و قاچی تەزیون دەمی لە گۆ کەوتووە، بەڵام ڕەق نەبووەتەوە..

سوڵتان بە شپرزەیی گوتی کەواتە ماوە و پەترۆی نەبردووە؟!

سەرکار گوتی پاشام بەرقەرار بێت، بەڵێ وایە.. سوڵتان سەیرێکی هەیاسی کردو گوتی کەوایە بچن ئەو دەیبیوز بابەم بۆ بهێنن. سەرکار بەپەلە کوڕنووشی بۆ سوڵتان بردو بە پەلە لەچاو ونبوو..

هێندەی نیو کاژێرێکی پێچوو، پاسەوان بەچوار دەستە سەرداریان هێناو وەک تەختە بە بەستوویی هێنایانە ژووری گەرمەوە فڕێیان دایە سەر زەوی پڕ لە فەرش و ڕاخەر بەحاڵ چاوی پتەی دەهات، هەموو گیانی بەستبووی نەیدەئاوزا جووڵەی لێوە بێت.

سوڵتان بەسەر سەرکاردا قیڕاندی و گوتی جائەوە چۆن قسەی لەگەڵ دەکرێت من بیدوێنم؟!

هەیاس خێرا لەدەمی سەڵتانی قۆستەوە و گووتی قوربان تۆ دوێنێ بەخشیوتە و لەملت نەداوە، با بیبەن بۆ ئەو ژوورەی گەرمی بێتەوە، خۆراکی بدەنێ، ببووژێتەوە، ،ئێمەش ئەنجومەنی خۆمان تەواو دەکەین، دوایی ئەمڕۆ یان سبەی لێپێچانەوەی تەواوی لە گەڵدا بکەن..

سوڵتان تا ئەو کاتە بەدڵی پڕ لەقینەوە گوێی لە قسە ناخۆشەکانی هەیاس گرت و لەدڵی خۆیدا گوتی:

ئائەمەشی یەکێکە لەوانەی تری کە بە هانای نەیارەکانی منەوە دەچێت. دوایی ڕووی کردە سەرکارو گوتی: هەیاس چیتان ئەمر پێدەکات وەها بکەن!!..

بەم جۆرە خاڵە پیرە پاشی پشوودانێک و کۆکەکۆک گوتی ئا بەو جۆرە سوڵتانی جەربەزە وازی لە سەردار هێنا و چوو بەلای کاروباری ئەنجومەنی

تەختوبەختی زۆرداری خۆیەوە.

سەرداریش لەولاوە بەنیوە گیانی بووژایەوە و تەواو هۆشی هاتەوە و زانی سوڵتان دەیەوێت بەزیندوویی لەناوی ببات.

بەو شێوەیە دوای تەواوبوونی ئەنجومەن سوڵتان هەیاس و دەستەو دایەرەکەی هاتنەوە. دوای دانیشتنەوەی سوڵتان مەحموود سەردار هێنرایەوە دیوانی لێپرسینەوە. سوڵتان رووی کردە سەردارو پرسی ئادەی پێم بڵێ چۆن توانیت بەرگەی سەرماو بەستەڵەکی بەدرێژایی دوێنێ شەو بکەیت، بزانم چۆن بوو بۆمانی بڵێ.

ئەوجا خاڵە پیرە گوتی:

کوڕم ئەو لە مەرامی سوڵتان گەبوو، دەیسا روودەکاتە هەیاسی خاس و وەک داوای یارمەتی لێ بکات و بەلای سوڵتاندا وەردەچەرخێت و دەڵێت:

گەورەم، من باوەڕدارم، بەزەیی و خۆشەویستیم بەرامبەر دانیشتووانی دەڤەری خۆمم لەدڵدایە.

پەروەردگار ئەو توانایەی پێ بەخشیوم ئاگام لە خوار دەستی خۆ ببێت. من لەسەر حەقم، خەرج و باج بۆ دیوانە، دیوانیش دەبێت بۆ رەعیەتی خەرج بکاتەوە.

سوڵتان گوتی باشە چۆن بەرگەی ئەو سەرمایەت گرت؟!

سەردار وەڵامی دایەوە گوتی قوربان بە دوو چشت، بەو بڕوا بەتینەی یەزدان و ئاهورا لە باوەڕدام چەسپاندوویە و کە تاریکیش داهات لەو چیایەی بەرامبەر لە دوور دوورەوە تورسکەی ئاگرێکم بەدی کرد، ئیتر ناخی خەیاڵم دایە و هێندەم چاو تێ بڕی و وامدەزانی لەبەر دەممدایەو ئەو ئاگرە بۆ من دەگرێت و گەرمم دەکاتەوە.

لەو کاتەدا سوڵتان بەقینەوە قسەی بەسەردار بڕی و گوتی «کەواتە تۆ فێڵت کردووە، ئەمەیشت فێڵێکی ترە، تۆ ئاگرت بەکار هێناوە بۆ ئەوەی خۆتی پێ بپارێزی، کەواتە تۆ مەرجەکەی منت دۆڕاندووە و ئیتر ناتبەخشم و دوو رۆژی تر بەهەقی خۆتت دەگەیەنم، سەردار ئیتر نەیتوانی دەم بکاتەوە، هێندەی

پێکرا دیسـانەوە سـەیری هەیاسی خـاس بکاتەوە، دوایی پیـاوانی سـوڵتـان مەحموود بە پەلبەستراوی سەردارییان بردە دەرەوەی ئەو ژوورە.

ئەوانیش بەکاروبارەکانی ترەوە خەریک بوون. کاتێک کاروباری ئەو ڕۆژە تەواو بوو هەیاس لە سـوڵتـان نزیک بووەوە، گـوتی قـوربان سـبـەی نیـوەڕۆ حـەزدەکـەم هەر خـۆم و خـۆت لە شـوێنێکی تایبـەتی نانێکی دەروێشی خـۆشی هێلکەو قاورمەی شاهانەی بخۆین کە بەتایبەتی بۆمان ئامادە بکەن و تامێکی خۆشی تایبەتی هەیە هەرگیز بەو جۆرەت نەخواردووە.

سولتان کەیفی بەو قسانەی هەیاسی هات و هەریەکەیان چوونەوە بۆ شوێنی حەوانەوە.

بۆ سبەی نیوەڕۆ هەیاس پێشوازی گەرمی لە سولتان کرد بردی بۆ ژوورێکی پاک و خاوێن لە خانوویەکدا. لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ئاگردانێکی گەورەی تیـادا بوو پڕی بوو لە کـەڵە پشکۆی گڕداری خـەڵووزی کـوورە و لەبەر دەمـیـدا جێگەیەک بۆ سولتان رازێنرابووەوە. هەیاسیش لەخوار سولتانەوە دانیشت و بەقسەو باسەوە خەریکبوون. لەڕاست ئاگردانەکە بۆ سەرەوە لە بنمیچەکەدا کلاوڕۆژنەیەک بۆ سەربانی ژوورەکە هەبوو. دەستوپێوەند هەر زوو زوو پشکۆی گەشاوەیان دەهێنا و دەیانکردە ئاگردانەکەوە. بەم جۆرە نیو سەعات بەقسەوە مـانەوە نان هەر نەهات. سـولتـان گـەرمـای بوو هەستی بە برسێتـییـەکی زۆر دەکـرد. دوای مـاوەیەک سـوڵتـان بێـزار بوو، بەهەیاسی گـوت ئەم نانـە هەر نەهات؟!

قـوربان هەر خـەریکن خۆت دەزانیت قاورمەی ناو هیـزە دەیبـەستێت و سی هێلکەشی تێ کراوە لە دەفرێکی گەورەدا هەروا پێدەگات؟!

سـولتـان دوایی تەواو بێ تاقـەت دەبێت و بە تووڕەیی بەهەیاس دەڵێت تۆ پێمان ناڵێیت ئەم هێلکەو قاورمەیە لەکوێ دەکەن و کوانێ با بیبینین.

هەیاسیش دەڵێت قوربان لە سەر بان. سولتان دەڵێت باشە جا بۆ لەسەربان ئەی بۆچی نایهێنن بۆ سەر ئەم ئاگرە خۆشەو لێرە بیکەن؟!

هەیاسیش دەڵێت ئێ قوربان بەم ئاگرە دەیکەن و ئەویش لەژێرەوەی گەرم و

سەرەوەی فێنک بۆ خۆی دەپیشێت و تام دەداتەوە.

سولّتان دەپرسێتەوە!!.. چۆن چۆن؟! بەم ئاگرەو چۆن؟! ئەمە چشتێکی نەزانراوی تێدایە..

هەیاس دەڵێت قوربان سەرێک هەڵبڕە بۆ ئەو بنمیچە، هۆ لەو کلاّو ڕۆژنەیەوە تینی ئەم ئاگرەی بۆ دەچێت و پێدەگات و زۆر بەخۆشی دەیخۆین!!..

سولّتان لە هەیاس توورە دەبێت و دەڵێت ئەم ئیشە چۆن وا دەبێت و لەزەتی چی و خۆشی چی، خواردنی وەها بەهەفتەیەکی تریش لێرەوە بۆ ئەوێ نە پێدەگات و نە بە خۆشی دەزانێت، کەواتە ئێمە ئەو هێلکە و قاورمەیە هەر ناخۆین و هەیاس من و تۆو ئەم باسە. هەیاس کە زانی سولّتان مەحموود بەتەواوی قەڵس بوو. بەدەست ئیشارەتێکی بۆ پێشوازیکەران کردو یەکەندەر دوو خواردنی چەورو گەرم و نەرم بە سینی زیوی سپی هاتە بەردەمی داندراو هەیاسی بلیمەتیش ئیشارەتی کرد. هەر خۆی و سولّتان لەو ژووره رازاوەیەدا مانەوە، بەلاّم هەیاس دانەنیشت و دەستەونەزەر خزمەتی سولّتانی دەکرد. سولّتان فەرمووی لێ کرد بەلاّم هەیاس بەڕوویەکی خۆشەوە گوتی بەهیوام سولّتانی گەورەمان خواردن و هێلکەو قاورمەکەی بەدڵ بێت. سولّتانیش سەری بۆ لەقاندو لیپی لەو خواردنە خۆشەی دەداو لەدڵی خۆیدا دەیگوت «ئەم مەکرەی هەیاسم پێ هەڵنایە، دەزانم دوای تێر خواردنم، هەیاس دەناسم خۆی پێ ناگیرێت و دەیدرکێنێت، ئەگەر پێم باش بوو بەرژوەندێکی لەگەڵ دەکەم؟!!» لەو لاشەوە هەیاسیش کە مۆخی سولّتانی کەللەڕەق و جەربەزەی دەناسی لە سێوددوی ئەوە دابوو چۆنی پێ بڵێت و چۆن ئەو گرفتەی پێ چارەسەر بکات. دوایی گوتی دەی خۆم دەزانم چۆن پێی دەسەلمێنم و خاوی دەکەمەوە.

کوڕەکەم، ئا بەو جۆرەی سولّتانی ناهەمواری چەندەی پێ خورا هوورگی لەو خواردنە خۆشەی پڕومڕ کرد، دەستی بەسمبێڵیدا هێنا، شانی خستە سەر سەرینی قوو بۆماوەیەکی کەم چاوێکی لێ گەرم کرد. دوایی وەک ڕاپیچەنێێن رووی کردە هەیاس:

– هەیاس من ئەو نانەی خواردم هێلکەو ڕۆنی سەر کلاوڕۆژنەیی بوو؟!

هەیاس خێرا گوتی نەخێر قوربان، ئەو تاوە گەورەیە هێشتا لەسەربانە، سی هێلکەو پلە قاورمەی زۆری تێدا یە و وەک دەستوپێوەند ئاگاداریان کردووم قاورمەکەی هێشتا خاو نەبووەتەوە، ئێستە بەرەو پاش نیوەڕۆیە دەچین لەوە دەچێت هەر خاو نەبێتەوە!! سولتان بە تەوسەوە گوتی کەواتە ئێمە هێلکەوڕۆنی سەر کلاوڕۆژنەی هەر ناخۆین؟!

هەیاس لە دوودڵی سولتان تێگەیشت و لەدڵی خۆیدا گوتی باشە سولتانم خستە پرس و گومانەوە، ئیتر وەختێتی سفرەکەی دڵمی بۆدادرم.. رووی کردە سولتان و گوتی قوربان ئەوە هەر نەخوراوە و گەردەفەرمووی بەجۆری تر نۆشی دەکەین.. بەلام گەورەم ئەگەر ڕێم بدەیت بیرۆکەیەکیشم هەبوو بۆتانی بلێم ؟!

سولتان بەدڵنیاییی بە هەیاسی گوت: هەیاس من هەر زوو زانیم هەرامەیەکت لەژێر سەریدایە، هەولگمدا خۆم بیزانم بۆم لێک نەدرایەوە، بلێ بزانم داواکاریت چییەو مەیشارەوە.

هەیاس گوتیە سولتانی جا گەورەم کەس نا من؟!

ئایا گومان دەبەیت من بتوانم شتێک لە تۆ بشارمەوە؟!

دەزانم وایە، دەی بیلگێ ئەمجارە چی لە هەگبەکەتدایە؟!

گەورەم جەنابی سولتان، بەڕێزت بەچاوی خۆت بینیت کە ئەم ئاگرە نێڵە نێڵە لەم شوێنە نزیکەوە بۆ کلاوڕۆژنەکە هیچ گەرمییەکی نەگەیاندە ئەو هێلکە و ڕۆنە، بەو هەموو ماوەیەی لەگەڵ بەڕێزتان چاوەڕوانیمان کرد ئیتر چۆن لە سەردار نابووریت کە شەوێکی دوورودرێژ بەرگەی سەرماو بەستەڵەکی گرت و ڕەق نەبووەوە؟؟ ئەی ئەو چۆن لەو چیابەرزە دوورەوە سوودی لەترووسکەی ئاگرێکی دوور دوور وەرگرتووە کە بەفێڵ بۆی دابنرێت و لە ناوبچێت. ئەو مەرجی ئێوەی بەڕێزی بەجێ هێناوە و لە مردن و ڕەقبوونەوە ڕزگاری بووە، تۆی بەڕێزیش لەو کەسانە نیت لە پەیمانی خۆت پەشیمان ببیتەوە. بۆیە من تکاتان لێ دەکەم ببەخشن، چونکە کەسێکی پاکەو خزمەتگوزاری دیوان و دانیشتووانی وەلاتی خۆبەتی.

سولتان مەحموود بە دەمودوویەکی تێکەڵ بە خۆش و ناخۆش سەیری هەیاسی کردەوە و گوتی لەبەر هێلکەو ڕۆنی نەکولاوی سەر کلاورۆژنەی هەیاسی بەپیلان و داو، ئەوا لەو سەرپێچیکەرەش خۆش بووم. هەیاس کە بەپێوە لەبەردەمی سولتاندا وەستابوو بەڕووی گەش و دڵی خۆشەوە سوپاسی سولتانی کردو گوتی قوربان هەرخۆشمژ دەبیت و سبەی خۆم دەیهێنمە دیوان..

**سەرنج**

دەقی پێشەکی چیرۆکەکە لەسەر چیرۆکەکە نییە. چیرۆکخوان جاران پێش دەستپێکردن بۆ سەرنجڕاکێشانی گوێگر دەقی لەم جۆرەی دەگوت، ئەوسا چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە. ئەم جۆرە دەقانە نەگۆڕن و نرخی تایبەتی خۆیانیان هەیە. هەروەها بۆ کۆتاییهێنان بەچیرۆک دەقی لەو جۆرەی تایبەت هەن و ئەوانیش دەقی نەگۆڕن.

١. لەم چیرۆکەشدا ئەوە دەسەلمێتەوە کە سولتان مەحموود دەسەلاتدارێکی زۆردارو جەربەزە بووە.

٢. هەروەها لێرەشدا دەردەکەوێت کە هەیاسی خاس بە حیکمەت و زانایی و دانایی خۆی هەمیشە دەستی بەسەر سولتاندا ڕەوا بوو. بەو جۆرە خزمەتی خواردەستانی خۆی و هاولاتی گشت دەڤەرەکانی ژێر فەرمانڕەوایی خۆی کردووە.

٣. لەم چیرۆکەشدا دەردەکەوێت لەناو دانیشتووانی ئەو سەردەمەدا کەسی بەرهەڵستکاری وەک سەردار هەبووە بەرامبەر ئەو ڕژێمە داسەپاوانەی ئەو سەردەمە کۆنانەو لەم ولاتی کوردەوارییەدا کەسانی بەهەڵوێست هەبوون کە بەرامبەر زۆرداران بێدەنگ نەبوون و هەڵوێستی مەردانەی خۆیان نواندووە بۆ پشتگیری و بەفریاکەوتنی میللەتی خۆیان.

٤. ئەم چیروکە د. حەمید ئەحمەد حەمید بۆ منی گێڕاوەتەوە. باوکی خۆی لە تەمەنی لاوێتیدا بۆی گێڕاوەتەوە. حەمید بە نەژاد کورد بووە. لە بنەچەدا دانیشتووی سەقز بوون. دوایی لە پەنجاکاندا هاتوونەتە دەربەندی ڕایەت و

لەویّ ژیاون. ئەم کوردە هێندە بە کەسایەتیی هەیاسی خاس سەرسام بووە کە یەکێک لە کوڕەکانی خۆی ناو ناوە (ئەیاز) واتە (هەیاس) کە ئەمە دووەم جارە من ناوی (هەیاس) بە (ئەیاز) دەبیستم.

٥. ئەم کاک حەمیدە چوار کوڕی هەبووە (ئەیاز، نیاز، مەجید و حەمید) مەجیدی کوڕی لە شۆڕشی کوردستاندا لە عیراق شەهید کراوە. د. حەمیدی کوڕی ئێستە لە هەولێر دەژی و تەنها چیرۆکەکەی بەبێ دەقی پێشەکییەکە بۆ من گێڕایەوە. منیش بەم جۆرە تۆمارم کردەوە.

## چیرۆکی بیست و سێ

# خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە



**سەرنج:**

ئەم وێنەیە کە لە هەندێک سەرچاوەی ئەنتەرنێتدا، بەگەلێک زمان بە سوڵتان مەحموود هاتووە بەڵام لە سەرچاوەی تردا بە نادر شا یان شا عەباس ڕاگەیەندراوە. من وەک ئەمانەت بە پێویستم زانی ئەوە ڕوون بکەمەوە.

# خـودا لـه سوڵـتـان مەحموود گـەورەتـرە

هەبـوو نەبوو، کـەس لەخـودا گـەورەتر نـەبوو، کـەس لە بەندەی بـەدڕەفـتـارو ڕووڕەشـتـرنـەبوو، گـەدابێت، شـا بێت، هەر دەبـێت بچـێـتـەوە بەر قـاپیی لێپرسینەوەی یەزدانی مەزن..

دەگێڕنەوە دەڵێن دەورانێ لەمەو پێش پاشایەکی ملهوڕ ڕۆژێک بە بەردەمی دارتاشێکدا تێدەپەڕێت، دارتاش کڵاوی لاری لەسەری داناوە، قنج و قیت لە بەر خـۆیەوە ورەوری گـۆرانیـیـەتی.. قـەڵەمـێکی بزمـارکـوتی بەدەسـتـەوەیە کۆتاییەکەی خستووەتە سەر کەڵە پەنجەی قاچی چەپی خەریکە بە تیغێکی تیژ دەیتاشێت بۆ ئەوەی دوو جەمسەرە تەختەی ئامێرێکی تەونی پێکەوە پێ ببەستێتەوە.. پاشا لە بلیمەتی و کارامەیی کابرای دارتاش سەرسام دەبێت و دەپرسـێـت ئەو کـابرا دارتاشـە چۆن دەست و پەنجـەی خـۆی نابڕێت و ئەو هەوەسەی لە کوێ هێناوە؟!

دارودەستـەی لاپرەسەنگ و دووزمان و کـاسەلێس خێرا لە سوڵـتـان هاتنە پێشەوە گوتیان: قـوربان، ئەم کڵاولارە ناچیزەیە، خاوەنی جوانـترین ژنی ئەم شـارەیە، لە دارتاشـیـیـەکەشیـدا بەناوبانگترین دارتاشی ئەم ناوەیە. لەولاوە ناپەسـەندێکی تریان شـرودڕ هەڵـیـدایە گـوتی: قـوربان، سـەرکـار ڕاست دەفەرمووێت، ژنی ئەو دارتاشەی لە فەرۆخلیقا نازدارترە، پەرییەکە بۆ خۆی. ئەو هەر بۆ خانەوادەی سوڵـتانی گەورەمان چاکە و بەو کەرە بۆزەی حەرامە..

دەوروبەری سـوڵـتـان هەمـوویان ئەشـهـەدوویان کـرد کە ئەو مـتـورفـەیە هەر بۆ کـەسێکی وەک سـوڵـتـان حەڵاڵـە.. سوڵـتـانی ملهوڕ بەم قـسـانـە لێی بەزەوق کـەوت، فـیـتـەی سمـێـڵی لێ دەهاتێ. کـەوتە فـاکـوفـیـکی زەوتکردنی ژنی دارتاش.. جا ویستی بەهانەیەکی لێ بدۆزێتەوە، لە پەناوە بە وەزیری دەستە چەپی گوت: «وەزیر، با بچینە بەردەمی بزانین چ دەبێت..» وەزیر فەرمووی لە سوڵـتان کرد چوونە بەردەمی، بە دارتاشی گوت:

کابرای دارتاش ئەوە سوڵتان مەحمووده سەیری دەستوقەڵەمت دەکاتێ.. دارتاش بێئەوەی سەر بەرز بکاتەوە بڵتەبڵتێکی لێوە هات، خێرهاتنی سوڵتانی کرد دەستی لەکاری خۆی بەرنەدا، لەجێی خۆ نەبزوا. وەزیر ئەوەی بە هەل قۆستەوە، مامەیی بۆ سوڵتانی دەکرد. یەکەندەردوو گوتیە دارتاشی: ئەرێ کابرا تۆ شوورەیی ناکەی لنگێک نابزوێنی لەبەر جەنابی سوڵتانی سەرە پێ ناکەوی؟!.. دارتاش سەرێکی بەرز کردەوە، سەیری سوڵتان مەحموودی کردو گوتی: قوربان من خەریکی کارو کاسپی خۆمم، پاشامان چ پێویستییەکی بە هی وەکو من هەیە ئەمن بەدوای کاری نان پەیداکردنەوە خەریکە ببمە قالۆر.. لەولاوە وەزیری دەستە چەپ بە تەشەرێکەوە هەڵیدایە و گوتییێ «وا دیارە فێڵی هەڵخەڵەتاندش چاکی لێ دەزانیت..» بەم جۆرە سوڵتانی شەڕفرۆشی لێ هاتە پێشەوە و گوتیە دارتاش «هەتا سبەی بەیانی حەوت فەردە ئاردە دارانم لێت دەوێن، بۆ بەیانی تا کاتی چێشتەنگاوی حازرو ئامادەی نەکەیت لە ملت دەدەم و بە ڕیشی بابتدا دەتترێنم». کابرای دارتاش دەستی بەکارەکەیەوە وشک ببوو، چاوانی پڕیان بوون لە فرمێسک. دەوی بوو بەتەڵەی تەقیو.. خۆیشی نەیدەزانی چی بڵێت و چ بکات.. ختوورەیەک بەمێشکیدا هات هەڵستێ و بە چەکوش بەربێتە سەرو فەساڵی وەزیری دەستەچەپ مێژەلاکی لێبهێنێتە خوارەوە. دوایی شەیتانی بەنەعلەت کرد، خۆی هێور کردەوە لە دڵە خۆیدا بەخۆی گوت واچاکە قنگ بنێیتەوە سەر دەرپێکەت، کوڕە خۆت کەرمەکە، شەڕی خۆترێن لە زیان بەولاوە چ سوودێکی نینە. ئەوە بوو هەر لەو کاتەیدا سوڵتان نەڕاندی بەسەریدا: «سبەی تا چێشتەنگاوێ حەوت فەردە ئاردە دارم بۆ ئامادە نەکەیت لە ملت دەدەم..» وەزیری دەستەچەپ لەولاوە هەڵیدایە و گوتی قوربان تۆ خۆت سەغڵەت مەکە، ئەمن بۆ خۆم سبەی چێشتەنگاوی دێمەوە حەوت فەردە ئاردە دارەکەی ئامادە بوو لەگەڵە خۆم کێشی دەکەمەوە دیوانی. ئەوسا بەفەرمانی شاهانەتان تەمێی دەکەیت. ئامادەشی نەکردبوو ئەوا گوناهی بە ملی خۆی.. بەمجۆرەی سوڵتان چاوێکی لە کابرای دارتاشی مۆن کردەوە، دەستەو دایەرەی بێدەنگ لە

مەعیییەتیدا ورتەیان لە خۆ بریبوو.. سولّتان سواری ئەسپەشێی بوو، هەردوو وەزیر بە دوایدا و جەندرمەکانیش دە هەنگاوێک دوور دوایانکەوتن.

پاش کەمێک ڕۆیین، سولّتان رووی بەلای هەیاسدا وەرچەرخاند، هەیاس دەبینم لەو کاتەی گەیینە کن دارتاشی بێدەنگێت لێ کردووە، هیچت لە دەوی دەرنەهات؟! هەیاس هاتە کن شانی سولّتانی و گوتییێ «قوربان، راوێژیی وەزیری دەستەچەپت لەکن چاک و بەدڵە ئیتر چ حەوێجەت بە قسەی منە با جارێ ئەو کاری خێرێت بۆ جێبەجی بکات ئەوجا نۆرەی منیش دێت. ئیدی سولّتان بێئەوەی لا بەلای هەیاسدا بکاتەوە گوتیێ: واتە تۆ ئەو تەگبیرەیت بە دڵ نییە، با بزانین دواییەکەی بە چی دەگات؟! هەیاسی خاس گوتی قوربان خودا بەخێری بگێرێت... سولّتان لە ئاوزەنگی دا و ئەسپی خستە چوار ناڵە.. وەزیر و گزیر و دەستوپێوەند بە دوایدا بەرەو دیوان کەوتنەرێ، حەکایەتخوان دەڵێت من چوومەوە بەلای دارتاشی نەگبەتەوە بینیم لە حاڵێکی زۆر پەشێودایە بە هیچ جۆرێ دەستی نەدەچووە کارو ئیشەکەی خۆی. پەستی و پەژارەیەکی بێ وێنە دایگرتبوو، بیری لەوە دەکردەوە کە ئیتر ژیانی ئەو تەواو عومری درێژی هەتا سبەی چێشتەنگاوە ئەی چۆن ئەو ئاردە دارە پەیدا بکات. حەوت وەستای کارامەی وەکو خۆی دارتاش پێکەوە شەو و رۆژ بخەنە سەریەک هێشتا ئەو حەوت فەردە ئاردە دارەیان بۆ نایەتە بەرهەم... کەواتە ئەم پەڵپ و بیانووە هەر بۆ لە ناو بردنێتی و ئیتر ئاو بێنەو دەست بشۆ. بەم جۆرە کابرای دارتاش بە نائومێدی و خەفەتێکی زۆرەوە دەرگا و دووکانی پێچایەوە بیری لە ژن و منداڵە جوانەکەی دەکردەوە چی بکاتو چۆنی پێ بڵێ. دارتاش شپرزە و تەنگەتاو خۆیکرد بە ماڵدا باوەشی بە ژنەیدا کردو تاقانەکەی گرتە باوەشی و دەستی کردە پرمەی گریانی. ژنەی حەپەسا، دڵی داخورپا، هەرگیز پیاوەکەی بەو جۆرەی نەدیبوو. لەوەپێش هەرچەند دەهاتەوە ماڵ دەستی دەکردە گۆرانی و چەقەنەی خۆشگوزەرانیی لە چوار دیواری خۆیاندا بالۆرەی لێدەدا. پاشای بە گەدای خۆی نەدەزانی. تەنها بیری لە خۆشبەختی خۆی و ژنەکەی و کوڕە تاقانەکەی دەکردەوە.. بەرەنجی شان و بازووی خۆی،

بەخۆشی و خۆشەویستی وەک شا دەژیا.. ئەوجا کارەساتی سولّتانی لە بۆ ژنەی گێڕایەوە. ژن زۆر خەفەتبار بوو، لەگەلّ مێردەی تا نیوە شەوێ راوێژیان کرد. بەهیچ نەگەیشتن. دوایی ژنەی ئاقلّمەند گوتییە مێردەی شپرزەو خاکبەسەری: ئەرێ کابرا تۆ باوەڕت بە حوکمی یەزدانی نەماوە؟! بە منی دەکەی خۆت بدەرە دەست بارەگاکەی ئەو مەزنەی، هەتا بەیانی هەزار رەحمەتی لە لایە. با ئێمە سەر بنێینە سەر سەرینی خەفەت لەو گەردوونەی دەپارێینەوە بەشکو بەزەیییەکی بەو تاقانەیەمدا بێتەوە. بنوو پیاوەکە خۆ ئەو خودایە لە سولّتان مەحموود گەورەترە.. ژنە مندالّەی کردە خەو، دلّی مێردەی دەدایەوە. بە ئومێدی رەحمی خودایی لێی ڕاکشان. شەوگار کردی و ئەوان کردیان، هەتا بەیانی زەردە لە دەمکەل دەرکەوت خەو نەچووە چاوی هیچیان. لە نکاوێ تەقە لە دەرگای درا. دارتاش وەک کێچ راپەڕی، ژن بە دوایدا. کابرا دەستی کرد بە باوکەڕۆ و براڕۆ، لوشکەی گریان و دادو بێدادی رۆژە رێیەک دەڕۆی. دارتاش و ژنەی پێکەوە گەیینە بەردەرکەی چی ببینن، ئەوا هەیاسی خاس لە دوورەوە بەسواری ئەسپە شێکەیەوە وەستاوە. هەردووکیان دلّیان داخورپا و هێندەی نەمابوو ناوسکیان بکەوێتە خوارەوە. دارتاش هاواری کرد: قوربان، هەیاسی خاس، بۆ خاتری خودا، بە خودای هیچ تاوان و گوناهێکم نییە، کاسپی مالّێ خۆمم و توخودا بەشکو هەر خۆت بێیتە هانام و فریامان بکەویت؟!.. یەکێک لە جەندرمەکانی دوێنێ کە ئاگای لە باس و خواسەکە بوو هاواری کردە دارتاش و پێی گوت کوڕە کابرا تۆ بزانە ئێمە بۆچی هاتووین؟! دارتاش بە هاوار هاوار دەیگوت دەزانم سولّتان لە ملم دەدا سولّتان ملمدەکات بە پەتدا ئەو داوایەکی لێ کردووم کاری کردەنی نییە، بە دە دارتاشیش ئەوەیان پێ ناکرێ... هەی هاوار بۆ خاتری خودا رەحمێم پێ بکەن.. جەندرمە دووبارە لێی هاتە پێشەوە بالّی گرت و رایوەشاند وەک وریای بکاتەوە گوتی: کوڕە کابرا بەس خۆت رێژگاوی بکە. سولّتان مەحموودی عەمری درێژی بۆ کوڕە تاقانەکەی ئی تۆ بەجێهێشت..، سولّتان مرد، وەرە خێرابە، سندووقی ناشتنی بۆ دروست بکە، خێراکە با بڕۆین بۆ دووکان، درەنگە دەی ئەوە گەورەمان هەیاسی خاس بۆ

خۆی ئەو کارەی بە تۆ سپاردووە.

دارتاش کەللەیی بووبوو نەیدەزانی چی بکات. ویستی بەرەو لای هەیاسی خاس رابکات. جەندرمە رێیان لێ گرت، دارتاش گەڕایەوە. ژن بڕوای نەدەکرد. دارتاش بە خێرایی و بە نیوە و نیوە چڵی خۆی گۆڕی جاشکەوشی لەسەرپێ نا مشکی لە ملی پێچا لە پەلەپەلە و شڵەژاندا نەیئاوزا مشکییەکەی سەری ببەستێت جەندرمە دارتاشیان بەرەو دووکان دایە پێش خۆیان.. لەو کاتەیدا ژنەی پەلاماری دارتاشی دا و بە شپرزەیی بە مێردە خۆشەویستەکەی خۆی گوت: ئەمن ئەو شەو لە دڵم چەسپیبوو، هەر پێم دەگوتی (خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە).. بڕوات پێ نەدەکردم. هەیاسی خاس سەیرێکی ژنەی دارتاشی کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی «ڕاستە، خودا لە هەموو سوڵتانەکان گەورەترە..» ئەوجا ئەمری کرد بەزوویی سندووقەکەی بۆ تەواو بکات و بهێنرێتەوە بۆ دیوان... [1]

**منیش هاتمەوە گەزە جاوێکیشم پێ نەبڕا.**

---

(١) ڕاوێژکاری ئەم کتێبە وەک زانیارییەکی تریش ئاماژەی بۆ ئەم دەقەی خوارەوە کردووە:
«هەر بۆیەش گوتراوە:

وەستای نەجاڕ
بنوو بێ خەوو خەیار
خودا یەکەو دەرگەی هەزار»

(خەیار لێرەدا بەمەبەستی (خەیاڵ- ئەندێشە) بەکارهاتووە.

## چیرۆکی بیست و چوار

# پاشکۆی ژمارە یەک و دوو و سێ و چوار و پێنج

# پاشکۆی ١

# لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی
# چیرۆکێکی فۆلکلۆریی هەیاسی خاس
# بەناوی کوڕە کەچەڵە

# لێكۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی
# چیرۆكێكی فۆلكلۆریی هەیاسی خاس
# بەناوی كوڕە كەچەڵە

من لەجێگەی تری لێکۆڵینەوەی دەقی فۆلکلۆریدا ئاماژەم بەوە کردووە کە گەلێک جار لەشوێن وناوچەی جیاوازدا ڕێکەوتووە کە یەک چیرۆک بەچەند جۆرو شێوازی جیا لەیەک گێڕدراونەوە و گوێزراونەتەوە.

دیارە هەر یەکە لەو دەقانە ئیتر (چیرۆک، هۆنراوە، پەند، یان هەر دارشتەیەکی تر بێت) بەجیا نرخی تایبەتی خۆیانیان هەیە.

بێگومان کاریگەرییە ژیانییەکان و کاریگەریی دەروونی و کۆمەڵایەتیی/ دەوروبەر/ ئابووری/ پەیوەندییەکان دوورو نزیکی لە شار و گوندایەتی و هەموو ئەو جەمسەرو سەرە داوانەی بەمرۆڤ خۆی و ئاست و جۆری لێکدانەوە/ بەسەرکردنەوە و هیوا خوازیو پێداویستییەکانی کۆن و نوێی مرۆی ئەو دەڤەرە هەتد..، کاری تا یبەتی خۆی دەکاتە سەر هەموو لایەنەکانی لە هەر هەڵویست و روداوو دەقێکی فۆ لکلۆریدا سروشتی تایبەتی و مۆرکی میللی خۆڕسک ڕەچاو دەکەین کە لە کرۆک و بنچینەدا ڕە نگو و چێژی ساناو ئاسایی ئەو گەلە دەر دەخات و کاریگەریی چین و توێژەکان وەک هاوێنەیەکی باڵا نما دەردەخات و دەنوێنێت بەڵام هەر چۆنێک وتراوەو هاتووە/ وەک خۆی بەبێ دەستکاریی و گۆڕین بەو هۆیانەوە لەدەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێک و بەپێی پێویستی داخوازی و جیاوازی دوورکەوتنەوە لەیەک دروست دەبێت ئەوەتا دەستکردو دروستکراو نین بەڵکو خۆڕسک و ئاسایین و کارتێکەرەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە هۆکاری ئەو ڕووداو و بەسەرهاتە دوور لە یەک یان نزیک لە یەکن بەپێی مەبەستی تایبەتی تیایدا دەگۆڕدرێن. بەفر دەبارێت جار هەیە پرووشە دەکات یان بە پۆخی گەورە بە باوە دەبارێت یان بەبێ هێچ سروەیەک دێتە خوارێ نەک بە بارشت جاری وەها هەیە هێندە دەزانیت

دەیکاتە بەفرە لووکە بەڵام کە ساردتر بوو دەیکاتە تەرزە لووکە ساردتریش لەوەش دەیکاتە تەرزەی دەنکە گەورە کە سەرو گوێلاک تەرزەکوت دەکات. پەڕو گوڵ و چڵ بەدارەوە ناهێڵێت. ئەمە رونکردنەوەیەکی سروشتی کورت بوو بۆ دەرخستنی کاریگەریی هۆکارەکان و لێرەدا گۆڕرانی سروشتی کەش هەر بەم جۆرە و پتریش بۆ کاریگەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و دەوروبەریش و هتد...

ئەوچیرۆکانەی سەردەمە دێرینەکان کە لە ورچ دەدوا، ئەشکەوتی لەگەڵدا بووە تاشە بەردی وەها لە توانای مرۆڤدا نەبوو بتوانێ و نەتوانێ بیبزوێنێت. لە چیرۆکەکاندا تیایەتی نێرە ئافرەت (ژن یان کچ) دەفڕێنێت هیتر یان مێیە نێرە دەفڕێنێت. بەڵام لە چیرۆکی تریشدا دەچێتە سەر دار گوێزو کام گوێزە ناسکە بەلەپی دەستی دەیشکێنێت و دیداتە بەر تیشکی مانگی مانگە شەو کاکڵە جوانە خۆشەکەی دەخوات و ئەویتری تووڕ دەدات. لە چیرۆکیشدا هەیە ئەو ورچە کچێکی بردووە لە ناو ئەشکەوتێکدا گیری داوە و دەمی ئەشکەوتی هەڵچنیوە و ئەم ورچەی کوردستان بەسەدان رووداوی وەهای تێدایە. نموونەی رووداوێک کە دانیشتوانی زێوێی لای پیرەمەگروونی سەرکەش کە سەردەکەوێت نزیک (پلەی چەوریی) و (پلەی باوەشەکە) (خەڵکەکەی هەموو ئەمە دەزانن کە ورچێک بە قەدێکی لێژی شاخەکەوە کە خوارەوە نزمایی هەزار بە هەزارە گیر دەبێت نە دەوێرێت و نە دەتوانێت بۆ سەرەوە سەر بکەوێت نە حۆجەی ئەوەی دەبێت بئاوزێ دابەزێتە خوارەوە. یەک دەڵێت کەوتووەتە خوارەوە کە ئیتر هێزی خۆ راگیریی نەماوە. یەک دەڵێت بەو باسکەوە ماوەتەوە هەتا لە برسانا و لە سەرمانا رەق بووەتەوەو پەترۆ بووە. ئێستاش ئەو ملە بەرزو لێژە بەناوی (ورچە ڕێ)وە ناودەبرێت.

بەو جۆرە لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکاندا دەیەها نموونەی جیاواز لەسەر کەسێتی ورچ هاتە گۆڕێ. هەروەها لە فۆلکلۆری ئەو گەلانەشدا کە سروشتی خاک ئاو و هەوا و کەشی وڵاتەکانیان وەک شوێن و جێگا شاخاوییە بەرزەکان کوێستانەکانی کوردستان بێت یان ساردتر لەوڵاتی ئێمەدا ئەزموونی وەهایان

هەیە جارانی زوو ورچی دەستگیرکراو و بەخێو کراو (بەدەگمەن و بە کەمی) بەگوند و شارو شارۆچکەکاندا لەلایەن کەسی تایبەتییەوە زنجیر دەکرا دەیانگێڕا هەڵیاندەپەڕاند و یارییان پێدەکردو بەگاڵتەوە پێیاندەگوت (ورچی یارینەکەر) گەر بەوردی بگەڕێین و گەشت بە (رووداو و بەسەرهاتەکانی) ورچمان لە کوردستاندا دەست بکەوێت (کە ئەمە کاری پسپۆڕانەیە) دەیەها سەیر و سەمەرەمان دەست دەکەوێت. ئەوانە چەند ئاماژەیەکی کورت و رووکەش و سەر زارەکی بوون بۆ دەرخستنی جۆرو جیاوازی هۆکانی کارتێکەریی ئەو لەیەکچوون و لە یەکنەچوونانەی روودەدەن.

## چیرۆکی کوڕە کەچەڵە:

کاک تاریق حەمەئەمین بە دوو بەش کتێبێکی چاپ کردووە (کوڕە کەچەڵە و چەند پارچە شیعری فۆلکلۆری) کە لەسەری نووسیوە کۆکردنەوە و نووسینی تاریق سدیق حەمە ئەمین. بەشی یەکەمی پێکهاتووە لە تاقە چیرۆکێک بە ناونیشانی (چیرۆکی کوڕە کەچەڵە یاخود هەیاسی دوڕ ناس) ئەم چیرۆکە لە لاپەڕە نۆوە دەست پێ دەکات هەتا لاپەڕە چل و یەک. لاپەڕەکانی ئەم چیرۆکە لە شەش لاپەڕەیدا شەش وێنەی رەش و سپی هێڵکاری تیادا کراوە. پێشەکییەکی دوو لاپەڕە و نیوی بۆ نووسیوە بەشی دووەمی) بەناونیشانی (چەند پارچە هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری) کە هەژدە پارچە هۆنراوەو بەیتی تیادا کۆ کردووەتەوە هەموو کتێبەکە (٨٧) لاپەڕەیە ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٣ لە بەغداد لە چاپخانەی - الحوادث چاپ کراوە.

ئەوەی باو و بڵاوە هەیاسی خاس چیرۆکی جیای سەربەخۆی لەسەر گوتراوە. چیرۆکەکانی هەیاسی خاس رەختەو بڵاون و رەسەنایەتییەکی تایبەتییان بۆ خۆیان رەخساندووە لە زوربەی زۆریاندا کەسێتی هەیاس بەرامبەر کەسێتی سوڵتان مەحموود ڕادەوەستێت و بەسەریدا زاڵ دەبێت. هەیاسی خاس وای لێ هاتووە وەک کارێکتەرێکی زیرەک و بلیمەت وەک کوردێک تایبەتمەندێتی هەڵکەوتووانەی سەرکەوتووی خۆی چەسپاندووە.

من خۆم نۆزده چیرۆکی تایبەتی و جیام لە یەک بەشدا تۆمار کردووە، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی تایبەتی بەرامبەر ناوەرۆکی چیرۆکەکان و کەسێتی هەیاس و سوڵتان مەحموود بە کەسێتی هەیاس سەر سامم، لەگەڵ ئەوەی چیرۆکی (کوڕە کەچەڵە) جۆرەکەی یەک چیرۆکەیە، بەڵام چەندین رووداوی جیا لە یەک و بەدوای یەک پێکەوە گرێداوە و بەستووەتەوە کەنە یەک چیرۆکی ڕەختەو یەک مەبەست و یەک ناوەرۆکەو نەچیرۆکی جیای سەربەخۆشن دیارە چیرۆکی لەم جۆرە کە بیرۆکەی لەیەکپچڕاو لەخۆ دەگرن، تایبەتمەندیی خۆی هەیە بەباوەڕی من وەک ئەوەی زادەی بەبیرهاتنەوەی چیرۆک خوانێک بێت کە بیەوێت بۆ کاتی گێڕانەوەی رۆژانەی خۆی و بۆ بیستنی گوێگرەکانی یەک لە دوای یەک بە رووداوەکان ئاشکرا و تامەزرۆ و چەشەیان بکات. لەم چیرۆکەدا هەیاس کوڕە کەچەڵەیە و دایکی نەماوە باوەژنی دۆستی هەیە و وەک ئاشکراشە بە چەشنی سۆزانییەک هەڵسوکەوت دەکات. باوکی هەیاس جوتیارەو زەوی دەکێڵێت.

باوکی هەیاس کابرایەکی ملشۆڕی بوودەڵە، باوەژنی زۆر لە هەیاس بێزارە، چونکە چاودێری دەکات و نایەڵێت بەئاسانی بە مەرامی ڕڕبواردنی خۆی بگات.

ئەم چیرۆکە بە ساکاری چشتە ناشیرینەکانیشی دەردەخات. باوکی دەخەڵەتێنێت گوایە ئەو بەمنداڵی لاقەی کەری کردووە. دەست تێکەڵکردنی باوەژنی لەگەڵ کوڕی کوێخا کە ئەم دوو نەریتە وەک رووداوی نائاسایی، بەڵام واقیعییانە کە خۆی بە هەر هۆکارێک بێت بەکەمی لەناو کوردەواریشدا هەبووەو هەیە دەرخستنیشی من بەکارێکی شیاو و بەجێ دەزانم بەڵام شاردنەوەو نەگوتنی ڕاستییەکان درۆ کردنەو جۆرێکیشە لە ترسنۆکی وەک لاوازیی ئەو نەریتانە و هاوسەر گیری (عورفی - متعە) نێر بازی و مێبازی و گەلێک خووی تری لەم جۆرانە لای میللەتانی دونیا هەیەو هیچیشیان ناشارنەوە گەر هەوڵی شاردنەوەش بدرێت هەر ئاشکران و هەن. نەگوتن و شرۆڤە نەکردنی هۆکارەکانی زیانبەخشە نەک بەسوود.

هەیاس لەم چیـــرۆکـــەدا هێنده ئازایه له ڕووڕەشی و دووڕوویی باوکی دەدوێت. پێش ئەوەش دەی خـزێنێـتـه کـونەوە و سـەگـەکـانی سـوڵتـانی تێ بەردەدات وازیش لەو جۆرە باوکایەتییە نزمە دەهێنێت. ئەم دوو جۆرە ڕووداوە بەو ئاشکراییە لە هیچ چیرۆکێکی تری هەیاسی خاسدا بەو شێوازە دووبارە نەبووەتەوە.

هەرچەندە لە چیـرۆکی تۆمـارکـراوی مندا کـاتێک لە راو دەبن سـوڵتـان مەحموود بە پیلانێک پەنگی پێدەدات ئەم زۆر بە خراپتر لە حەمامدا هەمان مافی خۆی بە توندتر لێ دەستێنێتەوە. ئەوەی پێویستی بە ئاماژەیە ئەوەیە هەیاس لە هەمـوو تاقـیکردنەوە و ڕووداوەکـاندا سـەرکـەوتوو زاڵە نەک هەر بەسەر سوڵتاندا، بەڵکو بەسەر گشت پاڵەوانانی چیرۆکەکاندا هەمیشە داشی سوار بووە و لە هەموو ڕووداوەکاندا هەیاس گرێکوێرەکانی پێ کراوەتەوە.

**زیرەكیی هەیاسی خاس**

بۆئەوەی زیرەكیی هەیاسی خاس بسەلمێنین پێم چاكە لەم چیرۆكەدا چەند نموونەیەكی ئاشكرا بخەینە ڕوو:

وەك لە گێڕانەوەكەدا دەردەكەوێت:

-١-

هەیاس منداڵ دەبێت، هەست دەكات باوەژنی مریشك بۆ دوستەكەی سەردەبڕێت و قوبوولی بۆ لێدەنێت. هەیاس پلانێ دادەنێ كە دۆستەكەی دایكی لێی نەخوات، بەڵكو لەگەڵ باوكیدا بیخۆن. كاتێك باوەژن لە دەشت دەینێرێت بۆ لای دۆستەكەی لە ماڵەوە كە بێت لەگەڵیاندا بخوات. هەیاس سێ هێلكە لەسەرە ڕێگەدا دوور و نزیك دادەنێت و كە دەگاتە لای دۆستەكەی، باوەژنی بەهەڕەشەوە دەڵێت ئاگات لەخۆت بێت باوكم سێ تەڵاقەی خواردووە دەتكوژێت. بەڵام كە دەگەڕێتەوە بۆلای باوەژنی و باوكی پێیان دەلێت كوڕی كوێخا نەهات بۆ چێشت خواردن. باوەژن بە باوكە دەڵێت خۆی هەستێت بچێت بەدوایدا و فەرمووی لێ بكات. باوكە كاتێك لە ڕێگا هێلكەی یەكەم دەبینێ هەڵیدەگرێتەوە، پاش كەمێك ڕۆیینی دادەنەوێتەوە بۆ هێلكەی دووەم و دواییش بۆ سێهەم. كوڕەی دۆستە وا دەزانێت سێ بەردی بۆ ئەو هەڵگرتووە بیكوژێت، ڕادەكات، باوكە هاوار دەكات ڕامەكە، ئەو گوڕ دەستێنێت و خراپتر ڕادەكات. ژنە تێدەگات هەیاس ئەم پیلانەی بۆ ڕێكخستووە. باوكە دەگەڕێتەوە، لەگەڵ باوكیدا قوبوولی و مریشكی سوورەوەكراو دەخوات. باوەژنیش لەولاوە هەر ئەوە نابێت لە داخاندا شەق نەبات.

-٢-

كاتێك هەیاس خۆی لە سوڵتان ون دەكات دوایی تەگبیری حەسەن مەمەند. هەیاس چۆن نایەڵێت بزنەكەی (كە ناسراوە بە بزنەكەی هەیاسی خاس) ئەو ماوەیە نەقەڵەو تر بێت و نەلەڕتر بەوەی هەموو ڕۆژێك بزن تێر دەكات و دوایی دوو بەچكە گورگی ددان هەڵكێشراوی تێ بەردەدات و بە

راونان و ترس و هەڵشـەپاندنی ڕۆژانە، ئەوەی دەرخواردی دەدات دایدەنێتەوە و بزن وەک خۆی دەمێنێتەوە.

-٣-

هەیاس بەهۆی بێدەنگیی باوکی بەرامبەر ناپاکیی باوەژنی کە دەبینێت باوکی لە بەدڕەوشتیی باوەژن بێدەنگە لە بوونی دۆستەکەی بێدەنگەی لێ دەکات، زۆر قینی لە باوکی دەبێتەوە، دەیەوێت بەفەتارەتی بدات لەبەرئەوەی سوارەکان دەردەکەون بە فێڵ دەیکات بە کونە ڕێوییەکی گەورەدا، بەڵام کاتێ: سەگ تێبەردانیش سوودی نابێت و بۆیان نایەتە دەرەوە ئەوجا زیرەکی خۆی بەکار دەهێنێت کە کا و پلووش لە بەردەمی کونەکەدا بسووتێنێ، باوکە تەنگە هەناسە دەبێت و ناچار دێتە دەرەوە. دوایی باوکە بە پیلانی کوڕەی دەزانێت و سوڵتانیش هەست بە زیرەکیی ئەم کوڕە بلیمەتە دەکات و داوا دەکات بیداتێ. باوکە هێندە لێی بەقین دەبێت دەڵێت حەوت بەردیش بەدوایدا تووڕ دەدەم و دەربارەی هۆکاری ئەمەش هانەهانەی باوەژن و ناوزڕاندنی باوکی بەکەر گاوێ و هەروەها بەسەر شۆڕ. ئازایەتیی هەیاس لێرەشدا بەوە دەردەکەوێت کە یەکسەر قایل نابێت ببێتە خولامێکی بێدەنگ و سەنگی سوڵتان، لەبەرئەوە ناچێتە لای، بەڵکو خۆی دەکاتە کوڕی پیرەژنێک و دەبێتە گۆلکەوان و نانیش بۆ ئەو پەیدا دەکات.

-٤-

زیرەکی و تواناداریی هەیاس لەوەشدا دەرکەوت کە هەر لای پیرێژن وردەوردە هاوەڵی بۆ خۆی پەیدا کرد هەتا ژمارەیانی گەیاندە چل. دوایی پێی گوتن ئەمن دەنگۆی دەرەوەی شارتان بۆ دەهێنمەوە ئێوەش دەنگۆی ناو شار.

دوایی وەهای لێ کردن بیکەنە سەرۆکی خۆیان و وەک کابینەیەکیان لێهات. ڕۆژێک دەنگۆی ناو شار بڵاو بووەوە کە جوویەک ژنی موسوڵمانێکی داگیرەوەو بۆ خۆی داگیری کردووە. کابرای موسوڵمان شکاتی کردووە، سوڵتان داویەتی بە جوولەکەکە. دوایی هەیاس لە کابینەی خۆیدا دادگایەکی داناوە هەر بە گوێگرتن لە گفتوگۆی کابرای موسڵمان و ژنەکەی کە چەندین ساڵە

پێکەوە دەژین بۆی دەرکەوتووە کە ژن هاوسەری جووەکە نەبووە. واتە فەرمانی سوڵتان دادپەروەرانە نەبووە. وەها وا رێ دەکەوێت سوڵتان لە دادوەرییەکەی هەیاس ئاگادار دەبێت و دوایی حوکمەکەی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە. کەواتە هەیاس بە هەرزەکاریش بۆڕی سوڵتانی داوەتەوە.

-٥-

هەیاس کەسێکی ژیانبین و بە جەرگ بووە، جووتیاری، ئاشەوانی و شوانیشی کردووە. نە لە خۆی گۆڕراوەو نە هەستی بە کەمی کردووە. کەسێتییەکی چەسپیو و خۆڕاگری هەبووە. ئەوە بوو خۆی دزییەوە لەوەی ببێتە خولامی بەردەستی سوڵتان بۆ یەکەم جار کە وای کرد دوایی سوڵتان دووجاری نارد بە دوایدا نەچوو. بۆ سێیەم جار داوای سی و نۆ هەسپی یەک ڕەنگ و یەک تەمەنی لە سوڵتان کرد و سی و نۆ دەستە جلکی یەک ڕەنگ و کەژاوە بۆ پیرە ژنەکەی کە داڵدەی دا و کردی بە کوڕی خۆی کە ئەمانە ئەوپەڕی ئەمەکداری و نمەک بە حەلاڵی دەردەخات. هەروەها جێگەو ڕێگەو گشت پێداویستییەکی ژیانی وەک خۆی بۆ تیمە تایبەتەکەی خۆی داوا کرد. ئەی ئەو تواناداریەی لە کۆکردنەوەی چل کەس بە خۆیەوە کە وا بکات سوڵتان بە چاوێکی تایبەتی سەیریان بکات، بەهایان بۆ دابنێ و داواکارییەکانیان بە تەواوی جێبەجێ بکات. دوایش جێگەو ڕێگە بۆ هەموویان دابین بکات.

کاتێک سوڵتان دەنێرێت بە دووی هەیاسدا بێ بۆ سەیرکردنی دوڕێکی نایاب حەسەن مەمەند دەڵێت ئەو کەچەڵە هەتا دوێنێ گولکەوان بوو کوێرا دوڕ دەناسێت. سوڵتان دەڵێت من خۆم ئارەزوومە ئەویش بیبینێت. هەیاس دوای سەیرکردنی دەڵێت (کرمێکی سپی سەر رەشی تێدایە، تەڕە گیایەکی کەسکی بەدەمەوەیە) ئەمە وەک دەقێکی سەیرو سەمەرە دەبێتە جێگەی پرس و سەرسوڕمانی هەمووان. لە چیرۆکەکانی منیشدا لەوەپێش هەیاس پیاوێکی کاملی خاوەن ماڵ و منداڵەو کە کابرای جوو بەرپەرچی هەیاس دەداتەوە ئەم خۆی پەیمان دەدات بیبژێرێت و خۆی رووەدەکاتە سوڵتانی و پێی دەڵێت من ئەگەر دۆڕاندم خۆم پارەکەی دەدەمێ. بەڵام لەم چیرۆکەدا کاتێک بە فەرمانی

سولّتان دوڕ دەشكێنێ قسەی هەیاس دەردەچێت. ئیتر لەوەوە بە (هەیاسی دوڕناس) ناودەبرێت و ناوبانگ دەردەكات. دیارە ئەمە جۆرێک لە پێشبینی و تەوانایی و زیرەكی هەیاس دەردەخات كە بەو جۆرە ناو و ناوێزەیە بناسرێت. (پێم چاكە لێرەدا ئەوەش بڵێم لە چیرۆكی دووەمدا بە كرم هاتووە و گیای كەسكیشی بەدەمەوە نییە، بەڵام لە چیرۆكی یەكەمدا دەگەڕێنەوە بۆ بیرو وەهابینینی ئەفسانەیی ناو چیرۆكە فۆلكلۆرییەكانمان).

رووداوێكی تری ئەم چیرۆكە كە لای هەمووان زیرەكیی هەیاسی سەلماند و پتر دەركەوت ئەوە بوو رۆژێک سولّتان هەسپێكی كەحێلی بەدڵ بوو كە هاتە ناو و ویستی بیكڕێت. سولّتان گوتی هەیاسم بۆ بانگ كەن بزانم ئەو چیدەڵێت.

دیسان نەیاران لێی كەوتنە بەندو باو و ناقاییلی بەرامبەر گۆلكەوانەكەی جاران بۆ ئەوەی بێ بەهای بكەن، بەڵام سولّتان هەر ویستی دەمودووی هەیاس تاقی بكاتەوە. هەیاس سمی ئەسپەكە دەپێوێت. سەیری سنگی كردو لە درێژی و پانی و شەویلاگی ورد بووەوە روانی بە هەسپەكەیدا و گوتی (هەسپێكی چاک و بەكارە. بەڵام كاتی خۆی جوانووی دایک تۆپیو بووە. ناچار بەشیری گامێش بەخێو كراوە كە لەكاتی چوار ناڵەدا گەرم بوو لە هەركوێ ئاوی دیت بەسوارەوە خۆی بەناو ئاودا دەكات و لەوانەیە سوارەكەشی بخنكێنێت. لە دەنگۆی ئەم هەواڵە هەموو واقیان وڕما. خاوەن هەسپ گەلێكی پێ ناخۆش بوو. سولّتان گوتی ئادەی تاقی بكەنەوە ئەوە لێرە ئاوی زۆر هەیە. ئەسپەكە بڕەتێنن بزانین قسەی هەیاس دەردەچێت؟! بەو جۆرە واتەی هەیاس راست دەرچوو چونكە دوای غارغارێنێكی چاک هەسپ بە پڕتاو خۆی هەڵدایە ناو ئاوەكەوە، بۆ هەمووان دەركەوت كە بۆچوون و بیرۆكەی هەیاس چەند راست دەرچوو.

## بوونی هەندێ (دەق) ی گوتراو

بوونی (دەق و بەتایبەتی دەقی نەگۆر) لەناو بەرهەمی فۆلكلۆریدا چاوگەیەكی رەسەن و بەپێزی تایبەتە كە سەربەخۆ لە ناخ و ناوەرۆكی بابەتە میللییەكاندا خۆی جیادەكاتەوە. دەبێتە زادەی ناسنامەیەكی تایبەتمەندی لە

پرۆسەی تاوتوێی بێژ و دارشتەی زارەکیی میللیدا. دەق لە هەموو جۆر و بەشەکانی فۆلکلۆردا هەیە، کورت بێت یان درێژ. ساکار بێت یان ئاڵۆز. جار هەیە دەقی نەگۆر یەک پارچەی تەواوە، یان بەشێکە لە ناوەخنی پارچەیەک. رێکدەکەوێت تەنها رستەیەک بێت یان لە دوو وشە پێکبێت و یان لە یەک تاکە وشە بەڵام بە واتا مەبەستێکی فراوان دەبەخشێت. لەم کورتەیەدا هەر دەکرێت ئەم تەنها ئاماژەیە بەدەقێکی کورت دەخەمە روو کە ئەمانە لەدەرەوەی ئەم چیرۆکەوەن:

-١-

هەوری زستانێ خوڕی
دەوڵەمەند ریشی بڕی
لە کایەنی ئاخنی

کاتێ باران زۆر دەبارێت. خەلەوخەرمان چاکی دەهێنێت. ئەوە دەبێتە هۆی هەرزانی و نرخی گەنم و جۆو دانەوێڵە دادەبەزێت. لەوەڕ بۆ ئاژەڵ زۆر دەبێت. پاوان بە پیت و فەڕ دەبێت و ئەو سامانداراونەی عەمباریان بۆ گرانفرۆشی پڕکردووە لە جێی قازانج تووشی زیان دەبن و لە داخاندا لە کون دەخزێن و تووشی خەم و پەژارە دەبن. ئەوە دەق و پەیڤێکی نەگۆڕە لە جێگەی تایبەتی و واتاداریی خۆیدا خۆی بە کاردێت ودەستکاری تیادا ناکرێت.

-٢-

هەژدەی ئادار
مەگرە وە بەهار
بیست و چواری ئادار
سەر دارو بندار
یان دەڵێت:
بیست و چواری ئادار
بەهار هەی بەهار

ئەوەی پێـــشـــەوە دوو دەقی هاســـانن نەک ئالۆز. لە واتایاندا دەتوانین مەبەست بپێکین.

(سەر دارو بن دار) کەمێک لێکدانەوەی دەوێت ئەویش ئەوەیە کە (دوای پێنج رۆژ لە هەژدەی ئادار کە دەکاتە سێی مانگی نەورۆز کە یەکەم سێ رۆژی سالّی نوێی کوردییە پەلک و چلّی داران هەمووی چرۆ دەکەنی و خاکی زەوی ژێر دارو درەخت و جەنگەلّ و دارستانەکانیش گیای لێ بەرز دەبێتەوە و شین دەبن. مەبەستەکەی وایە سەرەوەی دارو درەخت و زەوی سەر زەوی لەبن دارەکاندا هەمووی سەوز دەبن. کەواتە بەو پێنج رۆژە چرۆی درەختەکان دوای پشکووتن دەبنە گەلاّی سەوز و گیای سەر زەویش هەروەها.

-٣-

کاتی کارو بار
ئەمان کەیت بە یار
کاتی چز و مز
ئەمانکەیت بە دز

ئەمە واتای ئابووری و چەوساندنەوەی کۆمەلاّیەتی و دەرەبەگایەتی دەدات. هەتا کــاری پێی هەبێت، بێگاری پێ بکات و کــاتی بەرهەم و چنینەوەی بەروبووم نێـوانیـان تێکدەدات و خـۆیان لێ دەتۆرێنێت تەیاری و نەویســتی لەگەلّدا بەکاردەهێنێت.

بەدوای ئەم سێ دەقە ئاساییە کورتانەدا کە خۆم تۆمارم کردوون، ئێستە بزانین لەو چیرۆکەی کورە کەچەلّەدا دەقی نەگۆڕی تیادا دیاری بکەین.

بیخەینە روو لێکیشیان بدەینەوە:

-٤-

هەیاس دەلّێت:

«١- پادشام سەرم قەشاوورە. کۆنان دەر ئەدەم. نوێیان تێیەکەم. سەرم

قەشاویش دەکەم، دوژمنم دەرهەق دەکەم.» مەبەستی هەیاس ئەوەیە لە سوڵتان بگەیەنێت:

«سەری دەخورێ، ئەسپێونە و لێی دەکوژێ. لە دەمەوە دەخوات چونکە برسییەو لە خواریشەوە دەڕی. ئەوەی بەرامبەر دوژمنەکەمە دەیڵێم بۆ ئەوەی بە هەقی خۆی بگەیەنم» مەبەستی لە باوک و باوەژنە بەرەڵڵاکەیەتی کە لەبەردەمی سوڵتان و دەستەو دایەرەکەیدا نزمی و ڕووڕەشییان دەربخات.

«٢- وەعەسلەش»

هەیاس تا ئەسڵی سوڵتان دەردەخات. لەناخی چیرۆکەکەدا وای دەردەخات کە سوڵتان مەحموود کوڕی باوکی خۆی نییە. باوکی منداڵی نەبووە و بۆ ئەوەی وەجاخکوێر نەبێت ئاشچییەکیان هەبووە سوڵتان لەو ئاشچییە بووە. ئەمە داپیرەی خۆی بۆی گێڕاوەتەوە ئەویش دەبێت کە دایکە پیرەکەی بۆی لێکدەداتەوە مەبەست لەو قسەیەی هەیاسی خاس چییە کە پێی گوتووە (وەعەسلەش).

جا ئەم دەقە لەم دارشتە بچووکەدا هاتووە کە ئەو واتا فراوانەی هەبووە و مۆخ و ناڕەسەنیی سوڵتانی پێ دەردەخات.

---

(١،٢،٣) لە دەستنووسەکانی خۆمەوە (محمد صالح).

(١) لاپەڕەی (١٢)ی ئەو سەرچاوەیە

(٢) لاپەڕەی (٢٠)ی هەر ئەو سەرچاوەیە

-٦-

سولّتان پرسی: هەیاس چی بوو؟

هەیاس گوتی: (چوو!!)[1] ئەم فرمانە واتا ونە، نائاشکرایە کە لە وەڵامی هەیاسدا بەیەک وشە هاتووە. لە ناوەرۆکی چیرۆکەکەدا سێ واتای هەیە، بەڵام هەیاس هەر ئەو وشەیەی درکاند و سولّتانی بەجێهێشت. بۆچی؟ چونکە دەیزانی سولّتان باوەڕی پێناکات و بە وەڵامەکەی قایییل نابێت. ئەوانیش:

١- چوو: بە واتای (گەڕایەوە و ڕۆیشت و ون بوو) سولّتان لە ڕاو ماندوو دەبێت، داوا لە هەیاس دەکات ڕانی بۆ بکات بە سەرین بۆ ئەوەی سەرخەوێک بشکێنێت و بحەوێتەوە. مارێک لە کونێکی نزیکەوە سەری دەرهێنا، هەیاس شیری لێ ڕاکێشا بۆ ئەوەی بیکوژێت. مار لە دەنگی شریخەی شیر خۆی کردەوە بە کوندا و هەڵات. واتە هەیاس گوتی (مارەکە چووەوە ناو کونەکەو بۆی دەرچوو) لە کیسی چوو بیکوژێت.

٢- چووی دووهەم بە واتای لە دەستم دەرچوو کە بیکوژم و فریای نەکەوتم لە ناوی ببەرم و دڵسۆزیی زیاترم بۆ سولّتان پتر بچەسپێت و ئاشکرا ببێت.

٣- واتای سێیەم ئەوەیە کە (ئەوەی چوو، چوو)، تازە ناگەڕێتەوە، سولّتان کە نوستبوو ئەویش وەک مارەکە ئاگادار بووەوە، بە دەنگی راکێشانی شیرەکە خەبەری بووەوە، بەبێئەوەی لە کارو ڕووداوەکە بگات. لەبەرئەوەی لەگەڵ سولّتان تووشی گرفت دەبێت و بڕواشی پێ ناکات.

کەواتە چار هەر ئەوەیە خۆی ونبکات.

-٧-

«ئەسەرامو عەلێک محەمەرە سوور!»

«ئەسرامو عەلێک خیرزنە»

«ئەسەرامو عەلێک قالەبەغاری».

---

(١) چوو: لاپەڕە (٢١) هەر ئەو سەرچاوەیە.

ئەمـە سێ نموونەی بەکـارهێنانی زارین کـە کـاریگـەریی ئاینی ئیسـلام و زمانی عەرەبی ئاشکرا پیێانەوە دیارەو دەربڕەی بەکوردیکراون (ل٣١ – هەمان سەرچاوە).

دیارە گێڕانەوەی چیرۆکەکە هەمووی دەقن، بەڵام ئێمە تەنها مەبەستمان بوو هەندێک دەقی نەگۆڕی ئەم چیرۆکە بە نموونە پیشان بدەین.

-٨-

کـورتە دەقـی نەگـۆڕە و داوای سـوڵـتـان لە هەیاس کـە دەڵێت: «بەرمـاری نەبرڕاوە و کەبابی سەرنەبرڕاوم دەوێت»

(دوایی تکایە لە زیرەکیی ژندا بیخوێنەرەوە – م. ص. س) بەشی ٣

## کاریگەری و زیرەکیی ژن لە چیرۆکی کوڕە کەچەڵەدا

-١-

لە لاپەڕە (٢٣) دا ئەو ژنەی لەگـەڵ کـابرای جـوودا ڕێکەوتبـوو بیکات بە دۆستی خۆی و بۆ ئەو مێردی خۆی لەناوبرد، سوڵـتان بە دەستەو دایەرەی خۆی گوت: دەرکـە ماڵەکـەی مۆری لێبدەن بۆ سبەی بنێـرن بیگرن. ژنە بە پیـلانی سوڵـتـانی زانی لە مەلای مـاڵی خۆیەوە نۆزدە مـاڵ و لەو لاشەوە بیست مـاڵی بەهەمـان مـۆر نیشـانەکرد واتە کردنی بە چل مـاڵی مۆر لێدراو، بەوە سەری لە پیـاوانی سوڵتانی تێکداو نەیانتوانی ژنەکە بگرن. دیارە ئەم کارە بلیمەتی و زیرەکیی ژن دەردەخات.

-٢-

بە دوای ئەو ڕووداوەدا و لە داخاندا سوڵتانـی فەرمانێکی نارەوای دەرکرد بۆ حـەسـەن مـەمـەند کـە هەتا لـە راوێکی ەوت شـەو و حـەوت ڕۆژی دێتـەوە هەرچی ژن هەیە هەمـوویان بکوژێت، ئەگەر نـەیکات لە سـەری بدات و مـەنمی

باوکی نەیهـێـشت ئەو کـارە بکات، گـوتی کـە هاتەوە بە سـوڵتـان بڵـێ من نەمهێشتووە. سوڵتان هاتەوە داوای مەمەندی کرد ببینێ. مەمەند چیرۆکی دەعبایەکی بۆ گێڕایەوە کە هەر ڕۆژە پیاوێکی کوشتووە. دوایی کە نۆرە دێتە سەر مـەمـەند، یەکـەم جار پێی دەڵێت: (سوار دوام کەوە) هێندە خێرا تێ دەتەقێنێت لە مەمەند ون دەبێت. دەڵێت دووەم ئێوارە من لەو کاتەدا کە دەعبا دێت، قاچیشم لە ئاوزەنگی دانابوو کە وتی دوام کەوە یەکسەر ئەسپم تاودا بە دوایدا بە هەزار حاڵ گرتمەوە. دەرچوو هەتا گەیشتە بەر موغارەیەک. گـوتی (مەمەند ڕەشمەی ولاغەکەمم بۆ بگرە). من چەکدار و ئەو چەکدار. دابەزی و بە تەنها چووە موغارەکەوە. نزیک سەعاتێکی پێچوو، هاتە دەرەوە بەڵام توورەکەیەکی پێبوو. گوتی دەزانی من کچە عازەبم؟! گوتم ناوەڵڵا. چارشێوی لە خۆی لادا زانیم کچێکی زۆر جوان بوو. گوتی مەمەند من شەرتم کردووە ئەوەی فریام بکەوێت و لەگەڵم دەرچێت و ڕەشمەی ولاخم لێ بگرێت من شوو بەوەی دەکەم، لەبەر ئەوە من دەزگیرانی تۆم. دەڵێ پێیگوت باشە ئەو هەموو پیاوەت بۆ کوشتووە؟ لە وەڵامدا دەڵێت چونکە پیاوێکی وەک تۆ ئامادەم نەدیت کە قابیلی من بێت. جا دەڵێ مەمەند دەڵێت دەزانیت ئەم توورەکەیە چی تیایە؟ پرسیم چییە؟! گوتی ئەوە من حەوت برام هەبووە، حەوت دێوی ئەو موغارەیە هەر حەوتیانی کوشتبوون منیش بەم جۆرە عەهدم کرد هەر حەوتیان بکوژم، ئەوە لچ و گوێچکەی هەر حەوتیانم بڕی خستمە ناو ئەم توورەکەیە. مەمەندی باوکی حەسەن بە سوڵتان دەڵێت:

«قوربان ئەگەر باوەڕ ناکەیت ئەوە خێزانەکەمە کە ئێستە پیر بووین. حەسەنی کوڕیشم لەو خاتوونەیە. قوربان تۆش دەڵێیت هەموو ژنان بکوژن. ئەوەش خۆیەتی - ژنیش هەیە و ژنۆکەش هەیە».

منیش دەڵێم کورد گوتوویە «ژنیش هەیە و ژانیش هەیە».

ئیتر سوڵتان لە خاتری ئازایەتی و زیرەکیی دایکی حەسەن مەمەندی لەبڕیارە خراپەکەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە کە دەبێت ژنانی ئەو شارەی هەموو بکوژرێن و بڕیارەکە بە پێچەوانەوە دەگۆڕێت.

-٣-

ئەم بەشە بە سێ جۆر لەزیرەکی و کەسێتیی سەرکەوتووی ژنان دەدوێت:

یەکەم:

سولّتان بە هەیاس دەلّێت برۆ (بەرماری نەبرِاوە و کەبابی سەرنەبرِدراوم بۆ بێنە).

پاش ماوەک رۆیشتنی دێ بە دێ ئەو کچە ژیرەی کە تووشی هەیاس هاتبوو بوو، هەیاس داواکاریی سولّتانی پێڕاگەیاند. کچ گوتی زۆر هاسانە. بەرانێکیان هەبوو دابەستە، هەموو رۆژێک دەیشوشت و خوربیە بەرگنەکەی شانە دەکرد، چەندی لێدەبۆوە کۆی دەکردەوە دوایی رستی و بەشی بەرمارێکی لێ پەیدا کردو دای بە جۆلاّ بەرمالّ تەواو بوو. ئەو رۆژەی هەیاس ویستی بگەرِێتەوە بۆ لای سولّتان کچی ژیر بەرانەکەی خۆیانی خەساند، جووتە گونی دەرهێنا، کردی بە کەباب و برژاندی پێیگوت ئەوەش داواکاری سولّتان، خێراو یەکسەر بیگەیەنەو بۆی ببە. سولّتان دەستخۆشی لێ کرد و عەقلّی گەورەی ئەو کچەی سەلماند و پەسەند کرد.

دووەم:

کاتێک هەیاس دوعا خوازی لە کچە کرد، کچ پێیگوت:

«ئەگەر»

هەیاس وەلاّمی دایەوە

(مەگەر)

١- ئەم وتوێژە دەقێکی فۆلکلۆریی واتادارە بەلاّم مەبەستی نادیارە، هەرچەندە هەیاس و کچە لەیەک دەگەن چونکە دووانی زیرەک و بلیمەتن، بەلاّم پێویستییان بە لێکدانەوە هەیە بۆ کەسی وەک سولّتان و کەسانی تر.

ب- مەبەستی کچە لە (ئەگەر):

(واتا ئەگەر داوام کەیت شووت پێدەکەم).

ب- مەبەستی هەیاسیش لە (مەگەر)

(واته مەگەر بمرم، ئەگینا هەر مارەت دەکەم و دەتگوێزمەوە).

٢- کەواتە دەستپێشکەری کە لە کچەوە بێت، زیرەکی و بلیمەتییەکەی ئاشکرا لەمەشدا دەردەکەوێت کە چەند زیرەکانە کەسێتییەکی چەسپاوی خۆی هەیە کە هاوتای زیرەکی و بلیمەتیی هەیاس بکات.

سێیەم:

کاتێ: باوکی کچە لەگەڵ هەیاسدا پێکەوە بەرێگەدا هاتن و هەیاس چەند شتێکی گوت باوکی ئەو کچە زیرەکە لە هیچی نەدەگەیشت. کەچی کچە هەرکە باوکی دی و گوێ لێبوو هەمووی زانی و باوکی تێگەیاند، بۆ نموونە هەیاس گوتی:

أ- با قادرمەیەکی بکەین:

واتا با بەرێگەوە گفتوگۆ بکەین و سەرگورشتە بۆ یەک بگێڕینەوە هەتا پێوەی خەریک بین و بەزوویی ڕێگەکەمان لەبەر بڕوات، کەچی باوکی کچە بە هیچ جۆرێک بەلای مەبەستدا نەچوو.

ب- کە هەیاس دەڵێت

«تۆ نا مزگەوت» لە وەڵامی باوکی کچەدا کە پێیدەڵێت «خانەخوێت هەیە؟» کابرا دەڵێت «تۆ نا مزگەوت» هەروەها ئەمەش دەقێکی واتادارە. ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ یان کەسێک فەرمووم لێ نەکات و میوانداریم نەکەن، ناچار دەچمە مزگەوت. کچە زیرەکەکەی یەکسەر بۆ ئەمەش باوکی تێگەیاندەوە.

ج- با پرد بکەین:

دوای ئەوە کە باوک گوتی ئەو زەلامە هێندە کەر بووە، ئێمە تووشی ڕووبارێک بووین، کابرا دەڵێت (پرد بکەین ؟) کچە زیرەکانە بە بابی دەڵێت (بابە ئەوە بەتۆی گوتووە ئەگەر ناتوانیت لە ڕووبارەکە بدەیت و بپەڕیتەوە پێیگوتوویت ئەگەر ناتوانیت لە کۆڵت دەکەم و دەتپەڕێنمەوە). کابرا ویستوویە چاکەی وەهات لەگەڵدا بکات[1].

---

(١) ڕاوێژکاری ئەم کتێبە ئەم بۆچوونانەی هەیە:
«ئەم حەقایەتە لە (زادیج)ی تەها حوسێن بەشێوەیەکی تر هاتووە. هەروەها لە کتێبی (قیرائەتی پۆلی شەشەمی) کۆن (شیرین و کاکەولا)دا بەشێوەیەکی تر هاتووە».

د- باوکە گوتی:
ئەی کچم کە تووشی پەلە گەنمێکی جوان بووین ئەو کەرە دەڵێت:
«ئەگەر خاوەنەکەی شیندرووی نەکردبێت».
ئەوجا کچی زرنگ و زیت دەڵێت:
ئێ بابە، ئەوە ئەگەر سەلەم و سووی کردبێت، واتە لە نەبوونیدا پارەی لەسەروەرگرتبێ، ئەوا نرخەکەی بە شینی پارەی لەسەر وەرگرتووە. ئیتر مافی بەسەرییەوە نامێنێت.
گوتووشیانە:
«بەسەوزی خواردوویەتی» و ئەوە مەبەستەکەی بووە کە تۆ تێی نەگەیشتوویت.

-٤-

سوڵتان کە دەبیستێت هەیاس ژنێکی وەها ژیر و بلیمەتی هێناوە، لە رژدی و چاوچوویی خۆیەوە، تەماع دەکاتە ژنە.
بەفێڵ هەیاس دەنێرێتە دەرەوەی دوورە شار و کارێکی نەنگەویستی پێ دەسپێرێت.
هەیاسی دوورناسیش هەست بەنیازی گڵاوی دەکات. وەها لە دەرکە و بەر ماڵ دەکات جێگە ناڵی ئەسپی سوڵتانی پێوە دیاربێت ئەگەر بێتە دەرکەو ماڵەکەی. کە دێتەوە سەیر دەکات، دەڵێت ئەوە سوڵتان هاتووەتە ماڵەوە. لەدڵی خۆیدا بڕیار دەدات نەچێتەوە ماڵەوە، دەچێتە دیوانی خۆی.
لەملاوەش ژنەش کە لە مەبەستی خراپی سوڵتان تێدەگات، چەند هێلکەیەکی کوڵاو بە سوور، زەرد و سەوز رەنگ دەکات کاتێک سوڵتان دێتە کنی لەبەردەمی هێلکە ڕەنگکراوەکان دەشکێنێت و لە سوڵتان دەگەیەنێت کە هێلکە کوڵاوە بێ توێکڵەکان هەموویان سپین، واتە لە رەنگ سپی بێگەردن و پاکن، بەواتایەکی تریش تام و بۆیان یەک چێژە. سوڵتان تێدەگات و چۆن هاتووە وەها بەلووت شکاویی دەگەڕێتەوە. ژنە بە داوێنپاکیی خۆی دەهێڵێتەوە ژنی بلیمەت و زیرەک کە دەبینێت مێردە هوشیارەکەی نایەتەوە و

گومانی لێدەکات هەر بەسوڵتان خۆیدا بە دووی هەیاسدا دەنێرێتەوە کە بە هەیاس بڵێت بە دڵ و گیان باخێکی بنیاتناوە کەچی بەرەڵڵای کردووە؟!
هەیاس شەرم لە سوڵتانی ناکات و بەبێ سڵ لێکردنەوە دەڵێت:
باخەکەم بەراز پێی فێر بووە، ئیتر بەکەڵکی من نایەت. سوڵتان وەڵامی دەداتەوە: راستە بەراز چووەتە ناوی بەڵام گوڵێکی لێ لار نەکردووەتەوە.
دوایی هەر چۆنبووە هەیاس تێدەگەیەنێت، کە هەیاس دەگەڕێـەوە ژنەی زرنگو زیتەڵ بە هەموو ژیریی و زیرەکیی خۆیەوە دەتوانێت پێی بڵێت:
«ئەگەر من لە تۆ حەکاکتر نەبم، چۆن دەتوانم لەگەڵ تۆ دەربەم»
ئەوەش نموونەیەکی تری بە توانایی و بلیمەتیی کەسێتیی و زەیرکیی ژن.
تێبینی: لەشوێنی تردا لە بریتی (بەراز)، (شێر) بەکار هاتووە.

## بواری رەخنە بەگشتی و لەم چیرۆکە فۆلکلۆرییەدا بەتایبەتی

وەکو بیستراوە، بینراوە و تۆمار کراوە بۆی هەیە یەک چیرۆکی فۆلکلۆری بە چەند جۆر و دەقی نزیک لە یەک یان جیاواز و دوور لەیەک بیسترابێت و گێڕدرابێتەوە.
هۆکاری جیاواز و کاریگەریی هەمە جۆر بۆ ئەم رووداوانە هەیە.
لێرەدا بە کورتی و بەپێی دەرئەنجام، بیرلێکردنەوە و بۆچوونی خۆم بۆ هەندێکی دەچم و شرۆڤەیان دەکەم:

-١-

گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە، جار دوای جارو بەرودوا، لە لایەن چەند جۆرە کەسێکی جیاواز و جیا لەیەک، لەگەڵ بوونی نایەکسانی لە ئاستی تێگەیشتن، بوون یان نەبوونی زانیاریی زۆر یان کەم، رادەی ئەو ئەزموونگەرییانەی کە کەسی گێڕەرەوە یان گوێزەرەوە، هەیەتی و چەندێتی ئەو تاقیکردنەوانەی کە بەسەریدا هاتووە یان ئەو کەسە بینیویەتی یان بەسەریدا تێپەڕیوە و لە کەسانی تریش بیستوویەتی خوێندوویەتی، خوێندوویەتییەوە،

وەری گرتووە یان بۆ خودی خۆی توێژینەوەی تیادا کردووە یان لەو کەسانەی وەرگرتووە کە لێی کۆڵیونەتەوە.

-٢-

گوێزانەوەی دەق لە جێگەو شوێن و دەڤەرێکەوە بۆ ناوچەی جیای هەمان نیشتمانی ئەو میللەتە بەتایبەتی ئەگەر شێوەزار یان (دیالێکتیان) جودا بێت، کار دەکاتە سەر گۆڕینی زاری و زارەوە و گۆی ئەو دەقە و شێوازی گوتنی، ئەوساش گۆڕانکاری و کاریگەرییەکانی تر لەگەڵیدا (بەهۆکاری نەریت، داب و پەروەردەی کۆمەڵایەتی، جیاوازی سروشتی خاک و کەش و دەورو بەر) و گشت کارتێکەرەکانی تری وا بەستەبەو بابەت و ناوەرۆکەوە، روودەدات.

-٣-

کاریگەریی کەسی گێڕەرەوە یان گوێزەرەوە کە لەوانەیە شتی لێ بگۆڕێت، لێی کەم بکاتەوە یان لێی لابەرێت، لێی زیاد بکات و شتی تری بخاتە سەر. چاکترین بەڵگەی سەلماندن بۆ ئەم لایەنە بوونی چەند جۆرێکە بۆ یەک دەق لەشێوە گشتییە دیارییەکەیدا کە پێی ناسراوە و دەرکەوتووە. ئالێرەدا باری بایەخی تۆمارکردنی دەق دەردەکەوێت کە لە دواییدا هەموو گۆڕانکارییەکانی لێدەکرێت، دەزانرێت و دەناسرێت. ئەگەر بتوانرێت رۆژ و ساڵی تۆمارکردنیشی بنووسرێت. هەروەها ئەگەر لێی بگوێزرێتەوە یان لێی بدزرێت، دیسان پێی دەزانرێت و بەئاسانی دەتوانرێت ئاشکرا بکرێت، بۆ ئەوەی بەرگریی لە بوونە رەسەنەکەی دەقی خۆماڵیمان بکەین و سامانی میللیمان لەسەرێکەوە جیا بکەینەوە و لەسەرێکی تریشەوە وەک موڵکایەتی خۆمانە بیپانپارێزین نەیەڵین لە کیس میللەتەکەمان بچێت.

-٤-

لێرەوە بەرەو ئەو لایەنە دەچین کە بەدوای بەرهەمی سامانی نەتەوەیەتیمانەوە بین، کە:

لەلایەک لێی نەدزرێت،
لێی نەگۆڕرێت
نەشێوێنرێت و
لەسەرێکی تریشەوە لێی بکۆڵرێتەوە
بدۆزرێتەوە، بیووژێنرێتەوە و بنووسرێتەوە:

ئەمەش بۆ ئەوەی: وەک سامانی نەتەوەیی سروشتیی و پەیدابووی درێژخایەنی خۆڕسک:

بچەسپێنرێت و پۆلێن بکرێت. دوایی لێی کۆڵرێتەوە، جێگیر و تۆمار بکرێت،

## هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی تر لە چیرۆکی (کوڕە کەچەڵە)

یەکەم:

کاتێک دێینە سەر هەڵسەنگاندنێکی ئەم چیرۆکە هەر زوو بۆت دەردەکەوێت کۆمەڵێک ڕووداوی زۆری وەک ئەوەی چەند چیرۆکێک بە مەبەست لێکدرابووبن و جەنجاڵییەکەی فرە چەشن بەگێڕانەوەی بەرودوات پێشکەش دەکات. هەندێک جار لەبارەی پەیوەندیی و گونجاندنی یەک کەوتن، لەگەڵ یەکدا دەپچڕێن و بابەتیان لەیەک دوور دەکەوێتەوە، بەڵام دوایی هەر دەبێت لێکبدرێنەوە و ببنەوە بە بەشێک یان پارچەیەک لە گشتەکە، بەڵام ئەو یەکخستنە ناسروشتی و زۆرەملی پێوە دیارە وەک ئەوەی دروستکرابێت.

ئەوەی ئەم هەستەی داومێ بەکارهێنانی هەندێک زارەوەش بووە کە هی سەردەمی خەزنە یان غەزنەوی نەبن و لێی دوور بن. بۆ نموونە بەکارهێنانی پەیڤی (کوێخا) و دەربڕەی (کوڕی کوێخا) لەلاپەڕەی (٩) جێگەی تریشدا.

کوێخا و کوێخایەتیی بەکارهێنانێکی نوێیە بۆ سەپاندنی دەرەبەگایەتی و بردن بەڕێوە و مەیسەرکردنی کارو داواکارییەکانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی.

کۆنتریش پێیگوتراوە: (قۆخا: کوێخا: دەمڕاست). دیارە تیاشیاندا هەبووە نوێنەرایەتیی گوندنشینەکانیان بەپاکی و راستی ئەنجامداوە و خۆیان لە دانیشتووەکان جیا نەکردووتەوە.

دووەم:

هەروەها لەلاپەڕەی (١٤) کە دەڵێت:

(ئێوارانێ: کابرای جوولەکە بەخۆی و عەرەبانە کوتارەکەی بە بەردەمی مارا موسورمانەکەیا تێپەڕێ و ژنی کابرای موسورمانی رفاند.)

سالآنی زوو، بگرە ئێستاش لەلادێکاندا عەرەبانە نەبووە بۆ کوتاڵ. ئێمە زارەوەیەکی کوردەواری زانراومان هەبووە، کە دەوترا (کۆڵگێڕ) ئەمە بەتایبەتی بۆ جل و بەرگ و کاڵا و بەکۆکراوەی قوماشەکان دەگوترا (کوتاڵ) ئەوەش بەدەست یان بە کۆڵ، کۆڵانە و کۆڵان دەبرا پێی دەگوترا (دەستگێڕ) هەتا ئێستا لەشارە گەورەکاندا دەستگێڕ لەناو بازاڕو دەرەوەی بازاڕدا هەر ماوە، (کۆڵگێڕیش هەتا رادەیەکی کەم هەرماوە. گێڕان بەعەرەبانە و پیکاب هی ئەم بیست ساڵەی دواییبە پەیڤی (کۆڵگێڕ، دەستگێڕ، چەرچی. هتد) بووبووە.

لەلایەکی تریشەوە مەگەر بۆ خەیاڵ و هیوا خوازیی، یان بۆ بەد ناو کردن، ئەگینا رووی نەداوە جوو ئەو وێرانەی تیا بەستە بێت ژن لە موسڵمان داگیر بکات یان دایبگێڕێت و هێشتا پێچەوانەکەی بووایە جێگەی باوەڕ بوو وەک دەسەڵاتی ئایینی زاڵ کە مووسڵمان. من لە چلەکان وپەنجکانی ناوشاری سلێمانیم لەبیرەکە هەرچەندەپەیوەندیی نێوان هاووڵاتی رەمەکی موسوڵمان و جوو ئاسایی ورێزلێنراوبو بەڵام جوولەکە نەیاندە وێرا لەکراسەکەی خۆیاندا بەخراپ بجوولێنەوە.

سێیەم:

لەلاپەڕەی (١٧) دا (قانوونی عیدام کرد)

جاران دەگوترا (فەرمانی لەم لکرا - پەتی بۆ هەڵخرا - ملی بەپەتا کرا. لەسێدارە درا - خنکێنرا)

ئەمە یەکەم لەبارەی دەستەواژە زمانییەکەوە کە هەتا ئێستاش هەر بەکار هێنراون. دووهەمیش، بەڵام کاتێک دینە سەر فەرمانەکە ئەمەیان لاساییکردنەوەی مەحکەمەکەی سوڵتان دەکەنەوە، سوڵتانیش وا ڕێکدەکەوێت خۆیان لێدەگرێت و گوێی لێیەتی چی پێدەڵێت.

أ- ڕەوشت و بیرو ژیریی هەیاسی خاس لەو جۆرە نەبووە کوڕە لاوێک بەتایبەتی بەبێ گوناه و کە لە کابینەکەی خۆیشی بێت، لەخۆڕا و بەبێ تاوان و هەر بۆ تاقیکردنەوە و نواندن لەسەرێکەوە و لەلایەکیشەوە بۆ دەرخستنی ناداد پەروەری مەحکەمەی سوڵتان، بێت و کوڕە لاوێک کە دەوری کابرای جوو ببینێت، لەخۆڕا بکوژێت.

ب- هەیاسی خاس هەرگیز ئەو کارە ناکات چونکە چاک دەزانێت سوڵتان بۆ بەهانەیەک دەگەڕێت لە هەیاسی بدۆزێتەوە، چاوشکێنی بکات و خۆی بەسەردا بنوێنێت و لێی بپێچێتەوە. لەبەرئەوە هەرگیز بەو داناییەی خۆیەوە کاری وەها نابەجێ ناکات کە جێگا ڕەخنەی سوڵتانی جەربەزە بێت.

ج- سوڵتان هەرگیز لەو جۆرە کەسانە نەبووە (١- خوێنی تاوانێ: بدات کە سەر بە هەیاس بێت)

بەتایبەت لەو کاتە زووەدا کە هێشتا سەرەتای ناسینی کوڕە کەچەڵەیە و ناوبانگی دەرنەکردووە. بەڵکو سوڵتان دەیەوێت ڕایبکێشێت و تێی بگەیەنێت. ئەمە هەرگیز کاری کردەی سوڵتان نییە. بەتایبەتی دژی فەرمانی خۆی بێت و بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو نادادپەروەرییە بێت بەسەر کابرای موسڵماندا بێت کە خۆی چەند ڕۆژێک لەوەوبەر دابێتی.

ئالێرەوەیە کە دەڵێم ئەمە دەستکاری و گۆڕینی تیاداکراوە، ئیتر لای حەکایەتخوانەوە بێت یان بەرودوای گێڕانەوەی چەندجارە وەهای لێکردبێت،

---

(١) لاپەرە ١٧ هەر ئەو سەرچاوەیە

چونکە بێگومـان هەمـوو کـارێکی ناسروشـتی بەخـۆڕایی و لەخـۆیەوە نایەتە ناوەوە.

چوارەم:

لەلاپەرەی (٢٩) دا دەڵێت: بە کــۆڕانێکی باریکدا دەڕۆن کـــە هێندە تەسک بێت سێ چوار کـەر بە بارە گـەچەوە دێن کـورێک لەدواوە تەنگاویان دەکات عەبا و جلکی سوڵتان گەچاوی دەبێت.

أ - لەو زەمـانە کۆنەدا گـەچ بەکـارنەدەهات. (گـڵی سپی بەهێلە سـاو و تەڕاو) لەناو مـاڵاندا بەکاردەهات، یان دوایی (قسڵ) و (قوڕو قسڵ) داهات بۆ دروستکردنی خانووبەرەی لای خۆمان (خشتی قوڕو سواغی قوڕ) باو بووە و دەتوانین بڵێین بە زۆریش خانووی گوندەکان یەک نهۆم و دوو نهـۆمیش هەر بەو جـۆرە بووە. ئێسـتـەش لەگـەڕەکـە کـۆنەکـانی شـارە گـەورەکـان و شـارو شارۆچکەکانیشدا پاشماوەی ئەو نەریتە هەر ماوە.

ئەمە جگە لەوەی لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا لە گەلێک جێگەی تریش (وشکە کەڵەک هەبووە کە داریش لەناو دیوارەکانیدا بۆ قاییمی وەک تەختـەی شـەقـە بەکـار دەهات و لەناوەوە یان لە ناو و دەرەوەدا بە قـوڕ سـواغ دەدراو ناویشـەوەی (تەڕاو یان هێلەسـاو) دەکـرا. گـەچ زۆر درەنگتـر هاتە ناو شـارەکـانی کـوردسـتـانەوە، درەنگتـریش لەوە بۆ گـوندەکـان و هێندەش بەکارنەدەهات.

ب- دەڵێت سێ چوار کــەر، ئەوە شـتـێکی دوور و نەبینراو نیـیـە، لەبەردەمتدایە، یان چوار کەرە یان سێ، ئیتر بۆچی (سێ و چوار) بەکار بێت.

ئەمەش لایەنێکە لە وردەکارییەکانی تۆمارکردن.

پێنجەم:

لەلاپەڕە سیدا نموونەی (لە کەر کەرتر) بۆ مرۆیەک دەهێنێتەوە کە یەکسەر

ناوی (خێڵێکی کوردی ناودار دەهێنێتەوە کە لە پارێزگای سلێمانی و هەولێرو بەزۆری لە کەرکووک و بەدیوی کوردستانی خۆرهەڵاتیشدا بەکەمتر هەیە.

ئەم ناو هێنانە ئاشکرایە کارێکی ناشایستەیەو لە رژدیی و ناکامڵیی هەستی خێڵەکیی و دەرەبەگایەتییەوە هاتووە. چونکە ئەگەر سەیری (پلەی زیرەکی و توانادارێی مێشکی مرۆڤ بکەین) بچین بۆ (کەوانەی ڤین بۆ تێگەیشتن و بوونی جیاوازیی (مێشک و ژیری) ئەوە نەک خێڵێک بەڵکو هەموو میللەتانی دنیا دەگرێتەوە هەر لە شێتی بێ عەقڵەوە بۆ دەرنگ وەرگر کە درەنگ تێدەگات، مام ناوەندییەکان و دوایش بۆ زرنگ و زیرەکەکان، زۆر زیرەک، لەوانیشەوە بۆ بلیمەت و هەڵکەوتووەکان:

ئەوەی دەیەوێت لەمە بگات تکایە با بگەڕێتەوە بۆ تاقیکردنەوەکانی - وێکسلەرو بینێ - چونکە ئەوە لێرەدا ئیشی ئێمە نییە[1] هێندە دەڵێین (بوونی کەسێک ئاستی ژیرییەکەی لە کەریش کەرتر بێت لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا هەیەو خراپتریش هەیە) ئیتر چۆن دەبێت رەوشێکی وەها بەئاشکرایی و بە ناوهێنان بدەین بەسەر خێڵە کوردێکدا و بەتایبەتی وەک گشتێک بەدناوی بکەین و بەناو هێنانی کە ئەمە بەبێ پێزانین و هەستپێکردن جۆرێکە لە شێواندن و ناوزڕاندن، بۆیە دەبێت خۆمان لەو ناو بەتایبەتە هێنانە دوور بخەینەوە.

ئەوەش هێمایەکی ترە بۆ دەستکاری کردن، ئەگینا کاتی خەزنەوی لەکوێ ئەم خێڵە کوردە بەناوی خۆیەوە قوتکرایە وە ناوی هێنرا؟!.

دیارە وردە تێبینی تریش هەبوبێت و لێدوان و هەڵسەنگاندن، بەڵام ئەوەی بە پێویستم زانی لێرەدا پتر لەوە نەچووم بەولایدا.

---

١- محمد سالح سەعید لە کوێت- خولی تایبەت بۆ ماوەی (٢١) ڕۆژ وەک سەرپەرشتیارێک ١٩٨٣ بۆ سەرپەرشتیی پۆلی تایبەت بە (دەنگ فێربوو)نی قوتابی سەرەتایی- بطئ تعلم-

پاشکۆی ٢

**ئامارژەیەک بۆ بوونی**
**پەندی پێشینانی کوردی**
**لەسەر هەیاس و سوڵتان مەحموود**

پەندێکی کوردەواری لەسەر
گیسکەکەی هەیاسی خاس

چاوت ببیتە کیسکی هەیاسی[1]
ئەتو نابینی بابی ئەلیاسی

١- نووسەر بە دوازدە دێڕ چیرۆکی (بزنەکەی هەیاسی خاس) دەگێڕێتەوە. لەبریتی (بزن) لەو گێڕانەوەیەدا (گیسک) بەکارهێنراوە. گیسک ئەو کارەیە کە لە شیر بڕراوەتەوە. کار لەدوای پێنج شەش مانگە دەبێتە گیسک، یان گیسکە مێ یا گیسکە نێر گیسک ئەگەر هەر زوو لە تەمەنی ساڵێدا تەگەی گرت و زا و کاریلەیەکی بوو، پێیدەگوترێت (گیسکەزا) بە واتەی هێشتا گیسکە، نەبووە بە (بزن) و زاوە. بە (کارژۆلە)کەش دەگوترێت کارژۆلەی گیسکەزا.

٢- لەو گێڕانەوەیەشدا یەک بەچکە گورگی تێدایە.

٣- ناوبراو بەم جورە واتای پەندەکە لێکدەداتەوە:

«ئەم پەندە کەسانێک دەیڵێن واتە بە هیچ جۆر کارەکە مەبەست نادرێت».

٤- لەم کورتە چیرۆکەدا ئاماژەی تێدا نییە بۆ دۆزینەوەی هەیاس کێ تەگبیری بۆ سوڵتان کردووە. بەڵکو دەڵێت «سوڵتان لە شوێنی مەبەست و گومانلێکراو سووڕاو گیسکی بەسەر ماڵاندا دابەش کرد..»

٥- سەرنج:

(١) وادیارە دۆزینەوەی هەیاسی خاس لەکاتی خۆیدا لەسەر سوڵتان مەحموود زۆر کەوتووە لە کوردەواریدا بگاتە ئەو ڕادەیەی پەندی لەسەر بهێنرێتەوە.

(٢) ئەو بزنەی هەیاسی پێدۆزراوەتەوە زۆر نرخدارو خۆشەویست بووە، ئەوەتە لە پەندەکەدا ئاشکرا دەڵێت ئەگەر چاوی تۆ لە بە نرخی و

---

(١) پەندی کوردی و چیرۆکەکەی- لاپەرە (١٣١)- عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی

خۆشەویستیدا بگاتە ڕادەی بایەخداریی چاوی ئەو بزنەی کاتی خۆی.

هەیاسی ونبووی بۆ سوڵتانێکی جەربەزەی کەسایەتییەکی وەک سوڵتان مەحموود پێدۆزرایەوە، پەندەکە دەڵێت گرنگیت بگاتە ئەو چاوەش کاری تۆ هەر نابیە و هەرگیز جێبەجێ نابێت.

(٣) بیستراوی و بڵاوبوونەوەی چیرۆکەکانی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود گەیشتوونەتە ئەو رادە کۆمەڵایەتییە قووڵ و ناوداربیە کە پەندی پێشینانی کوردی لەسەر بهێنرێتەوە و جارێکی تریش بەهای بەرزی کەسایەتیی ناوێزەی هەیاسی خاس دەربخاتەوە.

پەندێکی پێشینانی تر
لەسەر ناوەرۆکی چیرۆکێکی هەیاس و سوڵتان
«سەنگ لەسەر سەنگ
لە حەمامی بە زڕوزەنگ
نە لە من دەنگ[1]
نە لە تۆ دەنگ..؟!

واتە بەرد بنێرە سەر بەرد، ئەو نەهێنییەی بە قڕوقار روویدا، با هەردوولا بیشارینەوە، باهەردووکمان بێدەنگەی لێ بکەین و کەس پێی نەزانێت. واتە با تەنها لەنێوان هەردووکماندا بمێنێتەوە.

ئەمەش دەرخستنێکی ئاشکرای ترە کە بایەخ، بڵاویی، ناسراوی کەسایەتیی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموودی پتر پێدەسەلمێتەوە کە کاریگەریی گەیشتووەتە ئەو رادەیەی پەندی پێشینانی لەسەر هاتبێتەوە (لەسەر ناوەرۆکی رووداوی ناو چیرۆکەکانیش). دەماودەم گێڕرابێتەوە گەڕان و بەدواداچوونی فرە هەبێت لەوانەیە پەندی تریش هەبن.

(١) لاپەڕە (٦٠) پەندی کوردی- عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی.

## پاشکۆی ٣

**Relationship with Ayaz**
**Malik Ayaz:Main article**

## پەیوەندیی لەگەڵ (ئەیاز - هەیاس)
## بابەت (article) مەلیک ئەیاز

وەک دەگێڕنەوە مەحموود لەگەڵ کۆیلەیەکی نێرینەی گەنج بە ناوی ئەیازەوە، کەوتووەتە خۆشەویستییەوە.

ئەو خۆشەویستییەی بوو بە هۆی بایەخپێدانێکی تایبەتیی. ئەوەش بوو بە نموونەی پەرستنێکی کەلتووری دێوانەیی (ئایدیاڵ) واتە ئیفلاتوونیی، سوڵتان وەک کۆیلەی کۆیلەکەی خۆی دەربخات.

ئەیاز بوو بە مۆدیلێکی پاک و بێگەرد لە ئەدەبی سۆفیزمیدا.

لە ساڵی (١٠٢١) دا سوڵتان پلەی ئەیازی بۆ پاشایەتی بەرز کردەوە و تاجی لاهووری پێبەخشی.

سەعدی شاعیر لە ناو ئەو کەسانەدا بوو کە بەشداریی لە بۆنەکەدا کردبوو.

لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەودا، ناوچەکە بەتەواوی لە بازنە و مەودای کاریگەریی (سامانید) دوورکەوتەوە و بەخێرایی کۆتایی پێهێنا. ئەمە لەو کاتەی وەک نەریتێک، بەشێوەیەکی مەرەیی عەباسییەکانی وەک خەلیفە ناوهێنابوو بەڵام خۆیشی وەک سوڵتان و ئەمەش وەک دانپیادانانێک بە سەربەخۆیی ئەودا.

لە کۆتایی سەردەمی حوکمیدا، ئیمپراتۆرێتیی غەزنەڤی لە کوردستانەوە، لەخۆرئاواوە هەتا سەمەرقەند، لە باکووری خۆرهەڵاتەوە و لە دەریای قەزوێنەوە بۆ یاموونە فراوان بوو. هێزەکانی بەدەم هێرشبردنەوە بەناو نیمچە کیشوەری هندا کشان، تەنها پونجاب، سەندو پاکستانی نۆی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی تەواوی سوڵتانەوە.

کشمیر، دواب، راجستهان و کووجەرات لە ژێر دەسەڵاتی میرە ناوچەییە

(راجپۆت)ەکاندا مانەوە کە دەربارو ملکەچی سولّتان بوون،

دەستکەوتی ئەو سامانەی کە وەک تالآن و برۆیەی بۆ غەزنە هێنرابوو ئێجگار زۆر بووە. مێژوو نووسە هاوچەرخەکانی وەک (ئەبولفەزلبیهانی، فیردەوسی) بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە گەورەیی و بایەخداریی پایتەخت دەدوێن. ئەمە سەرباری پیاهەڵدان بەسەر سولّتاندا کە بایەخی بە (ئەدەب) داوە. (لە نووسینەکە دا دەڵێت). دەتوانین غەزنە لەیەکەم سەنتەری ئەدەبی فارسییەوە بۆ یەکێک لە شارە پێشەنگەکانی ئاسیای ناوەڕاست بگۆڕین. ئەوەش لەلایەنی پشتگیریی توێژەران، کردنەوەی کۆلێج، باخچە، دروستکردنی مزگەوت، تەلارو کاروانسەراوە. سولّتان پشتگیریی تەواوی لە فیردەوسی کرد بۆئەوەی شاهنامە بنووسێت. هەروەها لەدوای تەواوبوونی گەشتەکەی بەنێو ئەو دەشتە فراوانانەی ئەلبیرۆنی کە لەساڵی ١٠١٧ بۆ نووسینی (مێژووی هند) بەمەبەستی تێگەیشتن لە هندییەکان و بیروباوەڕیان.

لە ١٠٣٠/٤/٣٠ دا لە تەمەنی ٥٩ ساڵیدا سولّتان مەحموود لە غەزنی کۆچی دوایی کرد. سولّتان لە پێشدا تووشی نەخۆشی مەلاریا دەبێت، دواییش سیلێکی کوشندە.

بەهرەمەند بوو. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا چەند زانکۆیەک بۆخوێندنی جۆراوجۆری وەک ماتماتیک، ئایین، مرۆییەکان و پزیشکی.

شان بەشان لەگەڵ ئایینی شانشینییەکەی خۆی، ئیسلامەتی ئایینی سەرەکی بووە. ئایینزای حەنەفیش سەرباری هەموویان.

دیالێکتی داریی کە فارسیی ئەفغانییە زمانی فەرمیی دەسەڵاتەکەی بوو.

ئیمپراتۆری غەزنەڤی بۆ ماوەی ١٥٧ ساڵ دەسەڵاتی نەوەکانی هێشتووەتەوە، بەڵام دوای مەحموود هەرگیز نەگەیشتە ئەو تەوانایی و گەشەسەندنەی سەردەمی خۆی. دوایی ئیمپراتۆرێتیی سەلجووقی تورکی زۆرینەی خۆرئاوای غەزنەڤیدی داگیرکرد. غۆریدەکان لە ساڵی١١٥٠دا غازنییان داگیرکرد و محەممەد غۆری دوایین قەڵاو پێگەی غەزنەڤیدەکانی لە ساڵی١١٨٧دا لە لاهوور داگیرکرد.

غەزنەڤییەکان وەک ناصرخانەکان هەتا سەدەی بیستەمیش لە سەر خاک و زێدی خۆیان لەژیاندا ماونەتەوە. هەتا ئەمڕۆش پاکستان ناوی یەکێک لە مووشەکە ناوەند هاوێژەکانی خۆیان بە ناوی ئەوانەوە ناوناوە.

**سەرنج**

بەدوای ئەو زانیارییانەدا چەند تەوەرەیەک سەرنجمان رادەکێشێت کە لێکۆڵەران یان مێژوونووسان لێکوڵینەوەی تێدا بکەن:

١- ناو هێنانی (کوردستان) لەم سەرچاوەیەدا کە لەو سەردەمەدا نرخی تایبەتی خۆی هەیە.

٢- ئاماژە بەو تالآن و بڕۆیەی وەک سامانێکی زۆر ئەنجامی داگیرکارییەکانی سوڵتان لەو داگیرکراوانە زەوت کرابێت و وەک دەستکەوت (غنائم) ناو برابێت بەدەستەو دایەرەی سوڵتان حەڵاڵ بێت و شانازی پێوە بکرێت.

٣- کاریگەریی ئاشکرای هەیاس لەسەر سوڵتان مەحموود لە سەرچاوەکاندا، بەدەر لە چیرۆکە فۆلکلۆرییە کوردییە خۆماڵییەکان ئەوە دەردەخات کە لە ویست و ناخ وئەندێشەو خواستی میللەتەکەمان خوڵقاندوونی.

بە توانایییەکی تایبەتی تر دەسەلمێنێت.

---

سلطان محمود غزنوی – **O.Wikipeia** – ئەنتەرنێت

## پـاشکـۆی ٤

ئێمه لەوه دواین که ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارو کاریگەریی ڕووداوەکان لەسەر کەسە جیاوازەکان، گێڕەرەوە بن یان بیستەر و بەهۆی گوێزرانەوە لە دەڤەرێکەوە بۆ شوێن و جێگەی تر، جار هەیە حەقایەتێک بە چەند جۆرێک دووباره و سێباره بووەتەوه، جیاوازیی لە شێوازی گێڕانەوه، زاری بەکارهاتوو، ناوەرۆک و واتادارییەکانیاندا هەیە و دەبینرێت، ئەمە لەگەڵ بوونی تیرەو ڕەگەزی لەیەکچوون و هاوبەش بە هەندێک، کەم یان زۆر و لە گشت ئەو بوارانەدا لێکۆڵەر بخوازێت قووڵی بکاتەوه و دوای بکەوێت.

لەو کاتەی ئەم بەرهەمەم بۆ کۆڕی زانیاری کوردستان، بۆ مەبەستی لەچاپدانی بردو لەوێ بەڕێز (د. محمد نوری عارف) دوای پێشوازییە جوانە ڕێزدارییەکەی پێیگوتم کە لە ژماره سێی گۆڤاری (ئەکادیمی)دا به ناونیشانی (کورتە رابوردوویێکی چەند پەندو وتەییێکی........) بابەتێکی نووسیوه لەوانەیە بۆ ئەم بەرهەمە سوودی هەبێت.

منیش ئەوەتا دەقەکە وەک خۆی و بەبێ دەستکاری پێشکەش دەکەم بۆ ئەوەی ئەمیش بەڵگەیەکی زیندووتر بێت بۆ سەلماندنی (چەند جۆریی دەق، لەیەکچوونی جیاوازیی تاف و دەمە، شێواز، راز و واتاداریی) ئەو دەقانە دیارە ئەوەش هەر بۆ مەبەستی هەوڵدان بۆ کۆکردنەوه و دابینی تۆمارو خستنە ڕووی تەواوی دەقە فۆلکلۆرییەکان کە پابەندی ئەم بابەتەن.

تەنها لە بەشێکی لاپەڕە (٢٦٧ بۆ کۆتایی لاپەڕە ٢٧٢) ی بابەتەکەی د. محمد نوری عارفی بەڕێز پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەبوو، لەبەر ئەوه تەنها هەر ئەوەمان لێ وەرگرت.

دەقەکەی دوکتۆر

وەک خۆی:

* خوا لە سوڵتان مەحمودی مەزنترە.

(زمان حکومەت سلطان محمود از نجاری مقدار زیادی خاک ارەی خواهد که از قدرت وی در عرچ یک شب غاراست و این امر سبب نگرانی نجار می

گردو زنش برای رفع نگرانی وی جملەرِ بالا راگوید از قضا همان شب سلطان محموود بیرد، وأن مردنیز از زیو این مهمه رهاشود).

**(گرد میران –ل ٦٩)**

واتە: لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سولّتان مەحموود، داوای بڕێکی زۆر ئاردی دار لە دارتاشێ دەکات، کە ئەمە لەتوانای ئەودا نییە لە ماوەی شەوێکدا بەجێی بهێنێ ئەمە دەبێتە هۆی نیگەرانی دارتاشەکە و، ژنەکەی بۆ دلّدانەوەی ڕستەی سەرەوە بەکار دێنێ، چارەنووس وادەبێ کە لەهەمان شەودا، سولّتان مەحمود دەمرێ و پیاوەکەیش لەو کارە سەختە ڕزگاری دەبێ.

* خوا لە سولّتان مەحموود قایمترە.

(خدا از سلطان محموود بزرگ تر است. معلوم نیست کسی که قصاص می شده به این جمله تسکین دادەو دلخوش کرده اند، یتبرای پیروزی بروی و یابرای برتری استعانت و یاری خواستن بیان داشته اند).

**(عەبدولحەمید سەججادی ـ ل ٢١٣ ـ ٢١٤)**

واتە: خوا لە سولّتان مەحموود گەورەترە.

نازانرێ ئەو کەسەی کە سزا دراوە کێیە، کە بەم پەندە دلّخۆش کراوە و دلّیان داوەتەوە، یان بۆ سەرکەوتن بەسەریدا، یان بۆ یارمەتی و کۆمەک بەکارهاتووە. لە بارەی ئەم پەندەوە دوو چیرۆکی فۆلکلۆریی چاپ کراوە لێرەدا دەخرێتە ڕوو.

**چیرۆکی یەکەم:**

هەرکاتێ، کەسێ لە زولّم و ستەمی یەکێکی تر، ترسی لێ نیشتبێ و هەمیشە بیری لێ بکاتەوە، کە چۆن دەتوانێ، کارێکی وا بکات کە ئەو ستەمکارە گیرۆدە و گرفتاری نەکات. خەلّکی بەم وتەیە ئومێدەواری دەکەن (بابە بیری لێ مەکەرەوە، خوا لە سولّتان مەحمود گەورەترە).

لەبارەی ئەم پەندەوە چیرۆکێک هەیە، کە دەلّێن:

ڕۆژێ سولّتان مەحمود، لە هەیوانی بارەگاکەی خۆیدا پیاسەی دەکرد، لەپڕ

چاوی کەوت بە ژنە دارتاشێک، زۆر چوو بە دڵیاو حەزی لێ کرد و ئارامی لێ برا، ڕێگا چارەیەکی لە وەزیرەکەی داوا کـرد، وەزیرەکـەی زۆر زیرەک و زیان بەخش بوو، وتی: (ئەگەر پاشا ئەم ڕازە بدرکێنێ، یان بیەوێت کە بە ئاشکرا، ئەم دارتاشە بکوژێ، ئەمە کارێکی زۆر خراپە، باشتر وایە، کە داوا لە دارتاش بکەین و پێی بڵـێین: دەبێ لە مـاوەی شـەو و ڕۆژێکدا، یەک بار ئاردی دار ئامادە بکەیت و خۆ ئەگەر تۆزێکی کەمتر بێ لەوەی کە داوات لێ کراوە، ئەوا بێ چەندو چوون دەکوژرێیت، سوڵتـان مەحمود ئافەرینی وەزیرەکەی کرد بۆ ئەم زیرەکییەی ئەم کارەی پێ سپارد. وەزیر ڕۆیشت بۆ ماڵی دارتاشەکەو ئەمەی پێ ڕاگـەیاند و وتی: تا بەیانی یەک بار ئاردی دار ئامـادە بکە، دارتاشی بێـچارە لەم کـارە بێ ئاگـا بوو و نەیدەزانی کـە ئەمـە بەهانەیە، کـە سـوڵتـان مـەحـمـود بۆ مـەبەسـتێ سـازی کـردووە، خەریک بوو لەترسـا زەندەقی بچێ، بەترس و لەرزەوە هات بۆلای ژنەکەی و وتی: چارەیەکم بکە، ژنی دارتاشەکە، زۆر زرنگ و هۆشـیـار و داوێن پاک بوو، لە مـەسـەلەکـە تێگەیشت و بە مـێـردەکەی وت: بۆچی ورەت بەرداوە؟ مـەترسـە (خوا لە سـوڵتـان مـەحـمـود گەورەترە).

هەرچەندە ژنەکـەی دڵی دەدایەوە، بەڵام کـەڵکی نەبوو، شـەو داهات و دارتاشەکە خەریکی کارو دارتاشین بوو، ژنەکەیشی هەمیشە دەیوت: یا ئەڵڵا، برۆ بە دڵنیـاییەوە بنوو تا بەیانی، خوا گـەورەیە، بەڵام دارتاشـەکـە هەست و هۆشی نەمابوو، لە ترساندا ئارامی نەدەگرت. تا ڕۆژ بووەوە، دارتاش مـشـتێ ئاردی داری تاشیبوو، خواحافیزی لە ژنەکەی کرد و وتی: ئێستا پیاوەکانی سـوڵتـان دێن و دەمـکەن بە داردا و دەمکوژن، دووبارە ژنەکـەی وتی: مـەترسە خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە، لەم وتووێژەدا بوون، لە پڕێکدا لەدەرگا درا، دارتاشەکە ڕەنگی پەڕی، نزیک بوو لەترسا گیانی دەربچێ و بە ژنەکەی وت: من ناتوانم تۆ برۆ وەڵامیان بدەرەوە، ژنە ڕۆیشت و دەرگای کردەوە و بینی وا پیاوەکانی سوڵتان مەحمود هاتوون، بێچارە وایزانی کە بۆ بردنی ئاردی داری مـێـردەکەی هاتوون، پرسی کـێـتـان دەوێت؟ وتیـان: مـێـردەکەتمان دەوێت تا

بیبەین، چونکە سولتان مەحموود مردووە و، دەبێ تابووتێکی بۆ دروست بکەین، ژنەکەی بە خۆشحاڵییەوە گەڕایەوە و ئەمەی لە مێردەکەی گەیاندو، وتی: (نەموت مەترسە، خوا لە سولتان مەحمود گەورەترە). دارتاشەکە هەر باوەڕی نەدەکرد تا نزیک بووەوە و تەرمەکەی سولتان مەحموودی بینی ئینجا باوەڕی کرد.

**چیرۆکی دووەم:**

ڕۆژێ سولتان مەحموود لە شاردا پیاسەی دەکرد، تا گەیشتە بەر دەرگای گەرماوێ، لە پڕێکا ژنێکی شۆخ و شەنگ لە گەرماوەکە هاتە دەرەوە، لەبەر خۆیەوە وتی: دەبێ ئەم ژنە بەم جوانییەوە ژنی کێ بێت؟ یەک دڵ نە، سەد دڵ، عاشقی ژنەکە بوو، دووی کەوت تا ژنەکە خۆی کرد بە ماڵێکدا... سولتان مەحموود ئەو ماڵەی دیاری کردو یەکسەر گەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی، فەرمانی دا کە پیرەژنێکی فێڵبازی بۆ بهێنن، پیرەژنیان بۆ هێناو فەرمانی دا بەپیرە ژن و، وتی: دەبێ جل و بەرگێکی کۆن و دڕاو لەبەر بکەی و وەکو سواڵکەرێک بڕۆی بۆ فلان ماڵ، تا بزانی مێردی ئەو ژنە جوانە کێیە و کاری چییە؟ پیرەژن جل و بەرگی سواڵکەریی لەبەر کرد، هەر دەڕۆیشت و دەیپرسی، تا گەیشتە بەر دەرگای ماڵی ئەو ژنە، دەستی کرد بەدەرگا لێدان، ژنە هات و دەرگای کردەوە و پیرەژنێکی هەژاری بینی و ڕووی تێ کرد و وتی: لە شوێنی خۆت ڕاوەستە، تا پارەت بۆ بهێنم، کە ژنە ڕۆیشت پیرەژن کەڵکی لەم هەلە بینی و خۆی کرد بە ژووردا و وتی: ژنەکە، ڕێگام بدە با ماوەیەک لێرە دانیشم، چونکە زۆر ماندووم، ئینجا وردە وردە دەستی کرد بە قسەکردن تێگەیشت کە مێردی ئەم ژنە دارتاشە، دوای ئەوەی کە هەموو شتێکی زانی، خوا حافیزی کرد و گەڕایەوە کۆشک و، ڕووداوەکەی بۆ سولتان مەحموود گێڕایەوە. بەخشیشێکی باشی وەرگرت و ڕۆیشت. سبەینێی ئەو ڕۆژە، سولتان مەحموود ناردی بەدوای دارتاشەکەدا، هێنایان بۆ کۆشک، کاتێ دارتاش گەیشتە کۆشکەکە، دوای ڕێز و سڵاو پێشکەش کردن، وتی سولتان چ کارێکی هەیە بەم دارتاشە هەژارە؟

سوڵتان مەحموود بە دارتاشەکەی وت: تۆ دەبێ لەم سێ کارەی کە پێت دەڵێم یەکێکیان بەجێ بهێنی: یان سەرت لە لەشت دەکەمەوە، یان ژنەکەت تەڵاق بدە، یان لە ئاردی دار سەد دانە تەختەی یەک گەزی دروست بکە، دارتاشی داماو کەمێ بیری کردەوە وتی: بەئاردی دار، تەختە دروست دەکەم، سوڵتان مەحموود وتی: سێ ڕۆژ مۆڵەتت هەیە، سەرت ماڵی سێدارە و، ماڵت ماڵی پاشایە، ئینجا دارتاشەکەی بەرەڵڵا کرد، دارتاشی بێچارە، داماو و غەمگین، ڕۆیشت بۆ دووکانەکەی و دەستی کرد بە کارکردن، ئێوارە کە ویستی بڕوات بۆ ماڵ کەلوپەلی دارتاشییەکەی کۆکردەوە و دەرگای دووکانەکەی داخست و لەبەر خۆیەوە وتی: ئەم دەرگایە ئیتر ناکرێتەوە، کاتێ کە گەیشتە ماڵ، ژنەکەی پرسی وتی: پیاوەکە بۆچی دڵگران و پەستی؟ دارتاش ئەوەی کە بەسەریدا هاتبوو، بۆ ژنەکەی گێڕایەوە، ژنە تێگەیشت کە مەسەلەکە چییە، بە مێردەکەی وت: پیاوەکە تۆ بە کام مەرج ڕازی بوویت؟ دارتاشەکە وتی: ڕازی بووم بەوەی کە لە ئاردی دار تەختە دروست بکەم، ژنە پرسی: ئایا دەتوانیت؟ دارتاشەکە وتی: چۆن؟ بە هیچ جۆرێ ئەم کارە ئەنجام نادرێ و، بەم جۆرە تەختە دروست ناکرێ و دوو سبەی کۆتایی ژیانی منە، ژنەکە دڵی مێردەکەی دایەوەو وتی: پیاوەکە غەم مەخۆ، تۆ لەگەڵ خوا بە، تا خوا لەگەڵ تۆ بێت. ئێستا هەڵسەو نوێژەکەت بکە و بڕۆ بنوو، بزانە کە خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە، دارتاشەکە نوێژەکەی کردو نوست، تا بزانێ خوا چی دەکات. ڕۆژی دوایی دووبارە دارتاشەکە خەریک بوو، تا بتوانێ هەر چۆنێک بووە، یەک تەختە دروست بکات لە ئاردی دار، بەڵام هەرچەند هەوڵی دا، هیچی پێ نەکرا. دووبارە بە ژنەکەی وت: ژنەکە سبەینێ دوا ڕۆژی کۆتایی تەمەنی منە، ژنەکە وتی: بڕۆ بەدوای کارەکەی خۆتدا، خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە، ئەو ڕۆژەیشی بەهەزار ترس و لەرز بردەسەر تا بوو بە ڕۆژی سێیەم، پیاوەکە کە چاوەڕێ بوو، تا بێن بەدوایدا و بیبەن، ژنەیش هەمیشە دڵی مێردەکەی دەدایەوە و دەیوت: مەترسە، خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە، لە هەمان کاتدا لەدەرگا درا، ژنە چووە لای دەرگاکە، یەکێکی بینی کە هاتووە بەدوای

مێردەکەیدا و دەڵێ: دارتاشەکە لە کوێیە؟ هەر ئێستا دەبێ بێت بۆ کۆشک داره مەیتێ بۆ سوڵتان مەحموود دروست بکات، سوڵتان مەحموود دوێنێ شەو مرد، ژنە بەدڵی خۆشەوە هات کە ئەم هەواڵە بە مێردەکەی بگەیەنێت، بینی مێردەکەی خواحافیزی لە مناڵەکانی دەکات و لە خوا دەپاڕێتەوە و بەکوڵ دەگری. ژنەکە وتی: پیاوەکە نەموت خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە؟ هەڵسە و بڕۆ داره مەیتێ بۆ سوڵتان مەحموود دروست بکە. دارتاشەکە، کاتێ لە مەسەلەکە تێگەیشت، کڕنووشی بۆ خوا برد و دوای ئەوە هەڵساو، کەلوپەلی دارتاشییەکەی هەڵگرت و بەرەو کۆشکی سوڵتان مەحموود کەوتە ڕێ، تا بۆ تەرمەکەی داره مەیت دروست بکات.

سوڵتان مەحموودی غەزنەوی: لە ساڵی (٣٨٧-٤٢١ ی کۆچی) فەرمانڕەوا بوو کوڕی گەورەی سەبوکتەگین بوو، سێیەمین و تواناترین پاشای بنەماڵەی غەزنەوی بوو، خوراسان و سیستان و قوهستانی خستە سەر قەڵەمڕەوی ولڕتەکەی خۆی، (١٢) دوانزە جار هێرشی بردە سەر هیندستان و داگیری کرد، سەرزەمینی دەستەڵاتەکەی گەلێ بەرفراوانتر کرد، لە ساڵی ٤٢١ ی کۆچیدا، لەشاری (غەزنین) ئەم جیهانەی بەجێ هێشت، پایتەختی غەزنەوییەکان شاری (غەزنین) بوو، پێشی دەڵێن: غەزنە = غەزنی = غەزنو = گەزنە = گەنجە = جەژنە.

شاری (غەزنین) یەکێکە لە شارەکانی ناوەندیی ئەفغانستانی ئەمڕۆ، وێرانەکانی غەزنینی کۆنی پایتەختی غەزنەوییەکان، دەکەوێتە (٥) پێنج کیلۆ مەتری سەرووی ڕۆژهەڵاتی ئەم شارە.

ئەم پەندەی کە دەڵێ: (خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە) زۆر باوە لەناو کوردەواریدا، هەروەها زۆر ناوی (هەیاسی خاس) یش دەبیسترێ، کە یەکێ بووە لە غولامە هەرە خۆشەویستەکانی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی، کە پاشایەکی زۆر بە دەسەڵات بووە، بەشی زۆری پاشاکانی سەردەمی خۆی خستۆتە ژێر فەرمان و قەڵەمڕەوی خۆیەوە، ژمارەیەکی زۆر لە لەشکرە گەورەکەی پێکهاتبوو لە میللەتە جیاجیاکان، کە لە جەنگەکانیاندا بەکاری دەهێنا، سەرباز و جەنگاوەری کوردیش بەشێک بوون لەوانە.

**[هەندێک سەرنج بەدوای ئەو دەقەدا]**

- ١ -

هەر لێرەدا دوو چیرۆکی جیا لەسەر ئەو پەندە بڵاوکراوەتەوە کە دەڵێت:

"خوا لەسوڵتان مەحموود گەورەترە"

"خوا لەسوڵتان مەحموودی گەورەترە"

"خوا لەسوڵتان مەحموود قاییمترە"

کەواتە بوونی دوو چیرۆکی پەند ئامێز لەیەک بابەتدا بۆ (پەندو وتەی پێشینانی کورد)ی کە ناوەرۆکیان جیایی تێدا بێت، ئەوە دەسەلمێنێتەوە کە من لێی دواوم بۆ بوونی جیاوازیی لە گێڕانەوەکاندا لەیەک دەڤەرو ناوچەدا، یان لە سنووری شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزاری (دیالەکتێکی) تر.

- ٢ -

جیاوازییەکانی ئەم دوو چیرۆکە کە هەردووکیان یەک واتاو مەبەست و یەک بابەتیان گرتووەتە خۆ:

١- چیرۆکی یەکەم وەزیر دەچێت بۆلای دارتاش داوای یەک مەرجی لێ دەکات بە یەک شەو و ڕۆژ فەردەیەک ئاردە داری بۆ ئامادە بکات.

بەڵام لە چیرۆکی دووەمدا سوڵتان خۆی بانگی دەکات بۆ بارەگاو سێ مەرجی پێدەڵێت (تەڵاقدانی ژنەکەی، کوشتنی و یان دروستکردنی سەد تەختە داری یەک گەزی لە ئاردە دار).

٢- ماوەی یەکەم چیرۆک یەک شەو و ڕۆژە بەڵام هی دووەم سێ ڕۆژی بۆ دانراوە.

٣- لە چیرۆکی یەکەمدا ژنە جوانەکە بەبەردەمی سوڵتاندا دەڕوات کە خۆی لە بارەگای خۆیدایە. کەچی لە چیرۆکی دووەمدا ژنەکە لە حەمام دێتە دەرەوە و سوڵتان لەناکاودا بەرێڕەو چاوی پێدەکەوێت و شەیدای دەبێت.

٤- چیرۆکی یەکەم نەزانراوە چۆن زانیویانە مێردەکەی دارتاشە، بەڵام دووەم پیرەژنێک دەنێرن بۆ سۆراخی پیشەی مێردی ئەو ژنە جوانە.

- ٣ -

بوارەکانی لەیەکچوون لە ناوەرۆکی هەردوو چیرۆکەکەدا:

١- لە هەردووکیاندا ژنێکی زۆر جوان هەیە و سوڵتان حەیران و شەیدای دەبێت.

٢- پیشەی مێرد لەهەردوو چیرۆکەکەدا دارتاشییە.

٣- لەهەردوو چیرۆکەکەدا هەڵوێستی ژنەکە ڕەوشتی بەرزو ژیرانەیە، پاک و خۆشەویستانەیەو باوەڕی بەخودای خۆی و لەناوچوونی سوڵتانی زۆردار هەیە. ژنێکی ئاسوودەیە.

٤- زۆردارو دەسەڵاتی سەپاو و گەندەڵیی هەمیشە خەریکی خراپەکاری و دابینی ویست و ئارەزووە چەپەڵەکانی خۆیانن، داواکارییەکانیشیان لە ژێردەستەکانیان لەتوانا بەدەری خەڵکەکەدایە، دژو بێزارکەرە.

٥- هەردوو چیرۆکەکە یەک پەند دەگرنە خۆ.

- ٤ -

ناوی سوڵتان مەحموود، دەسەڵاتدارێتییەکەی و کەسێتی ئەو کابرایە وەک دیاردەیەکی تایبەت بەخۆی مێژوویەکی دیارو بیستراوی هەیە. بەڵام هەتا ئێستا وەک ڕاستییەکی جۆریی دەرخەرو سەلمێنراو چاکی و خراپی، سەرکەوتوویی و سروشتییەکەی فەرمانڕەوایی مەگەر لەم چیرۆکە فۆلکلۆرییانەدا، ئەگینا وەک توێژینەوەی مێژوویی لەسەر بنەمای زانستی و بە شێوازێکی ڕیالیستیی ڕاستەقینە و هەڵسەنگێنراو لەم سوڵتانە بالادەستە نەکراوە.

وەک دوکتۆریش دەڵێت "ئەم پەندەی (خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە)" لەناو کوردەواریدا کە زۆر باوەو ناوی (هەیاسی خاسیش کە دەبیسترێت و ئەو هەیاسە کە یەکێک بووە لە غولامە خۆشەویستەکانی سوڵتان) بۆ کەسێتی هەیاس، دەبێت هەڵوێستەیەکی گەورەی لەسەر بکرێت،

وەکو کوردێک بە قوولّی بەدوایدا بگەڕێین و بەدوایدا بچین بزانین لە بنەچەدا لەکوێوە هاتووە. بە چیرۆکەکاندا زۆر بەکەمی بیر لەوە دەکرێتەوە کە پیاوێکی ئەفسانەیی دروستکراو بێت و بیرو بۆچوونی هیوا خوازییە ئەندێشەییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان لە دوو توێی چیرۆکەکاندا خولقاندبێتی، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەندێک جار ئەو چیرۆکانە بەتاڵ نین لە ئەفسانە. هەیاس زۆر ئاشکراو بەناوداری لە کوردەواریدا ناسراوە. وەک کەسێکی رەوادارو ماف پەروەر و مرۆڤدۆست.

دەبێت لە کون و کەلەبەری ئەو سەردەمەدا بەدوای زانیاریی پشت پێ بەستراودا بگەڕێین بۆ ئەوەی چەند بتوانین بە زانیارییە ڕاستەکان بگەینەوەو نەهێنییە شاردراوەکان بدۆزینەوەو دەری بخەین.

ئەو سەرنج و تێبینییەی دوکتۆر محمد نوری عارف ئاماژەی بۆ کردووە کە دەڵێت:

" ژمارەیەکی زۆر لە لەشکرە گەورەکەی پێکهاتبوو لە میللەتە جیاجیاکان، کە لە جەنگەکانیدا بەکاری دەهێنان سەربازو جەنگاوەری کوردیش بەشێک بوون لەوانە"[١]

دیارە ئەوە ناڵێم کە وەک لێدوانی کلاسیکی و نابابەتی بۆ پیاهەڵدان و شانازی بۆ بەرز ڕاگرتنی یادەکانی ئیتر ئەوە ڕەوا بووبێت یان ناڕەوا... وەهابێت یان وەها نەبێت، بەڵکو وەک دەسەڵاتدارێکی بەناو پیاهەڵدراو لەم نووسینەی دوکتۆر محمد نوری عارفدا کورتەیەک لە سوڵتان مەحموود دواوە کە سی ساڵ حوکمی کردووە. بەبنەماڵە پاشاو پاشازادە بووە.

دیارە کابرایەکی جەربەزە بووە و کوی لە خوێنڕشتن نەکردووەتەوە، ئەگینا چۆن دوازدە جار هێرش بۆ هندستان دەبات و هەتا داگیری نەکات واز نەهێنێت، جا وەرە ئەو هێرش و بەزین و نەبەزین و ئەنجامی ئەو هەموو شەڕو شۆڕانە باورد بکرێنەوە، بابزانرێت ئاکامی چیمان دەداتێ و چەند هەزار کەس بۆ چاو چوویی و کەللە ڕەقیی ئەم سوڵتانە بووبن بەقوربانی ئارەزووەکانی.

دیارە دوای کۆتایی شەڕو سەرکەوتن و ڕشتنی ئەو هەموو ژەنگوژارە دوور

نیـیه ملهـوڕێکی مـشـهخـۆری دەرباری ئەم حـوکـمـه شـەڕەنگێـزییـه بێت و لەوە بدوێت کـه ئەم سـوڵـتـانه بەدەسـەڵاتە، زانـاو ئەدیب و پیـاوچاکـانی لەخـۆی کـۆ کـردووەتەوە، ئـای کـه ساختـەکـارێتی نارەوای رووپایی هەمـه جۆر لـه مـێژووی دەسەڵاتدارانـدا هەیه و ڕاستییەکانیـان شـاردووەتەوە و مـافیـان کـردووە بەژێر پۆستاڵی چەندرمەکانی داگیرکردن و داگیرکەرانەوە و دەتوانم ئەو پرسیارە بکەم کـه ئەو هەمـوو کـوشـتـوبڕە بەرژەوەندیی کـام لەو مـیللەتانەی تێـدا بووە کـه لەچەندین نـەتەوەی جیـاواز بوون و کـوردیش لەوان، لەڕێیدا بوونەتە قـوربانی، ئایا دەتوانرێت بەراوردی ئەو زیانـه گـەورانه بـکرێت بەرامـبەر ئەو دەسـتـکەوتە کەمە کاتییەی ملهوڕەکان دەستیان دەکەوێت؟!..

کـەواتە بوونـی کـوردو بەتایبـەتی هەیاسی خـاس بەبوونـێکی سـروشـتـی دادەنرێت پشـتبەسـتی پتریش بۆ ئەوە، گـوایە بەخێوکراویی هەیاس لە باوەشی خانەوادە یان بارەگای شاهانەی سوڵتان مەحموود دا بووبێت.

دیارە وەک گوتمان ئەم کارە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی پتری دەوێت.

---

١- بۆ ئەم بابەتە سەیری ئەم سەرچاوانە کراوە:

١- تمثیل و مثل- جلد دوم - گرد اوردنده و پژوهشگر: احمد و کیلیان، سروشی اهران ١٣٧٥- ص ٩٥-٩٦-٩٧، فـرهنگ دکـتـر مـعین ٦ جلد تهـران ١٣٧٥- بەدراداچوونی د.مـحـمـد نووری عارف.

٢- ل ٢٧٢ سەرچاوەکە، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە تاریخ بیهقی، تصنیف جواحیه ابو الفضل محمدین حسین بیهقی- ص ٦٥٤-٩٥٥، ١٣٧٣ - انتشارات مهتاب.

## پاشكۆی ٥

ئەم زانیارییانە لە ئەنتەرنێت وەرگیراون کە بە زمانی فارسی تۆمار کراون

## سوڵتان مەحموودی خەزنەوی
## سلطان محموود غزنوی

لەویگی بدیا ، دانشنامەی ئازاد

بڵاوکراوەی ناوبری، حەستحوو

مەحموود و هەیاس

سوڵتان مەحموود کە لە وێنەکەدا (بەرگی ڕەنگسووری پۆشیوە) و دەستی شێخێکی گوشیوە. مەلیک ئەیازیش (هەیاس) لە پشتی سەری شێخەکەوە وەستاوە.

لەلای ڕاستی وێنەکەشەوە (شا عەباسی یەکەم) دەبینرێت.

### ئەبولقاسمی مەحموودی کوڕی سیکتکین

٣٨٩ کۆچی - ٤٢١ کۆچیی، نازناوی بە شمشێری دەوڵەت (سیف الدوله) کە سوێند خۆری دەوڵەت، باوەڕ پێکراوی میللەت هێرشبەر (غازی) و سوڵتان مەحموودی خەزنەوی ناسرابوو، هەروەها پاشای بنەماڵەی خەزنەوییان بوو.

ئەم سوڵتان مەحموودە کە یەکەمین پادشایەکی سەربەست و گەورەترین کەسی خانەدانی خەزنەوییان بوو.

بە دلێری، بێباکی و زۆریی داگیرکەرییەکانی ناوی دەرکردبوو.

هەروەها سەرباری ئەوەش لە پیرۆزیی مێژووی ئیسلامدا بەزۆری داگیرکارییەکانی بە تایبەتی لە هندستان و ئەو دەستکەوتە زۆرانەی کە لەوێ لەگەڵ خۆیدا هێناونییەتەوە.

پێڕستی ئەم بڵاوکراوانە:
[کە شاردراوە بوون]
١- زیندەنامە.
٢- جەنگ و بەربەرەکانییەکانی سوڵتان مەحموود.
٣- باری زانست و ئەدەب لە سەردەمی سوڵتان مەحموود.
٤- باوەڕی ئاییینی و ئاییینزایی سوڵتان مەحموود.
٥- سەرچاوە.

**[ زیندە نامە] (ژیاننامە):**

ساڵی ٣٦٠ ی کۆچی ـ مەهی (قەمەری) لەدایک بووە و ڕۆژی پێنجشەممەی ڕەبیعل ئاخر ساڵی ٤٢١ ی کۆچی لە شاری خەزنەین بە نەخۆشیی سیل (دیق) مردووە.

دوای مەرگی سوڵتان مەحموود لە ساڵی ٣٨٧ کۆچیی مانگی ـ ئیسماعیلی برای جێگەی میراتی ئەوی گرتەوە.

**[ ] جەنگ و بەربەرەکانییەکانی سوڵتان مەحموود:**

لە ئەبو ئیبراهیمی ئیسماعیلی نووحەوە کە بە (مونتەسیری ناوی دەرکردبوو) و جێگیربووبوو، لەدوای ئەو خەلەفی کوڕی ئەحمەد بە نوێنەری (سەفەرییان) هاتە کایەوە.

دوای ئەمە لەگەڵ جانیانی تورکستاندا کەوتە جەنگەوە. دوای تەواو بوونی جەنگ بوو بەهۆی ئەوەی هانی بدات خواریزم و جیهانیش داگیر بکات. لە ساڵی ٣٩٢ی کۆچیدا، مانگیی، بە ناونیشانی (جیهاد و غەزا) هێرشی بردە سەر هندستان و هەتا ساڵی ٤١٦ ی کۆچی، مانگی، لە ماوەی ٢٤ ساڵدا چەندین جەنگی بەرپاکرد کە ١٢ جەنگیان گرنگترین و بەناوبانگترینیان بوو، هەروەها لەبارەی داگیرکارییەکانی تری مەحموودەوە کە لەلایەن مەجد ئەلدەولە ئەلدلێمییەوە باس کراوە کە بەساڵی ٤٢٠ی کۆچی مانگی دادەنێت.

**[ ] باری زانست و ئەدەب**
**لە سەردەمی سوڵتان مەحموود دا:**

کۆبوونەوەی زاناو شاعیران لەبارەگای مەحموودی خەزنەو ئەو شیعرو کتێبانەی بەناوی ئەوەوە بڵاو دەبوونەوە ناوبانگی ئەویان لە جیهاندا بڵاو کردەوە. ناسراوترین شاعیری دەرباری ئەو ناو زڕاندنە (عونسووری بەلخی، فەرقی سستانی، عسجدە مروزی، زینەتی، فیردەوسی تووسی، مەنشووری سەمەرقەندی، کیسائی مدروزی، عەزائیری رازی کە گەورەترین و بەناوبانگترینی ئەوانە و هەمان فیردەوسی بوو).

هەروەها هیچ کەسێک لە هاتوچۆکەرانی تەختی پاشایەتی مەحموودی لە ئەبو ریحان بیرونی ڕێزگیراوترو بە مەزنتر دادەنرا.

**لە بارەگای مەحموودا ئەم کەسانە وەک وەزیر دەبینران:**

فەزڵ کۆڕی ئەحمەد ئەسفراینی، ئەبولقاسم ئەحمەد کوڕی حەسەن میمەندی، ئەبو عەلی حەسەن کوڕی میکال ناسراو بە حەسنەکی وەزیر و تەگبیرکەری تایبەتی دەرباری سوڵتان مەحموود ئەبونەسر موشکان بوون.

**[ ] باوەڕی ئایینی و ئایینزایی سوڵتان مەحموود:**

سوڵتان مەحموود زۆر بە توندی سەر بە ئایینزای حەنەفی بوو. محەمەد عەبدولکەریم شەهرستانی دەربارەی (میلەلو محەن) نووسیوێتی کە گوایە کەڕامیی (بەتەواوی) کابرایەکی خوراسانی ناسراو بە عەبدولهەیین گیرام کە وەک زاهیدێکی خودایی و فێڵاوی و ساختەکار کۆمەڵێکی زۆری خستە دوای ئایینزاکەی خۆی و یەکێکیش لە دواکەوتەکانی ئەو، گوایە سوڵتان مەحموود دەبێت و بووە بە بەڵایەکی گەورە دژی شیعەو ئاخافتنکاران. ئەمەش بەهۆی دەمارگیریی توندی مەحموودەوە.

زۆریشی کردە سەر ئیسماعیلییە، ئەو بەر ڕووبارو خوراسان و رەی و زۆری لێ کوشتن هەوادارانی مەجد ئەلدەولەشی بە تۆمەتی تاوانی موعتەزیلە دایە

بەر دەمی شمشێرو قڕی کردن. هەروەها بەشی زۆری کتێبخانە ساماندارەکەی مەجد ئەلدەولەش کەوتە بەر شالاّوی ئاگری سوڵتان مەحموود.

**[ ] سەرچاوە:**
* مێژووی گشتیی عەبباس ئیقبال.
وەرگیراوە لە:
بەشی پەڕاو - شاهیدی بازان ـ دەربارەی شاهانی خەزنەوییەکان.

**سەرنج و لێدوان**

وەکو هەوڵێکی بەدواداگەڕان بۆ زانین و دەرخستنی هەندێک ڕاستیی شاردراوە لە ژیان و کەسایەتی ڕاستەو ڕاستی سوڵتان مەحموود و بەدواداچوونەکانم، ئەو کورتە زانیارییانەی کە لە ئەنتەرنێتەوە وەرمگرتوون لێرەدا چەند ئاماژەیەکی تر تۆمار دەکەم.

من ناتوانم لێکۆڵینەوەی تەواو لەسەر کەسێتیی خودی سوڵتان مەحموود ئەنجام بدەم و پێویستیشم بەوە نییە کەسێتیی ئەو دەسەڵاتدارە دەربخەم، ئەوەش بۆی هەیە بە چەند جۆرێک لێکبدرێتەوە:

١- وەک کەسایەتییەک و سوڵتانێک کە ئیسلامەتی بڵاو کردبێتەوە.

٢- وەک یەکێکی جەربەزەی بە دەسەڵات کە هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی داوە، ئیتر ئەوە بۆ هەر مەبەستێک بووبێت.

٣- لەو دوو خاڵ و بوارەی پێشەوەدا سوڵتان مەحموود بەلایەنی هەوادارانی خۆی و بڵاوکردنەوەو سەپاندنی ئایینی ئیسلامەتییەوە بە دەورێکی شایستەو جوان بۆی تۆمار دەکرێت.

بەڵام بەلای ئەو ئایینزایەی کە ئەم لایەنگری بووە و هەر سەر بە ئایینی ئیسلامەتی بووەو سوڵتان زیانی پێگەیاندوون و ئازاری داون، دیارە بە پێچەوانەوەی لێکدانەوەی پێشەوە، ئەوانە، مافی خۆیانە بە شێوازێکی خراپتر

لێی بدوێن.

٤- ئەو میللەت و وڵاتانەی تری کە سوڵتان مەحموود هێرشی توندو تیژی کردووەتە سەریان، داگیری کردوون، لەناوی بردوون و قاتوقڕیی خستووەتە ناویان و تاڵانی کردوون، ئەوانەش مافی خۆیانە بە جۆرێکی تری پێچەوانە لەم سوڵتانە بدوێن.

ئەوەش ئاشکرایە کە هەر لایەنە، بۆ خۆی، بەهانەو هۆکاری بۆچوونە تایبەتەکانیان بۆ سەلماندنی بیرو باوەڕەکانیان دەربخەن و ڕوون بکەنەوە.

ئەوانە کاری مێژوو نووسانی سەربەست و سەربەخۆن کە ڕاستییەکانی بۆ بەرژەوەندیی میللەتانی پابەند بەو ڕووداوانەوە، دادپەروەرانە ساخ بکەنەوە.

٥- من لێرەدا وەک لێکدانەوەیەکی کورتی ئاماژە بۆکردن، بۆ بەرژەوەندیی ڕوونکردنەوە، ساخکردنەوە و تۆماری بەرهەمی فۆلکلۆریی کوردیمان، ئەم دەقە تۆمارکراوەی پێشوو، وەک دیکۆمێنت کە پابەندە بە کەسایەتیی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاسەوە، خستنە ڕوو، لەگەڵ چەند پرسیارێک بۆ وروووژاندنی بەدواداگەڕانی تر..

یەکەم

لە ڕاڤەی وێنەکەدا هەیاس بوونێکی زۆر نزیکی لەگەڵ سوڵتان مەحموود دا هەیە. ئەوەی سەیرە نازناوی لێرەدا بە (مەلیک ئەیاز) واتە (مەلیک هەیاس) ناوبراوە، کە ئەم نازناوە بۆ هەیاس نوێیەو لە چیرۆکە فۆلکلۆرییە کوردییەکاندا بۆ تەنها جارێکیش شتی وەها نەگوتراوە، ئایا ئەم نازناوە لە چییەوە هاتووە؟!...

دووەم

سوڵتان مەحموود لەو بەڵگە تۆمارکراوەدا بە (شمشێری دەوڵەت، سوێند خۆری دەوڵەت، باوەڕپێکراوی میللەت، هێرش بەر) ناوزەد کراوە.....

دوایی دەڵێت (بە دلێری، بێباکی و زۆریی داگیرکارییەکانی ناوی دەرکردبوو..).

ئەمجا دەڵێت (بەزۆریی داگیرکارییەکانی بەتایبەتی هندستان و ئەو دەستکەوتە زۆرانەی لەگەڵ خۆی هێناویەتەوە...)

کەواتە ئەمانە هەمووی بانگێشەی ئەوە دەکەن پاشاو سوڵتان و دەسەڵاتدارێکی ساناو هێور و دڵ بە ئاسوودەو ئاسایی نەبووە. سروشتێکی درو هەژاو و هەڵچۆیی هەبووە..

ئایا سەردارێک تاڵان و بڕۆی خەڵکانی کوژراو و داگیرکراوی میللەتانێک بماشێتەوە، بیبات و وڵات بە وڵات بیگوێزێتەوە و شانازیشی پێوە بکات لە توێژینەوەی بابەتیانەی داگیرکەر بەرامبەر داگیرکراو و ماف پێشێلکراو چۆن لێکدەدرێتەوە؟! ئایا لە مێژووی سەروەریی میللەتاندا بە ڕەواو پیرۆز دادەنرێت؟!....

سێیەم

چی بووەتە هۆکاری ئەوەی ئەم سوڵتانە (٢٤) ساڵ بەجەنگ و شەڕو شۆڕەوە خەریک و هیلاک بێت (١٢) جەنگی بەگرنگ و بەناوبانگ بۆ دابنرێت؟!

ئایا ڕەوایە لاوانی میللەتانێکی داگیرکراو و پێشێل، ببرێن بۆ جەنگی داگیرکەرو داگیرکردنی ترو لەپێناوی سەروەریی ئەودا بەکوشت بدرێن؟!

ئەم کەسانە وەک بەندەو بەسوخرە گیراو بەبێ ویستی خۆیان هێرشیان پێ بکرێتە سەر میللەتانی ترو لەناوبردنیان بە چی دادەنرێت؟!...

چوارەم

کە دێتە سەر بواری زانست و ئەدەب دەڵێت و ناوی دە شاعیری (دەربار) دەبات کە بوونەتە هۆی بڵاوکردنەوەی ناو و شۆرەتی سوڵتان مەحموود،

هەروەها پێنج وەزیری دەربار.

پرسی من ئەوەیە ئایا یەک شاعیر نەبووە لەو هەموو جیهانی داگیرکراوییەدا کە بە سوڵتان مەحموود نەیار بووبێت؟!

ئایا لەم یەکلایەنییەدا نەکراون بەژێرەوە؟!

پێنجەم

ئەگەر لەم گوتراوانە ورد ببینەوە دەگەینە چ ئەنجامێک:

* سوڵتان مەحموود زۆر بە توندی سەر بە ئایینزای حەنەفی بووە.
* سوڵتان مەحموود دەبێت بە بەڵایەکی گەورە دژی شیعەو ئاخافتنکاران، ئەمەش بەهۆی دەمارگیریی توندی مەحموودەوە.
* بۆچی بە تاوانی سەر بە موعتەزیلە خەڵک قڕ بکرێت.
* بەشی زۆری کتێبخانە ساماندارەکەی (مجد الدولە) بکەوێتە بەر شاڵاوی گڕی ئاگری شەڕی سوڵتان مەحموود.

پرسیاری سەرەکیی ئەمەش کامەیە ئەو بایەخ بە زانست و ئەدەبە؟! لە پیاداهەڵدانەکاندا چی بەرجەستە کراوە؟!

کوشتوبڕو جەنگ و داگیرکارییەکان چ خێرو بێرێکی میللەتانی ئەو سەردەمە و چەوساوەکانیانی تێدا بووە؟!

کوردیش کە بەشداریی زۆرەملی لە شەڕەکانی سوڵتاندا پێکراوە و لاوانی بە کوشت دراون؟! بڵێیت دەسکەوت و خێرو بێرێکی پێ بڕابێت؟! بڵێیت لە کوشتن، لە ناوبردن و قاتوقڕ شتێکی تر هەبێت؟!..

# بەشی دووەم

## بەشی دووەم

پێڕستی لێکۆڵینەوە:

١- پەیڤی ناوچەیی.

٢- وشە عەرەبییەکانی ئەم چیرۆکانە.

٣- پەیڤ و داڕشتەی گران.

٤- جیایی لە گێڕانەوەکانی بزنەکەی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود-دا.

٥- دەقی نەگۆڕ.

٦- کەسایەتیی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس.

٧- هۆکارەکانی بوونی جیاوازیی لە ناوەرۆکی دەقە فۆلکلۆرییەکانداو لە گێڕانەوەکاندا.

٨- پەندو پەند ئامێزیی لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکاندا.

٩- سوڵتان مەحموود کێیە؟!...

١٠- جیاوازیی لە گێڕانەوەی چیرۆکی "خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە".

١١- ناو لە چیرۆکەکانی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود دا.

١٢- ئافرەت لە چیرۆکەکانی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاسدا.

١٣- سەرچاوە.

## ١
## پەیڤی ناوچەیی

زمـــانی نەتەوەیی، هەڵبـــژاردەی یەکگرتووی پەیڤ و دەربڕی هاوبەش و هەڵبژێردراوە، وەک ناوکۆی بەکارهێنراو لە نێوان (زارو شێوە زمانی ناوچەیی ـدیالێکتی ـ میللیدا) کە بۆ خستنەکارو گشت کارە جۆر بەجۆرەکانی ژیان و پێداویستییەکانی سەردەم ڕەخسابن و جێگیر بووبن.

دوای چەندین کـات، سـات، ڕووداو و ئەزمـوون بە هۆکـارێک یان چەند هۆکارێکی دروستبوون، چەسپـاندنی زمـانی یەکگرتوو، کـاکڵـە و پوختـە بووبێت، بەردەوامیش لە گـەشـەو گۆڕاندا بێت. بۆ مـەبەسـتـەکـانی ژیاری، ئابووری، کـەلتـووری، پیـشـەسـازی، زانسـتی و زانیـاری، خـوێندنی پلە جیـاوازەکـان، کـەناڵەکـانی مـیـدیا، ڕۆشنگەری و ڕووناکـبـیـری و هەمـوو لایەنەکـانی تری دەسـەڵات و فـەرمی و کـارگـێـڕیی و مـیـیـریایەتی، چەند بتوانرێت، بۆ هەمـووان وەکو یەک بەکاربێت و سوود بگەیەنێت... ئەنجامیش لەناوچەی شێـوەزارە جیـاکـاندا وەربگیـرێت، بەدڵ بێت و بەرەبەرە، بەهەوڵی هەمـووان و بڕیار بۆ بەکارهێنانی زاراوەی گونجاو و هەڵبژێدراوی یەکتری وای لێ بکرێت گـشـتـیـان تێی بگەن و بڕیاری خـسـتنە کـاری لەلایەن دەزگـا بەرپرسـەکـانەوە بۆ دەربچێت، دیارە لەگـەڵ بەکـارهێنانی هەمـوو شێـوازێکی ڕوونـکردنەوە، ئاسـانـکردن و یارمـەتیـدان، بەبێ زۆرو سـتـەم، بەرەبەرەو ئاسایی..

بە دیدو بۆچوون، بیـروباوەڕی هەڵقـوڵاو لەناخی نەتەوە پەروەردییـەوە بۆ ئەو مەبەسـتـانەی سـەرەوە، بەرەو دوا پلەپلە بەپێی توانا، ڕادەی لەباری وەرگـرتنی ئاسـانبکرێت و هەتا بێت پێشبخرێت و لەلایەن دەسـەڵات و لایەنەکـانەوە بە یەکباوەڕی ئاراستە بکرێت.

بەرامبەر بەو هیـوا خوازییەی پێشەوە لایەنێکی ڕەسەنی میللیی بەربڵاو و

جیاوازو سانا هەیە کە (زاری شێوەزمانی ناوچەیی) دەردەخات، زمانی ئاسایی چیرۆکە میللییە فۆلکلۆرییەکان، بەپێی ناوچەی جوگرافیی شێوەزارەکان دەگۆڕدرێن و لەیەک جیاوازن، بۆ نموونە چیرۆکی ناوچەیەکی شێوەزاری کرمانجی ژوورو بەشێوەزاری باکوور، زۆر جیاوازە لەو دەربڕین و دارشتەو گۆیەی کە هەمان چیرۆک بەزارێکی کرمانجی ناوەڕاست یان خواروو دەگوترێت و دەگێڕدرێتەوە، هەروەها لە لوڕستان بەشێوە زاری لەک و لوڕ، لە هەورامانی تەخت بەشێوەزاری گۆران و.... هتد بۆ (شێوەزاری ناوچەیی) پارچەکانی تری کوردستانی بەناڕەوا پارچە و بەزۆر دابەشکراو کە هەموویان دەرڕری یەک هەستی میللی و نەتەوەیین.

ئەگەر چیرۆکەکانی شێوەزارێکی (بۆ نموونە) وەک ناوچە بەرفراوانەکانی (کرمانجی ژووروو) بەپێی دەسەڵاتی جیای داگیرکەران، لە تورکیا، عیراق، سوریا، رووسیا و شوێنەکانی تریش کەبەر ئەم شێوەزارە کەوتوون، پۆلێن و جیا بکەینەوە، بەوردی توێژینەوەیان لەسەر بکەین، بەقووڵی لێیان بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە لەو شێوەزارە گەورەو مەزنەدا، دەتوانین بڵێین گچکە شێوەزاری ناوچەکەشیان لێ پەیدا بووە، کە تاڕادەی کەم یان زۆر، جیاوازی لە هەندێک (دەربڕ، پەیڤ، زاراوەو ئاوازەی دەنگیشدا هەن و بە گەلێک هۆکار دروست بوون کە لێرەدا دەتوانین هەر ئاماژە بەو بیرۆکەیە بدەین).

ئەم دیاردەیەی زمان و شێوەزارە ناوچەییەکانی گشت نەتەوەکانی جیهان دەگرێتەوە، چونکە هەموو "گەلێک" زمانی نەتەوەیی خۆی هەیە و شێوەزاری ناوچەیی جیاشیان هەیە.

لەم جۆرە چیرۆکانەدا، دیاردەی زاری ناوچەییان پێوە دیارە، هەوڵدەدەین هەندێکیان بۆڵبژێر بکەین و بخەینە ڕوو.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، زمان و زانیاریی کەسی گێڕەرەوە کە خۆی لە ڕەچەڵەکدا سەربەناوچەیەک و شێوەزارێکە، بەڵام بۆ نموونە ماوەی دە هەتا بیست ساڵێکە شوێنەکەی خۆی بەجێهێشتووە، ژیان و پێداویستییە

کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کاریان لە زمانی دەربڕینی ئەو کەسە کردووە، گۆڕانیان تێدا دروستکردوون، لە گێڕانەوەی حەکایەتەکاندا هەست بە تێکەڵیی بەکارهێنانی کۆن و نوێیەکە دەکەیت، گێڕەرەوە بەبێئەوەی مەبەستی بێت، یان هەستی پێ بکات، پەیڤ و دەربڕی شێوەزارەکەی خۆی و ئەوەی تریش کە فێربووە، لە هەندێک دەربڕیندا تێکەڵ بەیەک دەکات و ئاسایی بەکاریان دەهێنێت واتە سەد دەرسەد شێوە زمانە (زارە ناوچەییەکەی خۆی) تێکەڵ بە بارودۆخی مرۆڤی کورد بە درێژایی مێژووی داگیرکاریی کوردستان، پاڵەپەستۆی دوژمنان بۆ ڕاوەدوونانی شۆڕشگێڕان و نیشتەجێی گوندەکان، دەربەدەرکردن و ڕاگوێزان، ئەنفالی هەمە جۆرو بەردەوامی ڕژێمە کۆنەپەرست و دواکەوتوو ڕەگەزپەرستەکان و تێکچوونی پتری ئابووری و خۆژێنیی دەرامەتو شێواندنو هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هاووڵاتیان، تێکدانی ژیانی ئاسوودەی نیشتەجێبوونیان، کە بەهەموو جۆرو شێوازێکی دڕندانە هەوڵی گۆڕینی ڕەوشی جوان و سروشتی کەسایەتی کورد لە خاک و لانەکەی دێرینی خۆیدا... ئەمانەو گەلێکی تریش ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکارییەکانی هەموو لایەنەکان هەبووە، کە ئەوە کەسی کورد و فۆلکلۆر و کەلەپووری نەتەوەییمانی گرتووەتەوە، لەگەڵ شەهیدبوونی مرۆڤی کورددا داب و نەریت و فۆلکلۆریشمانی لەگەڵدا بوون بە قوچی قوربانی.

بەم هۆیانەوە چەندین هۆکاری تری دامەزران و ڕووخانی میرایەتییە کوردییەکانی پێش و پاشی ئیسلام و دەوڵەتەکانی عوسمانی و فارسی و عەرەبی، گوێزرانەوەی فۆلکلۆر و کەلەپوورو تێکەڵیی لە نێوان شێوەزارەکاندا پەیدا بووە..

## هەندێک لەپەیڤە ناوچەیی یەکانی ئەم چیرۆکانە

**چیرۆکی یەکەم:**

دەوی: دەوێت، دەیەوێت.

دەوی: دەمی، زاری.

هەرۆ ینە: برۆ ینە، هەرۆن، برۆن.

پێونالێم: پێت نالێم.

چێترم: چێتر: چاکتر، چێترم، چاکترم، باشتر.

نەوزانیوە: نەیانزانیوە.

دەرکێی لێوەکە: دەرگای لێ بکەرەوە.

ئیدی: ئیتر.

لە قیسم چوو: لە کیسم چوو.

**چیرۆکی دووەم:**

بەتاقیوەکەین: تاقی بکەمەوە. تاقی بکەینەوە.

یەکدی: یەکتری.

هەردکان یەکدرییان: هەردووکیان یەکترییان.

ئەکمە: ئەکە: بەمەبەستی: لەو کاتەی، کاتێک.

ئەوهەی. ئەوە، ئەوەیان یان (ئەوەهەی)

**چیرۆکی سێیەم:**

پێی لێ مەنێ: بەسەریدا مەڕۆ.

زەرەد: زیان، زەرەرو زیان.

وێخستبوو: پیا هەڵواسیبوو، پیادا هەڵواسیبوو.
بەتاقیوەکات: تاقی بکاتەوە.

**چیرۆکی چوارەم:**

تەماح: تەماح پەیڤێکی عەرەبییە و بووە بە کوردی بەواتای (الطمع) چاوچوویی، تێرنەخۆری.

حەوێجەی، حەوێجی: دەرەقەتی: لەئاستدا بوون. یانەبوون: دەرەقەت.

پیلی: پەلی، دەستی، دەستوپەنجەی.

نسرم: شوێنێک تیشکی خۆری تێ نەکەوێت، بە زستان ساردو بە هاوین فێنک دەبێت.

پەی: ئێمەی. پەی: دەرک، پێزانین. پەی پێبردن: دەرکپێکردن.

شوورەوییم وەبەی: حەیام بەری، ئابڕووم ببەی.

**چیرۆکی شەشەم:**

بۆ ئەوی بێت: بۆ ئەو بێت: لەبۆ وی بێت.

باژێڕ: شار. (لەجێگەی تردا بۆ بازاڕ بەکارهاتووە).

گوتییە: پێیگوت، بەوی گوت.

دەهاتوچۆ دەچوو: پەلی دەهاویشت، بۆ گەڕان دەچوو.

دەبزوا: بەوملاو ئەولادا دەڕۆیشت، بەملاو بەولادا دەچوو.

**چیرۆکی حەوتەم:**

تێیبڕۆنێم: تێی بخەم، بیخەمە ناوی.

چاوان لە بەرم هەڵدێنێت: سەیری دەکات، سەرنج دەدات

دەو هەراشی: دەمهەراش دەمشڕ.

**چیرۆکی هەشتەم:**

بابی: باوکی

حونەر: زیرەکی و ئازایەتی، کارامەیی.

مێردی پێ کرد: شووی پێ کرد (شووی بەو کرد).

**چیرۆکی نۆیەم:**

چاویان نەکات: سەیریان نەکات، نەیانبینێت: لەهەندێ شوێندا (دیارییان نەکات).

داخۆ: ئایا: بلێیت؟

وەلانا: بواردی، وازی لێ هێنا، کەلایخست.

دەستی بە لێڕاکێشانی کرد: لێی خستە کار.

هەڕۆ: بڕۆ.

بەبۆنەوە کرد: بۆنی کرد.

تاون: تاوم، تاومان: تاودان.

وەپاش دەرگایەم کردن: کردمنە ئەودیو، دەرمکردن، گرتمن: کردمنە دەرەوە یان ناوەوە؟

تۆڵەی لێوەکەم: تۆڵەی لێ بکەمەوە، تۆڵەی لێبستێنم.

ئەتووی: ئەتۆی، تۆی، خۆتی.

شەقلێت بشکێنم: بێ نرخت بکەم: پێتدەڵێم ها (بۆ هەڕەشە)

بەتاقیتەنێ: بەتەنها، هەرخۆی.

**چیرۆکی دەیەم:**

ساڵیشو:ساڵ، ساڵێک

دیبیە: ئەوە، ترە: هیترە.

**تێبینییەک:**

گەلێک کارێکی گەورە و بایەخدارە ئێمە (هەموو توێژەران و نووسەران) هەوڵی ئەوە بدەین زاراوەو پەیڤی جوانی زارە ناوچەییەکان بۆ گشت بوارە بایەخدارەکانی ژیان و ژیاریی سەردەمی نوێ هەڵبژێرین و بەکاربهێنین، چونکە لەو بوارانەدا سەرچاوەو سامانێکی لە بن نەهاتووی زمانیمان هەیە و زەخیرەیەکی خۆماڵی و نەتەوەییمانە.

دیالێکتەکان لەیەک نزیک دەخاتەوە، بۆ مەبەست و واتای تایبەتی و دەقاودەق زمانی یەکگرتووی پێ ساماندار دەکەین و ئاسانکارییەکیش (کەم بێت یان زۆر) بۆ خزمەتی چەسپینی و ڕۆیین بەرەو یەکگرتنی زمان دابین و دەستەبەر دەکات.

## ٢
## وشه عەرەبییەکانی ئەم چیرۆکانە

لە ڕوخسارو پێکهاتەدا ئەو وشانە بەچوار جۆر خۆ دەنوێنن:

١- وشەیەکی عەرەبیی رووتە، جار هەیە بۆ کوردییەکەی مەبەستەکەی خۆی وەردەگرێت بەواتا عەرەبییەکەی دەنوێنێت. کەچی لە بەکارهێنانی تردا بە مەبەستی واتا عەرەبییەکەی بەکار نەهاتووە، بەڵکو مەبەستێکی تر دەگرێتەوە، بۆ نموونە.

- لە چیرۆکی سێیەمدا: (مەسلەحەتی دەکەین..)

واتە ڕێکدەکەوین.

مەسڵەحەت: واتە (ڕێککەوتن) نەک بۆ بەرژەوەندیی. واتە ڕێکدەکەوین.

عیلاج: واتە لێپرسینەوە، نەک بۆمەبەستی چارەسەری نوشداریی.

لە چیرۆکی پێنجەمدا: عێجز: بەمەبەستی زویر نەک (عاجز: غیر متمکن) عاجز: عیجز.

**لە چیرۆکی حەوتەم:**

سەلام: بەمەبەستی (تحیة) واتە سلاولێکردن بەکارهاتووە، نەک (ئاشتی و ئاسایش)، واتە (السلم). واتە بۆ خۆشی و چۆنی هاتووە.

- مەوقعێکی:

لە چەند جێیەک بەکارهاتووە، لە هەندێکدا بەمەبەستی پایەو ڕێزی کەسی بەکارهاتووە نەک جێگەو شوێن. لە شوێنی تریشدا بۆ شوێن بەکارهێنراوە.

٢- ئەوەشی بۆ واتا عەرەبییەکە لە کوردییەکەشدا وەک خۆی بەکار هاتووەتەوە، وەک خۆی بەڵام بەڕێنووسی کوردی نووسراون، وەکو لە چیرۆکی

دووەمدا:

حیکمەت: بۆ الحکمە (ڕێنووسەکەی بە کوردی نووسراوە): دانایی.

تەجروبە: تەجرەبە: بۆ التجربە (ڕێنووسەکەی بە کوردی نووسراوە): ئەزموون: تاقیکردنەوە.

واسیتە / بۆ واسطە (ڕێنووسەکەی بە کوردی نووسراوە): هۆ کە بەرودوا واتای (دانایی، ئەزموون، هۆ، هۆکار) دەدەن.

لە چیرۆکی سێیەمدا:

قیمەت: القیمە، بەواتای (بەها). لەشوێنی تردا نرخ

نەوع: النوع. بەواتای (جۆر).

لە چیرۆکی پێنجەمدا: بەڕوبەحر (البر والبحر) (وشکانی و دەریا).

نەزر: نذر: بەواتای (قۆج – قۆچ): قۆچی

**لە چیرۆکی هەشتەمدا:**

موعتەبەر: المعتبر "ڕێزدار، پایەدار: شکۆمەند"بەپێی شوێنی بەکارهاتوو.

لەعین: اللعین: نەفرین: نەفرەتلێکراو.

**لە چیرۆکی نۆیەمدا:**

قەرز: قرض بەواتای (وام)

**لە چیرۆکی دەیەمدا:**

ساحێب: صاحب: بە واتای خاوەن.

مەقسەد: المقصد: (نیاز: مەبەست) دەنوێنێت.

فەرق: الفرق: (جیاوازی) دەگەیەنێت.

**له چیرۆکی یازده‌یه‌مدا:**

به‌شه‌رتێکی: على شرط (به‌مه‌رجێک: به‌و مه‌رجه‌ی) ده‌گه‌یه‌نێت.

٣- ئه‌م جۆره گۆڕرانه‌ی سه‌ره‌کی و ناسه‌ره‌کی له پێکهاته‌ی په‌یڤه عه‌ره‌بییه‌کاندا په‌یدا بووه، له‌شێوه یان له‌گۆداو یان له هه‌ردووکیاندا، که شاره‌زا به ئاسانی تێیانده‌گات، وه‌ک:

**له چیرۆکی دووه‌مدا:**

حه‌جه‌با: عجبا (سه‌یر: سه‌مه‌ره)

ئاقڵ: عاقڵ: حاقڵ: ئاقڵی: ئاقڵمه‌ند: به‌مه‌به‌ستی (عاقڵ) به‌کارهاتوون. به‌واتای (ژیر) ده‌گه‌یه‌نێت.

تاهیدی: تأیید: لایه‌نگری.

**چیرۆکی سێیه‌م:**

غه‌یانه‌ت: غایه‌نه‌تی: خایانه‌تی: خیانه. به‌واتای (ناپاکی) به‌کاردێت.

**چیرۆکی پێنجه‌م:**

قاسید (قاصد): نامه‌به‌ر: راسپێر (وه‌ک که‌س) به‌کاردێت هه‌روه‌ها به‌واتای (ته‌ته‌ر) به‌کاردێت.

ئه‌رز: أرض به‌واته‌ی (زه‌وی: خاک) به‌کارهاتووه.

فیزاع: به‌مه‌به‌ستی (بکاء: نواح) بۆ (کوڕوزانه‌وه: گریه) به‌کارهاتووه.

به‌خه‌به‌ر دێ: به‌واتای له‌خه‌و هه‌ڵده‌ستێ (یستیقظ) نه‌ک (ینتبه).

**چیرۆکی هه‌شته‌م:**

خه‌به‌رم وه‌رگرتووه: استعلمت: أخبرت: علمت (یکون عالما بالخبر) واته ئاگادار کراوم.

**چیرۆکی نۆیەم:**

مانا: المعنی: واتا: مەبەست.

قسە: الحدیث: التکلم: بێژ: گۆ: گفتوگۆ.

**چیرۆکی دەیەم:**

حالەم: عالەم: الناس: کەسان: خەڵک، نەک بەواتای (العالم: الدنیا)

٤- پێکهاتەی ئەم جۆرە تێکەڵەیە کە لە کوردی و عەرەبی، بەهەمووی واتا تایبەتەکەی تەواو دەبێت: وەکو:

**لە چیرۆکی دووەمدا:**

عوزر خوایی: الإعتذار: پۆزش: داوای بەخشین: مەخابن.

**لە چیرۆکی پێنجەمدا:**

شەخصە فەقیرە: شەخس: الرجل الصالح: پیاو چاک. واتە الرجل الصالح الفقیر: کەسە هەژارەکە. هەژارەکەش (پیاو چاکە هەژار)ەکە دەگرێتەوە.

چاڵی نەحلەت: حفرە اللعنە: نەفرینە چاڵ. نەفرینچاڵ. بەرەو دۆزەخ: بۆ دۆزەخ.

دەستەو نەزەر: بخشوع: المکوث إحتراما. نەوازش. لە ساوپادا وەستاو.

حەرەم سەرا: دیوان النسوة والعائلة.

مرازی حاسڵ دەبێت: تتحقق أمنیاتە (واتە هیوای جێبەجێ دەبێت) نەک بەواتای (یحصل: روودەدات).

وەغەرەز کەوت: أصیب بالظغینة: رق: قین.

نمەک بەحەرام: بەواتای (حەرامزاد) (الناکر للجمیل) واتە (سپڵە: بێ ئەمەک).

**چیرۆکی پازدەیەم:**

خەنی دەبێت: واتە دەبێتـە سامـاندار: یصبح غنیا ذوثروة: سامـاندار دەبێت.

**پوختە:**

لە حەکـایەتی گـوێئـاگـردان و چیـرۆکـە فـۆلکلـۆرییـەکـاندا، بەپێی ناوچە، بارودۆخ، کات و سەردەم، کاریگەریی دەسەڵات، گوێزانەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەک، گێڕانەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و چەندین هۆکاری تریش، وشەو دارشتەی ناکوردی و بیبانیی هاتوونەتە ناو چیرۆکەکانەوە.

مـەرج نیـیـە لە سـەرەتای دروسـتـبـوون و پەیدابوونی ئەو چیـرۆکـانەدا ئەو پەیڤـانە هەبووبن...، بەتایبەتی لە چیرۆکـە کۆن و دێرینەکـاندا هەر نەبوون و دوایی هاتوونەتە ناویان. بوونی ئەو پەیڤە بیانییانە لە لاوازیی زمانی کوردی نەبووە، دەگەڕێنەوە بۆ هۆی داگیرکردنی خاکی کوردستان و دەسەڵاتی ئایینی و بەڕێوەبەریی سـەپاو و جەختی نائاسـایی هێـزی پێـشـێل لە وڵاتەکـەمـاندا، هورووژمی زانیـاری و دابونەریتی دەرەکـیی هاتووی ئایین، سـەپاندنی زمـانی کتێبە ئاسمانییەکان و بەتایبەت زمانی قورئانی پیرۆز، بەکارهێنانی ئەو زمانە لەلایەن (فـەقێ، مـەلاو مـیـرزا)وە کـە خـۆیان بووبوونە زمـانحـاڵی تەشـەنەو بڵاوکـردنەوەی ئاییـنو زانیـارییـەکـان بەشـێـوازی مـەلایانە، زاراوەی عـەرەبی و هەندێک جـار فـارسی و کـەمـێکیش تورکی، وەک پەیڤی بیـانیی ئیـسـلامی عـەرەبی، تورک و فـارسـیـش بە تاو و کـاریگەریی دەسـەڵاتی ئیـمـپـراتۆریی عوسمانی و فارسییەوە هاتنە ناوەوە و بەکار هاتن.

لەگـەڵ وشە کـوردییـەکـەشـدا خـۆی مـەڵاس داوە و لێی جـودا نەبووەتەوە، ئەمەش چەند نموونەیەکی کورت:

١- عـــەیب و شـــوورەیی: وەک ئەوەی بڵـــێین عـــەیب و عـــەیب، یـان - شوورەیی و شوورەیی.

چونکە (شوورەیی کوردییەو عەیب (عیب: عیوب) عەرەبیەکەیەتی.

٢- دۆعـاو نزا - دۆعـا: دعـاء (عـەرەبیـیـە) نزا: کـوردییـە و یەک واتا

دەگەیەنن.

٣- گوێقولاغ: گوێقولاخ: (بەهەمان شێوە) وەک بڵێیت (گوێ گوێ) هەرچەندە بۆ (إنتهاه) بەکاردێت.

٤- فەرق و جیاوازی: فەرق و جیاوازی... هتد.

وەنەبێت ئەو وشە و پەیڤە عەرەبی، تورکی و فارسییانە بەرامبەریان بە کوردی نەبووبێت. ئەوانە ڕەفتارو کرداری سەدان ساڵی داگیرکاری سەپاندوونی و هێشتوونیەتەوە. جار هەبووە دەسەڵاتی داگیرکەر کوردییەکەی لابردووە بییانییەکەی هێشتووەتەوە.

ئەو جۆرە ناونانی گوند، ناوچەو شاخیشی گرتووەتەوەو بەدوای خۆیاندا بەجێیان هێشتوون.

شۆڕش، ڕاپەڕینە نەتەوەییەکانی کورد، بەرودوا کاریگەرییەکی گەورەیان هەبووە بۆ بەرپاکردنی جووڵانەوەیەکی بەبیر (فیکری) بەرە بەرە بۆ ڕامالێنی ئەو داشە هارە دژەکارانەی دەیویست ڕەسانەیەتی زمان و کەلتوورمان موتوربە بکات و بەشێنەیی بیگۆڕێت. بەڵام لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، دوایی سەدەی نۆزدەهەم و بەگشتیش سەدەی بیستەمەوە ڕاپەڕینی هۆشیاریی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری بووبە هۆی بژارکردنی زمانەکەمان لە گیاکەڵەی بەشێواز خۆرەی ئەو داگیرکارییە نامۆیەو بگرە پێشکەوتنێکی کاریگەرانەی زۆر خێرا بۆ ئەو پاکژکارییە بەرپابوو، ئەنجامی پێشکەوتوویی بەخۆوە دیوە.

نووسەر، ڕۆشنبیر، مامۆستاو ڕۆژنامەنووس و میدیاییەکان پێش کەسە ڕامیارەکانیش کەوتن. هەڵمەتی دلێرانەیان لەم بوارەدا ڕەخساند کە بەباوەڕی من لە زمانی داگیرکەرەکان جوانترو باڵاتر ئەرکی پیرۆزیان ڕاپەڕاند و گەیشتینە ئەو پلە پێشکەوتووەی (زانست، ئابووری، پیشەسازی، هونەرو کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی تریش) بەزمانی کوردی بنووسرێنەوەو تۆمار بکرێن (ئەمە لەگەڵ هەموو کەموکوورییەکانیشدا..).

لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە بەتەواوەتی لە تواناماندا هەیە دەستکاری بەرهەمی زمانی، پەخشان وەک چیرۆکی میللی و هەقایەت و بەیت و هۆنراوەو گۆرانییەکان بکەین و هەر وشەو پەیڤێکی بییانیان تیادا بێت دەریانبهێنین،

پەیڤی کوردیی خۆماڵییان بخەینە جێ.. بەڵام ئەوانە پاشماوەی دێرینی سەردەمانێکن، فۆلکلۆر و کەلەپوورن دەبێت وەک خۆیان بەبێ گۆڕین و دەستکاری بیانخەینەوە ڕوو.

ئا لەوێدا، بەشێوەی بەراورد پێشکەوتن و گەشەی بواری زمان، ئەدەب و گشت لایەنەکانی تری وەرچەرخانی سەردەمی ئێستەمانی پێ دەردەکەوێت بەو جۆرەی بتوانین بە دڵنیایی و بڕوا بەخۆبوونی تەواوەوە هەر بەرەو پێشکەوتن و سەرکەوتنی هەمیشەیی بەبێ وەستان بڕۆین و نەوەستینەوە.

بەم شێوازی بەکارهێنانە، سەردەمێکی تایبەتی بۆخۆی داگیرکرد، لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا پانتاییەکی قووڵترو دیارتری لە ئەدەبی میللی نەتەوەییماندا گرتەوەو پتر کاریگەری لە ئەدەبی کلاسیکی و ڕۆمانسیدا جێهێشت. زۆرتریش بە (بەیت و هۆنراوەوە دیارە...).

بۆ هێشتنەوە، یان نەهێشتنەوەی ئەو پەیڤانە، چەندین بیرو بۆچوون هەیە.

دەقی جێگیرو نەگۆڕ وەک خۆیان ماونەتەوە، زۆر بەکەمی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

چیرۆک و حەکایەتی میللیی فۆلکلۆری، سامانی نەتەوەیین، دۆزینەوە – پاراستن – تۆمارو توێژینەوەیان پێویستییەکی نیشتمانیی نەتەوایەتین و پێچەوانەکەشی ئەوپەڕی کەمتەرخەمی و نادڵسۆزیی بەرپرسان دەسەلمێنن...

ئەم بارە بەلایەنی ئەدەبی نووسراوەوە، بەتایبەتی ئەدەبی ئایینی ئیسلام و شیعری کلاسیکی و ڕۆمانسییەوە ژمارەیەکی زۆر وشەو پەیڤی عەرەبی بەسەرو گوێلاک شکاوی کرانە کوردی وەک داڕشتەیەکی تایبەت بەکارهێنران. ئەوەش هێندە قووڵبوونەوەو پێمانەوە نووسان کە جار هەبووە وشە کوردییەکەو وشە بیانییەکەی (عەرەبی، تورکی و فارسی) یەکەدا لە بەکارهێنانی ڕەمەکیدا وەکو یەکیان لێهاتووە، کوردێنراون و جیا نەکراونەتەوە.

## ٣
## پەیڤ و دارشتەی گران

ئەم لایەنە دوو جەمسەرە، یەکەمیان ئەوەیە کە زاراوە پەیڤێک بەلایەنی شێوەزارێکەوە ئاسایی بیستراو و ئاسانە، بەڵام بەلای بەکارهێنەری شێوەزارێکی ترەوە نەبیستراو و گرانە.

لای دووهەمیش ئەوەیە کە بەلای هەموانەوە کۆمەڵە پەیڤێکی گرانن و پێویستییان بە ڕاڤەو ڕوونکردنەوە هەیە، ئەمەش بێجگە لە وشە گرانەکان، هەرەزۆری دەقە نەگۆڕە واتادارە تایبەتەکان دەگرێتەوە. لەخوارەوە وەک نموونە، چەردەیەکیان لێ بڵاو دەکەینەوە، کە لەم چیرۆکانەدا بەکارهاتوون:

**چیرۆکی یەکەم:**

گۆرین: (شتێک، بابەتێک)ی ناسراو و زانراوە بەڵام لەوێدا ناوی ناهێنرێت.

تاقو واز: شاش: بڵاو: کەلوکۆم.

شالیار: ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی گەورە: ئەنجومەن.

بەیاڵ: گرفتم خوساوەتەوە: دوای برسێتی ماوەیەکی زۆر تێرم خوارد.

**چیرۆکی دووەم:**

خۆش نائەنگێوێ: خۆیشی نائەنگێوێت: خۆی ناپێکێت. لێرەدا (خۆی زامدار ناکات).

ئەنگاوتن: پێکان: بەرکەوتن: پێکران: بریندار کردنی سەخت.

بۆز: ڕەنگێکی ناشرینی خۆڵەمێشییە: نزیکە لە دێزەوە، وەک ئاوەڵناوێک لە کەری ئەو جۆرە ڕەنگە دەنرێت نازناوە بۆ مرۆی کەمژیر. بۆ مرڤی ئەقڵ

سووک: وەک هێما، بۆ کەرو کەسی ناجسنو مانگر بەکاردێت.
مراز: نیاز: خواست: داوا.

**چیرۆکی سێیەم:**

ناوبردە: ناوێزە: بەناوبانگ: ناسراو.
ئاور: هاور: ئاگر.
نەزیلە: باس: رووداو: بابەت (بۆ گێڕانەوە) گێڕانەوەیەکی هێما ئامێز.

**چیرۆکی چوارەم:**

١- رسقم سوارە: واتە دەرامەتم کزە: دەسکەوتم کەمە: فازانجم نییە: مایە پووچم.
٢- ملوموش: گەڕان بەدوای خواردندا: سەرقاڵ بۆ پەیداکردنی خۆراک: هەوڵی دۆزینەوەی خواردن. بۆ کەسێکی مشەخۆرە بەدوای دەستکەوتنی خۆراییدا بگەڕێت.
٣- رەجاڵ: جل شڕ: هەژار: ڕووتەڵە: بێمایە.

**چیرۆکی پێنجەم:**

لێی پێچایەوە: لێی کۆڵییەوە: تەحقیقی لێ کرد (لەگەڵی کردە پرس و ڕا).
سەرکۆنە: لۆمە: تەشەر:: (طعن).
وڕاوە: بڕسکاندن: بزرکاندن (بەدەم خەو، نەخۆشیی پەشێویی و تێکچوونەوە قسەی بێ سەروبەر).
بافت: لەجیاتی: لەبریتی: لەحەقی: لەهەقی.
حولناوە: قووتداوە: ماشیوەتەوە: خواردووە.

گۆڕین: کەس یان شتی ناسراو و زانراو کە لەوەپێش لێی دوابن: هەمان ئەو کەسە، یان (هەر ئەو مەسەلەیە، کەسە، شتە). لەوەپێش لێیدوابن، بەڵام لە لێدواندا نەیانەوێت ناوی ئەو کەسە یان ئەو شتە دەربخەن و بڵێن. جاری وەهاش هەیە دەگوترێت (گۆڕینە بۆرە) واتە دیسان هەر ئەوە، یان هەر ئەوەیە، بەڵام ئەمەیان تەشەرداره.

دوڕدۆنگ: نارێک: ناتەبا: ناکۆک: لەیەکتر زویر.

دەرکەنار: دوورەپەرێز: تەریک: لاتەریک.

جادوو: سیحر. جادووگەری: ساحیری جادووگەر: ساحیر.

ئەووق: ئەوق: ئەوقکردن: مەحتەل: مەحتەلکردن: دواخستن و خەریککردن: تەعتیلکردن (بەپێی شوێن) = رانەپەڕاندن.

قەڵس: قەڵس: بێزار: پەژار: پەست: بێزران.

**چیرۆکی شەشەم:**

شەوچراخ: بریسکاوە بەشەو (بۆ چریسکانەوەی دوڕو گەوهەر لە شەودا) بەکاردێت.

دوڕناس: زرنگ: زیرەک: زیتەڵ: بلیمەت.

ناوێزە: دەگمەن: نایاب: شاز = بێ هاوتا.

**چیرۆکی حەوتەم:**

ئەسپابن: بۆیەک باشن: نەستەقێکی پەند ئامێزە بەواتای چونیەکن: لەیەکدەچن: هاوتان: نزیک لەیەکن.

زرک: شیشێکی تایبەتی سەرتۆپزەو شیشێکی نووک تیژی پێوەیە، دەروێشەکان هەڵیدەگرن، لەکاتی: نائاسایی زیکرو حاڵ لێهاتندا لەمدیو بۆ ئەودیو، لە تەنکەی پێستی گوپی خۆیان دەدەن، لەبارەی ناهەستیی و باوەڕی خۆیاندا هەست بەئازار ناکەن (هەندێک لەپێستی سک و کەمەریش دەدەن.)

زرک: کاڵ: کرچ: کاڵوکرچ: کرچ و کاڵ: نەگیر.

مزەئاش: ئەوبرە بەشە ئاردەیە کە ئاشەوان بەپێی نەریتێکی دانراو لەخاوەن گەنم و جۆی گل دەداتەوە لەباتی ئەوەی هێناویەتی.

بیـراز: لە ئاشی ئاودا دوو بەرداشی گـەورەی هاڕین هەن کـە گـەنم، جـۆ، چەڵتووک و شتی تریشی پێ دەهاڕن، هەرکات رووی بەرداشەکان ساف بوون و زبرییە پێویستەکەیان کەم بوو یان نەما، ئەوا پێویستە وەستای تایبەتیی بیـرازکـەری بەردتاش بەئامـێـری تایبـەتی وەک (پیک، قـوڵنگ، چەکـوش و قەڵـەم...) بەلێکردنەوەی تەڵەزمی ورد ورد، وەستایانە زبرییەکەی بۆ دروست دەکـاتەوە بۆ ئەوەی ئاردەکـەی وردی تەواو بێت، دیارە تا ئارد وردتر بێت، نانەکەشی باشتر لێدێت و جوانتر دەردەچێت.

بیراز: لێدان: بیرازت دەکەم: بۆ هەڕەشە بەکاردێت بۆ لێدان و ترساندن.

کۆجەڵـە: کووجەڵە: کاسەی دارینی قووڵ: بەستی قـوڕ بۆ قەدی دارەبەن بۆ کۆکردنەوەی بنێشت.

کـوجـەڵـە: کـۆچەڵ: پێـوەرێکی بچـووکـە لـە گڵ دروست دەکـرێت، سـوور دەکـرێتـەوە، وەک دیزەو گـۆزە لە کـڵدا شـێـوە جـامـۆڵکەیەک ئامـادە دەکـرێت. جاریش هەیە لە دار دروست دەکرێت، لە کوردەواریدا، کۆن، بەرهەمی دارین و گڵین دوو پیشەی باو و پێشکەوتوو بوون، ئەو دەفرە بۆ پێوان و بەکارهێنانی ناوماڵ بەکاردێت.

منقـڕ: زاراوەیەکی مـیللـیـیـە بۆ پارەیەکی زۆر کـەم بەها بەکـاردێت کـە لە نرخیدا هیچ بایەخێکی بەسوودی نییە، هەر بەناو لەڕیزی پارەدایە، وەک فلسە سوورە یان میکلی جاران.

تەڵـەزم: پارچەی پەڕیوە لەدوای شکان و لێـدانی بەزەبر لە تاش، بەرد یان شووشە بپەڕێت و لێببێتەوە. تەڵەزم ئاسایی نووک و لاتیژن.

دەمـڕاست: ناوێکی لێکدراوە لە کـەسـێک دەنرێت کـە کـۆمـەڵێک یان کەسێکی تر کردبێتی بەجێگر، نوێنەر یان بریتی خۆی کە لەجیاتی ئەوان (یان ئەو) بدوێت و کار بکاو رای خۆی دەرببڕێت. (زمانحاڵ، وەکیل)یش گوتراوە، هەروەها (متمانەدار)

**چیرۆکی هەشتەم:**

ژەنگوژار: رقوقین: پیسی ناو دەروون.

منە: مینە: چاوەڕوانی: تەماداری: بەتەما بوون.

قۆرخ: تەرخان: بۆدانانی بەتەنهاو تایبەت: قەدەغە بۆ کەسانی تر بەتایبەت بۆ دانراوە.

سووتلی: گوێنی: گوێنێ: جۆرە ڕستراوێکی خۆماڵی زبرە.

حەماملەمیش: گەرماوکردن: ششتن و پاککردنەوە: خۆشوری. خۆ پاککردنەوە بە شتن.

**چیرۆکی نۆیەم:**

شانەڕن: بۆ هەندێک کاری تایبەتی و (بەکەمی) خوری پڕو درێژ بەپشتی بەران و مەڕەوە، بە شانەی دارین بۆ داڕنین و لێکردنەوە شانە دەکرێت، هەروەها بەرگنیش بە ئامێری تایبەتی (شانە) شیدەکرێتەوە بۆ ئامادەکردنی (ڕیس)ی باریک یان ئەستوور. بەپێی پێویستی (چنین)ی پێداویستیی و کەلوپەلی هەمەجۆر.

قەڵاشت: قەڵاشتەوە: لەت کرد: کەرت کرد: قلێشانەوە: داقلێشاند.

**چیرۆکی دوازدە:**

قەرە قووش: زۆردار: بەزەبروزەنگ: سەرکێشێکی دڕندە.

قارِقارِە: پارچە سەهۆڵ کە لافاو لەزستاندا هێنابێتی جۆگەی گرتبێت: جۆرە چەرخەیەکی کایەی منداڵانە لەگەمەو وازیدا. (چەرخە)

ناگوزێریی: نارێکیی: ناتەبایی: نەگونجان.

ئارداوێژ: دەمودوو: دەموکاوێژی خۆش یان ناخۆشی گوتنو گفتوگۆ: لێواری بەرداشی ئاشی ئاو لەو شوێنەوەی لە قوڵکەوە ئاردی لێوە دەڕژێتە بەرداشەوە.

**چیرۆکی سیازدە:**

ڕەشوار: بەسوارێک دەڵێن کە ئاودامان جلی ڕەشی لەبەردابێت. دەماخی کردبێت و ئەسپ یان ماینەکەشی ڕەش بێت. لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکاندا هاتووە و دووبارە بووەتەوە.

برنگ: ئامێرێکە دەسک درێژو دووفاق دەمەکەی لەشێوەی مقەستدایە،

خوری لەشی مەڕو تووکی بزنی پێ دەبڕدرێتەوە و لێدەکرێتەوە، هەموو ساڵێک لە بەهارێکی درەنگداو هەندێک جاریش سەرەتای هاوین مەڕو بزن بەبرنگ دەبڕدرێنەوە، خوری و موو لەئاژەڵداریدا سەرچاوەیەکی پڕ بەهای ئابووریی کوردستانە، لەناو و دەرەوەدا سوودمەندن. (بەتایبەتی لای رەوەند)

جاوبڕ: دووارد: بە واتای مقەست: بڕەر بەکارهاتوون.

(جاو) جاران جۆلا دەیچنی، کالایەکی شاشی هەرزانبەها بوو، کەسی کەمدەست و هەژار دەیانکردە جلو بەرگ، دوارد لە هەندێک شوێندا بەناوی ئەو جۆرە کالایەوە ناونراوە (جاوبڕ).

برنگ: دوودەمێکی وەک مقەست: دەمدرێژە بۆ بڕینەوەی بزن و مەڕ بەکاردێت [1].

**چیرۆکی نۆیەم:**

شەوگەڕ: بەو کەسانە دەڵێن شەوانە بۆ مەبەستی پاسەوانی و چاودێریی شەونخونی دەکەن و بەدەرەوە دەمێننەوە و دەگەڕێن. هەندێک جار بۆ شەیدایی ئەوینداران‌یش بەکاردێت.

زارک: زار: دەو: دەم: کەپوو.

قەولوبەست: رێککەوتن: پێکهاتن.

(قەولو بەستبوون: لەگەڵ یەک پێکهاتن).

**چیرۆکی یازدەیەم:**

شیندروو: واتە هەر بەسەوزی خواردوویە (پارەی لەسەر وەرگرتووە): سەلەم (سەلەمی کردووە). (نەدارەو پارەکەی خەرج کردووە).

ملی دابوو: (بەری چاکی پێوەبوو): چاکی هێنابوو: گوڵەکانی پڕ شیلە بوون: گوڵەکانی لە قورسیی بەرەکەی سەریان شۆڕ کردبووەوە.

---

١- هەندێک جار بەرخیش دەبڕرێتەوە. بڕینەوەی مەڕو بەرخ لە بەهارێکی زوودا دەبێت. هەموو بەرخێک نابررێتەوە بەرخی (پاییزە: پایزێ) کە زوو لەدایبکوو بەرگنەکەی بۆ بڕینەوە دەستدەدات.

# ٤
# جیایی لە گێڕانەوەکانی
# چیرۆکی بزنەکەی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود – دا

## -١-

## سوڵتان یان شا

چیرۆکی بزنەکەی هەیاسی خاس لە چەند گێڕانەوەیەکی جیاوازدا بیستراوە کە لە نێوان گێڕانەوەکاندا جیایی جۆربەجۆر هەیە، لە هەموویان سەیرتر ئەو یەکەیانە کە لەجیاتی (سوڵتان مەحموود)ی شپرزەو ناهەموار (شا عەباس)ی تیادا بەکارهاتووە کە ئەمە بۆ یەکەم جارە شا عەباس بێتە ناوەرۆکی ناو چیرۆکەکانی (هەیاسی خاس)ەوە، ئەگینا هەر هەمووی بەسەر سوڵتان مەحموود دا گیرساوەتەوە. بۆیە دەبێت بپرسین ئایا ئەم ناوهاتنەی شا عەباس:

ئایا هەڵەیە؟! لەگێڕانەوەدا یان ڕاستە؟!

ئەم بەکارهێنانەی (شا عەباس) لەکوێوە هاتووە؟!

جگە لەوەی لەلاپەڕە (٢٠٠)ی (هەڵبژاردەیەک لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی) (فاررووق حەفیددا) (سوڵتان حەمید) بەکارهاتووە.

دیارە ئەم جیاوازییانە کاری گوێزەرە و کەسانی گێڕەرەوەی چیرۆکەکانە. ئەگینا (سوڵتان حەمید، یان شا عەباس لە کوێ و سوڵتان مەحموود لە کوێ؟!) (گێڕەرەوە و گوێزەرەوە) گەلێک جار کارتێکەرییان لەم گۆڕینانەدا هەبووە.

## -٢-

## گورگ لەم چیرۆکەدا

لەم چیرۆکەی بزنەکەی هەیاسی خاسدا (گورگ) بەکارهاتووە بۆ ترساندنی بزنەکە بۆ ئەوەی دوای ئەوەی تێر بخوات، بەترس لێی دەربێتەوە و زیاد

نەکات، لە دووبارە بوونەوەی گێڕراوە جیاوازەکاندا بە سێ چەشن گوتراوە:

١- لە گێڕانەوەی یەکەمدا و چەند جۆرێکیاندا تەنها یەک بەچکە گورگ بەکارهاتووە بۆ ئەو مەبەستەی ترساندن و تۆقاندنەی بزنەکە (بەچکەیەکی زیندوو).

٢- لە گێڕانەوەیەکی یەک چیرۆکیاندا بەچکە (گورگێکی لە مس دروستکراو) پیشانی بزنەکەی هەیاسی خاس دەدرێت بۆ هەمان مەبەست.

٣- لەگێڕانەوەیەکی تری ئەم چیرۆکەدا بۆ ترساندنی بزنەکە (دوو بەچکە گورگی زیندوو) بەکار هاتووە.

ئەمەیە نموونەی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر چیرۆکەکاندا دێت کاتی گێڕانەوەیان لەلایەن کەسێکەوە بۆ کەسێکی ترو کاتی کۆچپێکردنی ئەم جۆرە چیرۆکانە لەلایەن (چیرۆکخوانەوە) وەک کەسێکی گێڕەرەوە یان گوێزەرەوە.

٤- لە چیرۆکێکدا ددانی بەچکە گورگەکە یان دوو بەچکەکە دەردەهێنن بۆ ئەوەی قەپ پیاکردنەکەی بریندارکەرو بەئازار نەبێت.

٥- لە هەموو چیرۆکەکاندا تەگبیری بەپەند و ژیرانە هەر لەلایەن هەیاسی خاسەوە دەبێت، بەمەبەستی هەموو چیرۆکەکانیش دۆزینەوەو ئاشکراکردنەوەیەتی.

## -٣-
## هەیاسی خاس

یەکەم:

دوای ئەوەی هەیاسی خاس لەم چیرۆکەدا خۆی لە سولّتان مەحموود (دەشارێتەوە و دەتۆرێنێ) لە چەند گێرانەوەیەکی ئەو جۆرەدا (هەیاسی خاس) دەچێتە ئاش و ئاشەوانی دەکات، بەڵام لەیەک چیرۆکیاندا دەبێتە جووتیارو لای پیرەمێرد و پیرەژنێکی بێ منداڵ دەمێنێتەوە و دەبێتە کوڕو هاوکارو یارمەتیدەریان.

دووەم:

هەروەها لەم چیرۆکەی هەیاسی خاسدا ڕووداو هەمیشە وەها شکاوەتەوە کە سولّتان مەحموود بیرو هۆشی بیرکردنەوەی کزو سەرزارەکییە. وەزیر و ڕاوێژکارەکانی پیاوانی بلیمەت و هەڵکەوتووی بیرتیژ نین. گرفتەکانی بۆ چارەسەر ناکەن. پیاوانی تەختو بەخت و هەتا ڕادەیەکی باش خۆپەرست و مشەخۆرن. نەک لەم چیرۆکەدا بگرە لەگشت چیرۆکەکانی تردا هەست بە کاریگەریی کارگێڕی، بیرو بۆچوونی چارەسازو هۆشەنگیی ڕاوێژکارییان ناکەیت، نەدڵسۆزن و نەبلیمەت.

سێهەم:

لەم چیرۆکەو لە چیرۆکەکانی تردا دەتوانین بڵێین هەموویان ئەوە دەسەلمێنن عەقڵی دەسەڵاتی سەپاو تەنها لە بەرژەوەندی چینایەتیی خۆیەوە سەر هەڵدەداتو کەسێکی وەک هەیاسی بلیمەت کە بڕوای بە کۆمەڵگەو هاو وەڵاتیبوونی تاک و بەرژەوەندیی زۆرینەو گشتیی ڕەشە خەڵکە هەیە گەلێک

لەیەکتری جیان و هەیاسی خاسیش ئەم وەڵامە جوانە فێری کابرای وەزیر دەکات کە بچێت و بە سوڵتان مەحموودی ڕابگەیەنێت / کە ئەمە دەقەکەیەتی و ئەم دەقەش لەجۆری دەقی نەگۆڕەو ناکرێت دەستکاری بکرێت.

(ئێمە لێرەدا بەپێویستی دەزانین ڕاڤەی بکەین چونکە نووسەر ڕاڤەی نەکردووە):

بارانێک لە ئاداری
بارانێک لە نیسانێ
زەوییەک لە خوراسانێ
دەهێنێت پێدەستاری دیوانێ

لێکۆڵینەوەی دەقەکە:

١- بارانێک لەئاداری:

ئەم دەقە خۆی پەیوەندی بەنرخی کەش و بارانبارینەوە هەیە. تیرەیەکە لە (ژمێرگەریی کوردی - حسابگەریی کوردی) کە لەژیانی کوردەواری، لەبژێوی و دارایی ساڵانەی گوندنشین و جووتیارەکاندا بایەخێکی تایبەتیی خۆی هەیە، پەندێکی ئەزموونداریيە پیت و فەڕ لەسەر خاک، زەویی و بڕی بارانبارینی ساڵانەدا دەردەخات.

نیوە دێڕی سەرەوە سەرەتای بەهار زەویی، داچێنراوو دارو درەخت پێویستیان بە بارانێکی باش هەیە بۆ ڕواندنی تۆو، شەتڵ و قەڵەم، بۆ بووژاندنەوەی درەختە بەردارەکان، گوڵکردن و بەرگرتنی درەخت و کشتوکاڵ.

چونکە ئەگەر ئەو (پێویستە بارانە) نەبارێت چرۆکان لاواز دەبن یان وشک دەکەن.. هەروەها کار لە گوڵکردنی داری بەرداریش دەکات و وەبەرهێنانیش لەگەڵیاندا.

کەواتە ئەو نیوە دێڕە (نرخ و بەهای باران دەردەخات لە مانگی ئاداردا و ئەگەر زۆریش نەبارێت بە پێویستی تەواو دادەنرێت کە پێویستە یەک باران

هەر ببارێت).

٢. هەروەها مانگی نیسان کە دەکاتە دوای (٩) ڕۆژی یەکەمی بەهار، بەهەمان شێوە زەوی و کشتوکاڵ پێویستی تەواویان بەبارانی چاک هەیە، خۆ ئەگەر ئەو ساڵە ساڵی کەم بارانی بێت زۆر پێویستە یەک بارانی چاک ببارێت، ئەگینا دەبێتە وشکە ساڵ. چونکە کاتێک مانگی نیسان کۆتایی دێت (٤٠) ڕۆژ لە بەهار تەواو دەبێت، گەشەو بوژانەوەی گژوگیا بۆ پاوەن و لەوەڕگای چیاکانیش زۆر پێویستە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەباری ئابووریی ولاتی کوردەوارییەوە هەیە کە ئێمە پشت بەباران دەبەستین. هەروەها زیانی گەورە بە ئاژەڵداریش دەکەوێت.

بەم جۆرەیە بەهای ئەو نیوە دێڕە پەند ئامێزەی کە گوتوویە:

(بارانێک لە نیسانێ)

٣- زەوییەک لە خوراسانێ:

دێڕی سێیەمیش لە نرخی گەورەو سامانداریی بەهای زەوی دەکات کە هەرکەسێک هەیبێت، کەسایەتی جووتیار لە هەموو دنیادا و بەتایبەتی لە کوردستاندا بە بوونی زەوییەوە دەنرخێنرێت.

زەوی کشتوکاڵی بۆ چاندنو وەبەرهێنان، زەوی ڕەقەن لە گردو چیاو پێدەشتەکاندا بۆ ئاژەڵ و گیانەوەر بەخێوکردن، پاوەن و لەوەڕگە هەتا پاییزو، دواییش هەڵگرتنەوەی گەڵاو کزرەگیا بۆ ئالفی زستانەیان..

ئەمانە هەموو ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ئاست و باری ئابووریی مرۆڤی کوردەوە هەیە.

کە دەڵێت (لە خۆراسانێ):

واتە ئەو پارچە زەوییە هەرچەندە زۆر دووریش بێت، ئەوە هەر هەبوونێکی بەنرخ و گرۆیەکی دەوڵەتداری و سامانداریی ولاتی کوردەوارییە.

٤- دەهێنێت پێدەستاری دیوانێ:

نیوەدێڕی ئەم پەیڤە و دارشتەی هەرسێ نیوە دێڕەکەشە، مەبەستەکە تەواو

دەکەن کە (بەهازانی و نرخزانییە) واتە دەستارەکەی (دیوان) کە هی دەوڵەتە، بەنرخە، وەڵامی داواکەی، سوڵتانیش هێندە بەگەورە خەمڵێنراوە کە نرخی تەواوی ساماندارییی کەسی کوردو دەوڵەتی ئەو سەردەمەی پێ دەرخراوە.

لە چیرۆکەکەشدا کە مەبەست گەڕانە بەدوای هەیاسدا، بلیمەتیی هەیاس نەبێت واتاکەی نازانرێت، بەو زانینەی واتای دارشتنەکە هەیاسی پێ دەدۆزرێتەوە.

٥- لەلایەنی کارگێڕی و هاوسەنگێتیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوای سوڵتان مەحمودیشە و بزورگی و توانای کەسێتی و ژیریی ترازووی حیکمەتی هەیاسی خاس نەبێت حوکمی سوڵتان لاسەنگ دەبێت بەبوونی هەیاس ئاسایی دەبێتەوە.

## ٥
## دەقی نەگۆڕ

لەوەپێش کەمێک لەسەر دەقی نەگۆڕ دواین، گوتمان هیچ گۆڕانێکی تیادا ڕوونادات. لە گێڕانەوە و تۆمـاردا وەک خۆی دەهێلـرێتەوە. ئەگەر هاتوو دەقێک بەهەر هۆیەکی ناوچەیی، شێوەزار، جیایی گێڕانەوە و هتد بەدوو شێوە یان پتر هات، هەریەکەیان لەشوێنی خۆیاندا چۆن هاتوون، بەبێ دەستکاری و گۆڕین بەو جۆرە دەهێلرێنەوە، کاتی ڕاڤەو توێژینەوە دەتوانرێت سەرجەم لایەنە وێکچوون و جیـاوازییـەکـانیـان دەربخرێت و لێدوان و لێکۆلـینەوەی لەسـەر بکرێت و ڕاستییەکان دەربخرێت.

لەخوارەوە هەندێک دەقی هەلبژاردە لەو چیرۆکانەدا دەردەهێنین و بەکورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

چیرۆکی یەکەم:

ئەم چیـرۆکـە مـەتەلئامـێزە. دیارە مـەتەل بە هەمـوو جـۆرەکـانییـەوە دەقی نەگـۆڕن. مـەتەل، دەبێت کـەسی دووەمی لێـداهێنراو خـۆی هەلی بهـێنێت و بیزانێت. بەلام لە چیـرۆکـە مـەتەلئـامـێزەکـاندا، دوایی مـەبەسـتـەکـان ڕوون دەبنەوە، لە زۆر جـاردا وەک گـرەوی لێـدێت، کـەسـێک یان لایەنێک تیـایدا دەدۆڕێت.

دەقی چیرۆکەکە (دەقێکی نەگۆڕ):

| | |
|---|---|
| پ - بەدوان چۆنی؟ | وەلام - بە سێیان باشم!.. |
| پ - لەگەل خزمانی چۆنی؟ | وەلام - تاق و واز!.. |
| پ - لەگەل دووران چۆنی؟ | وەلام - لە نزیکانی چاک و سازم!.. |
| پ - خالە پیرە ئەگەر؟ | وەلام - مەگەر.. |

وەک دەبینی کە ئێمە ناتوانین لە دەقەکەدا گۆڕان بکەین، لە شێوەدا پەیڤەکانی سووک و ئاشکران، بەڵام لەناخ و ناوەرۆکدا واتادارن و مەبەستیان پێویست بە ڕوونکرنەوەو ئاشکراکردن هەیە. بلیمەتەکان لێی تێدەگەن، بەڵام کەسە رەمەکی و ساناکان تەقەی سەریان دێت و لێی تێناگەن.

**واتاکان**

گوتمان وشە و پەیڤەکان بە سەرزارەکی ئاسانن، سووکن بەڵام واتادارن پێویستمان بە راڤەو لێکدانەوە هەیە، ئەوەش باری ئایدیایی و داڕشتەیی دەقەکان (کە نەگۆڕن) تەواو جێگیر دەکەن:

بۆ نموونە کە دەڵێت (بە دووان چۆنی؟) و (بەسیان چاکم)،

یەکەمیان: قاچەکانت چۆنن؟

دووەمیشیان (وەڵامەکەی): بەگۆچانەوە چاکترم. لەگەڵ خزمان چۆنی: واتە ددانەکانت چۆنن.

کە دەشڵێت: (تاق و واز) واتە کەلوکۆم بوون، لێی کەوتووە و شاش ماونەتەوە.

لەگەڵ دووران چۆنی؟ واتە چاوەکانت چۆنن؟

لەنزیکان چاک و سازم. لە نزیک باش دەبینم، واتە لە دوور باش نابینم.

ئەگەر: ئەگەر یارمەتیت بدەم یان پارەیەکت بدەمێ یان لەوانەت بۆ پەیدا بکەم چی دەکەیت.

مەگەر: واتە مەگەر نەیەنەوە بەردەستم خۆم دەزانم چییان پێدەکەم؟! واتە پارەی زۆریان لێ دەسێنم، هەروەها ئاسان لێیان ناگەڕێم و ئەوسا زانیارییان فێردەکەم.

ئەو دەقەی پێشوو بە شێوازی پرسیارکردن راڤە دەکرا. بەڵام بەشێوازی فەرمی و فەرمانی و داخوازی و هەموو جۆرەکانی تری داڕشتەی زمانیی گوتراون، سەیری ئەم پارچە دەقە دەکەین ئەمەیان بەشێوازی ڕاگەیاندن (واتە

خەبەر دانێک) دەیگەیەنێت:

**چوونە لای مامە پیرە**

**لێی قایم کردن گیرە**

**هاتنە لای مامە پیرە**

**پەیدایان کرد بە لیرە**

لێرەدا واتا بۆ وەزیرەکانی سولْتان مەحموود دەگەڕێتەوە کە بەزۆرو بڕیارێکی فەرمی بەسەریاندا دراوە کە بەو لیرەیە زانیاریان دەستکەوت بە زیرەکییەکی پیرە و هەیاسی خاس وەک دارشتە دەق گوتراوە و ئەوانیش جێبەجێیان کردووە.

**چیرۆکی دووەم:**

"شەیتانی بەنی ئادەم، بەنی ئادەمە."

لەو دەقانەیە کە گران و سفت دارێژراو نییە. شێوەیەکی ناوچەیی و ئاسایی پێوە دیارە. کەچی لە سەرێکی ترەوە، بەلایەنی مەبەستەوە، پەند ئامێزە. لە بوونی کەسی خراپ و شەڕانیدا، ئەهریمەن ئامادەیە و شەیتان خراپەکاری لێ سەندراوەتەوە. مرۆی خراپەکار دەبێتە دڕکی مەم و زین و ئازاری هاوڕەگەزی خۆی دەدات. لەو بەرگ و تووکەدا مرۆڤ دژ، خراپەکارو زیان وەشێنە بۆ هاوتاکەی خۆی.

**چیرۆکی سێیەم:**

"خوێن بە ئاو نابێت، دوژمنیش بەدۆست نابێت"

ئەمەش دەقێکی پەند ئامێزە. وشەکانی کوردین و بەسانایی دەربڕینێکی بێ گرێیە. بەهۆی زیندە میکانیزمەکانەوە، خوێن لە پلازما - خڕۆکی سپی - خڕۆکی سوور و لەناو کۆئەندامی خوێن و لە لەشدا دەبینرێت و ئەرکی زیندوویی بەشێوە ئالۆزەکان دەبینێت، مرۆیەکی کوردی ئاسایی و نەخوێنەوار،

بایەخی خوێنی زانیوە. زانیویەتی کە خوێن هەرگیز نابێت بە ئاو، کە ڕێژە پێکهاتەییەکانی تێکچوو ژیان بەرەو ئاستەنگی و لەناوچوون دەچێت، لەوێدا، ئەو مرۆ بلیمەتەی دوای ئەزموونەکان وەک نموونەی دەگمەن، بەڵگە نەویستە و کە بەهیچ شێوەیەک تەمادار نەبین دەیسەلمێنێت کە دوژمن هەر دوژمنە، ساویلکانە لێکی نەدەینەوە، کە لە کرۆکی بەرژەوەندییەکانیدا دۆستایەتیی ڕاستەقینەی پێ ناکرێت و نابێتە دۆست. دوژمن هەر دوژمنە.

واتە بۆ دوژمن کەس و دڵسۆزی خۆت مەدۆڕێنە. کورد گوتەنی کەس گۆشتیشت بخوات ئێسکت ناشکێنێت، هەروەها کە دەڵێت:

(زاڵم بێ بە پرد، پێی لێ مەنێ)[1]

واتە زاڵم هێندە ساناو نەرم بێت لەگەڵتدا کە وەکو پردێک ڕابکشێت و تۆ بەسەریدا بڕۆیت هێشتا هەر بڕوای پێ مەکەو نەکەی متمانەی بدەیتێ، چونکە دوایی وەک مار پێتەوە دەدات.

دیسانەوە دارشتەی:

خزمی خۆت لەپێناو بێگانەی مەنێ

واتایەکی ئامۆژگار ئامێزە نەک پەند، بەڵام پێگوتنێکی تایبەتەو لەبواری کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە مرۆییەکانەوە نرخی خۆی هەیە. ئاڕاستەیەکی پەروەردەیی و هەتا ڕادەیەک رامیار ئامێزە.

**چیرۆکی چوارەم:**

"تەبەقی پڕ ئاشتیی ماڵە"

ئەمەش دارشتە پەیڤێکی پەند ئامێزە. ڕەختەو دارێژراوە، واتایەکی فەلسەفی هەیە. پابەندە بەباری ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانییەوە ڕاستەوخۆ بیرێکی بەڵگەنەویستت پێڕادەگەیەنێت، هۆشیارکەرەوەیە بۆ هەموو

---

١- بێ: ببێ: ببێت: بێ بە: ببێت بە، بێ بەپرد: (دارشتەیەکی زاریی ناتەواوە).
ببێت بە پرد: (ئێستە هاوکێشەکە تەواوە).

مـرۆیەک کـە ئاگـای لەخـۆیـو خـێـزانی بێت هێندە هەوڵبـدات بارو توانایـەکی ئابووریی وەهای دەستبکەوێت کە دابینی پێداویستییە سەرەکییەکانی بکات.

**چیرۆکی پێنجەم:**

لە چیرۆکەکاندا، هەندێک (داڕشتە ڕستە)ی تایبەتیی ئیدیۆم ئاساش هەن کـە دەقن و شـێـوازی تایبـەتیی خۆیانـیـان جـێـگیـر کـردووە. لە قـووڵکردنەوەی توێژینەوەدا دەبێت شوێنی خۆیان بۆ بکرێتەوە، بۆ نموونە وەک:

- چەرخمان لە چەمەر دەکێشن.
- تاقمان بەپێوە ناهێڵن.
- دەوی بوو بە تەڵەی تەقیو. (دەوی: دەمی).
- وەزیری پەنا بەخوا و ئەرێ بەخوا.
- گرفتم خووساوەتەوە.
- بە سکێ تێرو بە دەی برسی.

ئەمانە دەربڕینی ئاسایی نین. لە ڕووداو و هەڵوێستی ژیانی و پێکدادانی مرۆیانەدا، دوای بیرکردنەوەی تیـژ، بەم بیـرۆکە قـووڵانە دەربڕدراون کە (کورد گـوتەنی: زۆر ئاو دەکـێـشـن..) پێـویـسـتـیـیـان بەراڤـەو شـرۆڤـە هەیە.. لەلێکدانەوەی (زمانی، مـەبەست و واتا)ی تایبـەتیی و گـشـتـییـاندا بایەخی گەورەیان هەیە..

لەکاتی کۆکردنەوەی پۆلێنی بەشەکانی فۆلکلۆریماندا دەردەکەوێت کە چمکی سەرەکی و بنچینەیی سامانێکی بەپیتی نەتەوەییمانن.. زانیـاری و بیرۆکـەی فـەلسـەفـیـان هەیە. لێـرەدا هەر بۆ نموونە بەکـورتی ئەو شـەش پەیڤـە ڕوون دەکەینەوە:

- چەرخمان لە چەمەر دەکێشن:

چەرخ: (بەم واتایانە بەکارهاتووە):

فـەلەک: سـەدە: گـەردوون: جـۆرێک ڕەوڕەوەی خـولاو یان خـولاندنەوە.

چەرخی وەک فتیلە بۆ جگەرە داگیرساندن: زەمانە: سەد ساڵ: ئامرازی چەقۆ تیژکردن: ئامرازی ئاو هەڵکێشاندن لە بیر، بەتێکەڵبوونی پاشگرو پێشگر لەگەڵیدا پەیڤی تری واتا جیاوازی لێ پەیدا دەبێت:

چەرخا، چەرخان، چەرخاندن، چەرخین، وەرچەرخان، وەرچەرخاندن، چەرخە، چەرخەلە، چەرخیان، چەرخەیان. چەرخ و فەلەک: ئامێری فڕین (لە ئەندێشەی ناو حەکایەتی فۆلکلۆریدا): جۆرێکە لە جۆلانەی دووکەسی کە یەکێک لەمسەر و ئەویتریش لەوسەر گوژمی تەواو لێدەدەن، بۆ بەرزی دەفڕن و دەچن بەئاسماندا، جاری وەهاش هەیە لەناو کورسییە درێژەکەیدا (کە بەزنجیری ئەستوور یان بە گوریسی قاییم بەلاوانە هەڵواسراوەکەیەوە بە توندی بەستراوەتەوە) لەناویدا منداڵی لەخۆیان بچووکتر دادەنیشێنن.

هەڵخستنی چەرخو فەلەک لەبۆنەی جەژنەکاندا پتر باو دەسێنێت.

چەرخ: واتە تایەی گالیسکەو عەرەبانە:

هەروەها چەخماخی ئاگرلێدان و ئاگر پێکردنەوە: ئەڵقەیەکی سەماو هەڵپەڕکێ: چەرخلێدان: چەرخەلێدان: چەرخخوادرن: چەرخدان: چەرخاندن چەرخ لە چەمەرکێشان:

یان (چەرخ لە چەمپەر کێشان): واتە چەرخ لە چەمپەردان: شێوازێکی هەڕەشەیە بەمەبەستی ئازاردان: هەڵوەشاندن. بەواتای تێکوپێک شکاندن هاتووە.

چەرخچی: حەسحەس: پاسەوانی شەو.

چەرخەکردن: سووڕانەوە: چەرخی (سووڕانەوەو گەڕانەوەی کەڵەباب لە شەڕە کەڵەشێردا.)

بەڵام پەیڤی (چەمەر) کە بەواتای شین و شەپۆڕ دێت، واتای داڕشتەی (چەرخمان لە چەمەر دەکێشێت) تەواو ڕوون دەکاتەوە، بەوەی، ئازاردانی لەدوایە.. هەتا ڕادەی لەناوبردن و فەوتان. بە مەبەستی:

دەمانفەوتێنێت و حاڵمان دەبێتە شین و گرین.

**پوختەی مەبەست:**

دارِشتەی "چەرخمان لە چەمەر دەکێشن. (یان: دەکێشین)" ڕستەیەکی ڕاگەیاندنە. دەربڕەیەکی ترسئامێزە. ترس و گرفت ڕادەگەیەنێت. دەتوانین ڕستەی کرداری ڕستەکە بۆ هەموو (تاف و کەسەکان) بگۆڕین و ئاراستە بکەین. دەقێکی زمانیی نەگۆڕە، واتایەکی چەسپاوی هەیە. نەستەقێکە بۆخۆی، بەڵام هەرەشە ئامێزە.

- تاقمان بە پێوە ناهێڵن:

تاق: تاک: تەنها یەکێک: کەسێک: یەک کەس: قلێک: دانەیەک: تاکە کەسێک: تەنها کەسێک: بەمەبەستی نیوەڕۆژ یان یەک کەس و شت بەکاردێت. دارِشتەیەکی بێ گرێ و سووک و ئاسانە، مەبەستێکی تایبەتی لەخۆ گرتووە. لەناخیدا پێماندەڵێت کە گشتمان لەناودەبەن و یەکێکمان بە زیندوویی نامێنینەوە. ئەمیش ڕاگەیاندنە و ترسێک دەخاتە ڕوو. هەرەشە ئامێزە.

**پوختە:**

دەقێکە دارِشتە ئاسانە، واتایەکی مەبەستدار لەخۆ دەگرێت لەناوەرۆکیدا لەگشت دەدوێن واتە گشتمان لەناو دەبات، تاک لێرە سووربووە لەسەر ئەوەی هەموو لەناو دەبرێن و یەک کەسیشیان لێ نامێنێتەوە.

- دەوی بوو بە تەڵەی تەقیو:

دەو: دەم: زار

دەقێکی ئاسان و ئاساییبە. واتایەکی هێما ئامێزە. بەهۆی تەڵەی تەقیوەوە کە لەکار کەوتووە، بەهۆیەک لە هۆکارەکان، کەسی ئاماژە بۆکراو ئیتر هیچی بۆ ناگوترێت و ناتوانێت بەرپەرچ بداتەوە تەنانەت وەڵامێکیش، دوای ڕووداوێکی ناخۆش دەمکوت کراوە، سەرسوڕماو هیچی بۆ ناگوترێت.

- وەزیری پەنا بەخواو ئەرێبەخوا:

ئەمیش هێمایە بۆ کەسێک کە ڕووپایی دەکات، بەپێی ماستاو، بەرژەوەندی و خۆپەرستیی خۆی گفتوگۆ دەکات، بڕیار دەدات، دێت یان نایەتە کایەو هەڵوێست وەردەگرێت. بە کەسێکی بوودەڵە، بێ هەڵوێست و هیچوپووچ ناودەبرێت و ناخۆشەویستە.

- چاوی دەچێتە پشتی سەری:

چاو لە شوێنی خۆی نابزوێت. هەرچەندە گوتراویشە (چاوی پەڕییە پشتی سەری) یان (بەر پێی خۆی نابینێت) ئەمانە هێمای هەڵچوون، تووڕەیی، شێوان و تێکچوونی باری ئاسایی کەسێکن کە ئارامیو ئاسوودەیی دەروونی و ژیربیان بەهۆیەکی کاریگەری ناشایستەوە تێکدەچێت و توانای دابینیی خۆی نامێنێت، ئەو کەسەیە کە ئارامی و هێمنی لەدەست دەدات و جڵەوی خۆڕاگری لاوازو کزە.

- گرفتم خووساوەتەوە:

پەیڤی ئەم دەقە بەزاراوەی پێچەوانەی مەبەست چارە دەکرێت، مەبەست لەدووتوێی ڕستەکەدا ڕوون دەبێتەوە، یان دەڵێن گرفتی کردووە.

گرفت: بەواتای گیروگرفت (موشکیلە) هاتووە. بەڵام گرفت لێرەدا، سک تێکچوون دەگرێتەوە، بۆ ئینتەلا، دەرنەچوونی سک، زۆر خۆری و بەدخۆراکی بەکارهاتووە. پێچەوانەی مەبەستیش ئەوەیە کە گەدەی هەژار برسییە و وشکهەڵاتووە، کەچی لەوێوە گەییوەتە زۆر خۆری و خووسانەوەی گەدە. پەیڤی خووساوەتەوە ئەوە دەگەیەنێت برسێتی نەماوەو ئێستە تێرە.

واتاداریی ئەم دەقە ئەوەیە کە هەژاریی کەسێک کۆتایی هاتووە. کەچی جاری وا هەیە بە تەوسەوە بەکاردێت بۆ ئەوەی پێچەوانەکەی دەربکەوێت.

- بەسکێ تێرو بەدەی برسیی: (بەدووان برسیی):

لە شوێنی تردا گوتراوە (بە سکێ تێرو بە دوو - بە دووان - برسی). دەقێکی ئاسانە بۆ هێمای هەژاریی زۆر و برسێتی تەواو.

**پوختە:**

ئەو دەقانە بەکارهێنراوی ناو ئەو چەند چیرۆکەن. بایەخیان، بوراەکانی ڕشتەی پێکهاتەییان دەگرێتەوە. هەریەکەیان شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە.

لە (دەربڕین، داڕشتن، واتا سازی، پەند ئامێزی و هێمایی. نەستەق و مەتەڵبێژی) دا مۆرکی دیارو جێگیریان هەیە.

سەرجەم بابەتە زمانییەکان و بەرهەمی ئەدەبی میللیمان: کانگەی سەرچاوەیەکی پڕ فەرو بیری نەتەوەییمانن، پێویستە لە هەموو بارەیەکەوە بەر تیشکی توێژینەوەی زانستییانە بکەون..

ئەمانە جۆرەها خەرمانەی گەوهەری بەرفراوانن. بدۆزرێنەوە، تۆماربکرێن، دوای پۆلێن وەک بەشی جۆری و جیاواز لەبەر تیشکی زانستیی نوێی زماندا توێژینەوەی ئەکادیمی و پسپۆڕییان لەسەر بکرێت و بخرێنە بەرنامەی خوێندنی کەلەپوورو فۆلکلۆرو ئەدەبی زاریی میللیمان لە زانکۆکانی کوردستاندا.

**چیرۆکی شەشەم:**

لەم چیرۆکەشدا چەند دەقێک هەیە کە پێویستە ئاماژەیان بۆ بکرێت، وەکو:

- چریسکانەوەی بەدەمارە (چریسکانەوە بەدەمارە.).
- بە بەردێک دوو نیشان بشکێنێت. (یان: دەشکێنێت).
- لە ناڵیش دەدات و لە بزماریش - مار گەوهەر دەناسێت.

یەکەم:

مەبەست و واتایە بۆ ڕەوشت و پێکهاتەیی. پێناسینە. لێدووانە لە (گەوهەر، دوڕو یاقیق)یشدا.

تواناو چەندێتی بریسکەو چریسکانەوەیە، کەسی شارەزا دەیزانێت، فرۆختی لەسەر ئەوە وەستاوە، هەروەها زۆرو کەمی و بەرزو نزمیی بەهای

نرخـــەکـــەی. دەمـــاری توندو تۆڵ و خـــاوێن و چریسکانەوەی، بەتوانایی دەردەخات، پێناسەیە بۆ چاکێتی.

دووەم:

کە دەڵێت بە بەردێک دوو نیشـان دەشکێنێت: هێمـایە بۆ پێکاندنی دوو مـەبەست بە گـوتەیەک یان بەکـردارێک، جۆرێکە لە پلاندانان بەڵام دوای بیر لێکردنەوەی ورد، هێمایە بۆ زیرەکیی ئەو کەسە، دارشتەکە مەتەڵئامێزە.

سێیەم:

بۆ کەسێکی نەنگەویست، دووڕوو، ناڕاست بەکاردێت، کە یەک بار نییە. بەناخۆشی و خراپ دەکەوێتە نێوان دووکەس یان کۆمەڵێکەوە. ئەو جۆرە کەسە لەکۆمەڵدا ڕێزدارو خۆشەویست نابن.

چوارەم:

بەواتا زرنگو زیرەکە. گوتراویشە (ئەڵێی دانی مارە)، واتە لە زیرەکیدا.

**چیرۆکی حەوتەم:**

١- "رسقم سوارە":

واتە هەر کاسپی و کارێکی دارایی کە دەیکەم ئەنجامی ناسەرکەوتوو مایە پووچییە و هیچم لێ دەست ناکەوێت.

لە کاسپیدا سەرکەوتوو نیم و هیچم بەهیچ نابێت.

٢- ئەو دەقە هەڵبەستەی لە چیرۆکەکەدا بووەتە ویردی سەر زوبانی کابرای ئاشـەوان و باری ژیانو دەرامـەتی خـۆی پێ روون دەکـاتەوە، لەخـۆیدا دەقـێکی تایبەتیی فۆلکلۆرییە کە خاوەنەکەی نادیارو نەزانراوە.

**جۆری دەق:**

دەق یان پەخشـانە، یان پەخشـانە شیعـرەو دەقی شیعـریشمـان هەیە بەهەموو

جۆرەکانییەوە بەیت و داستان و پەیڤە کورتەکانیش، ئیدیەم، نەستەق، پەند، ڕازو گەلێکی تریش دەگرێتەوە.

**چیرۆکی هەشتەم:**

- پێشەکیی تێیانتەقان (تێیانتەقاند):

ئیدیەمە دەقێکی کورتی هێما ئامێزی واتادارە. چابوکی و خێرایی دەردەخات. پەیڤی (پێشەکیی) بۆ ئەوە هاتووە کە سەربەستیی ڕوودانی کارەکە خۆی دەربخات کە دەرچوون و ڕۆیشتنەکە، بەجێهێشتنی خێراو لەپڕی ئەو شوێنەیە کە لێی بوون. وای دەردەخات وەک ئەوەی گوێ بەکەسانێکی تریش نەدەن.

- ڕۆژان ڕۆژی لەدوایە:

لەناخیدا فەرمانێکەو دێت، دارشتەیەکی وریاکەرەوەیە، ئاگاداری ئەوە دەکات کە ئاگامان لەخۆمان بێت، بۆ هەموو شتێک سبەینێ و داهاتوومان لەیاد - دا بێت و خۆمان لەبیر نەکەین، لەواتایدا دەقێکی پەند ئامێزە.

**چیرۆکی نۆیەم:**

زمانی دەقی چیرۆکە کە هیچ گرفتێکی تێدا نییە. ئەم چیرۆکە مەتەڵ لەخۆ دەگرێت، دەبێت چاوەڕوانی زانین و ئاشکراکردنی ببین.

هەروەها لەناخیدا هێما خوازە، وا پێویستە لەمەبەستەکەی بگەین، وەکو: (دایکم یەکی دەکات بە دوو، باوکم دۆستان دەکات بە دوژمن، منیش دووی دەکەم بە یەک..)

دەقێکی دوولۆغانەیە. بەشی یەکەمی هیچ گرفتێکی زمانی و واتاداریی تێدا نییە و ساکارە، یەکسەر تێی دەگەیت. بەشی دووەمی لە ڕواڵەتدا ئاشکراو لەبارەی زمانەوە ڕوون و بێ گرێیە. کەچی کە دێینە سەر مەبەست و واتاکەیان قووڵ و گرانن:

یەکەم: دایکم یەک ئەکا بە دوو. بەواتا (مامانە)

دووەم: باوکم دۆستان دەکات بە دوژمن. داوای وام (قەرز) دەکاتەوە، لای قەرز کوێرەکان خۆی تاڵ دەکات و هەرچەندە داوای مافی خۆی دەکات، ئیتر خۆشیان ناوێت.

سێیەم: دووی دەکەم بە یەک. لە هەژاری و بێدەستیی خۆی دەدوێت، دوو کراسە کۆن (یان هەر کاڵایەک) بەپارچەی یەکێکیان ئەویتر پینە دەکات.

(جاران لە نەبوونیدا کەمتواناکان کاڵاو بەرگیان دەدرووەوە، پینەیان دەکرد.) دەیانگوت (ئەو کراسە پینەکراوە.) (کراسەکەی پیناوییە). (ئەو شەرواڵە پینەی پێوە نییە.).. هتد.

جار هەبووە پارچەی لەخۆی نەبووە بە ڕەنگێکی جیای تر دڕاوییان پینەکردووە، هەستیان بە کەمی نەکردووە، بەو جۆرە لەبەرکراوە و گوێشیان نەداوەتێ.

**چیرۆکی دەیەم:**

لەم چیرۆکەدا واتاخوازیی هێمادار لە دوو ڕستەی ئاساییدا بە زوبانێکی ساناو ئاسایی دەگوترێن و خۆ دەنوێنن:

– دڵم ئاوێ ناخواتەوە. (دڵم ئاو ناخواتەوە.):

یەکێک ئەمە دەڵێت کە ترس، نەبەنگی (قەلەق) و نادڵنیایی لە کارێک، گوتەیەک و شتێکدا هەبێت و بەهێما ئاماژەی بۆ دەکات. ئەو کەسە لەو بارەدا نائاسوودەیە، ئەگینا دڵ چۆن ئاو دەخواتەوە، ئەمە جۆرێکە لە (درکە).

– شەوقی لە چراکەی بڕیوە (شەوقی لە چراکە بڕیوە):

ئەم پەیڤە هێمایە بۆ جوانی. چرا لە ژوورێکی گڵێنی بێ کارەباو لە شەوێکی نووتەکی تاریک و شەوەزەنگدا، جارانی دیرین کە پێشی دەگوترا "دیوارکۆ"، واتە چریسکانەوەی وەک ئەستێرەی (کۆ)ی درەوشاوە، هەمووی بۆ ئەوەیە ڕادەی ئەو جوانییە دەربکەوێت، ئەوان شەوانە لە شەوقی ئەستێرە و

چرایان پتــر نەبووە کــە ڕەشــو تاریی شــەویان بۆ ڕۆشن بکاتەوە، بەهێــمــا گــوتوویانە لەگــڕداریی جــوانی و شــیــرینیی ئەودا، شــەوقی ئەوان کــز بوون و نانوێن.

لەگەڵ باری واتا خوازیدا شێوازەکەی مەتەڵئامێزە: (ئەوەتە شووتییەک، سێوێک و چەقۆیەک، کوتە گۆشتێکی خاو لەناو خامێکی سپی بەستراودا هەریەک هێمایەکی واتادارن، زانین و لێ تێگەیشتنەکەشیان وەک هەڵهێنانی مەتەڵ وەهایە..)

بەهۆی پێــشــوازیی ئەو کــچــەوە کــە لە نهــۆمی ســەرەوەی کــۆشکەکــەدا چاوەڕوانی هەڵبــژاردنی کــەســێکی شــاییــســتــە دەکــات (بەتاقــیکردنەوە و لێکدانەوەی ژیری) کــە بیکات بەهاوســەری خــۆی، بەو مــەرجــەی لەئاست سەلاریی خۆیدا بێت. کەسێکی وەک سوڵتان مەحموودی جەربەزە کە تەخت و بەخــتی وڵاتێکی لەژێر دەســتــدایە بە نەیار دەژمــێــردرێت و هەروەها وەزیری دەستە چەپ.

کەچی هەیاسی خاس بەبیرو حیکمەت و شێوازی جوانیی خۆی دەبێتە یار و کەسی بەدڵ.

بێجگە لەمە چیرۆکەکە مەبەستی دەرخستن و ڕیسواکردنی دەسەڵاتێکی ســەپاوی پووچ و گــەندەڵی تێــدایە. دەری دەخــات کــە کــەسی ژێر دەســتــەی دەسەڵاتداری ناپەسەند، گەلێک لەو سەردارە بەنرختر، خۆشەویست، شایستەو سەرکەوتووترە.

ئەوەتە تەشــەری لێــدەدات کــاتێک کــە دەیەوێت بەدرەوشــتی بنوێنێت، بەپێچەوانەوە بەهێماو شێوازی پەند ئامێزی پێی دەڵێت:

(هەر جــێــیــەک شــێــر پێــیــدا چوو، ڕێوی ناوێرێت پێــیــدا بچێت) ئەوەتا لەدواییدا واتای دارشتنەکە سوڵتان دەگرێتەوە نەک هەیاس.

هەروەها لەو دەربڕە ســفــتــە مــەبەســتــدارەدا کــە وەک پەندێک دێتــە گــۆ و دەکەوێتە ناو، کە دەبێژێت:

(مانگا بەدزی کەڵ دەگرێت و بە ئاشکرا دەزێ.)

ئا لەمانەدا فەلسەفەی بیری کوردایەتی دەردەکەوێت کە هەر لە دێرینەوە چەند داناو تواناداربووە.

**چیرۆکی یازدەیەم:**

لەم چیرۆکەدا دەقەکان گوتراوی ناوچەیین، لەگەڵ ئەوەی پەیڤەکان سووک و ئاسانن، بەڵام پێویستییان بەلێکدانەوەی (واتا و مەبەست) هەیە، لەپێشدا خوێنەر یان بیستەر تێیان ناگات، بەوەش بوونەتە گوتراوی تایبەت.

"ئەگەر شیندرووی نەکردبێت". واتە (شیندرووی کردووە) کورد گوتوشێتی "بە سەوزیی خواردوویە" ئەمەش دەقە، بەڵام لەوەی یەکەم ئاسانترە. هەردووکیان ئەوە دەگەیەنن کە پێش حاسڵات بەشێوەیەکی وەکو (سەلەم) و (سوو) کردن پارەی لەسەر وەرگرتبێت و کاتی بەرهەم هیچ دەسکەوتێکی تری دەست ناکەوێت. سەلەم، فرۆشتنی بەری کشتوکاڵییە بەپارەیەکی کەمتر لەنرخی خۆی و ماوەیەک پێش بەرهەمهێنانی وەردەگیرێت.

- ئەتۆ نا، مزگەوت.
- پلیکانەیەکی بۆ ئەم هەورازەی دروست بکەین.
- هەڵمدەگریت یان هەڵتگرم ؟!
- بەدوورِی خۆی دوورِدانی قەڵاشتەوە.

یەکەم: مەبەستی میواندارییە.

دووەم: دوای ئەمە ئەوە دەخوازێت یەکێکیان بۆ ئەوی تریان راز دابدات و بەقسەو دواندنەوە سەرقاڵبن هەتا سەرەوژوورەکە بەخۆشی ببڕن.

سێیەمیش: هەر هەمان مەبەستی هەیە، بەڵام دەڵێت من قسەت بۆ بکەم یان تۆ قسەم بۆ دەکەیت؟!

بەڵام چوارەم جوانکارییەکی شاردنەوەو واتاوازیی بەپێزو خۆشی تێدایە، چونکە بۆ گفتوگۆی هەست، سۆز، دەروون و وروژێنی ئالۆشی نێرو مێ، نێرە ئامێری وەک گەوهەرێک ڕەنگاندووە، مێئامێزیش بە گەوهەردان و

قەڵاشتنیش کردەی سێکس. هەروەها کە کچە دوازدە هێلکەو سی نانی بۆ هەیاس پێچایەوە. گوتی "وادیارە ئەم کابرایە لە مەبەستی من گەیوە.." ئەوەش هێمادارییە بۆ واتا سازیی لەتوێی چیرۆکەکەدا هۆشیاری و ژیریی کچەو هەیاسی پێ دەسەلمێنێت.

## سەرنجێک لەبارەی ژمارە "٧"ەوە

لەچیرۆکی پێنجەمدا کە چیرۆکێکی ئەفسانەییە ژمارە "حەوت" کە لە نەریت و بڕوای کوردەواریدا جێگەیەکی تایبەتی و سەرنجڕاکێشی هەیە، بەچەند شێوەیەک دووبارە بووەتەوە، بەپێویستی دەزانم ئاماژەی بۆ بکەم:

١- حەوت تەبەقەی ئاسمان:

لە باوەڕی کۆنی باودا واگوتراوە کە بۆشایی ئەتمۆسفیری ژوور زەوی حەوت چین بۆ بەرەو ژوور و بۆ سەرەوە بەقووڵایی ئاسماندا بەرز دەبێتەوە. واتە ئاسمان حەوت چینەو ئەستێرەکان لێیدا نیشتەجێن.

٢- گوڕنەتەڵە لە ڕۆژی "حەوت"ەمدا:

بۆچی دەبێت کردەی کاری گوڕنەتەڵەی گردەمرۆیی بنەمۆم لە حەوتەم ڕۆژدا کۆتایی بەکاریگەریی کارەکەی بێت و دەورێکی تراژیدایەتی بۆخۆی ببینێت؟!

٣- شاپەری کاتێک نەردێن لەگەڵ هەرکەسێکی هەڵبژاردەی خۆیدا دەکات، کەسی براوە، دەبێت حەوت جار بیباتەوە، ئایا حیکمەت و نەهێنی چییە لێرەدا؟!. بۆچی دەبێت حەوتەکە تەواو بکات. ئایا ئەم نەریتی حەوتە چ نەهێنی و لێکدانەوەیەکی تێدایە؟!...

٤- هەژدیهای شاخدار کە بۆ بردنی دیزە قاورمە دێن، دیسان ژمارەیان (٧)ن، کە لەبەردەمی شاپەرییدا دەچنەوە دۆخی خۆیان، دەبنەوە بەحەوت پەریی نازدار.

٥- کاتێک سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس دەچنە ڕاو، ڕاوەکەیان هی (حەوت شەو و حەوت ڕۆژە)یە، ئەگەر ورد ببینەوە دەڵێت: حەوت شەو و

حەوت ڕۆژ؟!..

٦- بوونی حەوت چرای گڕدار لە چیرۆکەکەدا.

لە فۆلکلۆرو نەریتی کوردەواریدا بەگەلێک جۆرو بۆچوون لێکدراونەتەوە کە پێویستییان بە توێژینەوەی هەمەڕەنگەی هۆکاریی تایبەتی هەیە. هەر بۆ خستنە بەرچاو، لەسەر ژمارەی حەوت ئەم پەیڤە گوتراوانە تۆمار دەکەم کە دەبێت لێکۆڵینەوەیەکی قووڵیان لەسەر بکرێت. ئەمانە تەنها ئەوانەن کە ئێستا لەبیری مندان:[حەوت، حەوتە، حەوتم، حەوتیر (حەوت تیر) حەفتە (هەفتە)، حەفتانە (حەوتانە) حەوتلغ، حەوتەوانە، حەوتلۆغانە، حەوت شەوە، حەوتە حەمام، حەوت ڕۆژگانە، حەوت ڕۆژە، حەوت تەغار، حەوت ئیمام، حەوت بەردی بەدوادا فڕێدە، حەوت چرا، حەوت برا... هتد]

ئەمانە و چیتریش لەم دارشتانە هەن پێویستییان بەلێدوان هەیەو توێژینەوە هەڵدەگرن.

هەروەها لەبیری بەکارهێنراوی میللی فۆلکلۆریدا (ژمێرە) لەداب و نەریتدا، بەلای باش و خراپدا، لێکدانەوە بۆ بەکارهێنانیان هەیە، هەر ژمارەیەک بەجیا چەردەیەک بڕواو بیری کۆمەڵایەتی "ڕاست بێت یان ناڕاست، دروست بێت یاخود نادروست" لەخۆ دەگرێت، ئەوانەش هەموویان بەندن بە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و ئەزموونە ژیانییەکانەوە.

### دەقی گۆڕدراو

وەک تێبینی، دەبێت ئەوە بزانین کە بۆی هەیە دەقی نەگۆڕ، کۆنی دێرین بێت یان نوێ. گۆڕرانی بەسەردا هاتبێت. ئەوەش بەهۆی گوێزانەوەی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دوورو بەرفراوان. بیستنی لەلایەن کەسێکی بلیمەتەوە، کە لەکاتی گێڕانەوەی دەقە بیستراوەکەدا بەهرەی خۆی تیایدا بەکارهێنرابێت (چشتی لێ فڕێدابێت، پتری کردبێت، یان گۆڕینی تیادا ڕەخساندبێت). هەروەها بیستنی لەلایەن مرۆی شێوەزارێکی تری ئەو زمانەوەو گێڕانەوەی بەشێوەزارە جیاوازەکەوە کە سەر بەهەمان زمانی

نەتەوەیین..

بۆ نموونە گێڕانەوەی دەقێکی فۆلکلۆریی شێوەزاری کرمانجی خواروو (دوای بیستنی) بەشێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست یان ژووروو لە ناوچەیەکی دووری بادیناندا و، لە لوڕستان، یان هەورامانی تەختدا، یەکسەر یان بەرەبەرە، جۆرە گۆڕانێک لە گێڕانەوەیدا پەیدا دەبێت، لەوانەیە دوای چەندانێک دەقێکی (کەم یان زۆر) جیاواز - ئەگەر هیچ نەبێت لەشێوەو شێوازی داڕشتەو پەیڤەکانیدا - دێتە کایەی سامانی فۆلکلۆرییەوە. ئەم ڕووداوانە بابەتی (بەراوردکارییە) لەئاکاری بەرهەمی میللیدا، پێویستە توێژینەوەی تایبەتییان تیادا بکرێت. ئەو دەقە نوێیەش بەو مەرجەی "ڕەختەو چاکدامەزراو بێت" دەبێتە چەسپاوە دەقێکی تری ناوچەیی بۆ ئەو شێوازە.

بۆ ئەوەی ئەم بیرۆکە فەلسەفییانە بناسرێن و ئاشکرا بن دەبێت بە نموونەوە توێژینەوەیان لەسەر بکرێت. ئەوەتا بەرامبەر یەکتری گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی بیری ناشایستەو خراپ بکەوێتە نێوانیانەوە، بەڵام بەشێوەیەکی یەکسان بەرامبەر بەیەک، کە وەک یەک بووەستنەوە، بگرە هەمیشە قورسایی و پارسەنگی هەیاس بەسەر سوڵتان مەحموودا بشکێتەوە، لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا سوڵتان بەرامبەر بە هەیاس، لەکاتی تووڕەیی و ڕق و هەڵوێستەکانیشدا لە بڕیارە بەپەلەکانی خۆی پاشگەز ببێتەوە باکی نەبووە، بەو مەرجەی هەر بۆ هەیاس بووبێت..

ئەوەی جێگەی سەرنجو بایەخپێدانە لە جۆرو ناخی کەسێتی هەیاسی خاسدا ئەوەیە کە لەو هەموو ڕووداو و کارەسات و بگرەو بەردەیەدا کە بینیویەتی و بەسەری هاتووە یان بەرامبەری کراوە، بۆ تەنها جارێکیش، لە ئاکامی کۆتایی کێشەکانداو لەناخی هەیاس خۆیدا هەستت بە ژەنگوژار، دڵپیسیو ڕق و کینە نەکردووە. وازی هێناوە ڕووداو و کارەساتەکان خۆیان بەسانایی بێن و بڕۆن، لەدواییدا ئەم هەیاسە بەهۆی ئارامیی دەروونیی خۆی، بیرکرنەوەی ژیرانەو گوتاری پڕدانایی خۆیەوە، بەبێ قڕەو بڕە، لەدواییدا ئەنجامی کۆتایی پارسەنگ و قورسایی بیرو ژیریی و دانایی بەلای هەیاس خۆیدا شکاوەتەوە.. کەچی بۆ

تەنها جارێکیش لەلایەن هەیاسەوە تەشەر، قسەی کاڵ و نەکوڵاو، لێپرسینەوەی ڕەق و سەرکۆنەکردنی کەسێکی خوار خۆی یان ئەوانەی کاریان لەگەڵدا کردووە، گوتەیەکی نابەجێی لێ نەبیستراوە..

هەیاسی خاس هەر بۆخۆی هەیاسی خاس بووە.. بەگاڵتە (دوڕناس) نەبووە، ئەو نازناوە شانازەی وەرنەگرتووە.

هەیاسی خاس بەتەنها بەربەرەکانی ژیرانەی لەگەڵ سوڵتان و دەستدارەکانی کردووە، هەرگیز لەگەڵ بەرژەوەندیی تایبەتی مشەخۆرە چاوچووەکاندا نەبووە. هەموو کاتێک لایەنگری جەماوەر، بێدەست و ڕەشە خەڵکەکە بووە..

سوڵتان مەحموود دەیبینی وەزیرو سەرکارەکان تەنها بۆ دابینی بەرژەوەندیی چاوچنۆکانەو گەندەڵیی خۆیان کاریان کردووە، بەڵام هەیاسی خاس کاری بۆ چارەی گرفت و خۆشی و ئاسوودەیی گەلەکەی کردووە، بێ فێڵ و ڕاستگۆو ئازایانە، بەبێ ترس و بێزاری هەمیشە هەر خەریکی کارچاکی و ڕاستکردنەوەی باری خراپی دەستەو دایەرەی کاربەدەستان و دەسەڵاتی سوڵتان بووە. بۆ نموونە لە دەرخستنی باری قۆچییەکەی (بەرانەکە)ی سوڵتان کە بەریداوەتە سەر دووکاندارەکانی شار، هەیاس بە پلانێک سوڵتانیش هەراسان و بێزار دەکات، بۆ بەرانەکەی کە لێی دەشارێتەوە و خەڵکەکەی لێ ڕزگار دەکات، سوڵتان تووڕە دەکات و دوایی دەیخاتە گرفتی خۆلێشاردنەوەی و شکاندنی.

هەڵوێستی پەککەوتنی لێکدانەوەی بابەتەکە لەلایەن سوڵتانەوە،

مەبەستی سێ کەللە سەرو واتای ئەو پەڕەی لەگەڵی ناردبوو وەک تاقیکردنەوەیەکی بیرو لێکدانەوەی سوڵتان و دەستەو دایەرەکەی، دواییش ڕسواکردنی هەڵوێستی بێبارانەی وەزیرو بەرپرسەکانی سوڵتان و، لە کۆتاییدا سەرکەوتنی هەیاس بەسەر هەموویاندا.

### شەنوکەوێک لەنێوان کەسێتیی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاسدا

ئەزموونە خۆش و ناخۆشەکانی ژیان و تێبینین و وردبوونەوە لە پەیوەندییە

کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، شیکاری (باری دەروون، بیروباوەڕ، بۆچوون و هەڵوێست)، مرۆڤەکان، لەئاکامی کردەوەو گفتی لە ڕەوتەکاندا..، دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە (سامان و دارایی فرە، دەسەڵات و توانایی، پلەوپایە، زەبەلاحیی ملهوڕیی زۆردارەکی) کەسێک یان کەسانێک، ناتوانن بەرپێژەیەکی بەرزو دروست کار لە ناخ و دەروونی کەسانی (پەشێو، دڵپیس، دوودڵ و ڕاڕا، پەژارو پەست، تێکچوو هەست بە کەمیکەر..) بکەن.

تاقیکردنەوەی زانستیی زانایان و دانایان ئەمانەیان لە کاریگەریی کارو کاردانەوەکاندا بۆ سەلماوەو بەرجەستە بووە..

دەرئەنجامی خوێندنەوەی چیرۆکەکانی سوڵتان مەحموود ئەوەمان تێدەگەیەنێت کە سوڵتان گەورەترین دەسەڵاتی کارگێڕی و فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی فراوانی بەدەستەوە بووە.

لەشێوازی بەڕێوەبردنیدا دەرکەوتووە کە ملهوڕ، زۆردار و چەوسێنەر بووە، بەرژەوەندی پاراستنی پلەو پایەی خۆی لەپێش هەموو شتێکی ترەوە بووە.

بەهۆی دەسەڵاتی سەپاوەوە ویست و ئارەزووەکانی بۆ ڕەخساوە. کەچی هاوتا لەگەڵ ئەو هەموو دەسکەوت و پلەو پایە و تواناو ساماندارییەیدا، چاوی پڕ نەبووەتەوە، تێری نەخواردووە، ئاسوودەیی نەزانیوە. لە هەست بەناتەواوی و کەمیی خۆیدا، لەبەردەم کەسێتیی (هەیاسی خاس)ی وەزیری دەستەڕاستیدا، کە جێگە متمانەو یەکە ڕێپیشاندەرو ڕاوێژکارو ئاراستەکەری بووە، هەمیشە بچووک بووەتەوە. نەیتوانیوە ژەنگوژار لە دڵ و دەروونی خۆی دەربکات.. جار جار پلانی لەدژی داناوە. پیلان و داوی لێ کردووە و بۆ ناوەتەوە. لەخۆی زویر کردووە، دوای نووچدان و پەککەوتن، پەشیمان بووەتەوە، پاشگەزی لە کارە ناپەسەندەکانی کردووەتەوە و پۆزشی بۆ هەیاس هێناوەتەوە. لەبەردەم شکست و ڕەشە قینەکانیدا: خۆی بەبچووک و کەم ناسیوە، کرمۆکەی بەرپەرچێکی قێزەونی تیادا دروست بووە کە کێشەی لەگەڵ خۆو دەستەو دایەرەکەشیدا دروست کردووە.

هەرگیز سوپاسگوزاریی هەڵوێستە جوان، یارمەتیدەرانە و پشتگیرییەکانیانی نەدەکرد، لە بریتیی پاداشت و خەڵات هەوڵی دەدا

سـەرنەویو ژێردەسـتـەیان بکات.. ئەمـانەو گـەلێک لە گـرۆی نەبەنگی و ڕەشبینییەکانی لەبەردەم قەڵای بەرزو بڵندی کەسێتیی پشوودرێژ، سەرکەوتوو - وردبینی و ژیریی - دانایی و دوورناسـیی هەیاسی خـاسـدا دەتەقـینەوە، بەشێوەیەکی لاوازو بێورە بەسەریدا دەشکایەوە..

بۆ نموونە لە تێـبـینی ناخی ئەم چیـرۆکـانەدا، بەرامـبەر هەست و دەروونی خـۆرەلێـدراوی سـوڵـتـان مـەحـمـوود ـ دا، هەیاسی خـاس وەک کـابرایەکی میللەتپەرستی پاک و دەروونساز - سوڵتانی بۆ ناو دانیشتوانی شار، گوند، کـوێرە ئاش، و یەکـمـالەش بردووە. بەزۆر وای لێ کـردووە ئاگـاداری دەردو ئازاری خـەڵکە هەژارەکـەی بکات. بەڵام کـاتێک سـوڵـتـانی بێـڕەزا بێـزاری دەکات، دەڕوات و خۆی لێ دەشارێتەوە، نایەوێت وەک میرو شالیار، سەردارو بەگلەر بێـتەوە کایە، بەڵکو لە ئاشە کۆنێکدا دەبێـتە ئاشەوان یان جووتیـار، کـەچی دوایی سـوڵـتـانی بێ ئەمـەک و جەربەزە، کـە پلەی ژیری و زیبـرەکی و بەرێوەری هەمـیـشـە بەرامـبـەر دانایی و زانایی و کـەسـێـتی لە هزری هەیاسی خـاس نزمتـرو هەر بەهۆی ژیبیرییە بەرزو بێ هاوتاکەیەوە لە "بزنەکەی هەیاسی خاسدا" دەیدۆزیتەوە و سەر نەوی بەپیریەوە دەچێت و پێشوازی دەکاتەوە..

ئەمـەش ئەوە دەردەخـات کـە دەسـەڵات و پلەو پایە، کـەسـایەتیی ڕەسـەن و پڕبەها بۆ مرۆیەکی نائاسایی دڵو دەروون لاواز، دروست ناکەن.

هەیاسی خـاس بڕوای بەوە هەبووە کـە بەرژەوەندی و کـاریگەریی ئابووری لەژیانی کـۆمـەڵگادا لە تاکە کەسێکەوە بۆ گشت، ڕەوشت - بیـرو بۆچوون - هەڵوێست، کـردارو ڕەفـتـاری مـرۆڤـەکـان لەبارێکەوە بۆ بارێکی (چاک یان خراپتر) دەگۆڕێت.

ئەمـانەی لە نموونەی (پلە گـۆشـتـێـک) لەنێـوان چەند تووتەڵە سـەگـێـک لەلایەک و لەخـشـتـەبردنی ژنە دڵدارێکی هاوسـەری دارتاشـێکی شـەیدا و خۆشەویست بەیەکتری ـ کـاتێک (بەرژەوەندی ئابووری و "ئاست و سامـان") دەلەرزێنێت و شەیدایی ژنێک لە ناخدا ریشەکێش دەکات و لەخشتە دەبات.

لەم چیـرۆکـانەدا، بەهۆی ناخی چڵکنی سـوڵـتـانی جـەربەزەو ملهـوڕەوە، گەوجیی - خوڕین و چەوساندنەوەی زۆرداران رسوا دەبێت، ئەوە دەسەلمێنێت

"کەسە بلیمەتە میللییەکان و بەهۆی تەوژمی بیرو باوەڕەکانی ئەوانەوە"، لەدواییدا زۆرداران هەر رسوا دەبن، چونکە ئاراستەی جەماوەر بەو بیرانە دەکەن کە مامەڵە لەگەڵ نامەردو زۆرداراندا ئەکەن، بەرادەیەک ببنە پردیش بەسەریاندا نەڕۆن، بێگانە پەرستییش رسوابوونی لەدوایە.. ئەمانە فەلسەفەو بیری بیرۆکە ئەنجامدەرو سروشتی ڕەسەنی کۆمەڵگەی کوردەوارین.

بەمجۆرە هەیاسی خاس وەک نوێنەری رەشە خەڵکەکە دەردەکەوێت، ویستو خواستەکانیان دەردەبڕێت. سەرکەوتنەکانی هێمان بۆ سەرفرازیی میللی.

سوڵتانی سەر تەختو بەرزێتی سەپاو، بۆ بەخت پەرێشانە (- تەنگەبەریی دەروون - چاوتێر نەبوون - هەست بە کەمیکردن و لاوازی و بێورەیی کەسێتی) لەو ئاستە دایە بۆ بەختی خۆی دەگری، بەدوای نێوچەواندا پەرێشانە، تووشی چاو چوویی، بۆ هاتن و بۆ نەهاتن بووەو هەست بەناتەواوی دەکات.. ئالێرەدا نرخ و بەهای ڕاستەقینەی ناتەواوی بەرەی شەڕ، زۆرداری و هێزی داپڵۆسێنەر، کورد گوتەنی، وەک سڵقی ڕووت، دەردەکەوێت و ڕسوا دەبێت. لە ئەنجامی کۆتاییشدا پیلانەکانی سەرو فەسالی خۆی دەگرێتەوە.. لەدواییدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە و دەسەلمێت کە چەڵەمەو نادروستییەکانی نێوان سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس، لەکێشەی دووبەرەی دژبەیەکەوە هەڵدەقوڵێت.. کە هەتا ژیان و دەسەڵاتی داگیرکەر و چەوسێنەران باڵادەست بن. ناهاوتایی چینایەتی قووڵتر دەبێتەوە: لەولاشەوە هەوڵدان بۆ ئاسوودەیی، سەرفرازی و ژیانێکی گەشتر و خۆشتر. پیرۆزتر دەبێت..

منیش دەڵێم لەتوێی بەرجەستەیی چیرۆکە میللییەکاندا، دەبا بۆ بیرو فەلسەفەی کوردەواریی دێرین و کوردایەتی ئەمڕۆ بگەڕێین و ڕێبازی ئەمڕۆیان پێ دیاری بکەین.. سوود لە ئەزموونی گەوهەرە پرشنگدارەکانی وەربگرین، کەموکوڕی و ناتەواوییەکانیشی پێ چارەسەر بکەین و خراپییەکانیش ڕیشەکێش بکەین.

**تێبینی:**

لە زۆرینەی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاسدا

لەبری (حەسەن مەمەند)ی (حەسەن مەیمەن)ی بەکارهێناوە، واتە لە گێڕانەوە جیاکاندا پشێوییەک دەبینرێت کە ساخکردنەوەی پێویستە، بۆ ئەوەی دووکەسێتی و ناو دیاری بکرێتەوە.

## چەند سەرەداوێکی تری بەراوردی کەسێتیی
## هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود

سوڵتان بەدرۆو دەلەسە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کەسان دەکرد. سەری لە دارتاش و ژنەکەی تێکدا، وەک کەسێکی تێکدەرو ساختەکار، بەشێوازی هەڵخەڵەتاندن ناخۆشی خستە نێوانیانەوە، درۆی لەگەڵ ژنەکەی کرد گوتی گوایە دەیەوێت بیهێنێت.. هەر بۆ تاقیکردنەوەیەکی ئارەزووی نائاسایی خۆی و رقەبەریی هەیاسی وەزیری دەستەڕاستی، گوایە جێ متمانەی تایبەتیی خۆی، ماڵێکی خۆشگوزەرانی کردە دۆزەخو لێکی هەڵوەشاندن.

هەیاس هەمیشە بەبیرکردنەوەی گفتوگۆی دەکرد. ڕێزی کەسێتی، پلەو پایەکەی خۆی و خەڵکەکەی دەگرت.

سوڵتان بەپێچەوانەوە دەیویست بەهۆی کەللەڕەقی داسەپاندن. بەڵام بەمێشکێکی سەرزارەکی و پووچەڵ، کار مەیسەر بکات و بەڵکو قسە هەر قسەی خۆی بێت. ئەوە بوو لە گەمارۆی تووتەڵە سەگەکاندا، سوڵتان رووکەش سەیری دەکردو ئەم ڕووداوەشی پەیوەند نەکرد بە ژیان، بەرژەوەندی، بژێوی و برسێتیی گیانەوەرانەوە.

بەڵام هەیاس لەپێشدا بەکوتە گۆشتێک هەموویانی دا بە شەڕ، بە قەپاڵ و چڕنووک لەو هەڵوێستی هەڵبەزو دابەزی خۆشییەوە. بەتەنها تۆپەڵە گۆشتێک پەیوەندییەکەی تێکدان، بەشەڕی دان. دوایش هەریەکەیان کوتە گۆشتێکی خستەوە بەردەمیان. هەریەکە بە ماشینەوەی خواردنی خۆیەوە خەریک بوو. شەڕ تەواو بوو، هەموو تێر بوون و ئاسوودەییان تێ گەڕایەوە. بەو نموونە ساکارە گرفتێکی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەلماندووە.

لەهەموو بیرۆکەو ناخی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی سوڵتان و هەیاسدا

فەلسەفەی بیرو باوەڕە بەڵگە نەویستەکان لە کەسێتیو بۆچوونەکانی هەیاسدایە.

ڕاستییەکان ساغ دەبنەوە، وەک ئەوەی هەیاس بیەوێت زانستی پەیوەندیی چینایەتیو کێشەی بەرژەوەندی دابەشی دارایی و ئابووری و شەڕی زۆردارو چەوساوەکان بسەلمێنێت..

ئەی خۆ بەگاڵتە نەگوتراوە کە دەتوانرێت سەرەتا ساکارەکانی ژیاریی مرۆڤ لە ناخ و ناوەرۆکی ئەفسانەو بەرهەمە فۆلکلۆری و کەلتوورییەکاندا دەربهێنین.

لە کڕینی پارچە گەوهەری کابرای (جوو) دا چەند پرسیارێک قوت دەبنەوە، سوڵتان مەحموود چۆن و بۆچی یەکسەر دەیەوێت وەک (دوڕێکی ناوێزە) بەبێ چەند و چوونو لێوردبوونەوە بەپارەو دراوێکی گرانبەها بیکڕێت؟! "دیارە بەو پارەو سامانەی کە بەهیچ شێوەیەک خودی خۆی پشتی پێوە نەیەشاوە؟!"

هەیاس کە سوڵتان مەحموود پرسو ڕاوێژی پێ نەکردبوو، بۆچی لە نێوان فرۆشتنی کابرای (جوو) کە نوێنەرایەتیی دەستەی توێژی ساماندارى و ئابووری و بواری بازرگانییە لە سەردەمی کۆنەوە و لەنێوان ئەم کڕیارییەی سوڵتاندا دەبێتە ڕێگر؟!

کێ دەڵێت ڕێکەوتنێک لەنێوانیاندا نەبووە و هەیاس بەمەبەست تێکی نەدابێت؟! بەتایبەتی کە گەوهەرەکەی کرمۆڵ بووبێت و سوڵتان بە کڕین و هەڵبژاردنی گەوهەرێکی کرمۆڵ هیچ زیانێک دەکات ؟! دیارە نەخێر..

بەڵام لەوە دەچێت هەیاس دڵی بۆ ماڵی خەزێنەی میللەت بیەشێت؟! دیارە لەم بیرانەشدا تێشکان هەر بۆ دەسەڵاتی نادادپەروەرە..

کەسایەتییەکی وەک هەیاس پیلانی زیانبەخشی دەسەڵات ئاشکراو ڕسوا دەکات.

سوڵتان هێندەی خۆی بە سەپاو و خاوەن دەسەڵات دەزانێت، گەلێک جار لە هەڵەشەیی و پەلەی بڕوا بەخۆبوونەوە تووشی چورتم و تێشکان دەبوو بۆ نموونە:

١- ئەو فـەرمـانە ڕەقـەی کـە دەڵێت: (بزنەکـەی نە زیاد بکات و نە کـەم) (بێزارییەکی تەواو پشێویی خستە ناو خەڵکەوە، پارەیەکی زۆری خەزێنەشی بەبێهووده خەرج کرد). چونکە سوڵتان ئەگەر پاکو ڕاست بووایە لە بنچینەدا لەگەڵ هەیاسدا تێکی نەدەدا.

٢- بەرانێک (قۆچییەکەی سوڵتان) بەر بدرێتە بازاڕی شارێک، بەرەڵڵاو زیانیکەرو کەسێکیش نەتوانێت ڕێی لێ بگرێت و هیچی لێ بکات. تەنانەت نەوێرن دەم بکەنەوە.

٣- فـەرمـانی لەپڕی لەسـێـدارەدانی هەیاسی خـاس لەسـەر ڕووداوێکی فەرمانی بەپەلە و نارەوای هەڵەشەی خۆی کە داوا لەهەیاس دەکات هەرچی ئافرەتە هەمووی بکوژرێن.

٤- هەتا بەیانی دارتاشـێک بەتەنهـا مـشـارێک، چەند فـەردە (ئاردە دار)ێک ئامادە بکات، ئەگینا دەبێت سبەی بەیانی لەسێدارە بدرێت.

٥- هەوڵی دەست تێکەڵکردن لەگەڵ هاوسەری هەیاسی خاس کە وەزیری دەسـتـەڕاست و جـێگە مـتـمـانەی خـۆیەتی، بەپـیـلانێک کـە سـوڵـتـان خـۆی دایڕشتووە. دوایی تێشکانی لەبەردەم ژیری و ڕەوشتبەرزیی ئەو خانمەدا.

٦- حوکمو هەوڵی لاقەکردنی بێ شەرمانەو نەخۆش، بێ ورە و ڕووخاو، بەرامـبـەر هەیاسی خـاس، بۆ مـەبەسـتی سـەرنەویکردنی ئەو و تێـرکـردنی ئەندێشەیی خواستە گلاوە لەرزۆکەکانی.

٧- سوڵتان لە پشتگیریی کوڕە لاودا دژی شای پەرییان، گرفتی بۆ خۆی و دارودەستەکەی نایەوە کە ماوەیەکی چاک خۆیان و خێزانیان پێوەی تووشی گیروگرفت بوون، لە کۆتاییدا کەسێکی هەژارو بێدەستی (گوڕنەتەڵەی) وەک فیڕنەگولەی وەک چاودێر بەسەردا سەپێنرا.

٨- هەوڵی تاکڕەوانەی دەسـەڵات ئامـێزی سـوڵتـان لەبەردەمی تـوانایی و بیـری ژیرانەی هەیاسی خـاسـدا پووچ دەبێـتـەوە وەک هەمـوو ڕووداوەکـانی تر شکستی هێناوە، یەکەم لە تێنەگەیشتنی سوڵتان لەو پرسیـارانەی هەیاس لە مـامـە پیـرەی دەکـات و دووەمـیش لەوەدا کـە سـوڵـتـان داوای لێکدانەوەی

پرسیارەکان لە هەیاس دەکات، هەیاس وەڵامی ناداتەوە و پێی دەڵێت لەکاتی خۆیدا واتاکانیت بۆ دەردەخەم..

٩- لەو چیرۆکەی کە لەجیاتی هەیاسی خاس، حەسەن مەمەندی لەگەڵ سوڵتان مەحموود دایە، ئەو ژنەی کە لەگەڵ دۆستەکەیدا، لەمبەرو ئەوبەری جۆگەیەکەوە بەرامبەرن، دۆست وەک تاقیکردنەوە داوا لە ژنەی سۆزانی دەکات مێردەکەی سەر ببڕێت سەرەکەی بخاتە ناو جۆگەو بەسەریدا بپەڕێتەوە.. ئەوەتە نرخ و چۆنێتیی بیرکردنەوەی سوڵتان لێرەدا چەند بەخراپی و ناپەسەندی تاقی دەبێتەوە کە دەیەڵێت تاوانەکە ڕوویدات، دواییش فەرمان دەدات هەرچی ژن هەیە هەیاس بیانکوژێت.. ئەگەر هەیاسی لەگەڵدا بووایە بێگومان نەیدەهێشت مێردەکەی بکوژێت ئەوە یەک..

دووەمیش کە سوڵتان دوایی چوو بۆ ڕاوی حەوت شەو و حەوت ڕۆژە، وا بە تەما بوو هەیاس لەسەر فەرمانی درندانەی ئەو خۆی و هەرچی ژن هەیە بیانکوژێت. بەڵام کە هاتەوە چی بینی؟! شایی و زەماوەندی ژنانی بینی، واتە پێچەوانەی فەرمانی خۆی بەشێوازێکی میللی و جەماوەریی سەرسوڕهێن..، بەرامبەر بەوە، سوڵتانی سەرسەخت هیچ نەبێت پرسیارێکی لە هەیاسی خاس نەکرد هۆیەکەی بۆ روون بکاتەوە، یەکسەر و زۆر بە هەڵەشەیی، فەرمانی دا بە خنکاندنی، ئەوەبوو دوایی هەیاس کەسێتی ئەو ژنەی پیشان دا کە لە سوارچاکی و ڕمبازیدا بەسەر پاڵەوانەکانی دژ بە خۆیدا سەرکەوتووە، ئەو کەسەش (ژنە) پاڵەوانێکی سوارچاک بێت، بەم جۆرە لە سوڵتانی دەگەیەنێت هەتا چ ڕادەیەک بیرکردنەوە و بڕیارەکانی هەڵەن و ناچار خۆی بڕیاری پاشگەز بوونەوەکەی ئاشکرا دەکات.

بۆشی ساغ دەکاتەوە کە ژنیش هەیەو ژانیش هەیە. هەر بەو جۆرە هێما خوازیی پێدەڵێت ئەوەتا ژنێک پشێوی تەخت و بەختی شاهانە ئاسوودە دەکاتەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی بێدەسەڵاتی پاشایەکی وەکو خۆیدا.

١٠- هەیاسی خاس لەم چیرۆکانەدا یارمەتیدەر و هاوکارێکی نییە کە پشتی پێ ببەستێت. وەک کەسێکی ئەفسانەیی بەسەر گشت کارو

ڕووداوەکانیدا زاڵ بووە. نموونەیەکی بێ هاوتاو دەگمەن، ناوازە و سەرکەوتوو بووە. بە پێچەوانەی کەسێتیی داسەپاوی لەلایەک نەبەنگ و دوودڵی وەک سوڵتان مەحموودە.

١١- عەقڵ و واقیعبینییە ژیرییەکەی هەیاسی خاس هەمیشە وەک خۆی ماوەتەوە، لەکاتی کارەسات و ناخۆشی و نەهامەتیشدا نەگۆڕراوە. بۆ تەماع و بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی، کاری نەکردووە و خودی ژیری لەدەست نەداوە..

بە پێچەوانەی سوڵتان مەحموودەوە کە ئەوەتا لە چیرۆک و ئەفسانەی شای پەرییاندا کە ژیریی خۆی لەدەست دەدات بۆ تەماع، خەیاڵی ڕابواردن لەگەڵ شای پەرییان و گەلێکی تریش. کە دواییەکەی هیچ بەهیچ ناکات و لە هەموو ئەگەرەکانیدا تێدەشکێت، دەبێتە مەخسەرەو ڕووشکاو.

## ٦

## بیرو بۆچوونی تر
## [لەسەر کەسایەتیی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس]

کەسێتی هەر مرۆڤێک لە گوتن و ڕەفتاریدا دەردەکەوێت. دوای بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی و بەو شێوازەی دەیگرێتە بەر.

گەلێک جار کە بیرم لە کەسێتی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس کردووەتەوە، دوای بیستن یان خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانەی ئەو یان دوو کەسایەتییەیان تیادا دووبارە بوونەتەوە، تووشی جۆرێک سەراسیمەیی دەبووم، هەڵوێستەم دەکرد، چەندین پرسیاری جۆربەجۆر بەبیرمدا دەهات..

هەیاس کێیە؟

هەیاس لە چ بارو دۆخ و دەوروبەرو بوارێکدا پەروەردە بووە؟

زیرەکی و بلیمەتی هەیاس لە چی و لە کێوە، لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

نەژادو ڕەچەڵەکی (هەیاسی دوڕناس)

لە کوێوە سەری هەڵداوە؟ بۆچی هێندە لەناو بواری فۆلکلۆری کوردیدا بەو شێوە ڕوون و ئاشکرایە بڵاو بووەتەوە؟!

چۆن هاتووەتە دنیای تەخت و بەختی سوڵتانییەوە ؟

بە چی گەیشتە پلەی وەزیری، هەروەها ئەو هۆکارانەی هەیاسی خاسی گەیاندە پلەی (وەزیری دەستە ڕاست) کە بەپێی لێکدانەوەی ئێستا دەکاتە پلەی (سەرەک وەزیران) و هەرگیز لە هیچ چیرۆکێکدا یەکێکی تر ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت یان وەک جێگری، نەخراوەتە ئەو پلەو پایەیە و لە هیچ سەرێکەوە کەس نەیتوانیوە پێی بگات و جێگەی بگرێتەوە ؟!.

چۆن و چی ناسنامەی (خاس)ی بەسەردا دابڕی کە واتای (پیاو چاک، چاکەکار، پیاو باش... هتد) ناسرا؟ ئەو ناسنامە ڕەسەنە چۆن لەگشت بۆنەو دیاردەی ئەو حەکایەتە فۆلکلۆرییانەدا بڵاو بووەتەوە و هەمیشە دووبارە

کراوەتەوە؟!

ئەوەتا تەنها گۆڕین کە لە ناوەکەیدا بینراوە ئەوەیە لە سەرچاوە بیانییە ناکوردییەکاندا (ایاز) بەرێنووسی فارسی نووسراوە (ئەیاز) بەرێنووسی کوردی (س) کراوە بە (ز)، وەک چۆنیش بۆ (هومێد) دەڵێن (ئومێد) دیارە ئەو نووسین و تۆمارە کوردی نییەو زۆر کۆنیشەو لە نووسینێکی فارسیدایە وەک چۆن دەقە فارسییەکەیە بڵاوی دەکەمەوە.

هەروەها پێناسی (دوڕناس) و ناسینی لەناو کەسان و رووداوی چیرۆکەکاندا بە(هەیاسی دوڕناس) کە هێمایە بۆ زرنگی و زیرەکیی هەیاس، دیاردەیەکی تری ئەم کەسایەتییە، بەراورد بە کەسایەتییە فەرمییەکانی ئەو سەردەمە دێرینە لە هەموو چیرۆکەکاندا کە هەیاسی تیادا دووبارە بووەتەوە. ژیری، دانایی و حیکمەتی هەیاس زاڵە بەسەر بیرکردنەوەو بۆچوونی سوڵتان مەحموودو وەزیرەکانی تردا.

دوا بڕیار هەر هی هەیاس بووەو چارەی گرفتەکانیش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەخودی خۆیەوە دەرچووە، ئەنجام سوڵتان و وەزیرەکان دەمیان بووە بە تەڵەی تەقیو هەموویان هاتوونەتە سەر ڕاو بیرو باوەڕی هەیاس.

سوڵتان گەلێک جار هەیاسی بێزار کردووە، هەیاس خۆی لێ شاردووەتەوە، ڕێک کەوتووە ئاسان و بێ ئەرک بۆی نەدۆزراوەتەوە. بەڵام هەتا نەیدۆزیوەتەوەو ئاشتی نەکردووەتەوە، لێی نەگەڕاوە، چەند جارێکیش لە نەیارو سەر نەکەوتووەکان بەشێوەی تایبەتیی خۆی، وەک مەتەڵ، جەزای خستوونەتە سەرو کردوویەتی بە خەڵات و پاداشت، داوێتی بە هەیاس، هەیاسیش لەم جۆرە هەڵوێستانەدا بەکەسانی شایستە، یان نەدارانی بەخشیوەتەوە.

لە گەلێک جارو هەڵوێستی ناو رووداوی چیرۆکەکاندا، سوڵتان مەحموود بەدەمی خۆی دانی بەوەداناوە کە ئەو بەبێ تەگبیرو عەقڵی ئەو پەکی دەکەوێت، ناچارە دەبێت هەیاسی هەر لەگەڵدا بێت.

لە دوو چیرۆکدا سووربوون لەسەر وازنەهێنانی هەیاسی زیتەڵ و بێ وێنە ئاشکرا دەکات.

## ٧
## هۆكارەكان

* بوونی جیاوازی لە ناوەرۆكی دەقە فۆلكلۆرییەكان و لە گێڕانەوەكاندا....
* ئاماژەو هێمایەک لەو بوارەدا......

### هۆكارەكانی بوونی جیاوازی لە گێڕانەوەكاندا

كاتی گوێزانەوەی چیرۆكە فۆلكلۆرییەكان لە مەڵبەند، ناوچە و وڵاتێكەوە بۆ دەڤەرێكی تر، هەندێک جار ئایدیا، بیرو بۆچوون یان ئەندێشەی كەسی گێڕەرەوەی چیرۆكەكە یان گوێزەرەوە، لەوانەیە تێكەڵ بەناوەرۆكی بابەتەكە ببێت.

ئەم دروستبوونە وادەكات جیاوازیی بنەڕەتی یان لاوەكی و ناسەرەكی دروست بكات، دەقەكان كتومت وەک یەک دەرنەچن، ئەگەر گێڕانەوە جیاوازەكان بەرامبەر بە یەک دابنێین و بەراورد بكەین سەرەداوی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەردەكەوێت.

**نموونەی چیرۆكێک:**

بۆ ئەوەش دەتوانین هەندێک نموونە بخەینە روو:

١ - لە چیرۆكی بزنەكەی هەیاسی خاسدا گێڕانەوەیەک لە بریتی (سوڵتان مەحموود) (شا عەباس) بەكار هاتووە كە هەر هیچ نەبێت ناوە سەرزارەكییەكەیان زۆر دوورن لە یەكەوە، سەردەمیشیان جیاوازە.

٢ - كاتی زویربوونی هەیاسی خاس لە سوڵتان مەحموود، زۆربەی جار دەچێتە ئاش و بە ئاشەوانییەوە خەریک دەبێت.

بەڵام لە دوو گێڕانەوەدا بەجوتیاری و زەوی کێلآنەوە خەریک دەبێت. جارێکیش بە شوانییەوە، دەبێتە شوانکارەیەک. واتە هەیاسی خاس چینی رەنجدەران بەرنادات و هەر لەگەڵیاندا دەژی.

٣ - لەو چیرۆکەدا کە سوڵتان مەحموود دەیەوێت پشوو بدات و سەرخەوێک بشکێنێت، مارێک لە کون دێتە دەرەوەو دەگەڕێتە دواوە.. لە یەکێکیان سوڵتان سەر دەکاتە سەر ڕانی هەیاس و لەوانی تردا سەر دەکاتە سەر عەرد.

٤ - هەندێک جار (حەسەن مەمەند) لەگەڵ کەسێتی (حەسەن مامەند) جیا نەکراونەتەوە، تێکەڵییەک لە بەکارهێناندا دروست بووە.

هەروەها لەگەڵ (حەسەن مەنمی) دا و (حەسەن میمەنیی) یان (حەسەن مەیمەنی).

٥ - لە چیرۆکەکانی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود دا پاڵەوان و کارێکتەری کارا کە ناویان بەزۆری بڵاو ببێتەوە، زۆر کەمن. کەسایەتییەکان (بەناو)یانەوە زۆر کەمن.

من ئەوەم تێبینی کردووە کە لە کتێبەکەی (هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموودی غەزنەوی) کە هی کاک (غەفوری مەلا حەکیمە و) ساڵی ١٩٧٨ بڵاوی کردووەتەوە، ئەم ناوانە دووبارە بوونەتەوە (قەیتولی، س، پەریخان، شاهۆ، قەتۆ، یۆڵدز، مام ئۆمەر، چەتۆ، مارف، نەخشین و نیگار...) جا ئەگەر لە ڕەوتی ئەو چیرۆکانە بڕوانین و بچینەوە لای پێکهاتەی دارشتنە کۆنەکان کە سەردەمانێک لەمەو بەر، بەتایبەتی لەدوای سییەکانەوە هەتا حەفتاکان کۆکرابوونەوەو تۆمارکرابن، ئەوانە هیچیان لە چەند ناوێکی وەزیرەکانی سوڵتان نەبێت لە ناوەرۆکی ڕووداوەکانیشیاندا ناوی تریان تیادا دووبارە نەکراوەتەوە. من خۆم لە پەنجاکان و لە شەستەکانەوە خولیای کۆکردنەوەو بەدواداچوونەوەیانم، لە دەقە کۆنەکاندا ئەم ناوانەیان تیادا نەبووە.... دیارە هێنانی شتی نوێی وەها کە لەگەڵ رەسەنایەتییە کۆنەکانیدا نەگونجێت بە ناشایستە دادەنرێت.

ئەم دیاردەیە دەگەڕێنمەوە بۆ گوێزانەوەو گێڕانەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەک و لە کەسێکەوە (گێڕەرەوە) بۆ کەسێکی تر کە هەندێک جار شتی نوێی خرابێتە ناو لە گێڕانەوەو هەروەها لە گوێزانەوەیدا لە کەس و شوێنەوە وەک لەوە پێش ئاماژەمان بۆ کرد.

٦ - ئەم دیاردەیە قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و دەقی نەگۆڕی تریش دەگرێتەوە کە هەندێکیان پەیوەندییان بەناوەرۆکی چیرۆکە رەسەن و بێ دەسکاریکراوەکانەوە نییە، ئاشکرا پێوەیان دیارە بۆ رازاندنەوە، سەلماندن، فراوانکردن و وابەستەکردنی چیرۆکەکان هێنراونەتەوە ناوەوە کە چیرۆکەکانی پێ خۆشتر بکرێت و ناوەرۆکەکەی پتەوتر بکرێت.

بەباوەڕی من ئەمە لە رەسەنایەتی و جۆری سروشتیی چیرۆکەکان (ئەوانەی بەو شێوەیە بڵاوکراونەتەوە) کاردەکات و پێزە کەلەپوورییەکەی کەم دەکاتەوە، لەلایەک و لە لایەکی تریشەوە، ئەوە خستنە بەرکار (تەوزیف) نییە، بەڵکو دەستکاریکردنێکی ناپێویستە، بەتایبەتی لەو کاتەی پێوەی دیاربێت نامۆیە، جێی خۆی نییەو نامۆیە بەدەقە دێرینەکەی.

دیارە ئەم ئاماژەیە ئەو پەندو نەستەقانە ناگرێتەوە کە وەک لەدایکبوونێکی خۆڕسک لەگەڵ چیرۆکەکاندا هاتوونەتە کایەو لە پێویست تێنەپەڕیون.

٧ - برای بەڕێز کاک غەفوری مەلا حەکیم لەو بەرهەمە فۆلکلۆرییەیدا کە ١٦ / ٦ / ١٩٨٧ چاپی کردووە، ئەم جۆرە بۆچوونانەی لەوەپێشی منی تیادا بەدی دەکرێت، چ لەبارەی پەند، نەستەق و چ لەبارەی خستنە سەر، بڕین، گۆڕین و بوونی جیاوازیی ناوەرۆک و شێوازی گێڕانەوەکانەوە.

ئەم کتێبەی ئەو رێزدارە بەناونیشانی (هەیاسی دوڕناس و سوڵتان مەحموودی غەزنەویی) لە هەولێر چاپ کراوە. (١٠٣) لاپەڕەیە.

ئەو چیرۆکانەی تیایدان، هەموویان بەسەر یەکدا وەک سەربوردەیەکی یەک لەدوا یەکی نەپچڕاو، بەزنجیرەیەکی یەکگرتووی یەک داستان نووسراوەتەوە، بۆنموونەی سەلماندنی بە کورتی بەشە چیرۆکێکیانی راڤە دەکەمەوە.......

**بەشە چیرۆکەکە:**

لاپەڕە (٩١ هەتا سەرەتای لاپەڕە ٩٦)

شاهۆ و قەتۆ دوو کوڕن. مام ئۆمەر باوکی شاهۆ و مارفیش باوکی دی، لە ڕووداوی بەشە چیرۆکێکی تری لەوە پێشدا نەخشین و نیگار لە هەڵمەتی پڵنگێگک ڕزگار دەکەن...... دوایی کەس و کار پێشنیاز دەکەن نەخشین بدرێت بە شاهۆ و نیگاریش بە قەتۆ. پاش ساڵێک نەخشین کوڕێکی دەبێت و نیگاریش کوڕێک و کچێک. ئەم دووانە بەبێ خۆشەویستی لەیەک مارە دەکرێن (کە ئەمە بەبۆچوونی من لە شێوازو بونیادی چیرۆکە کۆنە فۆلکلۆرییە کوردییەکاندا جۆرە لادانێکە لە نەریتە باوەکانی ناو ئەو چیرۆکانە کە هەردەم کوڕو کچ عاشقی یەکتر دەبن) هەرچۆن بێت با ئەمە وەهابێت. هەرچەندە نەریتی ئەڤینداریی شاخەو شاخ و شارەو شارو دێ بەدێ بەشێوازی ئەفسانەیی لەتە سێو دەخۆن خەو دەبینن و دوای ئاسکە کێوی دەکەون...

لەم چیرۆکەدا ئەم دوو لاوە بێکارەن و هیچ ئیشێک ناکەن، بەڵام دوای ژنهێنان و لێکەوتنەوەی سێ منداڵ ئەوسا کەسو کار تەگبیریان بۆ دەکەن بچن کار بکەن، شوێنی خۆیان بەجێ هێشت و دێ بەدێ چوون بۆ کرێکاری.

لێرەشدا من بۆی دەچم کە لەنەریت لادراوە، کوڕە لاوی وڵاتی ئێمە پێش ژنهێنان کار دەکەن یان یەکەم عاشق بەوپەڕی شەیداییەوە، ئەندێشەساز دوای مەعشوقە دەکەوێت، یان هەموو هەوڵدەدات شتێک پێکەوە دەنێت هەتا بژێوی ئەو خێزانە دابین بکەن، نەک ژن و منداڵ بەدوای خۆیاندا بەگرفتەوە بەجێ بهێڵن. دوای ئەوەش لەو سەردەمە کۆنانەدا لە گوندەکاندا کرێکاری نەبووە، کار، کشتوکاڵ، کاروان، وەرزێری، شوانی، ئاشەوانی.....هتد چیرۆکەکە دوای کرێکاری دەیانگەیەنێتە پەرستگایەک، (بتێکی زێڕینی) لێ دەبێت، لەوێ دەمێننەوە هەتا دوایی بتە زێڕینەکە (لە ڕۆژی جەژنێکدا کە هەموو دانیشتووان دەچنەوە دەرەوەی شار) بە تەور پارچە پارچە دەکەن، دەیخەنە دوو تەلیسەوە دێ بە دێ دێنەوە بۆ گوندەکەی خۆیان. زێڕ لای قەتۆ دەمێنێتەوە، دوایی نکوڵی و دیشکەمی لێدەکات و بەشەکەی شاهۆ نادات. شاهۆ غەمبار

دەبێت، باوکی دەیباتە کن هەیاس بۆ تەگبیرێک بۆ خەمۆکییەکەی.... شاهۆ نەهێنیی گرفتەکەی لەگەڵ قەتۆدا تەگبیرەکەی کە هەیاسی دوڕناس بۆی دەکات لای کەس نادرکێنێت. لەوە پێش پەیوەندیشی لەگەڵ قەتۆ تێکنەداوە.....

دوایی هەیاس تەگبیری بۆ دەکات دوو بەچکە گورگ پەیدا بکات، شەوێک قەتۆ و ژنەکەی بانگ بکات بۆماڵی خۆیان، کاتی رۆشتنەوەیان دوو منداڵەکەی خەوتوون، لەسەر داوای شاهۆ ژن و مێرد دوو منداڵی ساوا لەوێ بەجێدەهێڵن، بەیانی قەتۆ دێتەوە منداڵەکانی بوون بە بەچکە گورگی چاو نەپشکووتوو، قەتۆ پەشیمان دەبێتەوە، خۆی بەتاوانبار دەزانێت، زیڕ بۆ شاهۆ دەهێنێتەوە. شاهۆ و قەتۆ نزای زۆر دەکەن ببنەوە بە ئادەمی، شاهۆ هەر ئەو کات دوو منداڵەکە لەگوندە نزیکەکەوە دێنێتەوە، دەیانخاتەوە جێگەی دوو بەچکە گورەگەکەو هەموو شت ئاسایی دەبێتەوە، مام ئۆمەری باوکی قەتۆ دیارییەکی چاک بۆ هەیاس دەبات. بەڵام لەکۆتاییدا نازانێت شاهۆ جووتە بەچکە گورگەکە بۆچی دەهێڵێتەوە گەورە بن و زیان بگەیەنن. ئایا هێشتنەوەی جووتە گورگەکەو ئاشکرابوونیان چۆن فێڵی گۆڕینەکە دەرناخات؟!

لێرەدا چیرۆکەکە تەواو دەبێت. من وای بۆدەچم ئەم چیرۆکە بەگێڕانەوەی لەوە پێشی چیرۆکخوان و گوێزانەوە لە کەس و شوێنێکەوە بۆ هیتر و پێش ئەوەی بەڕێز کاک غەفوری مەلا حەکیم پێی گەیشتبێت، وەک ئەو تێکەڵە نوێیەی کە بەو جۆرەی لێی دواین گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، لێرەدا چەند ئاماژەیەک بۆ ئەو کارتێکەرییە دەخەمە روو:

١ - لە نەریتی میللی و کۆمەڵایەتیی کۆنداو هیچ دایکێک دوو کۆرپە، یەکێکیان یەک ساڵان و ئەوی تر بەر مەمکانە نەک لەماڵی هاوڕێ و کەس، بگرە لەماڵە بابیش بەجێ ناهێڵێت. (تەمەنەکان لە چیرۆکەکەدا بەو جۆرەن)، ئەمە کارێکی نائاساییە کە خۆشیان هەر لەو گوندەدان، هەروەها کاتێک منداڵی ساوای وەها بهێڵرێتەوە، دایک لە تەکیاندا دەمێنێتەوە.

٢ - کەس (خێزان زۆر ئاساییە پێکەوە لەماڵی نەک هاوڕێ و خزمی نزیک، بگرە لەماڵە ناسیاویش) هەموویان پێکەوە دەمێننەوە.

٣ - ئەگەر رووداو و کارەساتەکان بە شێوەو شێوازی ئەفسانەیی روویان

بدایە ئەوسا نەماندەتوانی هیچ بەرپەرچێکمان هەبێت چونکە تەلیسمی ئەفسانە لە ژێری، نەریت، کۆمەڵایەتی و هەمـوو بوارەکانی تر بەدەرەو گشت سنوورێک تێدەپەڕێنێت و دەبڕێت. بەڵام ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە هەموویان بەشێوەو ئاکاری سروشتی و ئاسایی دێت، تێدەپەڕن و کۆتاییيان دێت.

٤ - ئەو کارەی کە هەیاسی خاس تەگبیری وردو ژیرانە بۆ شاهۆ بکات و قەتۆ بخاتە گرفتی وەها جگەربڕەوە، گەلێک شیاو و لێوەشاوەیە. بەڵام هەیاس بە ئەزموونی ناخ و ناوەرۆکی ڕەوشت و شێوازی هەڵسوکەوتی لە چیرۆکەکانی تری لەوە پێشیدا، بۆ کەسێکی ناسراوی خۆی ئەو هەرگیز دیاری وەرناگرێت، چونکە کەسێکی دەست و دڵپاک و هاوکارێکی ڕەوشت بەرزە. جا ئەگەر لەمەیاندا بێین و بڕوا بەخۆمان بهێنین کە وەری گرتووە، هەیاس لەوجۆرەیە کە هەرگیز بەوە قایل نابێت پارچەکانی بتێکی پەرستگایەکی ئەو ناوچەیە لەنێوانیاندا (کە دزییەکی ناشایستەیەو پێچەوانەی بیرو باوەڕی هەیاسە) کەواتە چۆن قایل دەبێت خودی هەیاس خۆی ئەو دزییە بەسەر دووکەسەکەدا (دوو لاوەکە) خۆیاندا بەش بکات و خۆیشی لەولاوە لەو تەڵەکەیە بێدەنگ بێت، هەروەها هەردوو باوکە (شاهۆ و قەتۆ) لەو ساختەکارییەدا بێدەنگ و قایلبن.

هەیاس ئەگەر لەو جۆرە بوایەو ئەگەر بەرگری لە مافی خەزێنەی دەوڵەتیش نەکردایە بۆخۆی داوای بەشێکی لەو دزێتییە نەدەکرد؟! بەبیرو بۆچوونی من ئەمە بۆ وەزیرەکانی تری سوڵتان مەحموود بووایە، یان کەسی سوڵتان خۆی، دەشیاو دەکرا بەڵام بۆ کەسێکی لەو شێوەیەی هەیاس وەک لە هەڵوێستەکانیدا لەگشت چیرۆکەکاندا تاقیکراوەیەو دەرکەوتووە بۆ ئەو ناگونجێت قاییل بێت و لەوە بێدەنگ بێت. من وەکو لەوە پێش دەرم خستووە ئەمانە دەرئەنجامی گوێزانەوە لە دەڤەرێکەوە بۆ هەرێمێکی ترو گێڕانەوەی جیاوازە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی ترو کاریگەریی ویست، ئەندێشە، بیرو سەوداگەریی ئەو کەسانە بووە کە بۆ هەمیشە بوونەتە حەکایەتخوان و یان لە بۆنەیەکدا کەسانی تر دوای بیستنی ئەو چیرۆکانە بە دەستکاریکراوی خۆیان، یان باوەڕی تایبەتی خۆیان، کاتی گێڕانەوە، خەیاڵ و بیرێکی خۆیانیان تێ فرێدابێت، یان گۆڕانێکیان تێدا کردبێت و دەشێت شتیشیان لێ فرێدابێت.

## ٨

## پەند و پەندئامێزی
## لەناو چیرۆکی فۆلکلۆریدا

هەبوونی پەند لە چیرۆکەکانی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاسدا:
بابەتی (پەند) و (پەند ئامێزی)

لە چیرۆکەکانی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس و گشت چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانداو لە بەشە زارییەکانی تریشدا، تەوەرەیەکی بەپێزو پڕبایەخ، بەهادارو بەرفراوانە لە مەبەست و واتای گشتی و تایبەتیدا خۆ دەنوێنێت و وەک پێویستییەک بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکان بوون و تایبەتمەندیی خۆی دەسەلمێنێت...

پەند نابێت بەزۆرو نائاسایی بهێنرێت، یان بخرێتە ناو چیرۆک، داستان و ئەفسانەکانەوە بەڵکو دەبێت خۆرسک و سانا، (بەبێ بیرلێکردنەوە بۆ دروستکردن) یان (سەپاندن) لەلایەن گێڕەرەوەوە یان گروپێک، کەسێک یان دەزگایەکەوە یان بۆ مەبەستی (بوونی پەند) بئاخنرێتە دووتوێی سامانی فۆلکلۆری کوردیمانەوە.. چونکە بەو جۆرە دەبێتە هۆکارێکی پێچەوانەو دەقە ساناکە تێکدەدات و دەشێوێنێت...

لە بەرهەمە فۆلکلۆرییە زارییەکاندا ئێمە بە گەڕان و بەبێ مەبەست نایەینە ئاکاری پەندو پەندئامێزییەوە. هەندێک جار دەقەکە خۆی پەندە. جۆری تر هەیە لەناو دەقەکەدا وەک پێویستی و بەشێوەیەکی سروشتی هاتووەتە ناو کایەی دەقەکەوەو مەبەستی پەروەردەیی و شێوازو ڕەوشتسازی، کۆمەڵایەتی و، سۆزداری و لایەنەکانی تر دەپێکێت و هەرگیز لەناو دەقەکەدا نامۆو ناسروشت دەرناکەوێت و خۆ نانوێنێت.

دەقی فۆلکلۆری پێکهاتەیەکی زاریی زیندووە، لەگەڵ زیندەگیی ژیاوەی

روداوەکانی ژیانی مرۆڤ و دەوروبەرو سروشتدا دروست دەبێت. جاری وا هەیە بەهۆی لێکدانەوەی پەندێک یان ئەگەر دەقەکە دوورو درێژ بێت چەند پەندێک تیایدا بەکار هاتووە، مەبەستی لێکدراوەو لێدەرهێنراو دەردەخات و رادەگەیەنێت. جاری تریش هەیە کە سەرجەمی دەقەکە هەمووی دەبێستیت یان دەخوێنێتەوەو تەواوی دەکەیت، هێما ئامێز لە پەندو حیکمەتی ئەو دەقە تێدەگەیت و راستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بۆ واتاو مەبەست ئاڕاستە دەبێت.

لەدواییدا دەبێت ئەوەش بزانین کە دەق هەیە پێویستی بە پەند نییە. دەق هەیە شێواز، بابەت و پێکهاتەکەی لەو جۆرەیە کە پەندی ناوێت یان پەندی لەگەڵ ناگونجێت.

پەند خۆی دەقە یان دەچێتە ناودەقی تری فۆلکلۆریی کورت یان درێژەوە، بەڵام وەک پێویستی ئاوێتە بەو دارشتەیە دەبێت و ناتوانین لێی جیابکەینەوە چونکە لەوێدا میوان نییەو بەشێکە پابەندە بەگشتی بابەتەکەوە. هەر بەشەیان تەواوکەر و هاوتای ئەوی تریانن. هەندێکیشی لەگەڵ ئەو ئاوێتەبوونەشیدا بەتەنهاش دەگونجێت کورتە دەقەکە پەندێکی سەربەخۆ بێت.

لەگەڵ ئەو بایەخدارییانەی لەوە پێش لەبارەی بوونی پەندەوە ڕوونمان کردەوە، دەبێت ئەوەش لای هەموومان بسەلمێت کە نابێت هەبوونی پەند (وەک هەندێک بۆی چوون) لە هەموو دەقێکدا بە جێگیرو هەمیشەیی بزانرێت و وا چاوەڕوان بین هەبوونی پەند لە دەقە فۆلکلۆرییەکاندا پێویستییەکی بنەڕەتی و رەچەڵەکییە... بەڵکو دەشێت هەبێت و تیایدا بەکارهاتبێت و لەوانەشە دەقی زۆرو زەبەنگ هەبن بە هیچ جۆرێک پەندیان تیادا نەبێت و دارشتە دەقەکە واتا و پێکهاتەکەشی ساناو ئاسایی لە هیچیان کەم نەبێت...

ئەوەی لە زۆربەی چیرۆکەکاندا تێبینی دەکرێت پەند لە جێگەی خۆیدا و وەک پێویستیی بوون و سەلماندنی بیرۆکەیەک لەناو ناخ و ناوەرۆکی چیرۆکەکاندا بەکارهاتوون و بەبێ ئەوەی هەست بە زۆرەملێی بەکارهێنانەکە بکەین دێت و نائاسایی هەست بە بوونی ناکەین....

بەڵام لەو دەقەدا کە دیسان بەشە چیرۆکێکە لە تۆمارەکەی برای ڕێزدار – سەرچاوەی پێشوو لەیەک لاپەڕەدا، بەبێ پچڕانی زنجیرەکە، لە لاپەرە (٦٨) دا بەبێ کەم و زیاد، دەقەکە وەک خۆی لێرەدا دەنووسمەوە:

«جارێک پیاوێکی شەرمن و ژنەکەی کە ئامۆزای یەکتر بوون، هاتنە لای هەیاس. پیاوەکە بە هەیاسی گوت: ئەو شیرەو ئەو ئەسپەم کڕیوە. شیرەکە کولە (تیژ نییە) هیچ شتێک نابڕێت. کە سواری ئەسپەکەش دەبم توانای خۆڕاگرتنم نییە لەسەر پشتی ئەکەومە خوارەوە».

هەیاس گوتی:

**ئەگەر شمشێر میسری نەبێت هەر دارە**
**ژن ئەگەر ئامۆزا نەبێت هەر یارە**
**سوار ئەگەر سوار نەبێت هەر سوارە**

هەیاس سەیرێکی پیاوە شەرمنەکەی کرد گوتی:

**پیاوی شەرمن شانەیەک دێنێت**
**ئافرەتی شەرمن شارێک دێنێت**

لەدواییدا هەیاس رووی کردە ژنی پیاوەکەو گوتی:

**نە ئیشی نەبەدڵ**
**نە گریانی نەبەکوڵ**
**دامەنیشە لەژێر داری بێ گەڵاو گوڵ**

هەیاس دووبارە بێدەنگ بوو. دووبارە وتی:

**نە ماڵت لەبەر ماڵا بێت**

**نە ژنی برا گچکان بی**
**نەڕاوەستاوی سەر ڕێیان بی**
**نە کۆڵیشت لەبەر کۆڵان بی**

ژنی پیاوە شەرمنەکە بلوێرێکی دایە دەست هەیاس، مەبەستی خۆی هەبوو. کە هەیاس تەماشای بلوێرەکەی کرد، دیتی حەوت کونی هەیە، بە ژنەکەی گوت: ئەو بلوێرە حەوت کونی هەیە. هەر کونێک ئاوازێکی تایبەتی هەیە.

ژنەکە گوتی: ئافەرین هەیاس زۆر چاکت زانی.

ئالێرەدا بەناو چیرۆکەکە، کە یەکێک لەڕاستی روداو و چیرۆکەکانی کە لەسەر سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس تۆمار کراون.

ئێستە کەمێک لەم بێژراوە بە گفتوگۆیەک دەکۆڵینەوە:

(١) بەڵگەی ناوێت کە ئەمە چیرۆک نییە و بگرە رووداویش نییە. وتووێژە لەنێوان ژن و مێردێک (ئەگەر وابێت) و کەسایەتی هەیاسی خاسدا. بەڵام ئایا هەیاسی خاس لەو ئاستەدایە کە وتووێژی وەها لەگەڵ ئەم جووتە هاوسەرە لاوەدا بکات؟!

(٢) بە چیدا لەم گفتوگۆیەدا سەلما و بۆمان دەرکەوت کابرای مێرد شەرمنە؟!

هێچ هێمایەک بۆ دروستیی شەرمی ئەم مێردە بوونی نییە، لێرەشداو لەخۆوە ئایا هیچ هۆکارێک هەیە بۆ ئەو جۆرە وتووێژانە؟؟

ئاشکرایە پەیڤی شەرمنە تەنها بۆ ئەوە گوتراوە لەپیاوی شەرمن و ژنی شەرمن بدوێت و بەبێ ئەوەی پێویست بە بوونی هەبێت، ئەو پەندە بخزێنرێتە بابەتەکەوە.

(٣) پەندی یەکەمیش کە لە پێشەوەیدایە هێچ پێویستییەکی گرێی چیرۆک یان بۆنەیەک بۆ پەندو لە گفتوگۆکەدا نییە پێویست بکات لە چاکی و لەباری شمشێری جۆری میسر بدوێین. پەیڤی داریش (نابابەتی و خراپە). کەچی

نیوەی دووەمی پەندەکە پێچەوانەیەتی و (چاکە و بابەتییە)، ژن ئەگەر ئامۆزا نەبێت هەر یارە، چونکە ژنەکە ئامۆزای پیاوەکەیە. کەواتە بۆچی نیوەی نێگە بێت و نیوەکەی تری پۆزە بێت؟! ئەوە لێکدان و ئاوێتەکردنێکی نەشیاوە. هاتنی پەندەکەش تەنها هەر بۆ خستنەڕووی پەندێکە کە هیچ پەیوەندی بەرووداو یان چیرۆکێکەوە نییە.

(٤) هێنانی پەندی سێیەم (هەردوو باڵەکەشی) بەخۆڕایی هاتووە چونکە پەیوەندیی بە هیچ گفتوگۆیەکەوە نییە کە لەوەپێش هاتبێتە کایە. کەسێک لەوە پێش لە بەدڵبوون یان لە بەدڵنەبوون نەدواوە. نیوەکەی تریشی ئایا واتەی گریان دەبێت لە چییەوەو بۆچی هێنرابێت، جا وەرە گریانەکەش پێویست بکات و دەبێت بەکوڵ بێت. ئەی گوایە (دامەنیشە لەژێر داری بێ گەڵاو گوڵ) دەبێت چ پێویستی و بۆنەیەک هێنابێتی، ئەوە دەقی گفتوگۆکە، باوەڕناکەم کەسێک بڵێت بۆ دەرخستنی ئەو شتەیە لەو پارچەیەدا.

پەندی چوارەمیش کە لە چواربەشی جیای نیوەدێڕ پێکهاتووە، بێ سەرو بەرن، هیچ هۆو بۆنەیەک نییە بۆ هێنان و گوتنیان. هەر چواریشیان لەڕووی ناوەڕۆک و بابەتی (یەکەم چەندە کەوەو، دووەمیش لە پەیوەستی و پابەندێتی گفتوگۆ دروست کراوەتەوە نە بە دوور نە بەنزیک پێکەوە نالکێن و هەریەکە لەوی تر جیان و سەربەخۆن). خۆزگە یەکێتی (بیرو بابەت و خودی وتووێژەکە) پێوەبەستێک هەبوایە لەگەڵ یەکترو نزیکی بخستنایەتەوە.

(٥) کۆتایی یەکەشی لە پەندەکان خراپتر، ژنەکە بلوێرێک دەداتە دەست هەیاس، گوایە بۆ هەڵسەنگاندنی بلیمەتیی هەیاس. نازانین چ بۆنەو پێویستییەک ئەمە بەو ژنە دەکات ؟! ئایا هەیاس لەو ئاستەدایە ڕەمەکییەک کاری وەهای پێبکات؟!

پێناسی ئەم ژن و پیاوە دەبوایە (ژنەکە کەرۆکەو پیاوەکەش دەبەنگ بوونایە) ئەوەتا ئەم ژنە ساویلکەیە لەم گفتوگۆ ساردو سڕەدا، بە (هەیاسی خاوەن دەسەڵات و بلیمەتی کەسایەتی خۆی) وەک بە منداڵێکی کاڵو کرچ بڵێت، دەبێژێت: «ئافەرین هەیاس زۆر چاکتزانی...»

(٦) ئایا ئەو پەندە پێویستە؟

ئایا لە چیرۆکەکەدا سروشتی هاتووە یان ئاشکرا دیارە گێڕەرەوەیەک، هەر بۆ بوونی پەندو ئامۆژگاریکردن بەزۆر تێی ئاخنیوەو بیرو بابەتێکی نامۆیە؟

ئەوەتا لە هەمان سەرچاوەی کاک غەفوری مەلا حەکیمدا گوتراوە:

**نە مەلای بێدەنگ**

**نە پێلاوی تەنگ**

**نە خانەی بە جەنگ**

دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەمە لەناخی چیرۆکێکەوە هەڵنەقولاوە، رووداوێکی ساکارە، ویستراوە بەسەر هەیاسی خاسدا بسەپێنرێت، لەکاتێکدا هەمووان دەزانین هەڵوێستی هەیاسی خاس لە بوارە دەگمەن و بایەخدارەکاندا دەردەکەوێت و کە ئەنجام و چارەسەری گرفتەکانی پێ کۆتایی دێت.

کورتەی رووداوەکە (مەلایەکی بێ دەنگ دێت لە دوکانێک گوایە هەیاسی لێ دانیشتووە، جووتێ کەوش بۆ ژنەکەی دەکڕێت، یەکسەر دەیبات و بەبێ قسە دەڕوات. هەیاس دەڵێت من نارۆم چونکە ئێستا مەلا دەگەڕێتەوە کەوشەکە بچووکەو دەیهێنێتەوەو دەیگۆڕێتەوە..) هێندەی پێناچێت مەلا دەگەڕێتەوە چونکە ژنەکەی پێڵاوەکە تاقی دەکاتەوە و بچووک دەردەچێت.

دوکاندار بۆی دەگۆڕێتەوە، هەیاسی خاسیش ئەو پەندە دەبێژێت.

بەڕاستی لێرەدا دەبێت بەزەییمان بە هەیاسی دوڕناس و بلیمەتدا بێتەوە کە بۆچی وەها بێ نرخ کراوەو، پەندی کوردیش بۆچی دەبێت وەها بشێوێنرێت؟!

لە سەرێکی تریشەوە رەختەیی و رەسەنایەتی چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیمان چۆن بۆ رووداوی ساکارو بێ پێز کەرت و پەرت کرابێت؟!...

(٧) لە شوێنێکی تری هەمان سەرچاوەدا ئەم پەندە هاتووە. کە دیسانەوە رووداوێکی کاریگەرو ناخیی نەیهێناوەتە کایەی دروستبوونێکی وابەستە لە ئەنجامی بوونی پێداویستییەکی گەرم و گوڕ کە نەتوانرێت نەگوترێت، یان ئەو

بیرەی پێ نەسەلمێت...

ئاشکراو سانا دیارە هێنانەکەی تەنها بۆ پیاهەڵدانێکی ناسروشتی و نەشیاوە کە بۆ هەیاسی دوڕناس هەڵبەستراوە (ئیتر ئەو گێڕەرەوەیە هەر کەسێک بێت...) هەست بەنامۆیی پەندەکە دەکەیت لەگەڵ روداوەکەدا کە دەڵێت:

**نە ڕۆژی تۆزو با**

**نە پیاو روو لە با**

**نە ژنی پشت لە با**

ئاشکرایە ئەم نموونە جوانە تەنها بۆ ئەوە هێنراوەتەوە (کە چێژو سۆزەی بواری جوولێنەری سێکسی لێوە بەدی بکەین) و دراوەتە پاڵ هەیاس، ئەم جۆرە نموونانە ریزکردنێکی نائاساییین و لە فەلسەفەی هەیاسەوە دوورەو لەو شوێنەدا چیرۆکەکەش وەک پێویستییەکی سروشتی نایخوازێت.

## ئەنجام

یەکەم:

أ – سەلما یەک چیرۆک نەبوو.

ب – دەرکەوت رووداویش نەبوو.

ج – زانیمان پەندەکان هیچ پێداویستییەکی ژیانی و بابەتی نەیهێناون کە لە وتووێژە پچڕەکەدا سوودو حیکمەتێک هێنابنی و یان بیگەیەنێت.

د – هەموو لق و سەرجەمی پەندەکان یەکەیەکی یەکگرتووی بابەتیشیان نییە کە بەیەکەوە گرێیان بدات و وەک پێداویستییەکی یەکگرتووی دارشتنەکە بۆ ئەوەی واتا و مەبەستێکی دیاریکراویان پێ تەواو کرابێت.. کاتێک بۆ هۆکاری هاتنیان دەگەڕێیت هەست بە پێویستیی بوون یان هێنانیان ناکەیت.

دووەم:

هۆی ریزکردنی ئەم پەندانە تەنها بۆ هێنانەوەی چەند پەندێکی کوردییە.

تێئاخنینێکی زیادەو نا پێویستە. سروشتی بابەت و دەق نەیخواستوون. بێجگە لەوانەش پێکاندنی مەبەست و واتا، یان پەیوەندییان بە چیرۆکی هەیاس و سولّتانەوە نییەو نەیهێناون.

ئەم پەندانە بۆ درێژەپێدان، بوونی پەند رازاندنەوە، گەیاندنی هەندێک مەبەست هێنراون، ئەمەیە ئەو لایەنەی کە وەک بۆچوونێک خستوویانەتە ڕوو، گوتوومانە: (کاتی گوێزانەوەی دەق یان هەر بابەتێکی میللیی فۆلکلۆری و کەلەپووری لە شوێن، دەڤەر، ناوچەو هەرێم و پارچەیەکی خاکەکەمانەوە، لەلایەن کەسێکەوە یان چەند کەسێکەوە) لەلایەک و کاتی (گێڕانەوەو گوتنەوەی جارلەدوای جاری کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر) ئەو دوولایەنە بایەخدارە گەلێک جار دەبنە هۆی (زیادکردن، خستنە سەر، لێ کەمکردن و لێ فڕێدان، هەندێک جاریش گۆڕانکاری ڕوودەدات.. هتد).

ئەم دەستکارییانە گەلێک جار بێ مەبەستن و تەنها سەلیقە، خەیالّ و ئەندێشە، سۆزو ویستی کەسێکی بەهرەمەندی گێڕەرەوەی چیرۆک، شیعر، گۆرانی، پەندو نەستەقەکان و...هتد ئەو کارانەیان کردووە و چێژێکی تایبەتی خۆیانیان پێ تێرو پاراو کردووە.

جاری وەها هەبووە ئەو دەستکارییانە (هەرچەندە بە کارێکی نا ڕەوا و ناشایستە دەژمێردرێت، چونکە دەقی ڕەسەنی فۆلکلوری و کەلتووری دەبێت وەک خۆی چۆن بووە هەروەها تۆمار بکرێنەوەو بنووسرێنەوە...) شێوەیەکی سروشتیی، گونجاو و جوانی بەخۆیەوە دیوەو نەشازی پێوە نەبینراوە. هەشیانبووە تەنها بە زاری ناوچەیی، یان تێکەڵەیەک گوتراوەتەوە کە جیا بووە لەو ناوچەیەی یەکەم جار تیایدا لەدایک بووە... کارتێکەرییەکەی ڕووخێنەرو تێکدان نەبووە. بەڵام لەهەندێکی تردا، ئەگەر کەمیش بووبن، تێکدان و شێواندنی ئەو دەق و بەرهەمەی لێ کەوتووەتەوە.

لێرەدا فۆلکلۆرستان و توێژەران دەبێت ڕاستییەکان دەربخەن، ڕەسەنایەتی

زیندوو بکەنەوە، دەقە راستەکان بدۆزنەوەو بە بەراورد روونی بکەنەوە...

دەبێت ئەوە جێگیر بکرێت کە دەقی گوتراوی دەستکاری نەکراو وەک خۆی بهێلرێتەوەو بەهیچ جۆرێک و هەرگیزاو هەرگیز دەقی نەگۆڕ هیچ گۆڕین و دەستکارییەکی تیادا نەکرێت.

(٨) - بەلاّم کاتێک دەبینین پەندێک راستەوخۆ پابەندە بە بیری فەلسەفیی ناخی چیرۆکەکەوە، هەروەها لەگەلّ ریتمی رووداوەکاندا رێکوپێک گونجاوەو دەبێتە پێویستییەک بۆ سەلماندنی بیرو بۆچوونێکی تایبەتی، ئەوە کەس ناتوانێت بەرپەرچی بوونەکەی بداتەوە، یان رەت بکرێتەوە...

نموونەی ئەم جۆرە پەندە لە گەلێک چیرۆکدا بەئاسایی و رەسەنایەتی کەخۆی سروشتئاسا کە هاتوونەتە ناو چیرۆکەکانەوە زۆرن، بۆ نموونە لە چیرۆکی «سولّتان مەحموودو ناوچەوان» دا هاتنێکی ئاسایی و دەربڕەی سەلمێنەرە بۆ رووداو و بیرۆکەو رەوگردی تێبینی و ئەنجامی بۆچوونە جیاوازەکانی رۆحی و ماددی و بەرجەستەکانی ژیان و کەسێتییەکان...

ئاشەوان خۆی هەژارو بێدەست، بەرداشی هاڕینی گەنم و جۆ بیراز نەکراو و مزەئاش و دەستکەوتی کەم.

سولّتان مەحموود بە بیری رێژگاوی، بە دەسەلاّت و توانایی خۆی دەنازێت، بڕوای وایە کە دەتوانێت هەموو شتەکان و رووداوەکانیش کۆنترۆلّ بکات، وەک خۆی مەبەستێتی دابینی رسق و رۆزی خەلّکەکە بکات...

ئەوەتە ئەگەر رووداو بەرێکەوتیش بێت پلانی سولّتان تێکدەچێت و کار بە مەرامی ئەو نارەخسێت...

لەو کاتەی سولّتان دیاری خواردن و لیرەو زێڕ بۆ ئاشەوانی کەمدەست دەنێرێت بۆ مەبەستی گۆڕین و باشکردنی باری دارایی ئاشەوان، وەک دەلّێت «من رۆزیی ئاشەوان دەدەم...»، هەر لەو کاتەدا کابرایەکی رووت و رەجالّ دێتە بەردەمی ئاشەوان بە هاتوهاوار لە ئاشەوان دەپاڕێتەوە و تێیدەگەیەنێت کە مندالّەکانی برسین و لەتە نانێکی هەرزن و کالّیش نییە بیخۆن و وەختە لەبرساندا بمرن....

هانای بۆ ئاشەوان هێناوە فریای منداڵەکانی بکەوێت، ئاشەوانەکە ئەوەی بیـردەکـەوێتـەوە کـە دەرۆزەکـەریش دەرۆزەکـەری بـۆ دەبێت، دڵـی نـەرم دەبێت، لەسـەر حـاڵ و داروبـاری خـۆیدا، خـواردن و لیـرەو زێڕی نـاوەخـتـە کـە بە خـۆی بەخشراوە، بەبێ ئەوەی هەست بکات، بە هەژارەکە دەبەخشێت...

دواییش کـە لـە ڕووداوەکە دەگـات و بـۆی روون دەبێـتـەوە، وەک کـەسـێکی پڕبڕوا، پەشیمان نابێتەوەو زۆر بە ئاسایی وەڵامی سوڵتان مەحموود دەداتەوەو بە پەندێکی جوانی وابەستە دەڵێت:

**«گەر نەدات مەعبوود**

**چی بکات مەحموود؟!»**

ئەوەیە پەندێک کـە پڕاو پڕو ڕاسـتـەوخـۆ پابەند بێت بەناخ و ناوەرۆکی چیرۆکـەکەوە، کە لەگەڵ ڕووداوەکـاندا گونجاو بێت کە تیـایدا هەست بە هیچ نامۆیی و لاپرەسەنگییەک بکەیت...

## ٩
## سـولّـتان مەحـمـوود کـێیە ؟!...

تکایە با خـوێنەری بەڕێز سـەیری پاشکۆکـانی ژمـارە (دوو، سێ و ئەوانی تر) بکات کە چەند ئاماژەیەکی سەرپێیی تێدایە بۆ ئەم تەوەرەیە.

ئەگینا بۆ ئەو تەوەرەیە دەبێت لە زانستی فۆلکلۆری کوردییەوە شەقاوێک بۆ بابەت و بواری مێژوویی بپەڕێینەوە.

سـولّـتان مەحـمـوود کـێیە ؟!

من دەمـویست لە بنەچەو ڕەچەڵەکی ئەم سولّـتان مـەحـمـوودە بکۆڵـمەوە... بەڵام لەم کتێبەدا نەمتوانی ڕێ بەخۆم بدەم ئەو کارە بەدوور و درێژی بکەم...

١- ئەو کارە بۆ مێژوو نووسێک بە چاک و پێویستی دەزانم.

٢- لەم چیرۆکانەدا بەوجۆرە سەیری کەسێتی سولّـتان مەحمـوود دەکەم کە بووبێت بە کەسێکی (نیـمچە ئەفسانەیی). ئەندێشە خواست، بیروبۆچوونی (کەسان - گێڕەرەوەی چیرۆکەکـان و گوێزەرەوە)ی ئاوێتە بووە، مـۆرکـێکی تـایبـەتی بۆ دروست بـووە. بەقــوولّـی وردی بکەینەوە جــیــاوازی تیــادا دەبینینەوە...

٣- ئەو سەرچاوە کەمەی ئاماژەیـان بۆ ئەم کەسێتـییە کـردووە، شێوەیەکی زانسـتـیـیـان پێـوە دیارنیـیـە، چونکە شێـوازی خەمـڵاندنیـان پێـوە دیارە نەک تۆمارو توێژینەوەی زانستیی لێکۆڵراوە لە ناخی بارودۆخەکانی ئەم سەردەمە.

٤- لە هەمبانە بۆرینەدا:

سولّـتان: بەواتای (سان: پادشا) و (ئەسکوند) لێکدراوەتەوە.

٥- لە (المنجد)ی عەرەبیدا بەم جۆرانە ئاماژە کراوە:

أ- السلطة: الملك: القدرة.

دەسەڵات: شا: توانایی.
ب - السلطان: الحجه
سوڵتان : بەهانە: بەڵگە: باوەڕدار (باوەڕپێدراو)
ج - کە دەڵێیت: لە سلطان مبين:
بەواتای: دەسەڵاتێکی ئاشکرای هەیە.
یان: دەسەڵاتێکی دیاری هەیە.
: حجە: بەڵگە: بەهانە.
: التسلط والقدره: سەپاندن و توانایی
: الملک: سلاطين
شا (پاشاکە): سوڵتانەکان
د - السلاطين: اسم يطلق عند المسيحيين على صنف من مصاف الملائكه.

## سوڵتانەکان

سوڵتان:
ناوێکە لای دیانەکانی (گاورەکان) کە جۆرێک لە جۆرەکانی (مەلەک) مەلائیکە دەنوێنێت.
سلطاناباد: سلتانئاباد. مدينه فى ايران: شارێکە لە ئێران.
السلطانيه. مدينة في العراق العجمي(٢) (ايران)
سولتانیية: شارێکە لە عێراقی عەجەمی (ئێران).
فيها تربة امبراطور المغول الجيتو (١٣٠٩ - ١٣١٣) وهي من اجمل وافخم ماشيد من البنايات في بلاد ايران بعد الفتح العثماني.
ئەم شارە مەزاری ئیمپراتوری مەغول (جیتۆ)ی تێدایە (١٣٠٩ -

١٣١٣) بەجوانترین و گەورەترین خانوو دادەنرێت کە دوای داگیرکردنەکانی عوسمانی دروست کراوە.

هـ - محمود الغزنوي:

(٩٦٧ - ١٠٣٠) من عظام رجال التأريخ الاسلامي.

فتح خزنة (افغانستان).

حمل بالحرب الي الهند وادخل فيها الدين الاسلامي فدعا العلماو والادباء.

واتاکەی:

مەحموودی خەزنەوی.

(٩٦٧ - ١٠٣٠) یەکێکە لە پیاوە بزورگەکانی ئیسلام.

خەزنەی (ئەفغانستان)ی داگیر کرد.

بەشەڕ هێرشی کردە سەر هیند و ئایینی ئیسلامی خستە ناویانەوە. بایەخی بە زاناو ئەدیبان دا.

٦ - ئایا ئەم سوڵتان مەحموودەی هەموو چیرۆکەکان هەر ئەو سوڵتان مەحموودەی خەزنەیە ؟! چونکە سوڵتان مەحموودی تریش هەبووە.

٧ - لە گشت ئەم چیرۆکە فۆلکلۆرییە کوردییانەدا، سوڵتان تەنها بایەخی بە (هەیاس)ی (خاس و دوڕناس) داوە، لە هەمووشیاندا سەلماوە کە تەنها بۆ مەبەستی بەرژەوەندیی خۆیی و پاراستنی تەخت و بەختەکەی ئەوەی کردووە.

٨ - لە یەک چیرۆکدا تەنها ئاماژەیەکی تیادا نییە نەک بیسەلمێنێت، بەڵکو دەری بخات لایەکی بەلای زانایەک یان ئەدیبێکدا کردبێتەوە. لە گەشتی دیارو ئاشکرای ئەم چیرۆکانەدا سەرکەوتوویی، پاکی، چاکی و پیاوەتی هەر لە هەیاسی خاس وەشاوەتەوە. ئەم کەسایەتییە کوردە، سەرباشقەی هەموو لایەنە درەوشاوەکانی ژیان و دەسەڵاتی رەواو دادپەروەرانەی ئەو سەردەمە بووەو هەڵوێستە چاکەکان هەر لەوەوە سەری

هەڵداوە نەک لە سوڵتان مەحموودەوە.

بەرامبەر بەوەی لە هەندێک سەرچاوەی کۆندا پیاهەڵدانی زۆر بەسەر سوڵتان مەحمووددا گوتراوەو هەڵدراوە، بەراورد لەگەڵ ناو و ناوەرۆکی ئەم چیرۆکانەدا، بکرێت، پێچەوانەی ئەم بۆچوونانە دەردەخەن، دەبێت بیری زۆری لێ بکرێتەوە بۆئەوەی راستی دەربکەوێت. ئەوەش کارێکی گرانە و سەرچاوەی روونی بەدەستەوە نییە و کاری مێژوو نووسانە.

ئەگەر هیچ نەبێت کاریگەریی دەسەڵاتی داگیرکاری و دژە کورد بەسەدان و بە هەزاران کارو کاردانەوەی رووداوەکانی گۆڕیوەو ساختەی تیادا کراوە... پێشێلی راستییەکان کراوەو جوانییەکان کراون بەژێرەوە بۆ ئەوەی سەروەری بۆ سوڵتان بسەپێنرێت. (دیارە بە درێژایی مێژووی داگیرکاری ئەوە کاری دەسەڵات و ملهوڕی بووە).

گێڕانەوەی مێژوویی پتر لە هەزار ساڵی بەسەرهات و رووداوەکانی دەسەڵاتی کۆنی رۆم و عەجەم، کاروانەی بەرایی دوای ئەوانەی شەڕو شۆڕش و دامرکاندنەوەی عەرەب، تورک و فارس بە ئاشتی و شەڕەوە، بێبەریکردنی کورد لە هەموو سەرێکەوە ئەو ڕاستییانە دەسەلمێنن.

ئایا داگیرکەران و دیکتاتۆرەکان بە چەندێتی و چۆنایەتی، چەندین سەروەریی نارەواو ناڕاستیان لە مێژوودا بۆخۆیان تۆمار نەکردووە؟! یان ئەڵقە لەگوێ و نۆکەران گەلێک جار بەدرۆ بۆیان دروست نەکردوون و بەنارەوا و شانامەی هەمە جۆریان بۆ هەڵنەبەستوون؟!

بەم جۆرە دێینەوە سەر دوو لایەن:

یەکەم: ناوەرۆکی چیرۆکەکان.

دووەم: سەرچاوە فەرمییە تەقلیدییە پفهەڵدراوەکان

کە راستەوخۆ پابەندبوون بە پیرۆزکردنی نابابەتیی کەسایەتی شا، میر، سوڵتان و، گەورە پیاو، بەرەو پیاو و خواردەستی دەسەڵاتدارەکانی ئیسلام، بەڵام دوور لە جەماوەرو گەل و ژێردەستە و کۆیلەو هەژارە داگیرکراوەکان...

دوور لە بارو بواری راستەقینەی رووداوەکان... دوور لە برسێتی، هەژاری،

کوشتوبڕو قڕکردنیان...

چونکە ئەوانە ئامادەکراو و دانراو بوون بۆ پتر بەردەوامبوونی دەسەڵاتی داگیرکاران و سەپاندنی ناڕەوایی بەسەر کۆمەڵانی خەڵکەوە... لە دێر زەمانەوە هەتا ئێستەش نەریتی کوشتنی دادپەروەری، ماف و مرۆڤخوازی بەرامبەر مرۆیەتی هەر بەردەوامەو لە مێژووی کۆن و نوێیدا (بتی زیندوو نازیندوو، لە شێوازی خوداوەندیدا) دروست کراوە، سەپێنراوەو حوکمی ژێردەستکردن و چەوساندنەوەو مانەوە وەک فەرمانی خوداوەندی، داسەپاوە بۆ ماوەی دوورو درێژ بۆیان پیرۆز کراوە... کەسی ڕەتکەرەوەش کافرەو دەبێت قەڵاچۆ بکرێت و دۆزەخ جێگەی بێت...

ئەگەر شاڵاوی داگیرکاری و مێژووی شەڕو شەڕەکان بخوێنینەوە تاوانەکان خۆیان هاوار دەکەن، مێژوویەکی نادروست و پڕ شەرمەزاری بۆ دوژمنانی مرۆڤایەتی و ئەم میللەتە بە زەقی دەردەکەوێتەوە.

## ١٠
## جیاوازیی گێڕانەوەکانی چیرۆکی

### «خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە»

ئێمە لە چەند بابەتێکدا ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە کە لە (گێڕانەوەو گوێزانەوە)ی ئەفسانەو چیرۆکە ئاسایی و داستانە فۆلکلۆرییەکاندا، بۆ هەمان بابەت لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر ئەو جیاوازییە (کەم بێت یان زۆر) دەبینین و هەستپێدەکەین، ئەوەش بووە بە دیاردەیەک ئەگەر دووبارە بووەوە.

بۆ نموونە لە چەند دەقێکی ئەو چیرۆکەی سەرەوەدا سەبارەت بە (هۆی) ئەو پەلپە نادادپەروەرانەیەی وەک شەرێک کە سوڵتان مەحموود بەکابرای دارتاشی فرۆشت کە هەتا بەیانی حەوت گوێنی ئاردە داری بۆ ئامادە نەکات لەسەری دەدات و لەناوی دەبات، لە (دە) فۆلکلۆرستم پرسی هەریەکە هۆکارەکەی بەجۆرێک لێکدەدایەوە. هەشیانبوو هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو.

وەڵامەکانیش لەم بیرۆکانەدا خۆی دەبینییەوە:

١ - کابرای دارتاش کچێکی جوانی هەبوو، سوڵتان داوای کردووە، دارتاش نەیداوەتێ.

٢ - سوڵتان مەحموود خوشکێکی هەبووە، ویستوویەتی ئەم دارتاشە بلیمەتە بیهێنێت قایلنەبوو خوشکی سوڵتان بیبێتە هاوسەری، ئەویش ویستوویەتی بەو جۆرە تۆڵەی لێ بکاتەوە.

٣ - سوڵتان ویستوویەتی بەو فێڵە لەناوی ببات و ژنی دارتاش دوایی بۆخۆی داگیر بکات، چونکە ژنەکەی زۆر جوان دەبێت و شەیدای دەبێت.

٤ - منیش دەڵێم زۆردار، داگیرکەر، دەسەڵاتداری چاوچوو ناپەسەند هەردەم بۆ کاری خراپ و شەڕخوازی، گەلێک جار بۆ رشتنی ژەنگ و ژاری ناخی چەپەڵی خۆی چی بە مێشکی پیسیدا هات دەیکات و ئەوجەی بە

هۆکارو بەهانە نییە، گرنگ ئەوەیە کرمی دڵی خۆی پێ بمرێنێت...

٥ – لە گێڕانەوەی تردا دارتاش خوشکێکی جوانی هەیە سوڵتان حەزی لێ دەکات ئەوان قاییل نابن بیدەن بەسوڵتانی پیرەک.

٦ – گێڕانەوەیەک دەڵێت سوڵتان لەبەر هەیوانی کۆشکی خۆیەوە جوانە ژنی دارتاش دەبینێت و حەیرانی دەبێت.

٧ – لە چیرۆکێکی تردا سوڵتان، ژنی دارتاش لە بەردەمی حەمامدا دەبینێت و شەیدای دەبێت.

هەروەها بەجۆری تریش.. کاریگەریی گێڕانەوەو گوێزانەوەی کەس و شوێنی جیاواز دەردەکەون و ڕوون دەبنەوە.

## ١١
## نـاو
## له چیرۆکەکانی هەیاسی خاس
## و
## سوڵـتان مەحموود - دا

ئەوەی من له خوێندنەوە، بیستن و گێڕانەوەکاندا تێبینی و هەستم پێکردووە ئەوەیە که لەو چیرۆکانەدا (ناو) زۆر کەم بەکارهاتوون و له پەنجەی یەک دەست تێناپەڕن و کارێکتەرەکانی تر به تاک و به کۆمەڵ، بێدەنگ و لەسەرخۆ له ڕووداوەکاندا بەرجەسته دەبن.

ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکان بەکاریگەریی سوڵتان، هەیاس، وەزیری دەسته چەپ و یەک دووکەسی بێ ناو و خەڵک و کۆمەڵن و هەر بەو جۆرەش دووباره دەبنەوە.

تەنها له کتێبەکەی برای بەڕێز (غەفوور مەلا حەکیم)دا نەبێت که بەپێچەوانەی ریتم و شێوازی ئەو چیرۆکانە، ناوێکی فرەیان تیادا هاتووە که ئەمە پوختەی ناوەکانن:

(مام ئۆمەر، شاهۆ، نەخشین، قەتۆ، نیگار، حەسەن مەمەند، حەسەن مەیمەنی، حەسەن مەمی، لاس (گوایه برای هەیاسه)، پەریخان، ئامە، فاتە، ئەرسەلان شالیاری سوڵتان، کاکه سووری پێڵاو فرۆش، مارف، مەلاژن، یۆڵدز، وەستا نەجمی ئاشەوان، لالۆ بەرخۆ، نەشمیل و......هتد)

که ڕاستییەکەی له شێوازی چیرۆکه کۆنەکانی هەیاس و سوڵتان مەحموود بەدەرن و سەرنج بۆ پێکهاتەیی و نووسینەوەی لەم جۆرە ڕادەکێشێت.

بەرامبەر بەمە چەند پرسیارێک خۆی هەڵدەقورتێنێت:

١ - ئەم هەموو ناوە لەکوێوە هاتوون؟! بۆچی هێنراون؟!

٢ - هەندێک له ناوەکان له نووسینەوەدا ناوی (نوێ) بەکارهاتوون و له

ناوی کۆن و دێرین ناچن. ئایا ئەمە چۆن و بۆچی وەهایان لێ بەسەر هاتووە ؟!
ئایا هەتا چ رادەیەک پەیوەندی بەکارتێکەریی گێڕانەوە لە (کەسێک بۆ کەسێکی تر) و گوێزانەوە (لە شوێنێکەوە بۆ جێیەکی تر)ەوە هەیە؟!.. ئایا ئەو ناوانە هێنراوی دروستکراوی نوێ نین؟!

٣ - لێرەدا من بایەخی لێ توێژینەوەو بەدواداچوونی قووڵ و بەرفراوانتر بۆ ساخکردنەوەی راستییە مێژوویی و فۆلکلۆرییەکان بە پێویست دادەنێم... هەر لێرەشەوە کە من ئەم کارە پیرۆزەم دەست پێکردووەو ئەوپەڕی بایەخم پێداوە، کە دەبوایە سالآنێکی زۆر لەمە پێشتر ئەم ئەرکە نەتەوەییە پیرۆزە وەک پێویست ئەنجام بدرایە.

بەتایبەتی یەکەم دوای بڕیارە بەهادارەکانی کۆنگرەی یەکەم و دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە لە هاوینی سالآنی (١٩٥٩، ١٩٦٠)دا و دووەمیشی دوای دەرکردنی کتێبێکی (سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە) و سێیەمیش گۆڤاری (بڵێسە) وە کە من خۆم دەورێکی گەرموگوڕی خۆبەختکەرم تیایاندا هەبووە (لەگەڵ مامۆستا نەتەوەو نیشتمانپەروەرەکانی تری ئەو سەردەمە زێڕینەی بەتایبەتی پێش ساڵی ١٩٦٣ کە ئێمەی تیادا دەربەدەر، پەرتەوازە کراین و تووشی گرتن و دوورخستنەوەو جۆرەها ئەشکەنجەدانی بەعس و نەتەوەییە رەگەزپەرستە دەمڕەشە شۆڤێنیستەکان کراین...

ئێمە ماوەیەکی دوورو درێژ لە ئەرکی پیرۆزی کەلەپووری و فۆلکلۆری دوور خراینەوە... لەولاشەوە رژێمە یەک لەدوا یەکەکانی هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان، بەپێی پلانی داگیرکارانەیان، وەک لەسەری رێککەوتبن دژەکاری فەوتان و لەناوبردنی مرۆڤ و کەلەپووری کورد ئەنجام بدەن دواییش هەر بەردەوام بوون، گەلیان دەچەوسانەوە، نیشتیمانپەروەرانیان راودەنا، گوندیان دەڕووخاندو خاپووریان دەکردن و بەهەمە جۆر پیلانی گلآویان دانیشتووانی رەسەنیی گوندەکانیان لەسەر خاک و ئاو و زێدی باو و باپیرانیان هەڵدەکەندو بۆ ئەو جێگەیانەی، زۆرە ملێکۆچ و ڕەویان پێدەکردن

که خۆیان ئامادەیان کردبوو مەبەستیان بوو...

بەهەموو ئەوانەو بەئاگرو ئاسن شوێنەوار، کلتوور، دابونەریتی خ لۆراسکی خۆیان دووریان دەخستنەوە.. پاشماوە دێرینەکانی وە (روانگە، مەردەک، ئوسترلاب، شوێنپێگە، کەڵەکە بەردی نیشانکەر، کەلا، قەڵا، گەورەدار، بازەگە، تیلە شاخ، لووتکە شاخ، قەڵات، جۆگەو جۆبار، کانی، ئاشی ئاو...) و بەدەیان هۆکاری تر کە وەک ئامێری نیشانکەرو ئاماژە پێکەر لە پرۆژە پڕ بەها دێرینەکانی کوردستان، پابەند بە فەلسەفەی کۆنی کوردەوارییەوە دادەهات و مرۆڤی کۆنی کورد، لە ڕێژنەی شارستانێتی خۆیدا لە (ئەستێرەناسی، ژمێرگەری، ئاودێری، زانینی کژە، ئەستێڵک، کارێزی ژێر زەوی، سارداو، کەش، باران و بەفرباربن، هەڵکردنی با و شوێن و جۆرەکانی، ساردی و گەرمی، کات و جۆری تۆو وەشاندن، هەڵگرتنەوەی بەروبوومی رووەکیی و کشتکاریی، چلە و وەرزەکان، کاروان و گەشت، ئاژەڵداری و گەرمیان و کوێستانی رەوەندی کورد... هتد) دەگرێتەوە. دوایی کە گەلێک شتی تر دەگرێتەوەو ئەمانەن (دوژمنکاریی داگیرکەرانی کوردستان لە شۆڤێنیستە نەتەوەییەکان و بەرپرس و پیاوانی رژێمە لەدوایەکەکانی عەرەب، تورک و فارس، ئیمپریالیستەکانیش سالانێکی دوورو درێژ لەگەڵیاندا بە هەموویان زەبری گەورەو هەوڵی بەهێزو بێشوماریان داوە بۆ لەناوبردنی (کرۆک، سیما، تیرەی دیاردەکانی شارستانێتی و رەگی زیندووی کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی کورد)مان...

ئەمانە هێمایەک بوون بۆ کاریگەریی هۆیەکانی ئەو لەناوبردن، تێکچوون و شێواندنانەی (وەکو نموونەیەک کە لێی دواوین) لە چیرۆک، هۆنراوەو... پاشماوەکانی بابەت و بوارەکانی کەلەپوورو فۆلکلۆری کوردیدا، کە ئەنجامی دەسەڵاتی داگیرکارانی کوردستان و شێوازی دوژمنکارانەو لەناوبەرانەیان کردوویانەو روویداوە...

دەبێت ئەوەش بڵێم خوراگری، بزورگی و رەسەنایەتی، رەگ و بنەچەی قایمی، چەندین هۆکاری بوونی نیشتیمان و خاک، دیرۆکی مێژوویی، زمان،

پابەندی پەیوەندی و پێـــوەبەســـتـــەی کـــۆمـــەڵایەتی و بەڕێوبەری نەریتـــە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـان، رەخـتـەیی و ئابووری و سـامـانی کـوردسـتـان، پشت بەخـۆبەسـتـەیی و خۆژێنی مـرۆڤی کورد و چەندین هۆکاری تری وەک شـەقڵ و بیری فەلسەفەی کوردایەتی (کە چەمکێکی هەرە بەهاداره) بەرامبەر بە ژیان و گونجانی لەگەڵ وەرچەرخان، گۆڕان و کارەساتەکاندا... و ئەم جۆرە خەسڵەت، تایبەتمەندی و دیاردە تایبەتییانە نەبوونایە (کە لەوانەیە لە هی تردا نەبێت..) ئێسـتـە لەوانە بوو ئێـمـەش وەک گەلە نازیندووەکـان خـراپـتـرمـان لێ بەسـەر بهـاتـایە... ئا لێـرەوەیە من کـاری گـۆڕین و بـوونی جـیـاوازی لە (ناو و ناوەرۆک)ی سـامـانی زاریی گەلی و نەتەوەییـمـان بەدیاردەیەکی سـروشـتی و ئاسایی دادەنێم... چەندین هۆی کارتێکەر تیایدا کاریگەرەو هەرچەمک و لق و بابەتێک بۆ خۆی بە جیا و سەربەخۆ، بۆ دەرخستن و دۆزینەوەی راستییەکان پێویستییان بەلێتوێژینەوەی قووڵ، فراوان و تایبەتی هەیە...

# ئافرەت
# لە چیرۆکەکانی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاسدا

لەم چیرۆکانەدا (ژن و کچ) دەوری سروشتیی خۆیان دەبینن، بەچاک و خراپەوە... بە زیرەکی و نازیرەکییەوە، ژن و کچی زەبەنگ، بیرتیژ، خاوەن هەڵوێست، باوەڕی جوان و سووربوون و خۆبەستە بەنەگۆڕیی خۆیەوە.... نەک نموونەیەک بەڵکو چەندین نموونە هەن... بەڵێ لە یەکێک لە چیرۆکەکاندا تێشکانێکی خراپ تووشی ژن هاتووە کە دەیەوێت مێردی خۆی بەجێ بهێڵێت و پیاوێکی تری خۆشبوێت، ئەمە لێرەدا مافی خۆیەتی بەجۆرێکی ئاسایی هێمن و ئاشتیخوازانە لەسەر جیابوونەوە ڕێکبکەون.... کەچی ژنەکە تووشی بیرێکی پەشێو دەبێت، دەورێکی لاواز دەبینێت و مێشک و دڵ و دەروونی تێکدەچێت و ئاسایی ناڕوات، لەژێر تاقیکردنەوەی دۆستەکەیدا دەرناچێت، لەبریتی هەنگاونانی ژیرانە بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو مێردەی بەدڵی نییە سەری لێ تێکدەچێت. بەجۆرێک دەشێوێت خۆی تووشی تاوان دەکات، مێردەکەی خۆی بەسەربڕین دەکوژێت و لەسەر ئەو کارە ناپەسەندو نا ڕەوایە کە دەیکات، بەڵێ هەر لەسەر ئەوە دۆستەکەی دڵی لێیگۆڕی و لە تۆڵەی ئەو تاوانەدا بەجێی هێشت و ئەوەی کردە بیانوو کە نەدەبوو لە بەرامبەر خۆشەویستییدا تاوان بکات. ئەم کارە ناڕەوایەی دایەوە بەڕوویدا، پێیگوت ئەمڕۆ بەرامبەری مێردەکەی ئەو تاوانەی کرد، سبەینێ بەرامبەر بەویش خراپتر دەکات. ئەم ڕووداوەو ئەو بڕیارە پتەوە ئەوە دەسەلمێنن کە کورد لەوپەڕی پەیوەندی و دۆستایەتی و خۆشەویستیدا و قوربانیدانی دوو خۆشەویست بۆ یەکتری نابێت بەشێوازی شەڕەنگێزیی، دەستدرێژی و تاوان هەوڵبدەن ویست و ئارەزووەکانی خۆیان بەڕێگەو ڕێبازی نامرۆڤانەی ناشایستە جێبەجێ بکات. ئەوەتا دۆست و خۆشەویستەکەشی کە وازی لێ دەهێنێت و بەناکامی و هیوا بڕاوی وەک جۆرێک لە تۆڵە لێکردنەوە. لەگەڵ بوونی خۆشەویستییەکانی جارانی لەوە پێش

لەگەڵیدا...، وەک سزایەکی سەخت بە ناهەمواریتی بەجێی دەهێڵێت... خۆشەویستییەکەی خۆشی دەکاتە قوربانی پاراستنی پاکی، راستی، دادپەروەری و مرۆڤپەروەریدا؟! ئەمە ئایدیا، بیروباوەڕ، ئەزموون و وانەی ژیاریی کوردایەتییە لە دووتوێی رووداوی ناو چیرۆکە میللییە خۆماڵییەکاندا. لەولاشەوە میری فەرمانی لێپێچانەوەو دادپەروەری بۆ دەردەکات کە بیگرێت و دادگایی بکرێت. خۆیشی لە خۆشەویستی و بەزەیی هەمووان بێبەری دەبێت. بەڵام لەولاوە، لە نموونەی زۆرینەیەکی تری ئافرەتان، ژنان و کچاندا، لە هەمەجۆر هەڵوێست، ئەزموون و تاقیکردنەوەدا دەوری جوان، سەرکەوتوو، راستی و دروستی جیاوازیی پاکێتی پاکیزەیی چاکیان تیادا دەرکەوتووە... لەوانەش گرنگتر ئەوەیە لەبیر، لێکدانەوەی ژیرانە، هەڵوێست و بڕیاردا (شای پەریان لە سوڵتان مەحموود و وەزیری دەستە چەپ و راوێژکارانی سوڵتان ژیرترو راستگۆترو بەبڕیارو هەڵوێست چاکترو راستتر بوو) (کچ لە باوک و لە سوڵتان زیرەکترو ئاقڵمەندتر بوو)...

هەروەها کچ لە هەڵبژاردنی هاوسەری گونجاو و بەدڵ. کەواتە دوای تاقیکردنەوەو ئەزموونەکانی سەلماوە کە چاکێتی، زیرەکی، بلیمەتی و کارکردەیی لە ژنیش و لە پیاویشدا لە کچ و کوڕیشدا پێچەوانەکانیشیان بەلای کەم و کوڕیدا هەر هەیەو ئەگەر لایەک پارسەنگی لە بوارێکدا یان لە شتێکدا بەسەر لاکەی تردا بشکێتەوە، ئەوا بێگومان لایەکەی تر و لە سەرێکی ترەوە پێشی لایەکەی تر دەکەوێتەوە... پیاچوونەوە بەچیرۆکەکاندا (هەیاسی خاس و کچێکی زانای، جوتیارو خۆشیی ژنەکەی، هەیاسی خاس و گەورە کچێکی خاس و خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە... هتد) تەواوی ئەو بۆچوونانە ساغ دەکەنەوەو دەیسەلمێنن: دیارە کاری توێژینەوەی (بەراورد) لەنێوان ئافرەت و پیاو، ژن و مێرد، کوڕو کچ، نێرو مێدا لێکۆڵینەوەی وردو دوورودرێژی زانستییانەی لەسەرە، ئەم کارە لەم سەردەمی نوێی تەکنەلۆجیاو زانستەدا هەر بەردەوامیش دەبێت... ئەنجامەکانی کارکردن، هاوژینیی بەشداریی ژن و پیاو (بەواتای نێرو مێ) لە وەرچەرخانی دنیای نوێی گەشەکردوودا گەلێک لە بیرو باوەڕە پواوە کۆنەپەرستانە و دواکەوتووەکانی گۆڕیوەو لە دەرخستنی تواناو ژیری و کارکردەیی ژناندا عەقڵی سەپاوی مێرد سالاری هەتا رادەیەکی زۆر هەڵتەکاندووە. ژنان

کـارو بـەرهەم لە لادێ و گـوندو لای رەوەندی کـورد هەر زۆرتـریش توانا ، بزاوتنی چالاکانەو بەهەڵمەتی ئافرەتانی لە کوردستانی ئێمەدا دەرخستووەو ، دەتوانم بڵێم بەرزی و رەندی، کارامەیی و خاسی، سەنگینی و کارگوزاریی ئافرەتی کوردی لە لادێ و لە شار بۆ هەمیشە سەلماندووەتەوە.

١- بۆ ئەم بابەتە سەیری ئەم سەرچاوانە کراوە:

١- تمثـيـل و مـثل - جلد دوم - گـرد أوردنده و پژوهشگر: احـمـد وکـیـلیـان، سروشی اهران ١٣٧٥ - ص ٩٥ - ٩٦ - ٩٧، فرهنگ دکتـر معين ٦ جلد تهران ١٣٧٥ - بەداداچوونی د. محمد نوری عارف.

٢- ل ٢٧٢ سەرچاوەکە، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە تأريخ بيهقی، تصنيف جواحيه أبو الفضل محمدين حسين بيهقی - ص ٦٥٤ - ٩٥٥، ١٣٧٣- انتشارات مهتاب.

(١) - هەندێک جار بەرخیش دەبڕرێتـەوە. بڕینەوەی مەڕو بەرخ لە بەهارێکی زوودا دەبێت. هەموو بەرخێک نابڕێتـەوە بەرخی (پاییـزە: پاییـزی) کـە زوو لەدایک بوو بەرگنەکەی بۆ بڕینەوە دەستدەدات.

(١) - بی: ببی: ببـێت: بی بە: ببـێت بە، بی بەپرد: (دارشـتـەیەکی زاریی ناتەواوە.)

ببێت بە پرد: (ئێستە هاوکێشەکە تەواوە.)

٢ العراق العجمی (ایران): (العجمی) یان (الأعجمی) لای عەرەبە نەتەوەییيە رەگەز پەرستەکان بەواتای (ناعەرەب) بەکـاری دەهێنن، بەڵام خاکـەکەی بە مـولکی عـەرەب دادەنێن. دوای دابەشکردنی خـاکی کـوردسـتـان، رەگەزپەرستەکان هەریەکە ئەو پارچەیەی کە بەری کەوتووە بەکوردستانیان دانەناوەو ئەو زاراوەیەشیان بۆ (کورد، فارس و کەسانی تری غەیری عەرەب داناوە). وڵاتەکەشیان بەبەشێک لە خاکی خۆیانیان داناوە. هەروەها لە بیروبۆچوونی داگیرکاریی سەردەمانێکدا عەجەم (عەجەمی: الأعجمی) کە کوردو فـارسی دەگـرتەوە. بەڵام دوایی (عـەجـەم) هەر تەنهـا بۆ (فـارس) بەکـارهات و (کـورد)یشی لی جـیـا کـرایەوەو لێی دەرهێنرا. کـورد کـوردەو عەجەمیش فارس.

«وەرگێڕ»

**سەرچاوە**

(١) گەوهەری دێرینە – چیرۆک و لێدوان- محەممەد ساڵح سەعید.
(٢) سەرنجێک لەدەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە- لیژنەیەک – بەشداری محەممەد ساڵح سەعید.
(٣) مامەخەمە – چیرۆک و لێدوان- محەممەد ساڵح سەعید.
(٤) دەستنووسە کەلەپووری و فۆلکلۆرییەکانم.
(٥) کۆڤاری بلێسە – یازدە ژمارە- لیژنە- بەر پرس و سکرتێری نووسینی ئەم کۆڤارە بووم.
(٦) گۆڤاری کەلەپووری کورد – لیژنە- محەممەد ساڵح سەعید- وەک بەڕێوبەری نووسین – محەممەد مەردان مەجید- سەر نووسەر. { ژمارە – ٤ – ٨ – ١٠ } بیست ژمارەی لێ دەرچووە.
(٧) کەشتی نووحی مامۆستا نەجمەدین مەلا.
(٨) کوڕە کەچەڵە و چەند پارچە شیعری فۆلکلۆری – تاریق سدیق حەمە ئەمین.
(٩) پەندی کوردی – عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی.
(١٠) سلطان محمود غزنوی o.wikipeia- ئەنترنیت.
(١١) ژمارە(٣) گۆڤاری ئەکادیمی -ل ٢٦٧-٢٧٢ د.محمد نوری عارف (کورتە ڕابوردوویێکی چەند بەندو وتەیەکی) {گرد یران ٦٩ بە فارسی} و {عبد الحمید سجادی ل ٢١٣-٢١٤ بە فارسی}{تمثیل و مثل-جلد ٢- أحمد و کیلیان، فەرهنگ دکتر.معین ٦جلد تەهران ١٣٧٥-بەدواداچوونی د.محمد نوری عارف} {تأریخی بیهقی ص ٦٥٤ أبو الفضل}.
(١٢) ویگی بدیا- دانشنامەی ئازاد- جستجو {ل١٧٤} -ئەنترنیت.
(١٣) لاپەڕە ١٧٥-١٧٦{مێژوی گشتیی عباس ئیقبال – شاهیدی بازان دەربارەی شاهانی غەزنەوی.
(١٤) هەڵبژاردەیەک لە چیروکی فۆلکلوری کوردی- فاررووق حەفید(ل ١٩٧-٢٠٠).
(١٥) غەفووری مەلا حەکیم – هەیاسی دوڕناس و سوڵتان مەحموود خەزنەوی ل ١٩١.
(١٦) حاجی ئەحمەدقادر سلێمان گرگاشە- مەلا عەزیزی مەڵکەندی- حاجی حەبیب شەریف حەسەن گلباخی- حاجی سەعید مەجید، وێنەی سەر بە پێنجوین- حاجی ئامینە حەسەن محەمەد شیوەکەڵی- رەعنا سووری مەڵکەندی- مامۆستا عومەری عەلی ئەمین- سەردار مەردان مەجید لەزاری خانم عوسمان قادرەوە دانیشتووی قەرە چەتان- مامۆستا ئاوات حەسەن ئەمین لەزاری عەلی حەسەنی فاتمە غەزایی-پەندی کوردی و چیرۆکەکەی عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی- د.حەمید ئەحمەد حەمید کە (ئەحمەد حەمید سەقزی باوکی) چیرۆکی(هێلکەو ڕۆنەکەی هەیاسی ) بۆ گێڕاوەتەوە، ئەویش بۆ منی گێڕایەوە.
(١٧) هۆنراوەو چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری – محەممەد حەمە ساڵح تۆفیق.

**چاپکراوەکانی نووسەر**

١- کاروانیی - چیرۆک - ١٩٥٧.
٢- شمشاڵی شوان - ڕۆمان - ١٩٦٧.
٣- ئاشتی کوردستان - ڕۆمان - ١٩٧٠.
٤- کامیان هەڵبژێرین - زمانەوانیی - ١٩٩٢ - نامیلکە.
٥- نووسینی کوردیی - ١٩٩٤ - چاپکردنی یونسیف.
٦- سياسة تغيير اللغة الكوردية -١١٩٤- نامیلکە. مجلة الثقافة الجديدة - ژمارە(١٠-١١) (٢٦٠).
٧- بۆیادی مامۆستای زانا شێخ محمد خاڵی نەمر - ١٩٩٧ - نامیلکە.
٨- دارشتەی خولیاکانی ئەدەب - ٢٠٠٠ - نامیلکە.
٩- گەوهەری دێرینە - چیرۆکی فۆلکلۆریی - ٢٠٠١.
١٠- مامەخەمە - چیرۆکی فۆلکلۆری و لێکۆڵینەوە.
١١- داستانی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحموود - (٢٤) چیرۆک و لێکۆڵینەوە لەسەریان.

**چاپکراوەکان بە لیژنە**

١- زاراوەی زانستی کوردی - ١٩٦٠ -١٠٤ لاپەڕە.
٢- کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە - یەکەم و دووەم - هەر یەکە ١١٢ لاپەڕە.
٣- سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلوری کوردەوە -١٩٦١ - ١٢٨ لاپەڕە.
٤- ئاشتی - جیرۆکی منداڵان - ١٩٥٩ - ١٨ لاپەڕە.
٥- زاراوەی پارێزگای سلیمانی - ١٩٧١ - ٣٤ لاپەڕە.
٦- زاراوەی ماتماتیک - ١٩٧٥ -.
٧- خوێندنەوەی کوردی - ١٩٦١ - ١٣٠ لاپەڕە - بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی.
٨- زانیاری و پەروەردەی تەندروستی - ١٩٧٢ - ١٧٦ لاپەڕە - وەرگێڕان - بۆ پێنجەمی سەرەتایی.
٩- زمان و ئەدەبی کوردی - ١٩٧٢ - ١٨٤ لاپەڕە - بۆ چوارەمی ئامادەیی.
١٠- زیندەوەرزانی و دروستی - ١٩٧٣ - ٣١٨ لاپەڕە - بۆ سێەمی ناوەندی - وەرگێڕان.
١١- ڕووەکزانی - ١٩٧٦ - ٤٢٨ لاپەڕە - بۆ پێنجە می ئامادەیی - وەرگێڕان.
١٢- گیانە وەرزانی - ١٩٧٦ - ٥١٠ لاپەڕە - بۆ شەشەمیی ئامادەیی - وەرگێڕان.
١٣- بیرکاری - ١٩٧٨ - لاپەڕە ٣٣٨ - بۆ پێنجەمیی سەرەتایی - وەرکێڕان.
١٤- ماڵداری و پەروەردەی خێزان - ١٩٧٩ - ٣١٠ لاپەڕە - بۆ چوارەمی ئامادەیی پیشەیی - وەرگێڕان.
١٥- مێژوی شارستانێتی عەرەبی ئیسلامی - ١٩٨٣ - ٣٤٨ لاپەڕە - بۆ چوارەمیی ئامادەیی - وەرگێڕان.
١٦- خوێندنی سەرەتایی - خوێندنی عەرەبی - ١٩٨٦ - ٨٠ لاپەڕە - بۆ شەشەمی سەرەتایی.
١٧- خویندنەوەی کوردی - خوێندنی عەرەبی - ١٩٨٦ - ٦٨ لاپەڕە - بۆ پێنجەمی سەرەتایی.
١٨- سەرەتای خوێندنەوەی کوردی - خوێندنی عەرەبی - ١٩٨٨ - ١١٤ لاپەڕە - بۆ چوارەمی سەرەتایی.



## کتێبە چاپکراوەکانی
## کۆڕی زانیاری کوردستان و ئەکادیمیای کوردی

**کۆڕی زانیاری کوردستان:**

١) فەرهەنگی زاراوە (عەرەبی ـ کوردی)، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٢، (١٤٢ لاپەڕە).

٢) کوردی تورکمانستان ـ مێژوو ـ ئەتنۆگرافیا ـ ئەدەب، د. مارف خەزنەدار، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٣، (٢٥٨ لاپەڕە).

٣) زاراوەی یاسایی، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٤٠ لاپەڕە).

٤) زاراوەی کارگێڕی، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٤٧ لاپەڕە).

٥) من ینابیع الشعر الکلاسیکي الکردي، ج١، رشید فندی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٢٤٠ لاپەڕە).

٦) رێنووسی یەکگرتووی کوردی، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٥٦ لاپەڕە).

٧) رێزمانی کەسی سێیەمی تاك، د.شێرکۆ بابان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (١٥٩ لاپەڕە).

٨) چوارینێن خەیام، د. کامیران عالی بەدرخان، وەرگێڕانی لە لاتینییەوە د. عەبدوللا یاسین ئامێدی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٩٤ لاپەڕە).

٩) شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، د. زەریٚ یوسوپۆڤا، و: لە ڕوسییەوە د. کوردستان موکریانی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢١٦ لاپەڕە).
١٠) العروض في الشعر الكردي، احمد هردی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٢١٨ لاپەڕە).
١١) ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠ ـ ١٥٠٠، د. مەغدید سەپان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٧٨ لاپەڕە).
١٢) زاراوەی ڕاگەیاندن، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٠٨ لاپەڕە).
١٣) فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن (ئینگلیزی - کوردی - عەرەبی)، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٦٥ لاپەڕە).
١٤) ئەدەبی منداڵانی کورد - لێکۆڵینەوە ـ مێژووی سەرهەڵدان، حەمە کەریم هەورامی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٤٠٦ لاپەڕە).
١٥) گیرەکێن زمانیٚ کوردی، د. فازل عمر، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٣٤ لاپەڕە).
١٦) ل دۆر ئەدەبیٚ کرمانجی ل سەد ساڵاٚ نوزدیٚ و بیستیٚ زایینی، تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٧٦ لاپەڕە).
١٧) دەنگسازی و بڕگەسازی لە زمانی کوردیدا، د. شێرکۆ بابان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٠٦ لاپەڕە).
١٨) هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا ١٩٣٩ ـ ١٩٧٠، د. عبدالله یاسین عەلی ئامێدی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٣٢٠ لاپەڕە).
١٩) یوسف و زولەیخا، حەکیم مەلا ساڵح، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٤٠٧ لاپەڕە).
٢٠) زمانی کوردان ـ چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمان، پ. د فریدریش موولێر ئەوانی تر، و: لە ئەڵمانییەوە د. حمید عزیز ، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٩٢ لاپەڕە ).

٢١) ڕێبەری بیبلۆگرافیە کوردییەکان ١٩٣٧ ـ ٢٠٠٥، شوان سلێمان یابە، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٤٠٠ لاپەڕە).
٢٢) فەرهەنگی گەورەی مـن. د. کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦ ، (٨٠ لاپەڕە).
٢٣) دیوانی عەزیز ـ محەمەد عەلی قەرەداغی – هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠، (١٤٤ لاپەڕە).
٢٤) زاراوەگەلی کاروباری مـین ـ جەمال جەلال حوسێن ـ دلێر سابیر ئیبراهیم – دەزگای گشتی هەرێم بۆ کاروباری مین، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٨٠ لاپەڕە).
٢٥) زاراوەی ڕاگەیاندن ـ کەمال غەمبار ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٩٦ لاپەڕە).
٢٦) زاراوەی ئەدەبی ـ ئامادەکردنی: لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٣٨٠ لاپەڕە).
٢٧) ئیندێکسی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد (١٩٧٣ ـ ٢٠٠٢) ـ شوان سلێمان یابە ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٢٤٠ لاپەڕە).
٢٨) The Historical Roots of the National Name of the Kurds ـ د. جەمال ڕەشید، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (١٠٧ لاپەڕە)
٢٩) فەرهەنگی کۆمەڵناسی ـ عوبێد خدر ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٨٣ لاپەڕە).
٣٠) بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا (١٨٨٠ ـ ١٩٣٩ز) ـ د. سەعدی عوسمان هەروتی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٥٥ لاپەڕە ).
٣١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا ، نووسینی: حەسەن عەلی خانی گەڕووسی ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ٢٠٤ لاپەڕە ).

٣٢) شۆڕشــی شــێخ عوبەیــدوڵڵای نــەهری لــە بەڵگەنامــەی ئەرمەنیــدا، نووســینی: ئەسکەندەر غوریانس، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـ محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ١٢٨ لاپەڕە ).
٣٣) فەرهەنگی کوردی ـ فارسی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـ محەمەد حەمە باقی . چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١١٢ لاپەڕە ).
٣٤) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی ئینگلیزی و ئەمریکی دا ـ نووسینی ـ وەدیع جوەیدە. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ـ محەمەد حەمە باقی . چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ١١٦ لاپەڕە ).
٣٥) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا، نووسینی: عەلی خان گۆنەخان ئەفشار. وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـ محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٤٢٦ لاپەڕە ).
٣٦) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا، نووسینی: عەلی ئەکبەر سەرهەنگ. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧. (١٩٢ لاپەڕە).
٣٧) چەپکێك لە زاراوە گەلی کشتوکاڵ ـ ئامادەکردنی ـ حەمە ساڵح فەرهادی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٤٤ لاپەڕە).
٣٨) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران دا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٢٧٠ لاپەڕە)
٣٩) فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی، سالم، کوردی)، نووسینی ـ د. محەمەد نووری عارف، چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٠٠٠ لاپەڕە).
٤٠) یەکەم فەرهەنگی تۆ، وەرگێڕانی: د.کوردستان موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٨٦ لاپەڕە).
٤١) ئەدەبی منداڵانی کورد دوای ڕاپەڕین، نووسینی: حەمە کەریم هەورامی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٣٦٨ لاپەڕە).
٤٢) فەرهەنگی هەراشان، کۆکردنەوە و داڕشتنی: کۆمەڵێك مامۆستا، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٣٣٦ لاپەڕە).

**ئەكاديمياى كوردى:**

٤٣) ئەلبوومی کەشکۆڵ ،ب ١، دانراوی: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٥٢ لاپەڕە).

٤٤) الأدب الشفاهي الكردي ، علي الجزيري ، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٠ لاپەڕە).

٤٥) بەرکوڵێکی زاراوە سازیی کوردی، ئامادەکردنی: جەمال عەبدول، دووەم چاپ، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٣٠ لاپەڕە).

٤٦) دیوانی قاصد، ساغکردنەوەی: شوکر مستەفا و رەحیم سورخی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٥٢ لاپەڕە ).

٤٧) چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، نووسینی: دکتۆر زرار سدیق تۆفیق، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٨ لاپەڕە).

٤٨) کیمیای ژەهری دەستکرد. نووسینی: پ.د. عەزیز ئەحمەد ئەمین، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٨ لاپەڕە).

٤٩) ڕۆڵی سەربازیی کورد لە دەوڵەت و میرنشینە ناکوردیەکان لە سەردەمی عەبباسیدا، نووسینی: مەهدی عوسمان حسێن هەروتی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٦٨ لاپەڕە).

٥٠) دور نواب السليمانية في المجلس النيابي العراقي (١٩٤٥ ـ ١٩٥٨)، دانانی: سالار عبدالکریم فندی الدوسکی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٠٤ لاپەڕە).

٥١) عبدالله گۆران، رائداً لحركة تجديد الشعر الكوردي، دانانی: کەمال غەمبار چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٢٠ لاپەڕە).

٥٢) وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة ١٩٢٤–١٩٢٧ ، دانانی: د. عبدالفتاح علی البوتانی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٦٨ لاپەڕە).

٥٣) ساڵنامەی ئەکادیمیای کوردی ، ئامادەکردنی: پرۆفیسور د. وریا عومەر ئەمین . چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٥٦ لاپەڕە).

٥٤) مەمێ و زینێ، ئامادەکردنی: جاسمێ جەلیل، دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ خستوویەتییە سەر نووسینی کوردیی عێراق و پێشەکیی بۆ نووسیوە و لێی کۆڵیوەتەوە، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٦٨ لاپەڕە).
٥٥) هەنگاوێك لەسەر ڕێگەی لێکۆڵینەوەی (دیوانی سالم)دا، محەممەدعەلی قەرەداغی، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٨٠ لاپەڕە).
٥٦) کەرەسە بەتاڵەکان لە روانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ((شێوەزاری کرمانجی سەروو))، نووسینی: ڤیان سلێمان حاجی، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٢١١ لاپەڕە).
٥٧) هێز و ئاواز لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، نوسینی: عەبدولوەهاب خالید موسا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، سالی ٢٠٠٩، (١٤٦ لاپەڕە).
٥٨) گەپنامەی مێرگولان، نوسینی: رەسولْ دەروێش، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، ( ١٧٦لاپەڕە).
٥٩) دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆرو هەندی لایەنی ڕستەسازیی کوردی، ئامادەکردنی: یوسف شەریف سەعید، چاپخانەی حاجی هاشم– هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ (١٣٤ لاپەڕە).
٦٠) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لەزمانی کوردیدا، ئامادەکردنی: د.سەباح ڕەشید قادر، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ (١٧٢ لاپەڕە).
٦١) الحياة الاجتماعية للكورد بين القرنين (٤–٩هـ/١٠–١٥م)، دانانی: دکتۆرە فائزە محەمەد عزەت، چاپخانەی حاجی هاشم–هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٢٧٢ لاپەڕە).
٦٢) العلاقات الايرانية – السوفيتية ١٩٣٩–١٩٤٧، دانانی: نزار ايوب حسن الگولی، چاپخانەی حاجی هاشم–هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٢٩٠ لاپەڕە).
٦٣) بیبلیۆگرافیای کوردناسی لە سەرچاوە فەرەنسییەکاندا، د. نەجاتی عەبدوڵلا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٥٢٨ لاپەڕە).

٦٤) بیبلیۆگرافیـای کوردناسـی لـه سەرچـاوه ئینگلیزییەکانـدا، د. نـەجاتی عەبـدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٤٤٨ لاپەڕە).
٦٥) امیر امراء کردستان (ابراهیم باشا الملي ١٨٤٥–١٩٠٨)، داناني: .د. عبدالفتاح علي البوتاني– علي صالح المیراني، چـاپخانەی حـاجی هاشـم – هـەولێر، سـاڵی ٢٠٠٩، (١٦٠ لاپەڕە).
٦٦) دیوانا مەلا محەمەدێ سەیدا، بەرهەڤکار: سـەید جـەلال نزامـی، چـاپخانەی حـاجی هاشم–هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٨٨ لاپەڕە).
٦٧) داستانی هەیاسی خاس و سـوڵتان مـەحموود، نووسـینی: محەمـەد سـاڵح سـەعید، چاپخانەی حاجی هاشم–هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٣٢٦لاپەڕە).

لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی
هەولێر ٢٠٠٩